بورج و کەسایەتی بەگوێرەی

# چەرخی گەردوونی چینی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

بورج و کەسایەتی بەگوێرەی

# چەرخی گەردوونی چینی

محەمەد مەسعوود محەمەد

پێشکەشە بەخۆشەویستانی خوا و خەڵقی خوا
بەمنداڵانی ئۆتزم و بەکۆمەڵەی ئۆتیزمی کوردستان
وێڕای هەموو خەمخۆرێک و هەموو لایەنێکی کە خزمەتیان
بکات لە سەرانسەری جیهاندا

ناوی کتێب: بورج و کەسایەتی بەگوێرەی چەرخی گەردوونی چینی
دانانی: محەمەد مەسعوود محەمەد
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٣٦
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: پەخشان گەلالی
چاپی دووەم، ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٤٣١ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# پێشەکی

گـەردوونزانی Astrology بەگـشـتی و ئەو گـەردوونزانییـەی وڵاتی چین بەتایبـەتی زانستێکی شیرن و جیهانێکی بەرفراوانە، دەریایەکە دوازدە چیرۆکی تێدایە کە پاڵەوانی یەکێک لەو چیرۆکانە ئەتۆی. شتێکە وەکو (دووربینی شەو) دیمەنێکی زۆر جودا دەخاتە بەر چاوت کە جاران ئەوهات نەدەدیت.

وەک دەزانین لە هەمـوو بابەتێکی نـوێدا هەنگاوی یەکـەم لە هەمـوویان سـەختـتـرە. جا لێرەدا دەبێ لیستی ساڵەکان دەرخ بکەین کە بریتین لە: مشک - گامێش - پڵینگ - پشیلە - ئەژدیها - مار - ئەسپ - بزن - مەیموون - کەڵەباب - سەگ - بەراز... ئینجا دیسان ساڵی مشک دێتەوە و دیسان گامێش و پڵینگ و... هتد. ئیتر هەمیشە ئەوها دووبارە دەبنەوە. ئەوەیە چەرخە هەمیشەییەکەی گەردوونی چینی کە بریتییە لە ١٢ ساڵ، هەر ساڵێک ناوی خۆی هەیە و هەر یەک لەو ساڵانە دوازدە مانگی تێدایە. واتە گەردوونزانی تەنیا ئەو ١٢ بورجەی نییە کە تا ئێستا بیستبوومان، بگرە ١٢ ساڵ هەیە کە هەریەک ١٢ مانگی تێدایە و بەهەمووی دەبن بە ١٤٤ بورج هەریەک "چارت- خەریتەیەکی کەسەیاتی" دەنوێنێت.

## ساڵنامەی چینی

ساڵنامە تقویم- Calendar لە ناوەند و خۆرهەڵاتی ئاسیا بەگشتی وەکو ساڵنامەی ئێمە و ئەوروپا نەبوو، کە باسی رووداوێکیان دەکرد نەیاندەگوت ساڵی ؟؟؟ ی زایینی، یاخود ؟؟؟ ی کۆچی، بگرە دەیانگوت ساڵی کەڵەباب لە چەرخی ١٩٥، یان ساڵی ماری چەرخی ٢٥، سەیری ئەم لیستە بکەن:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مشک | ١٩٠٠ | ١٩٢٤ | ١٩٤٨ | ١٩٧٢ | ١٩٩٦ |
| ٢ | گامێش | ١٩٠١ | ١٩٢٥ | ١٩٤٩ | ١٩٧٣ | ١٩٩٧ |
| ٣ | پڵینگ | ١٩٠٢ | ١٩٢٦ | ١٩٥٠ | ١٩٧٤ | ١٩٩٨ |
| ٤ | پشیله | ١٩٠٣ | ١٩٢٧ | ١٩٥١ | ١٩٧٥ | ١٩٩٩ |
| ٥ | ئەژدیها | ١٩٠٤ | ١٩٢٨ | ١٩٥٢ | ١٩٧٦ | ٢٠٠٠ |
| ٦ | مار | ١٩٠٥ | ١٩٢٩ | ١٩٥٣ | ١٩٧٧ | ٢٠٠١ |
| ٧ | ئەسپ | ١٩٠٦ | ١٩٣٠ | ١٩٥٤ | ١٩٧٨ | ٢٠٠٢ |
| ٨ | بزن | ١٩٠٧ | ١٩٣١ | ١٩٥٥ | ١٩٧٩ | ٢٠٠٣ |
| ٩ | مەیموون | ١٩٠٨ | ١٩٣٢ | ١٩٥٦ | ١٩٨٠ | ٢٠٠٤ |
| ١٠ | کەڵەباب | ١٩٠٩ | ١٩٣٣ | ١٩٥٧ | ١٩٨١ | ٢٠٠٥ |
| ١١ | سەگ | ١٩١٠ | ١٩٣٤ | ١٩٥٨ | ١٩٨٢ | ٢٠٠٦ |
| ١٢ | بەراز | ١٩١١ | ١٩٣٥ | ١٩٥٩ | ١٩٨٣ | ٢٠٠٧ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مشک | ١٩١٢ | ١٩٣٦ | ١٩٦٠ | ١٩٨٤ | ٢٠٠٨ |
| ٢ | گامێش | ١٩١٣ | ١٩٣٧ | ١٩٦١ | ١٩٨٥ | ٢٠٠٩ |
| ٣ | پڵینگ | ١٩١٤ | ١٩٣٨ | ١٩٦٢ | ١٩٨٦ | ٢٠١٠ |
| ٤ | پشیله | ١٩١٥ | ١٩٣٩ | ١٩٦٣ | ١٩٨٧ | ٢٠١١ |
| ٥ | ئەژدیها | ١٩١٦ | ١٩٤٠ | ١٩٦٤ | ١٩٨٨ | ٢٠١٢ |
| ٦ | مار | ١٩١٧ | ١٩٤١ | ١٩٦٥ | ١٩٨٩ | ٢٠١٣ |
| ٧ | ئەسپ | ١٩١٨ | ١٩٤٢ | ١٩٦٦ | ١٩٩٠ | ٢٠١٤ |
| ٨ | بزن | ١٩١٩ | ١٩٤٣ | ١٩٦٧ | ١٩٩١ | ٢٠١٥ |
| ٩ | مەیموون | ١٩٢٠ | ١٩٤٤ | ١٩٦٨ | ١٩٩٢ | ٢٠١٦ |
| ١٠ | کەڵەباب | ١٩٢١ | ١٩٤٥ | ١٩٦٩ | ١٩٩٣ | ٢٠١٧ |
| ١١ | سەگ | ١٩٢٢ | ١٩٤٦ | ١٩٧٠ | ١٩٩٤ | ٢٠١٨ |
| ١٢ | بەراز | ١٩٢٣ | ١٩٤٧ | ١٩٧١ | ١٩٩٥ | ٢٠١٩ |

هەروەها لیستێکی درێژتر وا لە کۆتایی کتێبەکە دانراوە لەوێدا سەری ساڵی چینی دیار کراوە بۆ دوو سەدەی ڕەبەق.

سەری ساڵی چینی نە لە ١-١ دەست پێ دەکات و نە وەکو ساڵی هیندۆئێرانی لە نەورۆز "٢١-٣ زاینی" دەست پێ دەکات بگرە بەگوێرەی هەڵاتنی مانگە "هیلال" لەنێوان ٢١-١ تا ٢٠-٢ ی هەر ساڵێک. چینییەکان ڕادەوەستن تا لە ٢١-١ بەرەو سەر کە مانگ "هیلال" هەڵات ئەوە سەری ساڵی تازەیە. جاری وا هەیە سەری ساڵیان لە ٢٩-١ دەبێت، ساڵی دواتر لە ١٠-٢، دەبێت. جا ئەم ڕاستییە گرفتێکی بچووک بۆ ئێمەی کورد و زۆربەی جیهان دروست دەکات کەوا ساڵنامەی زاینی پێڕەو دەکەین بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە لە چلەی زستان لە دایک بوونە، ئەوانە دەکرێن بەدوو بەش:

بەشی یەکەم- ئەو کەسانەی کە لە ١-١ تا ٢٠-١ی هەر ساڵێک لەدایک بوونە، تێکڕا دەخرێنە سەر ساڵی پێش خۆیان.

بەشی دووەم- بریتییە لە زادەکانی بورجی سەتڵ "دەلوو" واتە ئەو کەسانەی کە لە نێوان ٢١-١ تا ٢٠-٢ لە دایک بوونە. ئەوانە دەبێ سەیری مانگە عەرەبییەکان بکەن بۆ ئەوەی بزانن ئایا ڕۆژی لەدایکبوونیان پێش یاخۆ پاش "هیلال" بووە؟ ئەگەر لە پێش هەڵاتنی هیلال بووبن ئەوانەش هەر بەبەر ساڵەکەی پێش خۆیان دەکەون. بەڵام ئەگەر پاش هەڵاتنی هیلال بووبن ئەوانە هی ئەو ساڵەن کە لە لیستەکەدا نووسراوە.

گرینگی زانینی ئەم ڕاستییە تەنیا بۆ ساڵنامەکە نییە بگرە کار لە ڕەوشتی خەڵکەکە دەکات. با نموونەیەک باس بکەم، ناسیارێکم هەبوو لەدایکبووی ٥-٢-١٩٨١ بوو واتە دەبایە بەبەر ساڵی کەڵەباب بکەوێ و بەم پێیە دەبایە مرۆڤێکی سینگدەرپەڕێن و دەنگ بەرز بێ. کەچی ئەو زۆر هێمن بوو، تێ نەدەگەیشت بۆچی قسەی نێو کتێبەکە لەگەڵی ناگونجێ؟ هەستاین لە بەرواری هەڵاتنی هیلالمان کۆڵییەوە لە نێوان ٢١-١-١٩٨١ بۆ ٢٠-٢-١٩٨١ توومەز هیلالی ئەو ساڵە "سەری ساڵی چینی" لە ٦-٢-١٩٨١ بووە. ئەوسا تێگەیشتین کە بەبەر ساڵی مەیموون کەوتووە نەک کەڵەباب.

بەکورتی و بەکوردی، هەموو زادەکانی بورجی نەهەنگ وێڕای هەموو زادەکانی بەهار و هاوین و پایز و سەرەتای زستان، ئەوانە دەتوانن سەیری لیستی پێشوو بکەن و یەکسەر بورجی خۆیان بدۆزنەوە. ئینجا ئەوانەی کە لە ١-١ تا ٢٠-١ لە دایک بوونە، تێکڕا بەبەر ساڵی پێش خۆیان دەکەون. ئینجا زادەکانی بورجی سەتڵ ئەوانە دەبێ خەمێک لە خۆیان بخۆن بۆ ئەوەی بزانن بەبەر کام ساڵی چینی کەوتوون؟

# سەرگوزەشتەی من و گەردوونزانی

لە رۆژێکی گەرمی هاوینە گرژەکەی ١٩٩٤ لە بازاڕی هەولێر کتێبێکی عەرەبی کەوتە بەر چاوم بەناوی «اعرف نفسك والاخرين - الابراج الغربية والصينية». پێشتر هەندێک زانیاریم هەبوو و بە شتێکی ئاساییم دەزانین، نە نەفرەت و حاشام لێ دەکرد و نە هەندە شاگەشکەی بووم. کەچی کە بردمەوە بۆ ماڵ سەیرم پێ هات چۆن ئەو هەموو خەڵکە تێم وەرهاتن و هەر کەس مەراقی بوو بۆی بخوێنمەوە، بەتایبەتیش کەوا زۆربەیان لە زمانی عەرەبی نەدەگەیشتن. نازانم چییە مەسەلەی کۆمەڵگەکەمان، لە سەرەتادا هەموو دەیانگوت "بورج درۆیە و حەرامە و فشەیە و... هتد" کەچی هەرهەندە کتێبەکەیان دەدی دەبوو بە راکەراکە. خەفەتیشم لەوە دەخوارد کە دەیانگوت "*توخوا بۆم بگرەوە*" وەک بڵێی لەگەڵ کابرایەکی فاڵچی قسە دەکەن، تەنانەت پرسیاری زۆر سەیرم لێ دەکرا وەکو: *ئەرێ کاکە من سەیارەیەکم کڕیوە، ئایا قازانجی لێ دەکەم یان نا؟*. یاخۆ ئەم پرسیارە هەمیشەیییەی میللەتی کورد: *کاکە بەقوربانت دەبم، هەرچی دەتەوێ بۆت دەکەم، بەس پێم بڵێ کەی دەچم بۆ "خاریج"؟* ماوەیەکی درێژ بەتوندی کەوتمە نێو ئەم بەزمە و ناچار دەبووم بەگوێرەی دڵیان بکەم، بەڵام لە هەمان کاتدا خەریک دەبووم تێیان بگەیەنم کە گەردوونزانی فاڵگرتنەوە نییە و ئەو کەسەی باسی سبەینێ دەکا ئەوە درۆیە، تەنیا زانستێکە بۆ دەروونزانی و پێوەندی و گونجان. کە ئەو قسانەم دەکرد هەندێک کەس لە بەرچاویان دەکەوت، هەندێکیشیان دەستیان پێ دەکرد لە روانگەیەکی زەمینەیی بۆی بچن. هەروەها ئەوسا شەڕی ناوخۆ لە ئارادا بوو و خەڵک لە گیانی خۆیان بێزار بووبوون، ساڵەکەش "١٩٩٤" ساڵی سەگ بوو کە لە خۆڕا رەشبینی و دڵ گەرمی و هەستی شایستەیی بەسەر خەڵکیدا دێت. بڕیارم دا کتێبەکە بەبێ کەم و زیاد وەرگێڕم بۆ کوردی. کەچی ئەوە بوو بە سەرەتایەک بۆ رێگەیەکی درێژتر. بابەتەکە بابەتێکی ئاڵۆزە و دیتم هەندێک قسە و شیتەڵکارییەکانی ئەو کتێبە لەگەڵ راستی نەدەگونجان. هەروەها باسی ناوەڕۆک و هۆیەکانی نەدەکرد و یاسایەکی بەخوێنەران نەدەدا کە پێڕەوی بکەن. ئیتر وام لێ هات بکۆڵمەوە و بەراوردی لە نێو خەڵکیدا بکەم و سەرچاوەی دیکە بدۆزمەوە و لێیان زیاد بکەم. ئێستا ناتوانم بڵێم کتێبەکە لە هیچی کەم نییە، بەڵام بێ گومان نەوژەنیم تێدا کردووە و کۆمەڵێک یاسا و رێبازی نا ئاساییم دۆزیتەوە کە لە سەرچاوەکانی دیکەدا نین تەنانەت رەنگە خەڵکی چین و ژاپۆنیش ئەوها بۆی نەچووبن.

# بنج و بناوان

سەرەتای گەردوونزانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن کە کەسانێکی هۆشیار هەستیان کردووە کە دەشێ خەڵک بەگوێرەی کاتی لەدایکبوونیان پۆلێن بکرێن، هەروەها پێوەندییەکیان دۆزییەوە لەگەڵ هات و باتی ئەستێرەکان. نووسراوی کۆن دۆزراوەتەوە هی سەردەمی سەرگۆنی ئەکەدی "٢٣٥پ ز" دەڵێ: *ئەگەر لە مانگی سەیواندا مانگ گیرا - خسوفی کرد- و ڕەشەبای شەماڵ بە تاریکی شەو هەڵی کرد و... ئەوسا شاری ئوور تووشی برسیاتی دەبێ.* ئەم تەزرە تێبینییانە تایبەت بوون بەباری ئابووری، گەردوونزانیش هەر لە خۆیدا بریتییە لە "گەڵاڵەکردنی تێبینییەکان دەربارەی ڕۆژگار" واتە من تێبینیی لە شتێک دەکەم و دواتر یەکێک دێ تێبینییەکان وردتر و زیادتر دەکا، ئەوها بووەتە نیمچە زانستێکی شیرن. هەروەها گەردووزانی لە قۆناغە زووەکاندا تێکەڵ بەزۆر بابەتی دیکە کراوە وەک پزیشکی و دین و ئەدەب، بەڵام پەیتا پەیتا "تخصص" پەرەی ستاندووە.

شایانی گوتنە کە یەکێک لە هاندەرە گرینگەکان بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبێک لەسەر گەردوونزانی ئەوەبوو کە ئێمە هیچ کتێبێکی کوردیمان نەبوو، نەک بۆ بورجی ساڵانە بگرە بۆ بورجە ئاساییەکانیش "بورجی مانگانە" کەچی دەمدی خەڵکێکی زۆر هەمیشە خەریکی بابەتی بورجەکان دەبوون و لە ئیزگە و ڕۆژنامەکاندا کون بەکون بەدوایدا دەگەڕان کە بەداخەوەش دەڵێم تا ئێستا زۆربەی بڵاوکراوەکان شتی تیجاری و پووچ و بەرتەسکن، وا لە خەڵکی دەکەن خۆیان بۆ بەخت و چارەنووس شل بکەن و هەمیشە لە خەمی ئەوەدا بن کە *«ئایا سبەینێ چ دەقەومێ و کەی دەبمە ملیۆنێر؟»*

لە وڵاتانی پێشکەوتوودا کەس نییە خەریتەی بورجەکانی خۆی (واتە تێکەڵبوونی بورجی ساڵانە و مانگانە) نەزانێ. بەکاری دێنن تا بزانن لەگەڵ کێ دەگونجێن و بۆ چ کار و کاریرێک[1] دەست دەدەن. بۆ پێوەندی و مارەیی "ژن و مێردایەتی" کەس نییە لە

(١) کاریر career واتە پیشە یاخۆ ئەو کارانەی کە کەسێک لە ژیانیدا دەیانکات. ئێمە لە عەرەب فێربووینە دەڵێین «تۆ بەتەمای چ موستەقبەلێکیت؟» بەڵام موستەقبەل واتە پاشەڕۆژ. پاشان وشەی "کاریر" لە وشەی "کار نزیکە" ئیتر بۆچی نەیخەینە نێو زمانی کوردی؟

ئەورووپا و خۆرهەلاتی ئاسیا بورجەکان رەچاو نەکا، تەنانەت سەدان هەزار عیادەی دەروونزانی و سایتی ئینتەرنێت هەن. مەبەست ئەوەیە کە خوێنەری کورد یەک شت بەباشی و بە مسۆگەری بزانێ کە ئەمە زانستێکی گرینگە و جۆرێکە لە دەروونزانی نەک فالّ و تەلەسم.

## ئایا گەردوونزانی راستە؟

ئەم پرسیارە زۆر دەکرێتەوە بەتایبەتیش لە لایەن کەسانێکەوە کە هەر خۆیان زۆر خەریکی بورج خوێندنەوە دەبن. خۆی مایەی گومانە کە ئایا چ شتێک وا دەکا بورج هەبن و بۆچی زادەکانی یەک سالّ و یەک مانگ هەمان رەوشت یاخۆ هەمان هێلّی ژیانیان هەبێ؟ لە وەلاّمدا دەلّێم کەس هۆیەکان نازانێ. هەندێک کەس دەیداتەوە پالّ مانگ و ئەستێرە و هەسارەکان. بەلاّم من سەری خۆم و خوێنەران بەم قسانە نائێشێنم و لە راستیدا ئێستاش ناوی هەسارەکان نازانم، تەنیا لەوە مسۆگەرم کە دیاردەکان و کاریگەریەتی بورجەکان لە دەروون و رەفتاری خەلّکیدا دەبینم. واشم لێ هاتووە هەر کەسێک ببینم دەبێ پێش هەموو شتێک سالّ و رۆژی لەدایکبوونی بزانم بەبێ ئەوەی بپرسم ئایا خەلّکی کوێیە یان لە چ حزبێکە؟

باوەڕم وایە کە هەبوون و نەبوونی بورجەکان شتێکە بەچەشنی برووسکە و هێزی ماگنێت، کاتی خۆی هەرکەس تەفسیرێکی ئەفسانەیی بۆ دادەنا، بەلاّم ئێستا برووسکە زانراوە و تەنانەت کۆنترۆلّیش کراوە و ئێمە رۆژانە کارەبا بەکار دێنین. بەلّێ راستە کە کەس ئەلیکترۆنەکانی نەدیتووە و ئێستاش هێلّەکانی ماگنێت بەدەست نەگیراون، بەلاّم ئەنجامەکانی دەستەمۆکردنی کارەبا و ماگنێت وا لە بەرچاوماندان، کەواتە بۆچی حاشایان لێ بکەین؟ بورجەکانیش ئەگەرچی تەفسیرێکی مسۆگەریان نییە، بەلاّم وا دیاردەکان دەبینین. گرینگ ئەوەیە ئەگەر هۆی شتێکمان نەزانی پێی ناوێ حاشای لێ بکەین.

رەنگە خوێنەر پرسیاری تر بکا کە ئایا ئەم نووسەرە باوەڕی بەگەردوونزانی هەیە؟ و ئایا تا چ رادەیەک کار لە ئێمە دەکات؟ لە وەلاّمدا دەلّێم بەلّێ باوەڕ بە گەردوونزانی دەکەم هیچ گومانم نییە بەلاّم ئەوەیە کە هەموو بورجی سالاّنە و مانگانە و "طالع" گشتیان مەگەر ٢٥ ٪ی رەوشتی مرۆڤێک دیار بکەن دەنا سێ بەشی کەسایەتی و ژیانمان بەگوێرەی ژینگە و ئاستی رۆشنبیری و رەوشتی زگماکییە، ئەوانە گرینگترن و کارێکی گەورەتر لە رەوشتمان دەکەن.

# ئەفسانەی دوازدە ئاژەڵ

گەردوونی چینی جیهانبینییەکی سەرلەبەر و ساڵنامەیەکی پوختە کە بووەتە بەشێکی بنچینەیی لە فەرهەنگ و بیرکردنەوەی تێکڕای وڵاتانی ناوەندی ئاسیا و چین و ژاپۆن و ڤێتنام و هیندی چینی. ئێرانی هەندێکی لێ دەزانن و هەر ساڵە و ناوی خۆی لێ دەنێن، تا رادەیەکی بچووکیش لە کوردەواریدا، بەتایبەتی پیاوە پیرەکان کە تووشی جۆرێک بەدبەختی دەبوون دەیانگوت: *پەککوف لەو بەختە رەشە، ساڵەکە دەڵێی ساڵی سەگە.* قسەکەیان دەکرد بەبێ ئەوەی بزانن چ رەگێکی هەیە. لە راستیشدا زۆر بەئاسانی خوێنڕێژی روو دەدات. بۆنموونە ١٩٩٤ شەڕی ناوەخۆ لە کوردستان و رواندا و بۆسنە بەرپا بوو و ئەو هەموو رووبارە خوێنە رژا. هەروەها ساڵی ٢٠٠٦ خوێناویترین ساڵ بوو کە بەسەر عێراقی پاش سەدامدا هات و دەیان هەزار شیعە و سوننە یەکتریان کوشت. شایانی گوتنە کە من لە چاپی یەکەمی ئەم کتێبەدا لە ١٩٩٨ نووسیبووم کە دەبێ لە ساڵی سەگی داهاتوودا ٢٠٠٦ زۆر وریا بین و ئێستاش دەیڵێمەوە کە لە ساڵی سەگی داهاتوودا ٢٠١٨ دیسان دەبێ زۆر زۆر زۆر وریا بین. با بگەڕێینەوە سەر باسەکەمان.

چەندین سیناریۆ و تەفسیری ئەفسوناوی بۆ گەردوونی چینی دانراون، بۆ نموونە نەتەوەکانی ناوەندی ئاسیا دەڵێن گوایە یەکێک لە خاقانەکانیان بۆ راو چووە و بەدوای کۆمەڵێک ئاژەڵ کەوتووە تا قەراغی رووبارێک. ئاژەڵ لە ترسان خۆیان بە ئاوەکە داداوە بەڵام تەنیا دوازدە ئاژەڵ توانییان بپەڕنەوە. خاقانەکەش بڕیار دەدا ناوی هەریەک لەو دوازدە ئاژەڵە لە ساڵێک بنێت بەگوێرەی کە کێهەیان زووتر پەڕیوەتەوە.

ئەفسانەیەکی رەسەنتر هەیە کە خەڵکی چین و هیندی چینی دەیگێڕنەوە گوایە بوودا ویستوویەتی چارەیەک بۆ گرفتەکانی وڵاتەکە بدۆزێتەوە، بڕیاری داوە پێشتر پرس بەئاژەڵەکان بکات ئینجا خەڵکەکە. هەستاوە بانگی راهێشتووە بۆ هەموو ئاژەڵەکان، بەڵام بەهەمووی دوازدە ئاژەڵ بەپیر بووداوە هاتوون، بووداش وەک پاداشتێک بڕیاری داوە هەریەک لەو ئاژەڵانە بۆ ماوەی یەک ساڵ دەسەڵات بگرێتە دەست و رەوشتی خۆی بەسەر خەڵکیدا بسەپێنێ. ئەفسانەکە وەکو چیرۆکێکە، جا لێرەدا حەز دەکەم بەشێوازێکی کوردانە بیگێڕمەوە بۆ ئەوەی دیمەنێکی شانۆیی بخەمە بەرچاوی خوێنەران، چونکە ئامادەبوونی ئاژەڵەکان بۆ ئەو کۆڕە هەر لە خۆیدا جۆرێکە لە شیتەڵکردنەوەی

هەڵسوکەوتمان. ئەفسانەکە دەڵێ گوایە بوودا چاوەڕێی هاتنی ئاژەڵەکان بووە و ئەوانیش یەک لە دوای یەک بەم جۆرە هاتوون:

١- مشک: خێرا و بەپەلە هات و خۆی تێ کرد و چاوە قایمەکەی دەگێڕا بۆ ئەوەی ئەگەر هەر دەستکەوت و قازانجێک و دۆزینەوەیەک هەبێت پێش هەمووان بیقۆزێتەوە، ئامادەش بوو کە رایەکانی خۆی بڵێت و قسە لە ڕووی هەموو کەسێک بدا تەنانەت خودی بووداش.

٢- گامێش: بەهەنگاوێکی قورس بەڵام بەبێ دواکەوتن خۆی گەیاندە کۆڕەکە و پێچکەی لە ناوەندی کۆڕەکە چەقاند بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی و خزمەکانی مسۆگەر بکا. لە کۆڕەکەدا کەمی دەگوت و زۆری دەبیست.

٣- پڵینگ: بەبێ باکی و بەخەندەیەکی جوان و دڵڕفێن هاتە ژوور و گوتی: *ئامادەی هەموو شتێکم، بەڵام تکایە سەرم بەقسەی دووردرێژ قاڵ مەکەن.* وەک بڵێی سەری پێوە نەبوو بۆ هیچ بەزم و ڕەزمێک.

٤- پشیلە: بەترسەوە هات و زۆر بەهەسپایی سەری بەژوورەکەدا کرد نەبادا کەسێکی نەیار لەوێ بێ یان دەمەقاڵێ و گرژی لە ئارادا بێ، چونکە بۆ هەموو خزمەت و کارێک ئامادەیە تەنیا بۆ بەرەنگاری نەبێ. لە مێشکی خۆیدا کۆمەڵێک پیلانی دانابوو بەڵام نەیدەدرکاند.

٥- ئەژدیها: بە شێوازێکی ئامادە و باوەڕ بەخۆ هاتە ژوور وەک بڵێی لە هیچ نەدەترسا چونکە چارەی هەموو گرفتێکی دەزانی. رایەکانی خۆی خستە روو و ئامادەبووەکانی بەرەو براندنەوەی کێشەکان هان دا، بەڵام دیاری خست ئەگەر بەقسەی دەکەن باشە، دەنا پشت لە هەمووان دەکات.

٦- مار: خێرا هات و توند جێگەی خۆی گرت وەک بڵێی وای دەزانی کەسێکی دیکە شوێنەکەی داگیر دەکا. بەژیری و بەبێ دەنگی ئامانجەکانی خۆی گرتبووە بەر چاو، گوێی هەڵخستبوو و قسەی زۆر نەدەکرد.

٧- ئەسپ: بەساردی هات و بەلاوە دانیشت. ئەوان وایان زانی لووتبەرزی وا دەکات، بەڵام ئەو لە ناخدا حەزی لە قەرەباڵغی نەبوو و دەیویست بگەڕێتەوە سەر کار و گوزەرانی خۆی دوور لە خز و قەرەباڵغایی.

٨- بزن: بەچەشنی هونەرمەندێک سەیری کۆڕەکەی دەکرد وەک بڵێی نیگارێک بۆ دیمەنەکە دەکێشێ. هات و ڕێزی لە هەمووان گرت، بەڵام دابینابوو کە لە یەکەم تەگەرەدا

هەڵێ، چونکە ژیان بۆ وی بریتییە لە هەوەس و هونەر و شادی.

٩- مەیموون: بەخەندە و پێکەنین هات و خۆی لەگەڵ هەمووان کردە برادەر. لە دەماری هەموان گەیشت و لە دڵی خۆیدا گوتی: *بەخوا هەموو فشەیە بەڵام جارێ با راوەستم.*

١٠- کەڵەباب: هات وەک بڵێی بەشێوازی سەربازی "ڕاست- چەپ" دەڕۆیشت تەماشای پێش خۆی دەکرد. بیری دەکردەوە ئەگەر ڕێزی نەگرن یەکسەر روو لە وڵات و کۆمەڵگەیەکی دیکە دەکات کە نرخی بزانن.

١١- سەگ: بەبێ خۆ هەڵکێشان سەری بەژوورەکەدا کرد. لە ناخدا دوودڵ و رەشبین بوو، بەڵام وای دیاردەخست کە ئامادەیە خۆی لە پێناویاندا بەخت بکات، بەڵام بەمەرجێک ئەگەر بەقسەی بکەن.


١٢-بەراز: نەیدەزانی مەسەلە چییە، بەڵام دەیگوت: چۆن *نەچم، ئەمە ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە ئەرکی هەموومانە.* یەکسەر چووە ریزی هەرە پێشەوە دانیشت، بەڵام پاڵێکیان پێوەنا بۆ سەرەی پشتەوە، ئەوسا گوتی "ببوورن، نەمزانی". ئەوسا بەخەندەیەکی بێ تاوان دانیشت بەبێ ئەوەی لە کەس زویر بێ.

ئێستا ئەگەر لە رەفتاری خۆمان و ناسیارەکانمان ورد ببینەوە دەتوانین هەست بەم راستییانەی سەرەوە بکەین کە هەریەک لە بورجەکان هەمان ئەو رەفتارە دەکات کە لە چیرۆکی پێشوودا باس کرا. ئیتر ئەفسانەکە دەڵێ گوایە ئەو رۆژە کراوەتە سەری ساڵی چینی وەکو سەرەتایەک بۆ یەکەم ساڵ و یەکەم چەرخی گەردوونی چینی.

# چەند یاسایەک بۆ بەراوردی

## یەکەم - یاسای ئیفێل[۲]

ئاسانترین ڕێگە بۆ وەرگرتنی تێگەیشتنێکی سەرتاسەری بورجە چینییەکان ئەوەیە کە لەگەڵ بورجە ئاساییەکان (بورجی مانگانە) بەراورد بکرێنەوە. بورجی مانگانە وەکو کاوڕ و گا و جمک و قرژاڵ و... هتد ئەوانە زانراوترن بۆ خوێنەران، جا دەشێ ئەم یاسایە پێڕەو بکەین کە ناوی لێ دەنێم یاسای بورجی ئیفێل. شێوەک دروست دەکەین وەکو بورجی ئیفێل و بورجەکان بەدەوریدا بڵاو دەکەینەوە لە یەک تا دوازدە. سەیری چارتەکەی خوارەوە بکەن وەک دەبینین لە سەرەتادا بورجەکان لێک نزیکن و بەڵام پەیتا پەیتا لێک دوور دەکەونەوە.




(۲) (ئیفێل) بە F ناوی ئەو ئەندازیارەیە تاوەرەکەی دروست کردووە دەنا ئیڤڵ بە V واتە "خراپە، بەد". هەروەها هەندێک وشە هەیە بۆ نموونە ناوی بورجەکان بۆ نموونە ڕەبەن لە باتی فەریک و تیرەنداز لە باتی (کەوان)، با خوێنەر وا نەزانێ بەناشارەزایی بەکارهێنراون.

وەک دەبینین لە سەرەوەی چارتەکە بورجی مشکی سالآنە بەرانبەر بورجی کاوڕی مانگانە دانراوە کەوا لە راستیدا پێکچوونێکی توند لە نێوان رەوشتی ئەم دوو بورجە هەیە. بۆ نموونە هەردووکیان بەپەلە و راستگۆن ئیتر ئەگەر یەکێک لە ٩-٤-١٩٦٠ لە دایک بووبێت ئەوە "مشک- کاوڕ"ە و دەبێتە مرۆڤێکی بێ ئەندازە گورج و چالاک هەروەها بێ ئەندازە تیژڕۆ و قسە لە ڕوو. ئینجا گامێش و گا وەک دەبینین ناوەکان و رەوشتەکانیش پێک دەچن، چونکە هەردووک قورس و کەللەڕەقن و هەردووک حەزیان لە ئیش و پارەیە. ئیتر وردە وردە جیاوازییەکان زیاتر دەبن و تەنیا پێکچوونێکی زۆر بچووک لە نێوان بورجی سالآنە و مانگانەدا دەمێنێت. بۆ نموونە بورجەکانی مەیموون و تیرەنداز خەریکە بڵێم کە بەپێچەوانەی یەکترن. مەیموون خۆ بەستەزمان دەکەن کەچی تیرەنداز زمانێکی تیژیان هەیە لە دەمەقاڵێدا تیربارانت دەکەن، بۆیەش پێیان گوتراوە تیرەنداز "رامي القوس".. هەروەها سەگ و سەتڵ، تاکە پێکچوونیان لەوەدایە کە هەردووک مەراقێکیان هەیە، بەڵام مەراقی سەگ بۆ رابردووە کەچی مەراقی سەتڵ بۆ پاشەڕۆژێکی گەشە کە لە هەموو چرکەیەکدا وا دەزانێ هەر ئێستا زێڕ دەبارێ.

پێکچوونی تریش هەیە لە نێوان بورجەکانی مانگانە و سالآنەدا. وەک دەزانین بورجەکانی مانگانە دەکرێن بە چوار بەش. بورجی ئاگرین "یەکەم، پێنجەم، نۆیەم" - بورجی خاکی (دووەم، شەشەم، دەیەم) - بورجیهەوایی "سێیەم، حەفتەم، یازدەم" - بورجی ئاوی "چوارەم، هەشتەم، دوازدەم". بورجی سالآنەش هەریەک لە بەرانبەر هاوتایەکەی خۆیدا لە خەریتەی پێشوو دەشێ بکرێن بەهەمان چوار بەش. ئەم راستییە لە بەشی پێوەندییەکاندا دیار دەبێ کە دەبینین چوار تاقمە بورجی هاوتا پەیدا دەبن کەوا بەخت و پێوەندییان لەگەڵ یەکدا زۆر باشە بەم شێوەی خوارێ:

"مشک، ئەژدیها، مەیموون" بەرانبەر بورجە ئاگرینەکان.

"گامێش، مار، کەڵەباب" بەرانبەر بورجە خاکییەکان.

"پڵینگ، ئەسپ، سەگ" بەرانبەر بورجە هەواییەکان.

"پشیلە، بزن، بەراز" بەرانبەر بورجە ئاوییەکان.

هەروەها وەک چۆن بورجی مانگانە دەکرێن بەدوو بەشی سەرەکی "نێر" بریتین لە بورجەکانی ئاگرین و هەوایی، ئینجا مێیەکان کە بریتین لە بورجەکانی خاکی و ئاوی. ئەم پۆلآندنە شتێکی سەرەکییە لە فەلسەفەی چینییەکاندا، تەنانەت بۆ مەسەلەی نێر و ئەوان

بۆچوونێکی جـودایان هەیە کـە وابزانم بەگـوێرەی زمـانی خـۆیان دارێژراوە چونکە لە زمانیاندا هەموو وشەکان بوونەتە دوو بەش "ین و یانگ"(٣).

## دووەم- یاسای دوازدە برا

ئەم یاسـایە ئێـستا گـرینگترە لەوەی پێـشـتر و بەڕاسـتی دەشێ بکرێتە پێـوەرێکی بنچینەیی بۆ تێگەیشتنی چەرخی گەردوونی چینی.

لەبەرئەوەی کە ماوەیەکی درێژ بیرم لە مەسەلەی گەردوونی چینی و ئەفسانەی دوازدە ئاژەڵەکان کردووەتەوە، سەیرم کرد ڕەوشتە سەرەکییەکانی بورجی مشک (کە یەکەم ساڵی چەرخی گەردوونی چینییە) نەک هەر زادەکانی ساڵی مشک دەگرێتەوە، بگرە بەشێک لە ڕەوشتی هەموو نۆبەرەیەکە (یەکەم منداڵی هەر خێزانێک) دەگرێتەوە. هەروەها ڕەوشتی بورجی گامێش، کە بورجی دووەمە، دیتم ڕەوشتی کەللەڕەقی و ئیشکەری لە ڕەوشتی زۆربەی کوڕان یان کچانی دووەمدا بەدی دەکرێن. ئینجا کوڕانی سێیەم، دیتم کە زۆربەیان بزێو و بەهەرا و هۆریان و سەرباری ئەوەش چاوپۆشی لە هەڵەکانیان دەکرێت "کە هەمان شت لە بورجی پڵینگ دایە".

بەم پێیە دەشێ یاسایەکی و ئاسان دابنێین بۆ تێگەیشتنی بورجی ساڵانە. با وا بزانین لە خانەوادەیەکدا دوازدە کوڕ هەن، ئەوسا برای یەکەم کە بێ منەت و ڕاستگۆ و قسە لە ڕووە، دەستـبـڵاویشـە، ئەمـە بەبورجی مـشـک دادەنرێ. برای دووەم بەهۆی تیـژڕۆیی و دەستـبـڵاوی برا گەورەکە کاردانەوەیەک پەیدا دەکات بەرەو دروستکردنی پشتیـوانێکی مادی پتەو. ئەمەش بەشێکە لە ڕەوشتی گامێش.

با بیگێڕمەوە کە چۆن گەیشتمە ئەم باوەڕە. مەسەلەکە ئەوەیە کە برایەکی گەورەترم هەیە، واتە خـۆم برای دووەمم. هەڵسـوکەوتی خـۆم و برایەکم وەکـو فـیلمی سـینەمـا دەهێنایەوە بەرچاوم، هەسـتم کـرد کـە ئەو بەشـێکی زۆر لە ڕەوشـتی بورجی مـشـک دەگرێتەوە.ئینجا سەیرم کرد مەسەلەی هەوڵی بورجی گامێش بۆ پەیداکردنی پشتیوانێکی و (بەداخەوە مەسەلەی کەللەڕەقیش) ئەوانە بەشێکن لە ڕەوشتی خۆم. ئینجا بیـرم لە خـەڵکی دیکە کـردەوە، بۆم دەرکـەوت کـە نەک هەر بورجی یەکـەم و دووەم بگرە زۆربەی

(٣) ین و یانگ واتە "نێر و مێ" هەروەها پۆلاندنێکیان هەیە لە پێنج بەش وەکو "ساڵە دارینەکان و ساڵە زێرینەکان و... هتد" بەڵام بەباشم نەزانی باسیان بکەم، چونکە ئاڵۆزییەکی زۆری تێدایە بۆ خوێنەران.

کورانی سێیەم بەناز و بێ منەتن و زۆربەی کورانی چوارەم هێمن و بێدەنگ و "کاسب"ن بەچەشنی بورجی پشیلە. بەمە توانیم یاسایەکی نوێ بدۆزمەوە بۆ تێگەیشتنی گەردوونی چینی. با بە خێرایی یاسایەکە بگێڕمەوە.

مشک: رەوشتی براگەورەی هەیە کە قسە لە ڕوو و بێ منەتە. پارەیەکی زۆر پەیدا دەکات و زۆرتریش خەرج دەکات.

گامێش: وەکو برای دووەمە، کە دەستبلاوییی براگەورەکەی خۆی دەبینێ کاردانەوەیەکی دەگرێ بەرەو ئیش و پابەندی و پاراستنی ماڵەکە. ڕێگەش بەکەس نادا لە سیستەمی خۆی لا بدات.

پڵینگ: وەکو برای سێیەمە، لەو هەموو یاسایانەی برای دووەم بێزار دەبێ و دەڵێ *"دنیا هەندەی ناوێ"* ئیتر دەیکاتە گاڵتە و بەگژ یاساکاندا دەچێتەوە. کەسیش هەندەی برای سێیەم چاوپۆشی لێ ناکرێ.

پشیلە: وەکو برای چوارەمە، کە هەڵپەڕ و داپەڕی برای سێیەم (پڵینگ) دەبینێ ئەوسا تووشی ترسێک و کاردانەوەیەک دەبێ دژی هەموو جۆرێک بەرەڵڵایی و ئاژاوە. ڕوو دەکاتە پلانگێڕان و خۆپاراستن و پەیداکردنی پارە.

ئەژدیها: کە برا گەورەکەی خۆی (پشیلە) دەبینێ چۆن ترساوە، دان بەپلانی پاشەملە و قسەی نهێنی نادا بگرە کاردانەوەیەک دەگرێ بەرەو ئازایەتی و دیاربوون بەڵام بەشێوەیەکی عاقڵانە، بۆیە هانی گفتوگۆ و بەرەوڕووبوونەوەی کێشەکان دەدات.

مار: کە دەبینێ براگەورەکەی خۆی (ئەژدیها) هەندە خەریکی دەمەقاڵێیە، دێتە سەر باوەڕێک کە قسە و گفتوگۆ سوودیان نییە بگرە دەبێ ڕاستەوخۆ بەرەو ئامانج بڕوات و بەخۆشی بێ یان بە ناخۆشی پێی بگات.

ئەسپ: کە کێشەی براگەورەکان و ئەو خۆسەپاندنەی مار دەبینێ کاردانەوەیەک دەگرێ دژی خۆسەپاندن و دژی زۆربەی پێوەندییە ئاڵۆزەکانی خزمایەتی. دێتە سەر باوەڕێک کە برادەرێکی بێگانە لە برایەکی خۆسەپێن باشترە و بڕیار دەدا کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆی لەو خزمانە ڕزگار بکات.

بزن: کە دەبینێ وا (ئەسپ) خەریکە بەگژ براگەورەکاندا بچێتەوە، هەوڵێکی ئاشتییانە دەدا و دەڵێ: *"ژیان هەندە ناهێنێ، با بەخۆشی بەسەری ببەین"* کەچی کە دەبینێ ئیشەکە هەندە ئاسان نییە ڕوو دەکاتە هەوەس و ڕابواردن دوور لەو سەرقاڵییە.

مەیموون: کە دەبینێ بزن ئەوها ئیشەکانی بەرەڵڵا کردووە و برایەکانی دیکە ئەوها تێک ئاڵکاون، لە دڵی خۆیدا دەڵێ: *چارەی کۆتایی ئەوەیە کە زمانلووسی مەسەلەکە دامرکێنم.*

کەڵەباب: کە دەبینێ مەیموون خەریکی زمانلووسییە کاردانەوەیەک دەگرێ کە دەبێ بە سەربەرزی و بەبێ سەرداهێنان خۆی بسەلمێنێ. ئەگەر دەیخوێننەوە باشە دەنا هەموویان بەجێ دەهێڵێت و سەربەرزیی خۆی لە شوێنێکی دیکە دەسەلمێنێ.

سەگ: کە دەبینێ کەڵەباب خەریکە پشت لە براگەورەکان بکات، کاردانەوەیەک دەگرێ کە ئەگەر ژیانی خۆی لەسەر دانێ هەر دەبێ کێشەکان ببڕێنێتەوە. بەمە دەیەوێ ڕێزی خۆی بسەپێنێ.

بەراز: ئەویش دەیەوێ خانەیەک بۆخۆی لە نێو براگەورەکاندا بکاتەوە، بەڵام کە ئەو هەموو ڕەنج و زیانەی سەگ دەبینێ، دەڵێ: "*نەخێر ئەو شەڕە بەمن ناکرێت و با لەگەڵ هەمووان باش بم*".

ئەم یاسایەی سەرێ تەفسیرێکی زانستیی نییە بۆ گەردوونزانی، بگرە میکانیزمێکی ئاسانە کە دەشێ پێڕەوی بکەین بۆ ئەوەی لە زنجیرەی بورجەکان بگەین. ئێستا هەموو کەس دەتوانێ بنەمای بورجی خۆی و بورجەکانی دیکە بزانێ. هەر کە گوترا: فلانە کەس لە ساڵی ١٩٤٩ لە دایک بووە، دەبێ یەکسەر بزانین کە ١٩٤٩ بورجی گامێشە، کەواتە بورجی دووەمە. ئیتر لەباتی ئەوەی بڵێین بورجی دووەم با بڵێین "برای دووەم" کاردانەوەیەکی گرتووە لە بورجی یەکەم (مشکی براگەورە) بەرەو دابینکردنی پشتیوان و توانا.. یاخۆ ئەگەر بگوترێ فلان کەس زادەی ١٩٦٣یە. کەواتە ئەوە پشیلەیە و با یەکسەر بیر لەوە بکەینەوە کە بورجی پشیلە کوڕی چوارەمە، ئەمەش لەبەر برای سێیەم (پلێنگ) کاردانەوەی هەیە بەرەو خۆپاراستن و کەسابەت و پلانی نهێنی. ئیتر ئەوها دەتوانین شێوازێکی ئاسان پێڕەو بکەین بۆ تێگەیشتنی هەریەک لەو دوازدە بورجانە.

# هەندێک تێبینی

**تێبینی یەکەم**: کە باسی کەسایەتیی بورجێک دەکرێ پێویستە خوێنەر بزانێ کە مەبەستت لە کاکڵی بورجەکەیە بەبێ لایەنەکانی فیزیۆلۆجی و جینی و کاریگەرێتیی ژینگە. جا ناوی زۆر کەس دێت کە هەموویان لە هەمان بورجن، دەبینین یەکیان گۆرانیبێژە و ئەوەی دیکە پاشایە و یەکێک خۆ و بەخت بووەتە پیاوکوژ، لە سەرەتادا سەیرمان پێ دێ، بەڵام پێویستە خوێنەر تەماشای بەژن و روخساری ئەو کەسانە نەکا، بگرە سەیری کاکڵ و ناوەڕۆکی خەڵکی بکات. بۆ نموونە لە پیاوانی بورجی مشکدا هەمانە ئیمام خومەینی و لورەنسی عەرەب، و لە ئافرەتەکان هەمانە ئەلیسا و لەتیفەی تونسی. لە سەرەتادا دەگوترێ: *ئەوانە کوجا مەرحەبا لەگەڵ یەکتر؟*.. بەڵام ئەگەر سەیری ناوەڕۆک و رێی ژینیان بکەین دەبینین هەموویان مرۆڤی قسە لە ڕوو بوونە و هەریەک راستەوخۆ و بەبێ سڵکردنەوە بۆ مەبەستی خۆیان رۆیشتوون و کە باوەڕیان بە شتێک هێناوە رایەکانیان گوتووە بەبێ ترس و دووڕوویی.

باشترین نموونە ئەوەیە ئەگەر بەراوردییەک لە نێوان چارلی چاپلن و هیتلەردا بکەین. بەرواری لەدایکبوونی ئەم دووە تەنیا چوار رۆژ جیاوازییان هەبووە و هەردووکیان گامێشن و لە کۆتاییی مانگی گا لە دایک بوونە. فەرموون با سەیری ژیاننامەیان بکەین. هیتلەر لە سەرەتادا رووی لە هونەر کرد ویستی ببێتە نیگارکێش، بەڵام جەنگی جیهانیی یەکەم و قەیرانی ئابووری وایان لێ کرد روو لە رامیاری بنێت، ئیتر بوو بەو دیکتاتۆرەی کە بیستمان. لە هەمان کات چارلی بەهەمان شێوە دەستی پێ کرد تەنیا ئەوەبوو کە ئەو لە بواری هونەردا سەرکەوتوو بوو و رێیەکەی گرتەبەر. بەڵام دواتر کە دەوڵەمەند بوو و گەیشتە تەمەنێک ئەویش وەکو هیتلەر رووی کردە مەیدانی رامیاری. تەنانەت گومانی لێ کراوە کە رەوتێکی زۆر توندی گرتووە بۆیە کۆنگرێسی ئەمەریکا لە وڵاتەکەیان دەر کرد. هەروەها شایەد حاڵەکان دەگێڕنەوە کە چارلی چاپڵن لە ژیانی رۆژانەدا فەریکە دیکتاتۆرێک بووە و قسەی کەسی نەسەلماندووە.. مەبەست ئەوەیە کە نابێ سەیری توێکڵ و دیمەنە دەرەکییەکانی خەڵک و کەسایەتییە ناودارەکان بکەین چونکە گەردوونزانی شتێکە لە دەروونی من و تۆ قووڵ دەبێتەوە و بایەخ بەوە نادات کێ شایە و کێ گەدایە.

سەبارەت بە کەسایەتییە ناودارەکانی کە لەم کتێبەدا ناویان دێ، حەز دەکەم خوێنەر

بزانێت کە ناویان بەگوێرەی پیتی ئەبجەدی دانراوە. ئەم قسە دەکەم چونکە گەلی کورد لەم بابەتانەدا زۆر هەستیارە کەواتە با گلەیی نەکرێ بلێن: *"بۆچی فلان کەسی دانەناوە و بۆچی ناوی فلان کەس پێش فلان کەس هاتووە؟* هەروەها من زۆر خەریک بووم ناوی هونەرمەند و کاربەدەستەکان پەیدا بکەم بەلام بەداخەوە نەمتوانی هەموو ناوداره کوردەکان کۆ بکەمەوە چونکە هەندێکیان ڕۆژی لە دایکبوونیان نەدەزانی و هەندێک کەس وەلامی نەدەدایەوە ئیتر باکەس گلەیی نەکات.

**تێبینی دووەم**: دواتر لەگەڵ هەر بورجێکی سالانە ١٢ بورجی مانگانە دانراون. ئەو بەشانە بریتین لە شیتەڵکردنی کەسایەتی Chractor Chart. پێویستە خوێنەران بزانن کە ئەم شیتەڵکردنە زیاتر پیاوەکان دەگرێتەوە و بەڕادەیەکی کەمتر ئافرەتەکان دەگرێتەوە. هەروەها بۆ ئەو کەسانەیە کە لە ناوەندی بورجی مانگانەدا لەدایک بوونە (واتە لە ١ تا ١٠ هەموو مانگێکی زاینی) دەنا بۆ نموونە هونەرمەندی زێدە جوان و بەرچاو کاترین زێتا جۆنز لە ٢٥-٩-١٩٦٩ لە دایک بووە واتە بورجی "کەڵەباب- تەرازوو"ە، بەلام زۆر لە "کەڵەباب- ڕەبەن" نزیکە بۆیە ناوی بەم جۆرە دەنووسرێ. (>کاترین زێتا جۆنز). واتە خوێنەر دەبێ سەیرێکی بورجەکەی پێش ئەو بورجە بکا. هەروەها نیشانەی (<)بەواتای ئەوەیە کە لە چارتی دواتر نزیکە و نیشانەی (>) واتە لە چارتی پێش خۆی نزیکە .

مەرج کەسایەتییەکان لە لامان خۆشەویست بن. کەسێکی وەک سەدام حوسێن بۆ ئەو دانەنراوە کە خۆشەویستە، بەلام بخوازین و نەخوازین ناودار بووە و پێویستە لە کاکڵی بورجەکانی بگەین. هەروەها بەگوێرەی خۆی گوایە لە ٢٨-٥-١٩٣٧ لە دایک بووە بەلام هەموو ئاکار و ڕەفتاری وی بەبورجی (گامێش-شێر) دەچوون بۆیە لەوێم داناوە و نیشانەیەکیشم کردووە "نووسینی لار" (مائل) ئەو نیشانە بۆ ئەو کەسانە دانراون کە ڕۆژی لەدایکبوونیان مسۆگەر نییە.

**تێبینی سێیەم**: گلەییەکم هەیە لە نووسەران و لە خوێنەرانی کورد. ئەم بابەتەی گەردوونزانی پڕە لە دەروونناسی و کۆمەڵناسی و سیاسەت، زمانی کوردیش ئەگەرچی ئێستا وشە و زاراوەیەکی زۆری هەیە بەلام زۆربەیان بۆ خوێنەران نەزانراون. سەیری زمانەکانی ئەم جیهانە بکەن چۆن خۆیان بە وشەی بیانی و ئاسان و ناسراو دەوڵەمەند کردووە. نزیکەی ٧٥ ٪ی وشەکانی زمانی ئینگلیزی لە فەرەنسی وەرگیراون. ٧٥ ٪ی

فارسی وشەی عەرەبی و کوردی و زمانی دەوربەر بەکار دێن. هەروەها تورکی مەپرسە چەند وشە و زاراوەی عەرەبی و فارسی و کوردی تێدایە وێڕای وشەی یۆنانی و لاتینی. ئیتر نازانم بۆچی ئێمە خۆمان خسووەتە ئەو جغرە تەسکە؟ من بەڕاستی پێوە ماندوو بوومە و هێشتا هەست دەکەم کە لە vocabulary کورتم هێناوە و ئەگەر زانیبام کە خوێنەر و دەزگای بڵاوکردنەوە بەرانبەر بەم خاڵە هەستیار نین ئەوسا وەسف و شیتەڵکردنی کەسایەتییەکانی نێو ئەم کتێبە زۆر وردتر و ڕۆنتر و راگەیێنەتر دەبوو. ئۆباڵ بەستۆی ئەو هەستیارییە نا پێویستەی کە لە نێوماندا تەشەنەی کردووە.

**تێبینی چوارەم**: با خوێنەر سەرنج بدا ئەم رستانەی کە دواتر تووشیان دەبێ *(فڵان کەس بەدەسەڵاتە، فڵان بورج بۆ ریزەکانی پێشەوەی کۆمەڵگە دروست کراوە، فڵان کەس بۆ رابەرایەتی باشە... هتد)*. ئەم قسانە بۆ زۆر کەس وەکو جۆرێک عەیبەی لێ هاتووە. بەڵام هەر خۆشە خوێنەران بزانن کە ئەگەر گەردوونی چینی ئەوها دەڵێ، دیارە ئەو کەسە (ئەو بورجە) پوولەکی نییە، پارەپەرست و ترسنۆک نییە، لە دەربڕینی رایەکانی ناترسێت و بەدوو قسە پەشێمان نابێتەوە. ئەمەیە جیاوازی ئەو کەسانەی کە "بۆ رێزی پێشەوە" دروست کراون لە چاو کەسانی دیکە. مەسەلەکە بریتییە لەم دوو رێیە، یان دەسەڵات یان پارە. ئەو بورجەی حەزی لە دەسەڵاتە ئاوڕ لە پارە ناداتەوە بگرە دەیەوێ قسەی خۆی سەر بخات، کە لە راستیدا جۆرێکە لە ساکاری و نەفامی، چونکە خەڵکەکەی دیکە رادەوەستن تا (عاشقە دەسەڵاتەکە) بەگژ رەوتە خوارەکاندا دەچنەوە، ئەگەر سەری گرت ئەوسا ئەوانیش لەگەڵ وی خۆ تێ دەکەن و، ئەگەر نا، هەموو خۆیان دەشارنەوە.

بەداخەوە، ئێمەی کورد کە هەمیشە دوور بووینە لە دەسەڵات و بەرپرسێتی خومان بە سەرزەنشتکردنی هەموو دەسەڵاتدارێک گرتووە، کەچی لە کۆتاییدا خۆمان بووین بەنیمچە دەوڵەتێک، جا دەبینین بەشێکی زۆر لە کار و پایە بەرزەکان لە لایەن ئەو بورجانەوە کۆنترۆڵ کراون کە ئەسڵەن بۆ رابەرایەتی دەست نادەن بگرە بۆ پارە و بازرگانی و ماڵداری باشن. بۆیە دەبینین هەر قەسر لە دوای قەسر دروست دەکرێن و هێشتا (جەنابیان) تێر نەبوونە. ئاخر برام، خوشکم، بورجەکانی کە حەز لە دەسەڵات دەکەن هەر نەبێ بایەخ بەپارە نادەن، کەچی بورجەکانی دیکە دەسەڵاتەکەش کۆنترۆڵ دەکەن و فلسێکیش بەکەس نادەن و هەر بخۆ و بخۆ. دە کەواتە خەنی لە خۆمان کەوا "دەسەڵاتدارە سروشتییەکان" بەرپەرچ درانەوە و کوردستان ئێستا "شامی شەریفە" بەشادی هەزاران دز کە هەم عاشقە دەسەڵات بوونە و هەم پارە پەرستیشن. دەک بەزیادم نەکرد.

**تێبینی پێنجەم**: سەبارەت بە کاریگەریەتی بورجەکان لەسەر کەسایەتیی خەڵک، چەرخی گەردوونی چینی پێوەندییان بەهێڵی ژیان و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و، تەنانەت بەباری رامیاری هەیە. کەچی هەڵسوکەوت و ئاکار و روخساری خەڵک و رادەی مەیلی جینسی، زۆرخۆری، بەژن، رەنگ و روخسار، تەندروستی، ئەوانە بەگوێرەی بورجی مانگانن. یەک لەبارەی خۆمەوە بایەخێکی گەورەتر بە بورجی ساڵانە دەدەم و دان دەنێم کە شارەزاییم لە زۆر شتدا کەمە وەکو جموجۆڵی هەسارەکان و نمرۆلۆجی "- Numerology علم الارقام وطالع" و ئەو شتانە. من بایەخێکی گەورەتر بە گەردوونی چینی دەدەم هەم لەبەرئەوەی کە تا ئێستا لە کوردەواری و لە عێراقیشدا زۆر بڵاو نییە، هەم لەبەرئەوەی کە سوودی هەیە بۆ پێوەندی گشتی و باری کۆمەڵایەتی و سیاسی. هەروەها من وەکو مێژووزانێک سەیری فەلسەفەی دوازدە ئاژەڵ دەکەم کەوا لە کتێبی دیکەدا باسم کردووە چۆن هەمـوو بزووتنەوەیەکی سیاسی رەوشتی دوازدە براکانیان هەیە. بۆ نموونە دەتوانین خەلیفە عەباسییەکان وەربگرین، یەکەمیان "ئەبوولعەبباسی سەففاح" زێدە تیژڕۆ و دڕ بووە دژبە بەئەمەوییەکان، کەچی بۆ دۆستەکانی خۆی زۆر بەخشندە بووە. واتە بەبورجی مشک دەچێت. دووەمیان (ئەبوو جەعفەری مەنسوور) بێگانەکانی دوور خستووەتەوە "بۆ نموونە ئەبو موسلیمی خوراسانیی کوشتووە» و لە هەمان کاتدا بەغدای دروست کردووە و بەردی بناخەی سیاسی و ئابووری و دینیی داناوە بو دەوڵەتێکی ٥٠٠ ساڵی. واتە رەوشتی گامێشی بەرجەستە کردووە. ئینجا "هاروونی رەشید" پاشای سێیەم کە سەدان ژنی هەبووە و ساڵێک حەجی دەکرد و ساڵێک شەڕی دەکرد و هەمیشە پارەی بەسەر (بەزمی شادی و رەزمی جەنگ)دا دەباراندن. واتە لە چاو خەلیفەکانی پێشوو قۆناغی پڵینگی بەرجەستە کردووە. نەک تەنیا عەبباسییەکان، فەرموون با دەوڵەتی سۆڤیەت بکەینە نموونە کە ئەمەیان پاشایەتی نەبووە بگرە سیستەمێکی کۆماری و عەلمانی بووە واش دەبینین هەمان یاسا بەسەریدا سەپاوە. بۆ نموونە لینین بورجی سەگە کەچی وەکو یەکەمین رابەری ئەو دەوڵەتە رەوشتی مشکی بەرجەستە کردووە لە تیژڕۆیی و چاوقایمی دژبە بەهەمـوو نەیارێک. ئینجا ستالین کە بورجی پشیلە بووە کەچی وەکو رابەرێک دەتوانین بڵێین ستالین یەکێک بووە لە گامێشە هەرە زەقەکانی مێژوو. ئینجا خرۆشۆف کە هەر خۆی زادەی ساڵی پڵینگ بووە و، خۆی رابەری سێیەم بووە، کەواتە دەشێ پێی بگوترێ "دەبڵ پڵینگ". ئیتر ئەوها دەبینی یاسای دوازدە براکان لەگەڵ زۆربەی بزووتنەوە سیاسییەکاندا راست دەردەچێ "شتێک کەمتر یان شتێک زیاتر".

# کەتەلۆگ

ئەم کتێبە بریتییە لە دوازدە بەش، هەر بەشێک باسێکی مەیلەو سەرتاسەریی تێدایە بۆ یەک بورجی چینی، هەریەک لەوانەش بەم جۆرەی خوارێ دابەش کراون:

لە سەرەتادا ناوی کەسایەتییە ناودارەکانی بورجەکە تۆمار کراون، ئینجا باسی رەوشتی گشتیی، ئینجا بەشی گەورە دێت بەناوی "دوازدە جۆر" بریتییە لە دوازدە لاپەڕ، هەر لاپەڕێک بۆ خەریتەیەک chart تەرخان کراوە بۆ بورجەکانی مانگانەی ئەو ساڵە چینییە. هەریەک لەو دوازدە خەریتەش بریتییە لە سێ بڕگە (رەوشتی تایبەت) ئینجا (کار و کاریر) کە پێمان دەڵێ بۆ چ جۆرە کارێک باشین. ئینجا بڕگەیەک بەناوی "گونجان" ئەو بڕگەیە دیاری دەخات کە کەسایەتیمان لەگەڵ کام کەسایەتی دەگونجێ و مەیلمان بۆ کێ دەچێت و لەوانەدا کێ بۆ ئێمە باشە و کێ خراپە.

پاش ئەوە بابەتێک هەیە بەناوی (کە ... ئەو بورجە... باڵادەست دەبێ) ئەو بابەتە زۆر گرینگە، خوێنەر پانایی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی تێدا دەبینێت. هەروەها لیستێکی لەگەڵە دیاری دەخات کە هەر بورجێک چ بەختێکی هەیە لە سایەی ئەو بورجەدا. واتە گریمان تۆ لە ساڵی ١٩٨٨ لە دایک بووی، واتە بورجت ئەژدیهایە بەڵام باوکت یان بەرپرسەکەت یان برادەرێکت لە بورجی مشکە. ئەوسا دەچی سەیری ئەم بابەتە دەکەیت "ئەژدیها لە سایەی مشک:" بۆ ئەوەی بەختی خۆت بزانی.

لە کۆتاییشدا باسی دڵداری دەست پێ دەکات، تایبەتمەندییەکانی پیاو و ئافرەتی هەر بورجێک باس دەکرێن. ئینجا لیستێک دانراوە بەناوی پیاوی فلان بورج لەگەڵ ئافرەتی فلان بورج ئەمەیان بۆ "عاشقایەتی" باشە و وابزانم گەنجەکان بایەخی گەورە بەم بەشە دەدەن. خەنی لە خۆیان.

ئێستاش بۆ یەکە یەکەی بورجەکان.



## مشک

ئاراس فاتح ڕەسووڵ، ئەحمەد راتب، ئەحمەد عوڕابی، ئەلیسا، ئەنتۆنیۆ باندێراس، ئێدیناوەر، ئێس تی ئەلیۆت، ئیمیل زۆلا، ئیمینێم، ئەنیس مەنسووڕ، بەرهەم ساڵح، تەیموری لەنگ، تۆلستۆی، جعفر عسکری، جۆرج بوشی یەکەم، جێمس تایلەر، جیمی کارتەر، خالید بەگداش، ئایەتوڵڵا خومەینی، خەیروڵڵا عەبدولکەریم، شازادە چارلز، خۆزی کاپابلانکا، زەینەدین زیدان، زوهێر عەبدولمەسیح، سەلام عەبدوڵڵا، شا غازی فەیسەڵ، شاب خالید، شارلۆت برۆنتی، شوێکار، تارق عەزیز، زیائولحەق، گۆڵدا مائیر، ڤاندام، عەبدولخالق سەرسام، عومەر دەبابە، عومەری خەیام، عیزەت ئەبوو عۆف، عیزەت عەبدولعەزیز، فوئاد موهەندیس، کارلۆ پۆنتی، کرستیانۆ رۆناڵدۆ، لۆرەنسی عەرەب، لەتیفە، لویس ئارمسترۆنگ، لویس فیگۆ، مۆزارت، مارادۆنا، مارلۆن براندۆ، مەلای گەورە، محەمەد سوبحی، محەمەد عارف جزیری، محەمەد عەلی جەناح، سوڵتان محەمەدی فاتح، محەمەدی ماملێ، مستەفا خۆشناو، میرزا کووچەک خان، نەوال زوغبی، نووری سەعید، نیکسۆن، هنرش هملەر، ولیەم شێکسپیر، یوسف وەهبی.

١٨٠٢
١٨١٤
١٨٢٦
١٨٣٨
١٨٤٠
١٨٥٢
١٨٦٤
١٨٧٦
١٨٨٨
١٩٠٠
١٩١٢
١٩٢٤
١٩٣٦
١٩٤٨
١٩٦٠
١٩٧٢
١٩٨٤
١٩٩٦
٢٠٠٨
٢٠٢٠
٢٠٣٢

# ڕەوشتی گشتی

با خوێنەر لە ناوی "مشک" نەشێوێت وا بزانێ کەسانی لاواز و بچووکن. نەخێر، ناوی بورجەکە تەنیا لەوە هاتووە کە خەڵکێکی تیژڕۆن، زۆر جاریش بەهۆی ئەم ڕەوشتەیان تووشی تەپکەی دوژمن دەبن. ئەگەر لە دەست من بایە ناوەکەم دەگۆڕی بۆ "بورجی ورچ" چونکە هەندێک دڕن و لە ئارەزوو و بەرژەوەندییەکانی خۆیان سڵ ناکەنەوە، بەڵام هەر چۆنێک بێت ئێمە ناچارین ناوی بورجەکە وەکو خۆی بەکار بێنین.

مشک خەڵکێکن میانگیری نازانن، چینییەکان بەمرۆڤی ڕاستگۆیان لە قەڵەم دەدەن، نەک ڕاستگۆ، بگرە زۆر زۆر ڕاستگۆ و قسە لە ڕوو. لە دۆستایەتی و لە دوژمنایەتیشدا هەر هەمان مرۆڤە تیژڕۆکەن کە ڕای خۆیان بەبێ پێچ و پەنا جاڕ دەدەن و ئەوەی حەزیان لێ بێ دەیکەن، یان هەر نەبێ دەیڵێن. بۆ دۆستەکان زۆر خۆشەویست دەبن، کەچی نەیارەکانیان رقێکی گەورەیان لێ هەڵدەگرن چونکە ئەگەر دۆستی تۆ بن یان هاوبەرژەوەندیی تۆ، ئەوسا بەرژەوەندییەکانت ڕەپێش دەخەن و نەیارەکانت بەرپەرچ دەدەنەوە و هەست دەکەیت پشتیوانێکی پۆڵاینت هەیە. کەچی ئەگەر کەوتنە سەنگەری بەرانبەر ئەوسا زۆر رقیان لێ هەڵدەگری کە دەبینی ئەوها بێ منەتن و بەرژەوەندی خۆیان پێش هەموو کەسێک دەخەن. جا مەگەر بورجی مانگانە و جۆری هەڵکەوتنی کۆمەڵایەتییان هێوریان بکاتەوە دەنا زۆربەی مشکەکان ژمارەی دۆست و دوژمنیان وەکو یەک زۆر دەبن.

دەشێ ڕەوشتیان بەڕەوشتی نۆبەرە بچوێنین. تەنانەت هەموو نۆبەرە و تاقانەکانی هەر دایکێک لە ڕەوشتی مشک وەردەگرن چونکە نۆبەرە خۆی بەڕابەری ماڵەکە دەزانێت و پایەیەکی گەورەی دەدرێتێ، ئیتر لە خۆیان رادەبینن کە بەئاسایی و بەبێ تاسە و دوودڵی قسە بکەن. لە کۆمەڵایەتیشدا خەریکی بەرژەوەندی خۆیان و دۆستە هەڵبژاردەکانی خۆیان دەبن. ئەم کورتە باسە کاکڵی ئەم بورجە شیتەڵ دەکات.

ئەگەر بەوردی بکۆڵینەوە دەبینین بەشێکی گەورەی دۆزینەوە و داهێنانەکانی مێژووی مرۆڤ بەدەستی ئەو بورجە هاتوونەتە دی یاخۆ هەر نەبێ رێیان بۆ خۆش کراوە، چونکە لە مەیدانی نەوژەنی و دەست پێشخەریدا کەس بەمشک راناگاتەوە. لە لایەکەوە بەپەلەن، لە

لایەکی دیکەوە لە شکست و فەشەل دەترسن وا دەزانن کەسێک راویان دەنێت یان وەک بلێی لە ئەزموونێکی هەمیشەییدان بۆ سەلماندنی ئەوەی کە دەبێ یەکەم بن. جا دەبینی لە زۆربەی بوارەکاندا رێگا و رێبازی نوێ دەدۆزنەوە و بەپەلە روو لە رامیاری، ئەدەب، بازرگانی، سەربازی، وەرزش،... هتد) دەکەن و لە هەموویاندا نەوژەنی و دەسترەنگینی دەنوێنن. ئیتر سەیر نییە مشک ببن بەنموونە بۆ خەڵکی دیکە و لاسا بکرێنەوە و سەیریش نییە کە رێژەیەکی زۆر لە پێشەنگەکانی هەر رەوتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەری لەم بورجە بووبن. هەروەها بەشێکی زۆر لە مشکەکان مەیلێکی گەورەیان هەیە بۆ رۆشنبیری و هونەر و شیعر و خوێندنەوە و بۆ هەر بابەتێکی کە نەوژەنی و پێشدەستیکردنی تێدا بێ و مۆرکێکی ئەریستۆکراتییانەی هەبێت چونکە هەموو ئەو بوارانە یەکەم بوون و خۆ دەربڕین و خۆ سەلماندن و... هتد، بەرژەوەندییان تێدایە.

مشک دەستکەوت و پارەیەکی زۆر پەیدا دەکەن، سڵ ناکەنەوە و گوێ نادەنێ و ناترسن، بەڵام ئەو پەلەپەل و پەرۆشەیان لەپێناو خودی پارەکەدا نییە بەڵکو بۆ خۆشگوزەرانی و رابواردنە، تەنانەت ژیان لەگەڵ زۆربەی مشکەکان بریتییە لە چەرخێکی هەمیشەیی لە "پەیداکردنی پارەیەکی زۆر" ئینجا "خەرجکردنی پارەیەکی زۆرتر". واتە پارە بۆ خۆیان بە شتێکی هەرزان دەزانن، ئەمەیە لایەنە بەدەکەی بورجی مشک. واش ناتوانین بلێین مشک پارەپەرستن و پارە دەشارنەوە، بگرە پارەکە و پەلەکردنەکە و هەموو شتێک لە پێناو حەزی خۆیان و دۆستەکانیانە.

شایانی گوتنە کە لە ئاخاوتندا هەستی نێو دڵیان لە رەنگی روویان دیار نادات. مەبەست ئەوەیە کە لە قسە و گفتوگۆدا گرینگ نییە ئایا روویان گرژە یان گەشە، بگرە دەبێ بایەخ بەدەقی قسەکەیان بدەین چونکە قسەی بێ مەبەست ناکەن. بۆ نموونە ئەگەر مشکێک بەخەندەیەکی جوانەوە بەتۆی گوت: *"تۆڵەی خۆم لە تۆ دەکەمەوە"* تۆ بایەخ بەخەندەکەی سەر لێوی مەدە بگرە دەقی قسەکە وەربگرە.

گەردوونی چینی ئامۆژگارییان دەکا کە دوژمنەکانیان توورە نەکەن تا ئەو رادەی کە تەپکەیان بۆ دابنێنەوە، چونکە زۆر لە مشکەکان بەم هۆیەوە تووشی خەستەخانە و زیندان و... بەڵای گەورەتریش بوونە.

# دوازده جۆر مشک



## مشک- کاوڕ



تیژڕۆیەکی بێ چەشنە، لە چاکە و لە خراپەدا سڵکردنەوەی نییە. دەبیینی وا دەزانی بەفیز و بێ باکە، بەڵام لە راستیدا ئیشکەر و ئارەزوومەند و کۆڵنەدەرە. بەشی خۆی لە ژیاندا پەسند ناکا وەک بڵێی پێشبڕکەی لەگەڵ رۆژگار هەیە بۆ یەکەمبوون و، بەدەگمەن قسەی خەڵکی دەسەلمێنێ. لەو جۆرە کەسانەیە ئامانجێکی گرتەبەر یان ئەگەر ئیشت پێ بوو ئەوە پێش هەموو کەسێک غار دەدات و شەڕ دەکات و خەڵکی رادەسپێرێ و زاری بەرپرسەکان چەور دەکات و هەر هەندە دەبینی وا ئیشەکە پێک هاتووە و براوەتەوە. واتە چاکەخوازە و یارمەتیشت دەدا بەمەرجێک ئەگەر بەرژەوەندیی خۆی تێدا بێت یان هەرنەبێ بەچاکەی بزانن دەنا بە بەلاش نایکا.

کار و کاریر: بەهرەمەندە و دەیەوێ بەلانی کەم دوو هەندی خەڵکی دیکەی دەست بکەوێت. هەر وەکو باسیش کرا، کە بوارێکی گرتە بەر ئیتر تەواو. بۆ "رامیاری و پزیشکی" باشە بەهەموو جۆرەکانیانەوە، چونکە لەم دوو بواردا تواناکانی بدەری و رابەرایەتیی ئەم بورجە دیار دەبن.

گونجان: با روو بکاتە جمک و شێرەکانی ساڵی ئەژدیها، ئینجا جمک و شێرەکانی ساڵی گامێش، ئەوانە یەکاو یەکن. مەیموون- تیرەنداز زۆر باشە و تا رادەیەکیش لەگەڵ سەتڵەکانی ساڵی سەگ و بەراز دەگەشێتەوە. بەڵام با تووشی پشیلە- قرژاڵ نەبێ و خۆی لە ئەسپ- گیسک نەدا.

ناودارەکان: ‹شا غازی، ‹سەلام عەبدولا، *تەیموری لەنگ*، سولتان مەحمەدی فاتح، مارلۆن براندۆ، ئەحمەد عوڕابی، ئیمیل زۆلا، عومەر *دەبابە*›.



## مشک- گا



گا بورجێکی مەند و سروشت خوازە، وا لە مشک دەکات رەوشتە تیژڕۆییەکەی لە بواری هزر و ئەدەبدا بەگەڕ بێنێ، ئیتر سەیر نییە کە دەیان نووسەر و هۆنەر لەم بورجە هەڵکەون. مشک- گا مرۆڤێکی رووخۆش و میهرەبانە، لە چاو وەڵاشەکانی خۆی ئاشتیخوازە و هەندە حەز لە پەلەپەل و کێشە ناکا. هەروەها هەستیار و دڵناسکە، خاوەن گوفتی خۆیەتی بۆیە ئەگەر یەکیان خیانەتی لێ کرا ئەوسا دەهەژێت و هەستی دڕندە و نامۆ لە دەروونیدا دەورووژێ.

کار و کاریر: بۆ بوارێک دەست دەدات کە پێویست بەدوو شت بکا، یەکەم "هێز و توانا" ئینجا "هەستی بەرپرسێتی"، با لە بواری پەروەردە و مامۆستایەتیدا کار بکا، هەروەها بۆ زۆربەی هونەر و نەوژەنی دەگونجێ.

گونجان: لە ئەویندا رۆمانسی و نموونەپەرستە، ئەوەش تووشی دڵشکستی دەکا واش هەر بەجوانیپەرست و هونەردۆست دەمێنێ. لەگەڵ زۆر بورج دەگونجێ پێش هەمووان با روو لە بورجەکانی نەهەنگ بکا لە ساڵانی گامێش و پڵینگدا ئەوانە یەکاو یەکن. هەروەها بورجەکانی قرژاڵ و رەبەن و گیسکی ساڵانی مەیموون و بەراز لە دایک بوونە. ئەوەی کە دەبێ لێی دوور بێ بریتین لە بورجی ئەسپ بەتایبەتیش ئەسپەکانی شێر و دووپشک و سەتڵ. هەروەها با تووشی پشیلە نەبێت بەتایبەتیش پشیلەی سەتڵ.

ناودارەکان: ولیەم شێکسپیر، ئایەتوڵڵا خومەینی، شارلۆت برۆنتی، گۆڵدا مائیر، تائۆلیڤەر تارق عەزیز، *عومەری خەیام*›.



## مشک- جمک



تێکەڵکردنی ئەم دوو بورجە مرۆڤی چالاک دروست دەکەن کە دوو هەندە مەیلی دەست پێشخەری و خۆ سەلماندنیان تێدایە. خۆ وەپێش دەخات و چارەی بۆ هەموو گرفتێک هەیە بەڵام لە مەیدانی ئەرک و هەڵوێستدا ئامادە نییە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ لەسەر یەک را یاخۆ یەک هەڵوێست بمێنێت بەبێ ئەنجامێکی هەنووکەیی. لە زیرەکایەتی و نەوژەنیدا یەکەمە، لە تیژڕۆییش قسووری نییە جا ئەگەر لە قۆناخی منداڵییەوە رانەهێنرێت رەنگە ببێتە مرۆڤێکی بێ هەڵوێست. بەڵام ئەگەر فێری ئەرک و پابەندی بکرێت (بەشێوازێکی شیرن و سووک) ئەوسا گومان نییە کە دەبێتە مرۆڤی داهێنەر کە گەشایی بەدەوروبەری خۆی دەدات.

کار و کاریر: لە ئیشدا زۆر چالاکە بەڵام ئەگەر هەست بەقازانجی هەنووکەیی نەکات ئەوە زوو سارد دەبێتەوە و رەنگە واز بێنێ. مەیلەکانی زۆرە و دەشێ ببێتە ئەکتەرێکی زۆر باش. ئەگەرنا، خوا بۆ مەیدانی گەشتیاریی داناوە کە پڕە لە هەوا گۆڕین و مێوانداری و خەڵک ناسین.

گونجان: زادەکانی کاوڕ و شێر و سەتڵ بەگشتی بۆی باشن، بەڵام ئەگەر لەساڵانی ئەژدیها و مەیموون بووبن کەواتە باشتریش. هەروەها (پڵینگ- تەرازوو) و (گامیش- کاوڕ) ئەوانەش دەگونجێن. بەڵام با تووشی بورجی پشیلە نەبێ بەتایبەتی زادەکانی مانگی رەبەن و دووپشک و تیرەنداز و نەهەنگ. هەروەها با لە هەموو ئەسپەکان دوور بێت.

ناودارەکان: ‹ولیەم شێکسپیر، جۆرج بوشی یەکەم، لەتیفە ›.



# مشک- قرژاڵ



هەردووک بورج حەزیان لە پارەیە، بەڵام سووکە نەگونجانێک لە نێوان ئەو تیژڕۆییپیەی مشک لەگەڵ ئەو هەستیارییەی قرژاڵ پەیدا دەبێ وای لێ دەکا پشت بەهەست و نەستە زگماکییەکانی خۆی ببەستێت نەک بەعەقڵ و دەست و بازووی خۆی. زیرەکە و خەیاڵێکی بەرفراوان و تیژی هەیە، لە چاو وەڵاشەکانی خۆی دڵنەرم و بەسۆزە. ماڵی خۆی بەبنکەی سەرەکی دەزانێ و پەرۆشێکی گەورەی هەیە بۆ خۆشگوزەرانی ویڕای هەستێکی تەنک و دڵێکی باش، بەتایبەتی بۆ ماڵ و بۆ خزمان، بەڵام مەرج نییە بۆ بێگانە ئەوها نەرم بێت. هەروەها پێویستە هەندێک هاوسەنگی لە نێوان خەیاڵ و راستیدا بکات.

کار و کاریر: زۆربەیان دەستی ئەدەب و نووسین و دەربڕینیان هەیە. مرۆڤی دروستکەر و داهێنەرن بۆیە نابێ تووشی ئەرکی رۆتینییان بکەن دەنا بەهرەیان دەمرێ. با بکرێن بەهەڵسووڕێنەر و بەڕێوەبەر یاخۆ چاودێر بۆ هەر پرۆژەیەک، ئەوها سوودیان زۆرترە.

گونجان: حەز لە ئەوینی نەرم (بەڵام چەسپاو) دەکەن و باشترین پێوەندییان لەگەڵ گا و رەبەن و دووپشک و نەهەنگ دەبێت ئەوانەی کە لە ساڵانی گامێش مەیموون لە دایک بوونە. بەڵام با تووشی ئەسپ و پشیلە نەبێ، بەتایبەتی ئەسپەکانی کاوڕ و تەرازوو و گیسک، لەگەڵ پشیلەکانی تەرازوو و گیسک، ئەوانە بڤەن.

ناودارەکان: ‹ زەینەدین زێدان، نەوال زوغبی، لویس ئارمسترۆنگ، یوسف وەهبی›.



## مشک- شێر



بدەر و چاونەترسە، گورج و دینامیکی و خوێنگەرمە، دەتوانێ گەشایی و ئاوەدانی لە تاریکی شەو دروست بکات کە هەندە بەجوولە و زیندووە. کۆشش و ماندووبوون خۆراکی گیانیەتی، چاوقایمە و خەون بەپایە و دەسەڵاتەوە دەبینێت. باوەڕی وایە کە برادەرایەتی و هاوکاری (لە ئیش و لە ژیانیشدا) وەکو ئەوەیە هاوپەیمانی بکەیت بۆ مەبەستێکی دیار کە دەبێ ئەنجام بدرێت و، بەباشتری دەزانێت ئەگەر هاوپەیمانەکان بە ڕێنوێنی خۆی ڕەفتار بکەن. هەندێک جاریش لە بڕیاردان و هەڵوێستدا دوودڵ دەبێ، کەچی هەر ئەو دوودڵییە وا دەکا بڕیار و هەڵوێستەکانی پوختتر و ڕاستتر بن.

کار و کاریر: با سەردەستەی هەر پرۆژەیەک بێت، بۆ نموونە عیادەیەک، کارگەیەک، دەزگایەک. ئەگەر هەر تووشی فەرمانبەری بێت با لە بواری تایبەتی خۆیدا کار بکات بەگوێرەی ئەو خوێندنە یان ئەو پیشەیەی کە فێری بووە. واتە با هەست بەژێردەستەیی نەکا، دەنا نە خۆی سوود وەردەگرێ نە خەڵک سوودی لێ دەبینێ.

گونجان: کۆمەڵێک لە گامێش و ئەژدیها و مەیموون لەگەڵی دەگونجێن، با مانگەکانی جمک و تەرازوو و گیسک هەڵبژێرێت. هەروەها تیرئەندازەکانی ساڵی گامێش و ئەژدیهاش زۆر باشن. بەپێچەوانەش، ئەسپەکانی دووپشک و گا و سەتڵ، هەروەها سەتڵ و دووپشکەکانی ساڵی پشیلە بۆی باش نین.

ناودارەکان: "ضیاء الحق"، ئەنتۆنیۆ باندێراس، ئەنیس مەنسوور، لۆرەنسی عەرەب>.



## مشک- ڕەبەن



تیـژڕۆیی بورجی مـشک لە سـایەی بورجی ڕەبەنـدا لغـاو دەکـرێت و ڕادەی وردبیـنی لێ زیاد دەکـا تا وای لێ دێ زۆربەی هەڵە و پەلە و بڕیارە نابەجـێکانی مـشک بسـڕێتـەوە. هێشـتا قسـەت نەکردووە ئەو تێی دەگات و دەیقۆزێتەوە و قسەکە لەباتی تۆ تەواو دەکات و ئەگەر بەشێوازی گاڵتە بێت یان بە جیدی ئەو بەهەسپایی ڕێگەکە هەڵدەبژێرێت و بڕیار دەدا. کە بڕیارەکـەی دا ئەوسا لەسەری سوور دەبێت و هەر دەبێ بگاتە کۆتاییی ڕێگە نە گەڕانەوەی هەیە، نە پەشیـمـانی. مرۆڤی زیرەکـە و دەزانێ چۆن بژێت و شادی بدۆزێتەوە بەبێ پێشێلکردنی نەریتەکانی کۆمەڵایەتی. خزم و برادەر بۆ وی یەکن، مەرج ئەوەیە *"ئایا لەگەڵمانی یان نا؟"*.

کار و کاریر: شیـتـەڵـکارێکی وردبینە. هەناسەی درێژە و ڕای باش و بەسوود دەدات. بۆ نموونە ئەگەر لە فەرمانگەیەکدا بەرپرسی بەشێک بێت، ئەوسا پشـتی هاوکارەکانی خۆی دەگرێت و ئامۆژگارییـان دەکا کـە چۆن کـارەکـان بەبـاشی ئەنجام بدەن. ئیـتـر هەمان ڕۆڵ لە هەموو کار و کاریرێکدا دەگێڕێ.

گونجـان: زادەی ئەم بورجە لەگەڵ زۆر کەس ڕێک دەکەوێ بەڵام گونجانی ڕاستـەقینـە لەگەڵ هەمـوو کەسێک نابێ. با لە نێـوان گا و قـرژاڵ و دووپشـک و گـیسـکەکـانی سـاڵی گـامێش و ئەژدیها و مەیموونـدا بەهەوەسی خۆی هەڵبـژێرێ. بەڵام با خۆی لە جمک و تەرازوو و نەهەنگەکـانی سـاڵی ئەسپ و پشـیلە دوور بخـاتەوە، گـونجـانی لەگەڵ ئەوانە ئاسان نییە.

ناودارەکان: فوئاد ئەلموهەندیس، جۆن ماککەین، بەرهەم ساڵح.



## مشک- تەرازوو



رووخۆش و جوانپەرستە. دڵ و چاوی بەقسەی قەبە هەڵدەفڕێت و خەون بەپایەدارییەوە دەبینێ بەڕادەیەک کە خەریکە راستی لە بیر بکا. بێ ئەندازە هەستیارە و دوو هەندەش گەشبینە کە دەگاتە رادەی فەنتازیا و خەیاڵخۆشی. زۆربەی جار و لەگەڵ زۆربەی خەڵک لە سەرەتادا بەمرۆڤی زێدە کراوە دێتە بەرچاوت بەڵام ئەگەر لەناخدا پابەندی ئەو جغزە کۆمەڵایەتییە دەبێ کە تێیدا هەڵکەوتووە. لە قسە و باس و دەمەقاڵی بێزار نابێت و ئەگەر لە قسەیەک تێکەوت ئەوسا بە خۆیدا دێتەوە و مەسەلەکە هەڵدەسەنگێنێت و خۆی بۆ دەمەقاڵێیەکی تر ساز دەکاتەوە. کەواتە زمانی وەکو چەکێک بەکار دێنێ.

کار و کاریر: بۆ سەودا و بازرگانی باشە تاکو زمانەکەی لەو مەیدانەدا بەکار بێنێ. واتە بەگشتی دەبێ خۆی و هاوکارەکانی سوود لەو زمانەی مشک- تەرازوو وەربگرن و بەگەڕی بخەن بۆ واستە و ناوبژی و رازیکردن و پێ سەلماندنی ئەو جۆرە ئەرکانە.

گونجان: جمک و شێر و تیرئەنداز و سەتڵ، ئەوانە باشترین کەسن بۆ وی بەتایبەتی ئەگەر لە ساڵی مەیموون بووبن، ئینجا بەرادەی دووەم گامێش و ئەژدیها، ئەوانە هەموویان یەکاو یەکن. ئەگەر زۆر لە خۆی رادەبینێ با خۆی لە ئەژدیها- شێر بدا، بەڵام بەهیچ شێوە تووشی ئەسپ نەبێ بەتایبەتیش کاوڕ و قرژاڵ و گیسک. هەروەها، پشیلەی مانگی قرژاڵ و گیسک لێی قەدەغە کراون.

ناودارەکان: ئاراس فاتح ڕەسووڵ، زوهێر عەبدلمەسیح، جیمی کارتەر، ئێس تی ئەلیۆت، هنرش هملەر، ئیمینێم، ڤاندام.



## مشک- دووپشک



دیمەنێکی هێمنی هەیە کەچی تواناکانی یەکجار زۆرن. بێ ئەندازە زیرەک و بەزمانە، بڕیاری بەپەلە و بێ مەبەست نادات و لە ڕابواردن و ئەو جۆرە شتانەوە دوورە. لایەنە توندەکانی یەکسەر دیار نابن چونکە خۆی دوورەپەرێز دەگرێ، کەچی لە بەرەنگاریدا بێ ئەندازە قسە لە رووە بەڕادەیەک کە خەڵکەکە لەو زمانە وریا دەبن. شایانی گوتنە کە پێشبینی و هەستی شەشەمی ئەم بورجە شتێکی زۆر سەیرن، زوو هەست بەپێداویستییەکان دەکات و پێشبینییەکانی بۆ ڕووداوەکان ڕاست دەردەچن، هەروەها هەمیشە بەوردی بیر لە پیلانێک دەکاتەوە.

کار و کاریر: بۆ ڕەخنە و بۆ دۆزینەوەی خاڵی لاوازی هەموو شتێک، ئیتر ڕەنگە لە دادگەدا دەنگی بلەرێتەوە یان لە تەلەفزیۆندا تینێکی تایبەت بخاتە سەر بینەران، مەبەست ئەوەیە کە هەماهەنگییەکی زۆر باش لە نێوان مێشک و زمانیدا هەیە. ئیشێکی زۆر دەکات و لە بەرانبەردا داواکارییەکانیشی زۆرن، کەواتە دەبێ خۆی و هاوکارەکانی بزانن چۆن سوود لە تواناکانی ببینن.

گونجان: لە قۆناغی یەکەمدا قرژاڵ و ڕەبەن و نەهەنگەکانی ساڵی گامێش دێن، ئینجا قرژاڵ و ڕەبەن و گیسک و نەهەنگەکانی ساڵی ئەژدیها، ئینجا قرژاڵ و ڕەبەن و گیسکی ساڵی مەیموون، ئەوانە لە هەموویان باشترن. بە پێچەوانەش، با خۆی لە ئەسپەکانی مانگی گا و شێر و سەتڵ دوور بگرێ، لەوانەش خراپتر ئەوەیە ئەگەر تووشی گا و سەتڵی ساڵی پشیلە بێ.

ناودارەکان: ئەلیسا، مارادۆنا، لویس فیگۆ، خالید بەگداش، شازادە چارلز، خۆزێ کاپابلانکا›.



# مشک- تیرئەنداز



لە تەمەنێکی بچووکەوە هەوڵ بۆ گۆڕینی بار و شوێنی ژیانی دەدات بۆ ئەوەی بەکۆمەڵگە و ئینتیمایەک بگا کە بەدڵی خۆی قەرەباڵغ و پڕ برادەر و ناسیار و خۆشەویست بێ. تێکەڵاوی و برادەر و میوانداری بەشێکی گرینگی ژیانیەتی. هەندە بایەخ بەدیمەنی خۆی و بەپۆشتەیی و ئەتیکێت نادات، هەروەها بایەخ بەگلەیی و رەخنەی خەڵکیش نادات چونکە لە دڵی خۆیدا دەڵێ: *ئەوەی دێتە سەر رێبازی من، بەخێر بێ، دەنا لەسەرکەس ناوەستم.* ڕاستگۆیە و هەندێک نموونەپەرستە بۆیە تووشی دڵشکستی دەبێ، بەڵام وەستانی نییە و هەمیشە برادەر و قەرەباڵغایی دادی دەدەن. گومانیش نییە کە لە سنووربەزاندا بۆ وەڵاشەکانی خۆی پێشەنگە.

کار و کاریر: بۆ کارمەندی و کارگێڕی باشە، لە ئیشدا چاو لە کەس ناپۆشێت و بەرگەی مرۆڤی چەواشەکار و ماستاوچیش ناگرێت و دەیەوێ ئیشەکان بەوپەڕی رێکوپێکی ئەنجام بدرێن. مامۆستایە، بەڵام مەبەست تەنیا لە مامۆستای خوێندگە نییە بگرە رەفتارەکانی لە هەموو بوارێکی ژیاندا بەشێوازی مامۆستا و پەروەردەکار و رێنوێنیدەر دیار دەبن.

گونجان: پێش هەموو کەسێک ئەژدیهاکانی جمک و شێر و تەرازوو و سەتڵ دێن، ئینجا جمک و شێر و تەرازووەکانی ساڵی مەیموون و گامێش، ئەوانە باشترین هاوتای ئەم بورجەن. دڵی بۆ بزن- تەرازووش دەخرپێت و ئەمەش هەرباشە، بەڵام با تووشی جمک و رەبەن و نەهەنگەکانی ئەسپ و پشیلە نەبێ بەهیچ شێوەیەک.

ناودارەکان: ‹شوێکار، ‹محەمەد عەلی جەناح، کارلۆ پۆنتی، عەبدولخالق سەرسام.



# مشک- گیسک



مـشک حـەزی لە باڵادەسـتـیـیـە و گـیـسک حـەزی سـەرکـەوتن و پێگەیشـتنە، واتە خۆپێگەیەنەرێکی باشە بەڵام بەبێدەنگ و پەلە چونکە بورجی گیسک تواناکانی مشک دەبەستێتەوە بۆ دەربڕین و بۆ پێکانی راستەوخۆی مەبەستەکانی نێو دڵ، ئەمەش سووکە گرفتێک دروست دەکات کەوا دەیەوێ خەڵک تێی بگەن بەبێ ئەوەی خۆی قسەکە بکات و دەیەوێ یارمەتی بدرێت بەڵام بەبێ ئامۆژگاری و ڕێنوێنی و سەرهێشە، ئەمەش شتێکی ئاسان نییە. خۆی مرۆڤێکی هێمن و بێ دەنگە بەڵام لە ناخدا خاوەن مەبەست و ئامانجە. بایەخ بەگلەیی و گازاندە نادات و دەڵێ: *نان ئەوە نانە کە ئەمڕۆ لە خوانە*. لە هەمان کاتدا هەنگاوێک نانێ تەنیا پاش بیرکردنەوەیەکی تێر و تەسەل، چونکە ئەو باوەڕە گەورەی بەخۆ نییە.

کار و کاریر: ئەگەر هاوبەرژەوەندی تۆ بێت، کەس لەم بورجە ئامۆژگاریی باشتر نادات. کەواتە بۆ سکرتێر، خەزنەدار، مەلا، راوێژکار، سەرپەرشتیار... هتد، بۆ هەموو ئەو جۆرە کارانە باشە کە پێویست بەکارپوختی و ڕاستگۆیی بکەن. ئیتر لەو بوارانەدا دەستڕەنگینیی خۆی دەسەلمێنێ بەئومێدی ئەوەی خەڵک و بەرپرسەکان نرخی بزانن.

گونجان: با روو بکاتە گا و شێر و رەبەن و دووپشک و نەهەنگەکانی ساڵی گامێش. ئینجا هەمانە مەیموون- رەبەن لەگەڵ ئەژدیهاکانی گا و رەبەن و نەهەنگ، تێکڕای ئەوانە زۆر باشن. بەڵام با خۆی لە ئەسپ و پشیلەکانی کاوڕ و تەرازوو نەدات.

ناودارەکان: نیکسۆن، کاکە مەم بۆتانی، فەرەیدوون سامان.



# مشک - سەتڵ




قسەی سەیر و شیرین دەردەپەڕێنێت و رای باش دەردەبڕێ. ژیانی ئەم بورجە یەک پارچە نەوژەنی و گەڕان و دۆزینەوەی تێدایە وێڕای هەوڵێکی هەمیشەیی بۆ تێگەیشتنی ژیان. شتێکی سەیریشی هەیە کە هەستی گشتی بەرانبەر بەکۆمەڵگە و خەڵک و خزم و ژیان بەگشتی لە چاو هەستە تایبەتییەکانی خۆیدا قووڵترن. واتە رەنگە لە زۆر شتدا پەرۆشی بۆ کاری گشتی و مەسەلەی کۆمەڵایەتی هەبێ نەک بۆ تایبەتمەندییەکانی خۆی، بۆیە ئەرکی نێو ماڵ فەرامۆش دەکا و دانامەزرێت و دەڵێ: خۆزیا باڵم گرتبایە.. مەراقیشی ئەوەیە کە خەڵک لە بیر و بۆچوونی بگەن، بەڵام "ئاخ، چۆن تێیان بگەیەنم".

کار و کاریر: سەری پێوە نییە بۆ هەر کارێکی کە جووڵە و گەڕانی تێدا بێت، بایەخیش بەوە نادا کە کێ سەردەستەیە، بگرە بایەخ بەجۆر و نرخی کارەکان دەدات و، ئامادەشە بۆ ئامۆژگاریی هەق و رەق. کەواتە بۆ مەیدانەکانی سکرتاریەت، راوێژکاری، پارێزەری و ئەو کارانە باشە. دەشتوانێ رێگەی نووسین بگرێتە بەر تەنانەت مووزیکیش مایەی هەڵڕشتنی هەستەکانیەتی.

گونجان: گامێش ئینجا ئەژدیها، ئەم دووە لە هەموو کەسێک بۆی باشترن بەتایبەتیش جمک و تەرازوو و تیرئەندازەکانیان. هەروەها کاوڕ و تەرازوو و تیرئەندازی ساڵی مەیموون، ئەوانەش عەیبیان نییە. ئەوانەی کە دەبێ لێیان دوور بێ بریتین لە گا و شێر و دووپشکی ساڵی ئەسپ وێڕای شێر و گای ساڵی پشیلە و بەتایبەتیش دووپشکی ساڵی کەڵەباب، ئەمە لێی قەدەغەیە.

ناودارەکان: ‹ئەحمەد راتب، مۆزارت، کرستیانۆ رۆناڵدۆ.



## مشک – نەهەنگ



بورجێکی رەق و بورجێکی نەرم مرۆڤێک دروست دەکەن کە بەرگری لەخۆ ناکا بگرە پێشەکی رەخنەت لێ دەگرێت و زمانت دەبەستێتەوە. ئەمە دیوە رەقەکە بوو، سەبارەت بەدیوە نەرمەکە، هەردووک بورج خۆشتێکەڵ و زیرەکن، جا ئەگەرچی مرۆڤێکی مەیلەو تەمبەڵ و دوودڵ دروست دەکەن بەڵام توانایەکی سەیری هەیە بۆ پەیداکردن و هەڵبژاردنی هاورێ و هاوبەش و هاوسەر. زۆربەیان پشت بەخەڵکی دیکە دەبەستن و بەشێکیان روو لە ژیانی زاهیدانە دەکەن وەک جۆرێک خۆدزینەوە لە بەرپرسێتی. بەڵام هەر دووچاری خەڵکی دەبنەوە ئەوسا تواناکان بەگەڕ دێن بۆ دۆزینەوەی برادەر و هاوبەشی پێویست. هەروەها لە کۆمەڵایەتیدا روو لە تاقمێک خزم و خوێی هەڵبژاردە دەکا کە لە ئاستێکی بەرزدا بن.

کار و کاریبر: توانای زۆرە بۆ پێکهێنانی تیم و بۆ سەرخستنی کار و بەرژەوەندییەکانی خۆی قۆستنەوەی توانای ئەو تیمە. پشت بەگرووپێک هاوکار دەبەستێت و لە کاتی بەشکردنی دەستکەوتەکاندا تاکرەوی پێڕەو دەکا. کەواتە دەبێ بەتەنیا بڕیار نەدات و ئەگەر لە بەردەستی کارگێڕێکی باش دابنرێ دەبێتە فەرمانبەرێکی باش.

گونجان: رێککەوتنێکی زۆر خۆش و ئاسایی هەیە لەگەڵ گا و قرژاڵ و دووپشک گیسکەکانی سالی گامیش و ئەژدیها. بە هەمان شێوە لەگەڵ مەیموونەکانی دووپشک و گیسک زۆر باشە. ئەوەی پێویستە خۆی لێ نەدا بریتییە لە ئەسپەکانی جمک و رەبەن و تیرئەنداز، با لێیان دوور بێ.

ناودارەکان: ‹جۆرج واشنتۆن، محەمەد سوبحی، جێمس تایلەر، شاب خالید.

## کە مشک باڵادەست دەبێ

لەساڵەکانی مشکدا هەروەها لە هەر شوێن و کاتێکدا کە لە سایەی مشکێدا بژین وەکو (باوک، دایک، خوشک و برا، مێرد، ژن) قۆناغی باشە بۆ دەربڕینی بیر و را و بۆ بەرجەستەکردنی توانا هونەرییەکانمان و بۆ پێڕەوکردنی هەستی کپکراو. دۆستی یان دوژمن ئەمەیە دروشمی مشک کە جیهان دەکاتە دوو بەش، یان دۆست و یان دوژمن. واتە لە سایەی مشکدا دۆست دۆستتر دەبن و دوژمن لێک دوژمنتر دەبن و خەڵکی بێ لایەن هیچیان بەر ناکەوێ. لایەنگرانی مشک و ئەوانەی لە سایەیدا دەژین دەبێ وریای باری ئابوری بن، چونکە مشک رەوشتێکی بێ منەت و دەستبڵاو دادێنێ. خەڵکەکە نەوسن دەبن و بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان یەکتر تاوانبار دەکەن و رەنگە ئەو پارەی کە پەیدا دەکرێ بەفیڕۆ بدرێ، چونکە هەر کەس بۆ خۆیەتی، جا ئەگەر بخوازین و نەخوازین ئەو رەوشتە گرانی بەسەر کۆمەڵگە و بازاڕدا دێنێ.

کێ ساڵی ١٩٧٢ ی لە بیرە کە نەفتی عیراق خۆماڵی کرا؟ دەبایە پارە بەسەر خەڵکەکەدا بباریێ، کەچی سیاسەتی (تقشف) پێڕەو کرا و خەڵکی عیراق فێرە سەرە گرتن بوون بۆ (مریشک و هێلکەی مەسڵەحە). هەروەها لە ١٩٨٤ ، تا ئەو کاتە حکومەتی بەعس سەیارەی مالیبۆ و سووپەری بەئەفسەرەکان دەدا و بەغدا پڕ بووبوو لە کۆمپانیای بیانی، کەچی لە ١٩٨٤ بەرەو سەر ئەو رووبارە دۆلارەی عیراق وشک بووەوە و سەدام (ئەو باوکەی مرد) کە بتوانێ بەهەوەسی خۆی پارە هەڵڕێژێ. لەوساوە لەباتی سەیارەی سووپەر هەر بەڕازیلیە حەیاتەکە مایەوە.

ئینجا لە ١٩٩٦ بڕیاری (نەفت بەرانبەر بەخۆراک) لە نێوان عیراق و UN مۆر کرا و دەبایە باری ئابووری بگەشێتەوە، کەچی (سوبحانەڵلا) ئەو نەفتە نەڕۆیشت و نەڕۆیشت. ئەگەر لە هۆیەکان بکۆڵینەوە دەبینین هەر لایەنێک دەیگوت "خۆم و بەس". لەلایەکەوە شەڕی ناوەخۆی کورد ناوچەکەی هەژاندبوو و لە لایەکی دیکەوە مەرجەکانی سەدام و کێشە بێ ژمارەکانی لەگەڵ UN و US و کورد و زۆربەی جیهان. هەروەها هەموو لایەنەکانی نێودەوڵەتی چاویان بۆ ئەو نەفتە بز کردبوو، ئیتر لە گرانی و شەڕ بەولاوە خەڵکەکە هیچی پێ نەبڕا.

ئینجا دەگەینە ئەمڕۆ (٢٠٠٨) کە دیسان ساڵی مشک هاتووەتەوە. وەک دەبینین دیسان پارە کێشانەوە بۆ (خۆمان و بەس) بەشێوازێکی زۆر زەق لە ئارادایە و کوردستان

بریتـیـیـە لە ملیـۆنەها (داس) بەبێ (گـاسن). واتە خەڵـکەکە خەریکی دروونەی پارەیە، بەڵام بەدەگمەن شتێک دەچێنن بۆ پاشەڕۆژ. ئیـتر ئەگەر ساڵی داهاتوو گامێش داسەکانی لە خەڵکی ستاندەوە و گاسنەکەی چەقاند، تکایە ئەوسا کەس نووزەنووز نەکا.

بێجگە لە کوردستان و عێراق، وا چەندین بانک و دەزگای مەزنی ئەمەریکا و ئەورووپا ئیفلاسیان کرد و ئەگەر لە تێکڕای دیمەنەکە بکۆڵینەوە دەبینین کارگێڕ و فەرمانبەرەکان ڕەوشتێکی چاوقایمیان گرتووە و بەچەپ و ڕاست بەنێو کەوتوون بۆ پارە. بەڵام ئەمە نەک بەواتای کە گرانی شتێکی حەتمییە، چونکە هەمان ڕەوشتی مشک لە وڵاتی ڕێکوپێکدا دەبێتە هاندەرێک بۆ خەڵکەکە بەگشتی کە چاوقایمی دژی سەرپێچی و دزی بەکار بێنن. واتە مەسەلەکە بەگوێرەی ئەوەیە کە ئایا "خەڵکەکە وڵات و یەکتریان خۆش دەوێت بۆ ئەوەی مشکەکانیش ئەوها بن؟".

لە کۆتاییشدا با دوو نموونەی بچووک بخەینە ڕوو لەو ڕەوشتە تیژڕۆیەی کە مشک بەسەر خەڵکیدا دێنێ. تایتانیک کە لە ١٩١٢ دەستکردێک بوو کە سەرلووتکەی داهێنان و زیرەکایەتی و ژیانی بەرز "های لایف"ی دەگەیاند کەچی هەر ئەو ڕەوشتە تیژڕۆیەی مشک بوو تووشی چارەنووسی خۆی کرد. ئینجا ڕووداوە سەیرەکەی هەڵاتنی "ناظم گوزار، یەکێک بوو لە بەعسییە توندڕەوەکانی سەردەمی زوو و دواتر بوو بە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی عێراق" ناوبراو نەک هەر بێ منەت و چاوقایم بووە، بگرە پیاوکوژێکی سادی، لە ساڵی ١٩٧٢ کار گەیشتە بەرەوڕووبوونەوەیەکی یەکجارەکی و بەجانتایەک پارە "چەندین ملیۆن دۆلاری تێدا بوو" لەگەڵ چەند بارمتەیەک بەسەیارە ڕووی کردە سنوور بۆ ئەوەی بەڕێی ئێراندا هەڵێت. بەڵام کە زانی ڕێی گیراوە، بارمتەکانی کوشت و شەڕی کرد تا کوژرا. ئەو ڕووداوە لە کاتی خۆیدا دەنگی دایەوە و نەدەوێراین بەئاشکرایی باسی بکەین تا دواتر نووسەرانی وەک حەسەن عەلەوی و بەعسییە هەڵگەڕاوەکان لە خەڵکیان گەیاند چ جۆرێک تیژڕۆیی لەو ساڵەدا ڕووی داوە.

## بەختت لە سایەی مشکدا

مشک لە سایەی مشک: بورجی خۆیەتی، لەو قۆناغەدا دەگەشێتەوە و بەری رەنجی خۆی بەئاسانی و سەربەرزی دەخوات، هەروەها لە مەترسییەکان دوور دەبێ. لە ئەوینیشدا دڵدارێکی بێ چەشنە.

گامێش لە سایەی مشکدا: ئەگەر دەستی لەسەر پارە و خەرجییەکان توند بکات رەنگە سامانێکی بێتە دەست. لە ئیشدا دەبێتە نموونەی مرۆڤی بەرپرس، بەڵام لە ئەویندا بارێکی ئاسایی هەیە و رەنگە تەگەرەشی بێتە پێش. شایانی گوتنە کە ئەمەی پێشوو تا رادەیەک بەختی هەموو کورێکی دووەم لە سایەی برا گەورەکەی خۆیدا دەگرێتەوە.

پڵینگ لە سایەی مشکدا: هەموو تیشکەکان دەخرێنە سەر برای یەکەم ئیتر برای سێیەم بێزار دەبێت و سوود نابینێ جا دەیەوێ گۆڕانێک بەسەر هەموو رەوتی ژیانیدا بێنێ، بەڵام ئاسان نییە، واش هەر قۆناغەکە بەدبەختی تێدا نییە چونکە خەم و بەرپرسێتی بەبەر وی ناکەون.

پشیلە لە سایەی مشکدا: مشک و پشیلە کوجا مەرحەبا؟ باوەڕی پێ ناکات و خزمەتی ناکات جا پشیلە لە سایەیدا سوود نابینێ. لە ئەوینیشدا وێڵ و گوماناوی دەبێت و هاوکارەکانی خیانەتی لێ دەکەن، ئیتر پەنا بۆ تەنیایی و گۆشەگیری دەبا.

ئەژدیها لە سایەی مشکدا: مشک رایەکانی ئەژدیهای بەدڵە و باشترین پاداشتی ئەژدیها دەکات و پارەی دەخاتە دەست، ئەژدیهاش دەزانێ کەی و لە کوێ پارەکە بەکار بێنێ. هەروەها لە ئەویندا بەختی باشە بەتایبەتیش ئەگەر خۆشەویستەکەی لە بورجی مشک بێت، ئەوە یەکاو یەکە.

مار لە سایەی مشکدا: نە پێشکەوتن و نە پاشکەوتن، نە زۆر چاک و نە زۆر خراپ. لە ئیشدا وەک هەمیشە دەرفەتەکان دەقۆزێتەوە و رێبەرێی دەکات. لە ئەوینیشدا هەر خەیاڵ و چاوەڕوانی بەر دەکەوێت و بەس.

ئەسپ لە سایەی مشکدا: مشک ڕای دەپەڕێنێت و ئیشی پێ دەکا. هانیشی دەدا کە باوەڕی بەخۆی بێت و بگەشێتەوە. بۆیە، لە ئیشدا پڕ لە باوەڕ و لە ریزی پێشەوەیە کەچی لە بواری ئەویندا مشک بەهیچ شێوە خزمەتی ئەسپ ناکا ئیتر تووشی جودایی و دەست لێک بەردان دەبێ بۆیە ئەوها سەغڵەتە.

بزن لە سایەی مشکدا: لەباتی ئەوەی پەرۆشێک و خەمێکی هەبێ بۆ پارە و کێشە ئابوورییەکان، بزن لە سایەی مشکدا دەستبڵاو دەبێ، بەڵام لە هەمان کاتدا بەهرەکانی دەگەشێنەوەو دەپشکوێن. سەبارەت بە ئەوین، قۆناغەکە هەندێک ئاڵوگۆڕی بچووکی تێدایە نەک ئەو ئەوینە گەورە.

مەیموون لە سایەی مشکدا: مەیموون لێرەدا شادە. ڕۆژی خۆیەتی و هەڵدەپەڕێت و خەون دەبینێ، خەونەکانیشی دێنە دی. لە ئیشدا لە چاو هەڤاڵەکانی خۆی سەرکەوتنی باش وەدەست دێنێ و لە ئەویندا دەبێتە شای دڵداران بەتایبەتیش ئەگەر هاتو خۆشەویستەکەی مشک بوو.

کەڵەباب لە سایەی مشکدا: مشک هانی کەڵەباب دەدات و خاتری دەوێ، بەڵام لێی ناگەڕێ بەهەوەسی خۆی دەنگی بەرز بکاتەوە. واتە یان سنووری خۆی بزانێت یان ئەوەتا جێیەکی دیکە بدۆزێتەوە بۆ خۆی. ئیتر لە ئیشدا تووشی هەوراز و نشێوان دەبێ کەچی لە ئەویندا شادە و خەندەیەکی جوان لەسەر لێوی دەنەخشێ.

سەگ لە سایەی مشکدا: سەگ بەڕەوشتی بێ منەتی مشک ڕەشبینتر دەبێت و روو لە هەڵچوون و رقابەتیی دەکا جا لە ئیشدا پارەی لە دەست دەچێ. کەواتە با تووشی گرەو و کاری نا مسۆگەر نەبێت. لە ئەوینیشدا بەختی نییە، هەر ساردی و جوودابوونەوەی پێ دەبڕێت.

بەراز لە سایەی مشکدا: ئەگەرچی مشک رەوشتی خۆشباوەڕانەی بەراز بۆ مەبەستی خراپ بەکار ناهێنێ، بەڵام دەبێ سنووری خۆی بزانێ ئەوسا لە ئیشدا دەبێتە نموونە بۆ هاوکارەکانی خۆی و رەنگە پایەی بەرزی بێتە دەست. هەروەها لە ئەویندا بەختی باشە.

## ئەوین و پێوەندی

### پیاوی مشک

لە بواری کۆمەڵایەتیدا پۆشتە و بەرچاون، شێوازێکی تایبەتی پێڕەو دەکەن بۆ دەربڕین و ئاخاوتن کە پڕە لە مەبەست و لە هەمان کاتدا پڕە لە دەربڕینی رایەکانیان. لەمەڕ رەخنە و گلەییدا ناسەلمێنن و دان بەهەڵەکانیان نانێن، ئەوپەڕی مەگەر خۆیان مات بکەن و بەهێمنی لە مەیدانەکە بکشێنەوە

لە ئەویندا بەکێش و نەرم و لێزانن، دڵدارێکی رووح سووک و بێ چەشنن، پێوەندییەکانیان زۆرە و پاش چەندەها ئەوینی راستی و خەیاڵی ئینجا مەگەر دڵبەندی ئەوینێک بن بەتایبەتیش ئەگەر بەئافرەتی دڵنەرم و میهرەبان بگەن بەو مەرجەی کە زیرەک و ئامادەش بن، ئەوسا زووتر بڕیاری کۆتایی دەدەن. هەروەها نرخی ژنەکانیان دەزانن، بەڵام نایانەوێ بەماڵەوە بەند بن، بگرە حەز دەکەن ژنەکانیان تێکڕای ئەرکەکانی ماڵەکە لە ئەستۆدا بگرن. واتە ئەگەر شەرقی بن یان ئەورووپایی، پیاوی مشک جۆرە دەمارێکی نێریان تێدایە کە رێ بەخۆیان دەدەن بۆ زۆر شت، بەڵام ئەو شتانە لە ژن و منداڵەکانیان قەدەغە دەکەن. ئینجا کە لە روویان دەدەنەوە کە بۆچی قسە و رەفتاری وەکو یەک نین؟ ئەوسا مشک دەڵێن "باوکەکەم، چاوەکەم، قسەکانم وەربگرن بەڵام سەیری رەفتارم مەکەن، ئەوها باشترە"

### ئافرەتی مشک

خۆپەرستی و تیژڕۆییەکەی ئافرەتی مشک لە چاو پیاوەکانی مشک کەمترە. خانمی یەکەمی هەردووک مەیدانە سەرەکییەکانی ژیانن (ماڵ و ئیش) چونکە تواناکانیان لە نێو ئەو دوو بەشەدا بەرێکی دابەش دەکەن. دیاردەی سەرەکیی لە هەڵسوکەوتی خانمێکی بورجی مشک ئەوەیە کە زۆر دەپرسێتەوە و رای خەڵکی وەردەگرێت دەربارەی هەموو شتێکی ژیانی خۆی: *کام کراس لەبەر بکەم باشە، کام زانکۆ باشە، کام سەیارە باشە...* هتد.. ئیتر وەکو مشکێک وایە کە هەموو کون و کەلێنێک دەپشکنێتەوە، ئەمەش بۆچی؟، چونکە ئافرەتی مشک مەراقێکیان هەیە بۆ تێگەیشتن و نەکردنی هەڵە، لە

ئەویندا خاوەن کەسایەتییەکی بەتینن، هەستیارن بەڵام دڵیان بۆ هەموو کەسێک ناچێت مەگەر بۆ پیاوێکی ئەوها کە بۆیان ببێتە پشت و پەنا و، دەبێ ئاسوودەیی مادی و دەروونییان بۆ دابین بکا. واتە بەئاسانی رات دەکێشن بەڵام هەندە بە ئاسانی راناکێشرێن. بەڵام وەک دەڵێن "بە نۆیان نەدەچوو و بەدەیان نەدەهاتە دەر" واتە ئەگەر خانمێکی مشک عاشقی کەسێک بوو ئەوسا تیژرۆیی و بێ منەتی ئەم بورجە ئاشکرا دەبێ کە چۆن هەموو هەست و هۆش و ئەوینی خۆیان پێشکێش دەکەن و ئامادەشن کە لە پێناویدا قوربانییەکی زۆر بدەن و پشت لە هەموو جیهان بکەن. جا هەی لەوەی ئەم دڵە رەقەی ئافرەتێکی مشک بۆ خۆی نەرم دەکا.

## پیاوی مشک لەگەڵ . . .

ئافرەتی مشک: ئەم دوو بورجە دەگونجێن و هەستێکی توند لە نێوانیاندا پەیدا دەبێ بەڵام مەترسی هەیە کە پێوەندییەکەیان لە بەرچاوی دەوروبەر سووک بکەن، چونکە هەستیان وەکو شاڵاو هەڵدەڕێژن و بەکەس ناوەستن، وادەزانن کەس لەسەر رووی زەمین نییە (شایانی گوتنە کە ئەم پێوەندییە تا رادەیەک هەموو کوڕ و کچێکی نۆبەرە دەگرێتەوە نەک هەر مشکەکان).

ئافرەتی گامێش: لێرەدا ئەرکی سەرشانی ئافرەتەکە گەورەترە، ئەگەر گامێش پیاوەکەی دەوێ دەبێ خۆی بۆ ماندوو بکات ئەوسا دەتوانێ پیاوەکە بکاتە ئەویندارێکی بێ چەشن. شایانی گوتنە کە ئەم پێوەندیە تا رادەیەک لە نێوان هەموو کوڕێکی نۆبەرە و کچێکی دووەمدا بەدی دەکرێ.

ئافرەتی پڵنگ: دەشێ دڵداری بکەن بەڵام مەرج نییە تا سەر رێک بن چونکە ئافرەتەکە خەون و خەیاڵی پەمەیی بۆ پیاوەکە دەڕازێنێتەوە بەڵام نابەسترێتەوە، کابراش شتی هەنووکەیی و زەمینیی گەرەکە و دەیەوێ وەک ژن و مێردێکی ئاسایی بژین نەک دۆست و دەزگیرانێکی هەمیشەیی.

ئافرەتی پشیلە: مەگەر کابرا هەندێک بۆی دابێنێ دەنا پێوەندی لە نێوان مشک و پشیلەدا شتێکی سەختە. کەواتە ئەگەر ناچاری یەکتر کران با هاورێیەتی پێرەو بکەن باشە و، لەوە باشتر ئەوەیە کە هەرگیز تووشی یەکتر نەبن.

ئافرەتی ئەژدیها: پیاوی مشک لە هەموو پیاوێک پتر هۆشی ئەو ئافرەتانە پڕ دەکەنەوە و دڵبەندیان دەکەن. کەواتە پێوەندییەکەیان زۆر باشە.

ئافرەتی مار: ئافرەتی مار شانازی بەم جۆرە پیاوە دەکا، بەڵام کابرا کۆمەڵێک مەرجی بۆ دادەنێ چونکە پەرۆشی ئەو ئافرەتە بۆ زێڕ و پارە لە لای کابرا خۆش نییە.

ئافرەتی ئەسپ: ئەم ئافرەتە بەچاوی سووکایەتی سەیری رەوشتی خۆپەرستانەی مشک دەکا و هەموو رەفتارێکی مشک بەهەڵوێستی دووڕوو و خۆپەرستانە دەزانێ. کەواتە با مشک و ئەسپ لێک دوور بن و هەرگیز تووشی یەکتر نەبن باشترە.

ئافرەتی بزن: مشک و بزن زۆر ناگونجێن چونکە لەگەڵ ئەو ئافرەتە ئازادیخوازەدا دەبێتە پیاوێکی قورس و خۆپارێز. واش دەکرێ پێوەندییەکی کز لە نێوانیاندا بمێنێ.

ئافرەتی مەیموون: پێوەندییەکی زۆر باشە چونکە دەگونجێن و تێک دەگەن. ئافرەتی مەیموون دەیخافڵێنێت و دەیحەسێنێتەوە و، لە بەرانبەردا مشک بۆی دادێنێت و خاتری دەگرێ.

ئافرەتی کەڵەباب: پێوەندییەکە زۆر ناخایێنێت، چونکە هەرای کەڵەباب بەدڵی مشک نییە بەڵام شوێنەواری پێوەندییەکە لە دڵیاندا دەمێنێ وێڕای هەموو شتێک.

ئافرەتی سەگ: ئەگەر چاوی ئەو ئافرەتانە بەدیاری و بە شتی جوان تێر بکات ئەوسا دەبێت بەباشترین و دڵسۆزترین خانم بۆماڵی مشک.

ئافرەتی بەراز: هەردووک حەزیان لە شادی و خۆشگوزەرانییە بەڵام هەر یەک بەجۆرێکی تایبەت. مشک پیاوی دڕن، بەرازیش نەرم و ناسکن، جا مەگەر ئەوینێکی زۆر توند هەبێت یان بورجی مانگانەیان زۆر بگونجێت ئەوسا دەبێتە باشترین پێوەندی، دەنا هیچ.



# گامێش

١٨٠٥
١٨١٧
١٨٢٩
١٨٤١
١٨٥٣
١٨٦٥
١٨٧٧
١٨٨٩
١٩٠١
١٩١٣
١٩٢٥
١٩٣٧
١٩٤٩
١٩٦١
١٩٧٣
١٩٨٥
١٩٩٧
٢٠٠٩
٢٠٢١
٢٠٣٣

ئەنتۆنی هۆپکنز، ئەیکۆن، ئەحمەد زەکی، باخ، بەکر سدقی، بنیامین نەتەنیاهۆ، بەهائەڵڵا، پووشکین، جۆرج وسوف، جاک نیکلسن، مەلا جەمیل ڕۆژبیانی، جین فۆندا، چارلی چاپلن، حەسەن قزڵجی، حەننا عەبدولئەحەد ڕۆفۆ، شێخ حوسێنی بۆسکێن، دەستن هۆڤمەن، ریچارد تیر، سەرتیپ کاکەیی، سەعدوڵڵا پەرۆش، سیگۆرنی ویڤەر، شوکور مستەفا، شیمۆن پێرێز، سەردار جاف، سەدام حسێن، سەلاح قابیل، تەها حسێن، ڤیڤیان لی، عەباس مەحموود ئەلعەقاد، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، عەدنان موفتی، عەلی باپیر، عمرو دیاب، کەمال مەزهەر، کارلۆس، کمال جنبلاط، کۆڵن پاول، گاری کووپەر، لاڤاییێن، لەیلا زانا، لیندبێرگ، ماجینۆ، مادلین ئۆڵبرایت، مارتن لووسەر، مارگرێت تاتچەر، ماکیاڤیللی، فرەنسۆ هەریری، قازی محەمەد، مەناحیم بێگن، محەمەد عەلی پاشا، موقتەدا سەدر، ناپلیۆن بۆناپارت، نەهرۆ، هانز گودەریان، هتشکۆک، هیتلەر، همنگوەی، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، واڵت دزنی دووک ولینگتۆن، ولید جنبلاط، یوسف شاهین.

# ڕەوشتی گشتی

ئەگەر بزانین کە هیتلەر و ناپۆلیۆن و سەدام و باراک ئۆباما لە ساڵی گامێش لە دایک بوونە ئەوسا گرینگی تێنەگەیشتنی ئەم بورجە دەزانین.

دەشێ رەوشتیان بەڕەوشتی کوڕی دووەم بچوێنن، ئەم کوڕە کە براگەورەکەی خۆی دەبینێ ئەوها بەرژەوەندی خۆی پێش هەموو شتێک دەخات و ئاوڕێکی ئەوتۆ لە باوان و خوشک و برایەکانی دیکە ناداتەوە، ئەمەیان کاردانەوەیەک دەگرێ بۆ ئەوەی کە خۆی و برایەکانی پشت بەیەکتر ببەستن، بۆیە گامێش کۆمەڵێک قەدەغە و بەند و بڤە بۆ برایەکانی پاش خۆی دادەنێت. هەروەها هەڵەکانی برا گەورەکە دەبینێ جا ئاخ هەڵدەکێشێ کە ئەگەر خۆی خاوەن دەسەڵات بایە.. بەم کورتە باسە دەتوانین لە بنەما سەرەکییەکانی بورجی گامێش بگەین کە دووەمین بورجە لە چەرخی گەردوونی چینیدا. ئێستاش با هەندێک لە رەوشت و رەفتاریان قووڵ ببینەوە:

گامێش لە لای گەردوونزانەکاندا بەخواوەندی ئەرک و بەرپرسێتی و هەناسە درێژی ناسراون و بەنموونەی مرۆڤی نەگۆڕیان دادەنێن، وەکو دارێکی ئەستوور رەگیان لە نێو ئینتیمایەکدا دەچەقێنن و لە ژیاندا دروشمێک هەڵدەکەن و ئەگەر راست بێت یان چەوت بە کەللەڕەقی پێڕەوی دەکەن. ئامادەشن کە بەتاقی تەنیا لەسەر بیر و باوەڕەکانیان بمێنن بەبێ هاونشین و هاوڕێ.

گامێش راستبین و کارپوخت و ئیشکەر و وردبین، سەرکەوتنیان لە ژیاندا بەهۆی بەختەوە نییە بەڵکو بەرەنج و تێکۆشانی خۆیان دێت. لەش قورس و کەم دوێن ، بەڵام هەرگیز تەمبەڵ نین چونکە بەرگەی کاری گران و چیرەدرێژ دەگرن و لەمەڕ تەگەرە و کۆسپەکاندا ماندوو نابن، تەنانەت پێشوازی لە پێشبڕکێ دەکەن کە هەر دەبێ سەری لێ دەربکەن. هەروەها بەهۆی ئەم قورسییە، کەس نابێ بەگێلیان بزانێ چونکە ئەگەر کەسێک خۆی بەهاوباوەڕیان بنوێنێت و دواتر خیانەت بکا، ئەوسا گامێش پەلاماری دەدەن و تۆڵەی خۆیان بەدوو هەندە دەکەنەوە و هیچ پاساوێک ناسەلمێنن.

جێ باوەڕی خزم و ناسیارەکانی خۆیانن چونکە زمانپاریز و بەبەڵێنن. نموونەپەرست و نەگۆڕن. کەم دەڵێن و زۆر دەبیسن بەڵام لە شێنەیدا دەکرێنەوە و لایەنە نەرمەکانی دڵ و کەسایەتی خۆیان دیار دەخەن، ئەوسا بەهرەکانی ئاخاوتنیان دەبینی و دەزانی چۆن قسەی کەم و پوخت دەکەن. هەروەها هیچ کارێک بەنیوەچڵی ناهێڵنەوە و بایەخ بەقسەڵۆک و هونەر و نەوژەنی نادەن مەگەر ئەو پارە و قازانجیان تێدا بێت ئەوسا بەجیدی خەریکیان دەبن.

هەندێک سەرچاوە وا رادەگەیەنن گوایە گامێشەکان بەهیچ جۆرێک مەیلی هونەریان نییە و نەهونەردۆستن و نە هونەرمەندن و نە لە هونەر دەزانن تەنانەت ئامۆژگارییان دەکەن گوایە دەبێ خۆیان تووشی بوارە هونەرییەکان نەکەن. بەڵام دەبێ پرسیارێک بکەین کە ئەگەر ئەم قسە راست بێت ئەدی واڵت دزنی و ئەحمد زەکی و چارلی چاپلن و دەیان شینە هونەرمەندی مەزن کە لە ساڵی گامێش بوونە، ئەوانە بۆ کوێ ببەین؟ بۆیە، وێڕای هەموو پێناسەیەک دەتوانین گامێش بە مرۆڤێکی خاوەن هەست و نەست بناسێنین ئەگەر مەسەلەی "پەیداکردنی پشتیوان" لە هونەردا بدۆزنەوە ئەوسا رەنگە هیچ کام لە بورجەکانی دیکە کە مەیلێکی زگماکییان هەیە بۆ هونەر "وەکو پشیلە و بزن بۆ نموونە" بەگامێش ناگەنەوە.

زۆربەی گامێشەکان لە سەرەتادا روو دەکەنە ئینتیحایەک یاخۆ حزبایەتی و دین ئایدیۆلۆجیا و شتی هەمەجۆر، جا لە هەندێک ناوچەی عەشایەریدا دەبینی لە هەموو کەسێک پتر خەریکی تیرە و عەشیرەتی خۆیان دەبن کەچی لە ناوچەی شارستانیدا روو دەکەنە حزبایەتی، بەڵام لە کۆتاییدا بەشی زۆریان (لە دەشت و لە شاردا) روو دەکەنە باوترین پشتیوان کە پارەیە. جا هەندێکیان خووی پێوە دەگرن و مەسەلەکە دەبێتە پارەپەرستی. بەڵام پێویستە بزانن کە خزم و پارە و پشتیوان دەبێ لەپێناو شادیدا بن نەک لە پێناو خودی پارە و توانادا، کەواتە با "وەسیلە" نەکەن بە"غایە".

ئامۆژگاری دووەم ئەوەیە کە وریای ئەو کەسانە بن کە وەکو خۆیان توندڕەون چونکە لەو میانەدا رق و حەسوودی دەبووژێتەوە.

# دوازده جۆر گامێش



## گامێش - کاوڕ



ئەم بورجە بەختی لەوە دایە کە خەونی زل بێنێتە دی، نەک بەخەون و بەپاڕانەوە بگرە بەدەست و بازووی خۆی. تێکۆشەرێکی گورج و کارزانە و هەمیشە کار دەکات و هەمیشە بەدوای ڕێبازی تازەدا دەگەڕێ بۆ زیادکردنی توانا و دەرامەت. لەگەڵیدا نازانێ بێزاربوون چییە بەڵام لێی وریا دەبێ چونکە لە بواری کۆمەڵایەتیدا ئەو شارەزاییەی نییە و ناچار دەبێ بە شێوەیەکی مەیلەو فەرمی ڕەفتار بکات بەتایبەتی لەنێو خەڵکی زێدە شارستانیدا هەست دەکەی وەکو نامۆ وایە، چونکە حەز لە خەڵکی تەمبەڵ ناکات و تەنیا لە مەیدانی کاری خۆیدا زمانی دەکرێتەوە.

کار و کاریر: بۆ ئیش و کار و بەرهەم و قازانجی دروست کردووە. لە ئیشدا بۆ سەردەستیی باشترە نەک بۆ ژێردەستەیی. بێ لە پرۆژەی گەورە، ئەم بورجە کۆمەڵێک کاریان لێ دەوەشێتەوە وەکو نوێنەر، نامەبەر و بەردەستەی هەمەجۆر بەڵام بۆ کاری فرۆشیاری و ریکلام و ئەو شتانە کەڵکی نییە بگرە دەبێ دەست و بازووی بەگەڕ بێنن.

گونجان: ئەم بورجە پێویست بەئەوین و پێوەندیی نەگۆڕ هەیە. با شێرەکانی ساڵی کەڵەباب و مشک و مەیموون هەڵبژێرێت. هەمانە بەراز- ڕەبەن و تیرەندازەکانی ئەژدیها و مەیموون حەزی لێ دەکەن. هەروەها مار- جمک دڵە ڕەقەکەی نەرم دەکەن.. بەڵام با تووشی پڵینگ- ڕەبەن و بزن- نەهەنگ نەبێت بەهیچ جۆرێک.

ناودارەکان: عەبدوڵڵا ئۆجەلان، عەدنان موفتی، کۆڵن پاوڵ، چارلی چاپلن>، ئەدۆلف هیتلەر>، ئەیکۆن>.



# گامێش - گا



هەردووک بورجی دووەمن، کەواتە دوو هەندە خولیای سروشتە و دوو هەندەش کەللەڕەق. مەند و مەیلەو تەپ، بەڵام کە بڕیارێکی دا ئیتر گەڕانەوە نییە. عاشقی ئارەزووەکانی خۆیەتی و هەوڵیان بۆ دەدا، بەهێواشی بەڵام بەبەردەوامی بۆیان دەچێت. ڕەنگە تەگەرەیەک بیوەستێنێت، بەڵام وەستانێکی کاتی چونکە ئەم بورجە وەستانی نییە. هەوەس و ڕابواردنیش جێگەیان لە دەروونیدا هەیە، بەڵام کەم و بەهێواشی. هەروەها تووڕەکردنی ئاسانە و ڕەنگە دۆ و دۆشاو تێکەڵ بکات، واش هەر بۆ برادەر و ناسیاری کۆن دڵسۆزترین کەسە.

کار و کاربر: خاک و زەوی و وەرزێری باغ و باغات، ئەو بوارانە ئەگەر بۆ کەسێک دانرابن بۆ ئەم بورجە دانراون. بێ لەوانەش، وەکو کارگێڕ و بازرگان و دووکاندار، تەنانەت وەکو کرێکاریش، لە تێکڕای ئەو کارانە سەر دەردەکات. ئەگەر سەرکار بێ یان کرێکار، پێویستە پێشبڕکەی لەگەڵدا نەکرێ بگرە وازی لێ بێنن خۆی کارەکان بەو ڕیتم و شێوازە بەڕێوە دەبات کە خۆی هەڵی دەبژێرێ.

گونجان: برام، خوشکم، هەتانە نەهەنگ و قرژاڵەکانیساڵی مشک و مار ئینجا هی ساڵی کەڵەباب، ئەوانە لە هەموویان بۆ تۆ باشترن. هەمانە گیسک و ڕەبەنی ساڵی مشک و مار و کەڵەباب، ئەوانەش زۆر دەگونجێن. دەتوانی پێوەندییەکی کورت لەگەڵ نەهەنگ و گیسکی مەیموون ببەستیت بەڵام تووشی شێر و سەتڵ و دووپشکی ساڵەکانی بزن و پڵینگ مەبە.

ناودارەکان: لەیلا زانا، ماکیاڤیللی، گاری کووپەر، جاک نیکڵسن، مادلین ئۆڵبرایت>.



# گامێش - جمک



ئەم تێکەڵە بورجە لە چاو وەڵاشەکانی خۆی بۆ کۆمەڵایەتی و داوەتکاری و تێکەڵاوی کراوەترە. قسەزان و گەشبین و رۆشنبیر و باخەبەرە و، لە چاو گامێشەکان هەست و نەستێکی زیندووتری هەیە بەڵام لە هەمان کات دەمارێکی توورەیی تێدایە. لە ماڵێ هەندێک ئەتیکێت و ستاندارد‌ی تایبەت دادەنێت و ئەگەر رێ بەهەمـوو ئازادی و گۆڕانکارییەک بدات، ئەو ستانداردانەی خۆی بە شتی نەگۆڕ دەزانێ. ئەم بورجە لە مەیدانی ئیش و کاردا بەبەختن، بەوە نییە کە نوکتەباز و زمان شیرنن، لە راستیدا مرۆڤی ئیشکەر و بەرپرسن. دەستکراوەن، تەنانەت ئامادەن پارە هەڵڕێژن، بەڵام بەمەرجێک ئەگەر کارەکان بەوپەڕی خێرایی و پوختی ئەنجام بدرێن.

کار و کاریر: وەکو پرۆفیسۆر و مامۆستایەتی و پارێزەر ئەو جۆرە کاریرانە باشن کە دەرفەتیان هەبێت تاکتیک بگێڕن و تەگەرەکان نەرم بکەن و بەشداری لە بڕیاری کۆتاییدا بکات.

گونجان: ئەگەر بەدوای ئەوین و هاونشینێکی نەگۆڕدا دەگەڕێ با روو بکاتە کاوڕەکانی ساڵی مشک و مار و کەڵەباب، ئەوانە زۆر بۆی باشن، هەروەها شێرەکانی ساڵی مار ئینجا هی ساڵی مشک. هەمانە تەرازووی ساڵی مشک و کەڵەباب لەبەر دڵیدا شیرنن، وێڕای سەتڵەکانی مشک و مار و کەڵەباب. دەشێ پێوەندی و ئەزموون کورت لەگەڵ رەبەن و گیسک و تیرئەندازی ساڵی بەراز و پڵینگ و بزندا بکات، بەڵام بەهیچ جۆرێک بۆ ماوەی درێژ نەبێت. لەوانەش خراپتر ئەوەیە ئەگەر تووشی مەیموون- نەهەنگ بێت، ئەمەیان قەدەغەیە.

ناودارەکان: پووشکین، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد.



## گامێش - قرژاڵ



کار و بەرهەم و دارایی دینی ئەم تێکەڵە بورجەیە و رقی لە نشوستی و کاری نیوەچڵ دەبێتەوە. لە تەمەنی گەنجییەوە کاریری خۆی دیار دەخات کە یەک مەرجی سەرەکیی گرتووەتە بەرچاو (پشتیوان.. پشتیوان.. پشتیوان). خۆی بەئاشکرایی دەڵێ پارە و ماڵی تێروپڕ لە هەموو شتێک گرینگترە، بەڵام هەندێکیان تێگەیشتەیان بەرامبەر بەماڵ سکێلێکی گەورەتر وەردەگرێت. مێشکی تەپ نییە، لە رۆژگار و زەمانە ناترسێ چونکە توانای کۆنترۆڵکردنی خۆی و دەوروبەری خۆی هەیە بەبێ خۆسەپاندن. میهرەبانە بەڵام تۆڵەی خۆی لە بیر ناچێتەوە بەتایبەتی لەگەڵ ئەوانەی کە یاری بە هەستە ناسکەکانی دەکەن و، ئومێد نەکەن لێیان ببوورێت. ئامۆژگاری بۆ وی ئەوەیە "کە دارێک بەدەستەوە دەگرێ، با بەنەرمی بیگریت بۆ ئەوەی دەستت شل نەبێت".

کار و کاریر: کەواتە بۆ گشت کارێک باشە کە پێویست بەزیرەکایەتی و دەسپاکی و وردەکاری بکات بەڵام با هەندێک رەنگاوڕەنگی بخاتە نێو رۆتینی ئیشەکانی باشترە.

گونجان: پێش هەمووان با کەڵەباب- گا هەڵبژێرێ، ئینجا رەبەن و نەهەنگەکانی هەمان ساڵ. هەمانە مشکەکانی رەبەن و دووپشک و نەهەنگ وێڕای مارەکانی دووپشک و نەهەنگ، هەموویان باشن. بەپێچەوانەش، با لە کاوڕ و تەرازووی ساڵی بزن و تەرازووەکانی ساڵی پڵینگ وریا بێ. لەوانەش بەدتر گیسکەکانی ساڵی پڵینگ و ئەژدیها، ئەوانە بەهیچ شێوە بۆی نابن.

ناودارەکان: هانز گودەریان، عەباس مەحموود ئەلعەقاد، حەننا عەبدولئەحەد ڕۆفۆ، مەلا جەمیل ڕۆژبیانی، سەلاح قابیل، جیراڵد فۆرد<.



# گامێش- شێر



شێر هانی گامێش دەدات کە هەندە ئاسایی نەبێ. واتە توانای جووڵە و دەستپێشخەری پێ دەدات بەبێ ئەوەی کە لە ڕەوشتە مەندەکەی کەم بکاتەوە. ڕەند و بەرپرسە و دەتوانێ هەموو شتێک کۆنترۆڵ بکا و ڕێزی خۆی بەسەر هاوکارەکانیدا بسەپێنێ. بەڵام سایەی قورسە و ئەوانەی لەگەڵیدا دەبن پێویست بەکەمێک هەواگۆڕین دەکەن. خۆی سەردەستە بێت باشترە نەک ژێر دەستە و هەرچەند دوورتر بڕوانێ سەرکەوتووتر دەبێت. بەپێچەوانەش، ئەگەر ڕوو لە خۆپەرستی بکا ئەوا شکستی مسۆگەرە.

کار و کاریر: مەراقیان لە کاری سەخت و بەتەحەدایە. بەڕێوەبردن و باڵادەستی شتێکی زۆر ئاساییە بۆ ئەم بورجە و زۆربەیان دەست بەپڕۆژەیەکی سەربەخۆ دەکەن بۆ ژیانیان. لە میانی ئیش و کاردا حەز لە گاڵتە و هەوا گۆڕین دەکەن، بەڵام هەندە لێی نازانن ئیتر دەگەڕێنەوە سەر ئیش و کاری خۆیان.

گونجان: با لە نێوان مشک و مار و کەڵەبابدا مانگەکانی کاوڕ و جمک و تەرازوو و تیرەنداز و گیسک بەبێ ترس هەڵبژێرێت، ئەوانە دووشەشن. مەیلی ئەژدیهاییەکانی گا و دووپشک دەکا، بەڵام ئەوانە وێڕای دووپشک و سەتڵەکانی ساڵی پڵینگ و بزن بۆ وی هەندە باش نابن. لە کۆتاییشدا هەمانە مەیموون- گا کە نابێ خۆی لێ بدا.

ناودارەکان: ئێرنەست هەمنگوەی، وەلید جنبلاط، دەستن هۆفمەن، بەکر سدقی، باراک ئۆباما، سەدام حوسێن، موقتەدا سەدر، هتشکۆک›، ناپلیۆن بۆناپارت›، مەناحیم بێگن›، عەزیز نەباتی›، شیمۆن پێریز›.



## گامێش- ڕەبەن



فریشتەیەکی جیددی و کەمدوێیە، ڕاستگۆ و دادپەروەرە، ڕقی لە فرتوفێڵ و پێشبڕکە بۆ پارە و دەسەڵات دەبێتەوە بۆیە تەنیا لەگەڵ خەڵکی دەوڵەمەند و پایەدار دەگەڕێ کە لە ڕاکەڕاکەی پارە بوونەتەوە. دوورەپەرێزە و لە ئەنجامدا ژمارەی برادەرەکانی زۆر نابن. دەمارێکی تەنیایی و تاکڕەویشی تێدایە کە بەشێوەیەکی ئاغایانە دیار دەبێ بۆیە ئاوەها بەئاسانی بۆی نایەت و زۆر شتی لێ ئاڵۆز دەبێ. بەڵام لە شێنەییدا و لەگەڵ ئەو برادەر و خزمە هەڵبژاردانەدا ڕووخۆش و بێ فیزە و ڕەنگە نوکتەیەک بکات کەچی زۆربەی جار نوکتەکە بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە و لە ئەنجامدا دەبێتە (مەززەی کۆڕی برادەران).

کار و کاریر: لە ئیشدا دەیەوێ تەرازوویەک ڕابگرێت لە نێوان (ئەتیکێت و قازانج) یان بڵێین *"هێمناتی لادێ لەگەڵ قازانجی شار"* ئەوانەش هەندە ئاسان نین.

گونجان: پێویستە بایەخێکی گەورەتر بە چۆنیەتی هەڵبژاردنی هاوسەر و هاونشینی خۆی بدا، با روو لە قرژاڵ و گا و دووپشک و گیسک بکات، سەبارەت بەگا با لە ساڵانی مار و کەڵەباب بن و سەبارەت بەقرژاڵ با لە مشک بن. هەر ئەمە نییە، بگرە دووپشک و گیسکەکانی ساڵی مشک بۆ وی زۆر باشن بەڵام با لە جمک دوور بێ بەتایبەتیش لە ساڵەکانی ئەژدیها و ئەسپ و بزن. هەروەها تیرەندازەکانی پڵینگ و بزن ئەوانەش باش نین، ئینجا بەهیچ شێوەیەک خۆی لە نەهەنگەکانی ساڵی سەگ و بەراز نەدات.

ناودارەکان: ریچارد گیر، جۆزێف کەنەدی، حەسەن قزڵجی>.



## گامێش - تەرازوو



ئاکارێکی جوان و کەللەیەکی رەق. تەرازوو هانی گامێش دەدا کە بایەخ بەجوانی خۆی بدات، بەڵام وای لێ دەکا هەمیشە خەریکی دەمەقاڵی و تێکە و لێکە بێت بۆ تێگەیشتن و فێربوون. کەس وەکو ئەم بورجە چیرۆک و رووداو و هەستەکانی بۆ هاونشینەکانی ناگێڕێتەوە، هەروەها مەیلی هەیە بۆ زانینی رەچەڵەکی خەڵک و زیندەوەر، واتە لە بوارەکانی سروشت و ژینگە و جوانکاریدا یەکاو یەکە و، سەیر نییە کە لە کۆمەڵگەی عەشایەری ببێتە (رەسەن ناس) واتە مەراقی بداتە رەچەڵکی خەڵک و تیرە و بنەماڵە و، لە شاردا دوور نییە رێگەی زیندەوەرزانی و (ئسنۆپۆلۆجی) یان خوو بەئەسپی رەسەن و ئەو شتانەوە بگرێت.

کار و کاریر: کلیلی بەکارخستنی ئەو کەسە لەوەدایە کە بەرنامەی هەبێت، یان بڵێم بەرنامەیەکی بۆ دانێن و بڕیار بدەن کە کاتژمێر ئەوەندە دەبێ فڵان شت بکرێت و پاش نیوەڕۆ دەبێ... بکەین، ئەوسا وەکو کاتژمێری سویسری کار دەکا.

گونجان: مارەکانی جمک و شێر و تیرەنداز و سەتڵ، ئەوانە یەکاو یەکن. ئینجا لە قۆناغی دووەمدا شێر و تیرەنداز و سەتڵەکانی ساڵی مشک، جمک و تیرەندازی گامێش، کەڵەبابەکانی شێر و سەتڵ. مەیلت بۆ کاوڕ و قرژاڵ و گیسکەکانی ساڵی پڵینگ دەچێت بەڵام ئەو بەختەت لەگەڵیان نابێ. تووشی قرژاڵەکانی ساڵی ئەژدیها و ئەسپ و مەیموون مەبە، هەروەها پشیلە- گیسک بڤەیەکی سەربەخۆیە بۆ تۆ.

ناودارەکان: کارلۆس، عمرو دیاب، مارگرێت تاتچەر، سیگۆرنی ویڤەر.



# گامێش- دووپشک



هێـزی گـامـێش و تاکـتـیکی دووپشک لێـرەدا کـۆبوونەتەوە. لە لایەکـەوە مـەراقی پەیداکردنی پشـتیوان و لەلایەکی دیکەوە مەراقی قوولبوونەوە، ئەم تێکەڵە بورجە مرۆڤی بێ ئەندازە زیرەک و پلانگێڕ و ئامـانج پێکەر دروست دەکەن. دەسـەڵات بۆ وی ئاسـانە چونکە هەمیـشـە خـەریکی جۆرێک پلان و بەرەنگارییـە. هاوڕێکانی لەگـەڵیـدا مـاندوو دەبن، بەڵام دوژمنەکانی دووهەندە ماندوو و رەنجەڕۆ دەبن. قـسـە زانیـشـە، دەزانێ چۆن رەخنەت لێ بگرێ بەبێ بریندارکردنی هەستت.

کـار و کـاریر: بۆ خـەباتی رامـیـاری و بۆ ژیانی سـەربازی، هەروەها وەکـو رابەری بزووتنەوەیەکی کـۆمـەڵایەتی و بۆ ئەرکی مـرۆڤـایەتیش باشـە. بێ لەوانە، توانای زۆرە بۆ ئەدای هەر رۆڵێکی پێویست. واتە ئەگەر ئەرکێکی کۆمەڵایەتی بێت یاخۆ نواندنی هونەری، هەرگیز پەکی ناکەوێ.

گونجان: هەست و مەیلێکی زۆر، بەڵام مەرج و قەدەغـەیەکی زۆرتری داناوە بۆ مەیلەکان. کـەواتە با روو بکاتە قـرژاڵ و رەبەن و گـیـسـک و نەهەنگەکـانی سـاڵی مـشـک، ئینجا هەمان تاقمە مانگ لە ساڵی کەڵەباب، ئەوجا قرژاڵ و رەبەن و گیسکەکانی سـاڵی مـار، ئەوانەی پێشـوو یەک لە دوا یەک زۆر باشن. بەپێـچـەوانەش، با لە بزنەکانی جمک و گا و شێر و سەتڵ وریا بێت وێڕای ئەژدیهایەکانی گا و جمک و، بەهیچ شێوە تووشی مەیموون- گا و ئەسپ- جمک و پڵێنگ- سەتڵ نەبێ.

ناودارەکـان: نەهرۆ، ڤـیـڤـیـان لی، بنیـامین نەتەنیـاهۆ، عـەلی باپیـر، تەها حـوسـێن، بەهائەڵڵا، مارتن لووسەر، ئەحمەد زەکی، سادق شەرەفکەندی›.



## گامێش- تیرەنداز



گامێشی پشتیوانپەرست و تیرەندازی خزم نەویست، کەسایەتییەک پێک دێنن کەوا لەباتی ئەوەی تیرەیەک هەڵبژێرێ، هەڵدەستێ تاک تاکە جۆرە کەسانێک هەڵدەبژێرێت و دەڵێ: *"ئەوانە دۆستن و ئەوانەی دیکەش دوژمن"*. مرۆڤپەروەرێکی نموونەپەرستە جا ئەو کەسەی کە ئەم بورجە بەبرادەری دانابێت، ئەوە پشتیوان و پێشمەرگەیەکی دەست کەوتووە کە ئامادەیە هەموو شتێکی پێشکێش بکا. سورِ دەبێ لەسەر ئەو برادەر و ئەو بنەمایانەی کە لە سەردەمی گەنجییەوە هەڵیانی بژاردووە. بەتوانا و هەناسەدرێژ و ئازایە، تووشی شکست دەبێ کەچی کۆڵ نادات. بەکورتی، هەناسە درێژی و توانای بەدیهێنانی پرۆژەی زل لە لای ئەم بورجەدا هەیە، نەک بەچرکەیەک و رۆژێک، بگرە ئەگەر بەپەنجاساڵیش بێت، هەر دەیکا.

کار و کاریر: پێویست بەوە ناکا باسی تواناکانیان بکرێ، چونکە کاسب و ئیشکەرێکی بێ چەشنن و زۆربەیان دەوڵەمەند دەبن، بەڵام لە ناخدا مەبەستی سەرەکییان بۆ خودی پارە نییە، بگرە بۆ ئاسوودەیی ئەو ماڵ و دۆستانەیە.

گونجان: پێش هەموو کەسێک شێر و تەرازوو و سەتڵەکانی ساڵی مشک و مار، وێرای کەڵەباب- سەتڵ، ئەوانە یەکاو یەکن. با کەمێک لە ئەژدیهاکانی جمک و شێر و رەبەن و نەهەنگ وریا بێ و لەوانەش ئاڵۆزتر ئەوەیە مەیموونەکانی هەمان تاقمە بورجی پێشوو. ئینجا لە هەموو کەسێک بڤەتر جمکەکانی ئەسپ و بزن، هەروەها رەبەنی ساڵی بزن و نەهەنگەکانی ساڵی پڵینگ با تووشیان نەبێ.

ناودارەکان: واڵت دزنی، جین فۆندا، کەمال جنبلاط.



# گامێش- گیسک



تاقـانەیە، برادەر و ناسـیـاری زۆرن کـەچی ئەو لەسـەر هێـڵـی ژیانی خـۆی دەڕوات و لە دەوری ئەو مەراقە دەخولێتەوە کە لە دڵیدایە. بەکەس ناچێت و لاسایی کەس ناکاتەوە و پرسـیش بەکـەس ناکـا، بگرە پیـلانـی خۆی بەخۆی دادەڕێژێت. حـەزی لە کـار و بەرهەم و قازانجە، گورجیشە بەڵام قسەکانی هەندێک وشکن و بێ ئەندازە جیدییە. بیری لە هەموو شتـێک کردووەتەوە و هەرگیـز ناتاسێت، لە ژیانیـشـدا کۆمـەڵێک سەرکـەوتن وە دەست دەهێنێت و لە دڵی خۆیدا زەماوەندیان بۆ دەگێڕێ.

کار و کاریر: خاڵی سەرەکیی لەوەدایە کە توانای ڕێکخستن و بەدوادا چوونەوەی گەلێک زۆرە و کۆڵ لە ئەرک و ئیشەکان نادا.

گونجان: با دڵ و دەروونی خۆی هەندە وشک نەکاتەوە بۆ مادە، ئەوسا دەتوانێ ڕوو بکاتە گا و شێر و ڕەبەن و دووپشک و نەهەنگەکانی ساڵی کەڵەباب و مار، ئینجا پاش کەڵەباب و مار با ڕوو بکاتە هەمان تاقمی پێشووی ساڵی مشک، ئەوانە یەک لە دوای یەک زۆر باشن. ئەژدیهـایەکـان باشن بەڵام با کـەمـێک لەگـەڵیـان وریا بێ بەتایبەتیش ئەژدیهای شێر و ڕەبەن و دووپشک، لەوانەش دوورتر ئەژدیهای کاوڕ و قرژاڵن. ئەوانەی بۆی ناگونجێن بریتین لە تەرازووەکانی بزن و گامێش و پڵێنگ و مەیموون و، لەوانەش نەشیاوتر بەراز- قرژاڵە کە نابێ تووشی بێ.

ناودارەکان: ‹سعوود بن عەبدولعەزیز، ‹جۆرج وەسووف، ئەنتۆنی هۆپکنز، سەعدوڵڵا پەرۆش›.



## گامێش - سەتڵ



هۆشیار و باخەبەر و چاوکراوەیە، زیرەک و خۆشتێکەڵە. ئەم مرۆڤە دەیەوێ هاوسەنگی لە نێوان "توانا و ئارەزوو"دا بکا کە ئایا دەتوانێ چەند لە ئارەزووەکانی بێنێتە دی، یان بڵـێین چەندیان رەوان و چەندیان نارەوان؟ دەزانێ هاورێی کێ بێت و دەتوانێ هەستی خەڵکی کۆنترۆڵ بکا بەبێ ئەوەی هەست بکەن کە خۆی سەپاندووە. رایەکانیشی بەهێواشی دەردەبرێ و پێت دەسەلمێنێ و ئەگەرچی پێشنیاز و رایەکانی لە سەرەتاداشتی سەیر و نائاسایی دەزانێ بەڵام دواتر دیار دەبێ کە ڕاست و بەجێن هەروەها قسەکانی بریندارت ناکەن.

کار و کاریر: لە لایەکەوە بۆ هەموو کارێکی دەستەکی باشە وەکو کرێکار و ئەندازیار و وەستا و چاودێر تەنانەت وەکو خاوەن کارگە و دۆزەرەوە کە رەنگە لەو بوارانەدا داهێنەری سەیریان تێدا هەڵکەوێ، بۆ هەموو ئەو بوارانە زۆر باشە. لە لای دیکەوە مەیل و توانی هەیە بۆ کاری گشتی و کۆمەڵایەتی وەکو رامیاری، لێکۆڵینەوە، رەخنەسازی... هتد.

گونجان: مار لە هەموو کەسێک بۆی باشترن، با کاور و تەرازوو و تیرەندازەکانیان هەڵبژێرێ. کەڵەبابیش لە هیچیان کەم نییە، با لەگەڵ جمک و تەرازوو و تیرەندارەکانی کەڵەباب سڵ نەکاتەوە. گا و شێر و دووپشکی ساڵی ئەژدیها و پڵینگ شیرنن، بەڵام هەندێک ماندووی دەکەن. شێر و دووپشکی ساڵی بزن بۆی باش نابن، لەوانەش بەدتر مەیموون- دووپشک و ئەسپ- گا.

ناودارەکان: ‹یوسف شاهین، لیندبێرگ، شوکور مستەفا، سەرتیپ کاکەیی، ئەندرێ ماجینۆ›، کەمال مەزهەر›.



## گامێش- نەهەنگ



لەلایەکەوە توانای بڕیار و، لە لایەکی دیکەوە توانای رازاندنەوەی خەون و ئومێد، ئیتر ئەم تێکەڵە بورجە کەسایەتییەکی قەشەنگ دروست دەکەن کە ئەگەر نیاز لە بەدیهێنانی خەونێک بهێنێ گومانتان نەبێ کە بەدی هاتووە. قسەبێژێکی شیرن و گوێگرێکی هێمنە. لە ناخدا هەستیارە بۆیە زۆر جار دوورەپەرێز دەوەستێت و ئەگەر نەزانێ گوێی بۆ دەگرن لەخۆڕا قسە نەکا. توانای سەرکەوتنی هەیە، بەڵام نایەوێ بارگرانی بکا و، گاڵتەش دەزانێ بەڵام نایەوێ کەس بریندار بکا. کەواتە سەرکەوتنی لە ژیاندا لە دەست خۆی دایە، با بجووڵێتەوە و رای خۆی دەربڕێت، خەڵکەکە خولیای ئەو نەرمییە و ئەو هێمناتییە دەبن دەنا دانیشتن بەهیچی ناگەیەنێ.

کار و کاریر: بازرگانی باشترین مەیدانە بۆ ئەم بورجە، دەتوانێ سەودای گەورە ئەنجام بدا. هەروەها بۆ هەموو کارێک باشە کە پێویست بەهێمنی و هەناسەدرێژی بکا. هەندەش مەبەستی نییە کە لە ئیشێکدا سەردەستە بێ، بەڵام بۆ دەرامەت و قازانج پەرۆشی زۆرە و ترسیشی زۆرە کە لە بەشی کەم بکرێتەوە.

گونجان: با بزانێ کێ هەڵدەبژێرێ. پێش هەمووان گا و قرژاڵ و دووپشک و گیسکەکانی ساڵی مشک، ئینجا هەمان تاقمی پێشوو لە ساڵانی مار و کەڵەباب. هەمانە دووپشکەکانی ساڵی ئەژدیها لە هیچیان کەم نییە بەڵام ئەژدیهای جمک و رەبەن، ئەوانە بڤەن. لەوانەش خراپتر ئەوەیە کە خۆی تووشی تیرەندازەکانی بزن و مەیموون بکا، ئەوانە بەهیچ شێوەیەک بۆی باشن نین.

ناودارەکان: ‹رێنوار، دووک ولینگتۆن. سەردار جاف›.

## كە گامێش باڵادەست دەبێ

لە ساڵەکانی گامێشدا هەروەها ئەگەر لە سایەی دەسەڵاتی گامێشێکدا بژین وەکو "باوک، دایک، خوشک و برا، مێرد، ژن" ماوە بۆ ناز و نووز کەم دەبێتەوە و بایەخی گەورە بەئیش و کار و پارە و دەسەڵات و یەکگرتوویی دەدرێت. گامێش کوڕی زەوی و بەرهەم و کاری قورسە، ئەو پارە رشتنەی قۆناغی پێشتر دەوەستێنێت، یان با بڵێین گامێش (داسەکانی دروونە) لە خەڵکی دەستێنێتەوە و سەرو گاسنێکیان دەداتێ و دەڵێ: *هەستن هەی تەمبەڵینە، برۆن بکێڵن، ئەوەی بەرهەمی نەبێ نان ناخوات و ئەوەی پابەندی ئیش و کارەکانی مە نەبێ لە خۆمان نییە.*

واتە لە سایەی گامێشدا دیکتاتۆریەت یان هەر نەبێ پابەندبوون و بەرپرسێتی زیاد دەکات. یەکەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی "تیرەیەک، عەشیرەتێک، حزبێک، دەوڵەتێک، بەرەیەکی سیاسی" ئەوانە یەکگرتووتر دەبن دژ بەیەکەکانی دیکە. پێش خۆی مشک هەمان رەوتی دەگرت، بەڵام هەرنەبێ برادەر و هاوپەیمانی زۆر بوو و مێواندارییەکی زۆری دەکرد، کەچی گامێش ئەم کەلێنەش ناهێڵێت و بایەخ بەهێز و بەرهەم دەدا و لە نێو خەڵکیدا تەنیا ئەو کەسانە دەهێڵێتەوە کە لە پێناو ئەو یەکە کۆمەڵایەتییە یان سیاسییەی خۆیدا کار دەکەن.

گامێش مرۆڤی ئیشکەر و دروستکەرن، زەمینە هەموار دەکەن بۆ پرۆژە و رێکخراوی ئەوها کە (پارە، پشتیوان، دەسەڵات، یەکگرتوویی، هێز، چەک، هونەری سوودبەخش،... هتد) دامەزرێن و بخرێنە کار. گومانیش نییە کە زادەکانی ساڵی گامێش بناخەی کۆمەڵگەکانی خۆیان پێک دێنن. روو لە هەر گوند و شار و دەزگا و وەزارەتێک و لەشکرێک و هەموو یەکەیەکی کۆمەڵگە بکەین دەبینین وا گامێشەکان بوونەتە بەردی بناخەی ئەو یەکەیە. هەروەها لە ساڵەکەیاندا ئەو بەرەڵاییەی ساڵی پێشوو (ساڵی مشک) سنووری بۆ دادەنرێت و زۆرخۆرەکان بەرپەرچ دەدرێنەوە و رەنگە دووهەندە دەرامەت پەیدا بکرێ.

بەڵام وەک دەزانین هەموو جۆرێک تێپەڕاندن کاردانەوەی دەبێت و *"جام کە پڕ بوو لێی دەڕژێ"* واتە کە ژیان هەمووی بریتی بێ لە ئیش و کار و پارە و دەسەڵات ئەوسا خەڵکەکە بێزار دەبن و رۆژێک لە رۆژان کاردانەوەیەکی توند دێتە کا (بەتایبەتیش لە قۆناغی پاش خۆیان- قۆناغی پڵینگ) کە رەنگە لە رقان هەموو ئەو دەستکەوتانە بەرباد

بکەن. کەواتە وەک چۆن ئەگەر مشک زیادەڕۆیی کرد، گامێش کاردانەوەیەکی پێچەوانەی بۆ دەبێ، بەهەمان شێوە ئەگەر گامێش زیادەڕۆیی کرد ئەوسا پڵێنگ کاردانەوەیەکی تێکدەرانەی دەبێ، چونکە ئەگەر بچینە پەڕەکەی ئاسمانیش، هەموو دەزانین کە پارە لە پێناو خودی پارەدا نییە بگرە بۆ ژیانی کامەرانی و بۆ گەشانەوە و پێشکەوتنە. هەروەها دەسەڵاتیش لە پێناو خودی دەسەڵاتدا نییە بگرە لە پێناو پاراستنی ئاسوودەیی و ڕێکی و مافەکانە. جا هەرکەس ئەم ڕاستییەی پشتگوێ خست ئەوە چەوتە و چەوتە و هەر چەوتە.

سەبارەت بەکەسایەتی، هەمانە ناپلیۆن و هیتلەر و سەدام و مارگرێت تاتچەر و دەیان نموونەی چاک و خراپ کە لە سایەی ئەواندا یەکە سیاسییەکانی خۆیان یەکگرتووتر و توندتر بوون دژ بەدەوروبەر. بۆ نموونە فەرەنسا لە سایەی ناپلیۆندا یەکگرتووتر بوو دژ بەئەڵمانیا و رووسیا و بەریتانیا، هەمان شت بەریتانیا لەسایەی مارگرێت تاتچەردا یەکگرتووتر بوون دژ بەهەموو پێشبڕکە دەرەکییەکان. ئەگەر سەدام بە نموونە وەربگرین دەبینین عەرەبی سوننە و سوپای عیراقی و بەعس بوون بە هێزێکی گەورە و ترسناک دژ بەزۆربەی دەوروبەری خۆیان، ئیتر ئەوها.

ئینجا ئەگەر سەیری سروشتی ساڵەکانی گامیش بکەین دەبینین لە ١٩٦١ لە لایەک بزووتنەوەی کورد و لە لایەکی دیکە حکوومەتی عیراقی لە نێو خۆیاندا کەللەڕەقتر و یەکگرتووتر بوون و، بەرانبەر یەک توندتر بوون تا شەڕ دەستی پێ کرد. هەروەها لە ساڵی گامێشی هەشتاکان، پاش ساڵێک گفتوگۆ لە نێوان بەغدا و بەرەیەکی کورد، ساڵی ١٩٨٥ دوا هەوڵی ئاشتی رامالدرا و دیسان شەڕ دەستی پێ کردەوە و، هەریەک لە دوو لایەنەکە لە نێو خۆیاندا یەکگرتووتر بوون، کەچی بەرانبەر یەکتر توندتر راوەستان و شێوازێکی خوێناویتریان پێڕەو کرد.

وا بزانم ئەو نموونانەی پێشوو بای ئەوە بوون خوێنەر تێ بگات گامێش "وەکو ساڵ و وەکو کەسایەتی" چ جۆرە رەوشتێک بەسەر خەڵکدا دەسەپێنێ. لایەنە چاکەکەی قۆناغی گامێش ئەوەیە کە هێزێکی دروستکەرە، بناخەی بەرهەم و پارە و دەوڵەمەندی و بووژانەوەی هێز و دەسەڵات و دادەمزرێنێ. لایەنە خراپەکەشی ئەوەیە کە رەنگە توندڕەوی و هێزپەرستەی تەشەنە بکا. ئیتر زیان و قازانج پابەندی خودی خەڵکەکەیە کە ئایا وەکو بەریتانیا لە سایەی مارگرێت تاتچەر تەنیا سوودەکە دەبینن بەکەمترین زیان؟ یاخۆ وەکو عیراقی سەدام حوسێن هێزە دروستکراوەکە بۆ وێرانکردنی ماڵی خۆیان بەکار دێنن و هەندە توند دەبن بای ئەوەی کە هەموو جیهان بکەن بەدوژمن؟

## بەختت لە سایەی گامێشدا

مشک لە سایەی گامێش: مەگەر پاشەکەوتی خۆی بەهانای بێ دەنا لە ئیشدا لە سایەی گامێش سارد و تەمبەڵە. لە ئەوینیشدا بڕیاری سەرەکی نادات و ڕەنگە کاری تێ بکرێت و نەتوانێ وەکو جاران خۆی کاریگەر و بەتین بێ.

گامێش لە سایەی گامێش: بورجی خۆبەتی، قازانج و سەرکەوتن لە گشت لاوە بۆی دێن و ڕەنگە سـامـانێک وەدەست بێنێ، بەڵام ناچار دەبێ بەشـێکی بۆ خـزم و ناسیارەکانی خەرج بکا. هەروەها لە ئەویندا دەشێ ڕەبەنەکانی ئەم بورجە پابەندی قەفەسەی زێڕینی "مارە" بن.

پڵینگ لە سایەی گامێش: تەگەرە دێنێتە سەر ڕێگەی پڵینگ و ڕێی لێ دەبەستێت و حەسانەوەی ناهێڵێ. کەواتە چۆن بپەرژێتە سەر ئەوین و دڵداری.

پشیلە لە سایەی گامێش: ئەگەر بەوریایی بجووڵێتەوە ئەوە بەختی باشە دەنا چاودێرەکان گرفتی بۆ دروست دەکەن. لە ئیشدا لە پێشەوەیە بەڵام لە ئەویندا بەختێکی ئاسایی هەیە و کێشی کەسایەتییەکەی کار ناکا.

ئەژدیها لە سایەی گامیش: ئەژدیها بۆ گامێش داناهێنێت و دان بەو دروشمە نانێت کە دەڵێ: "دەسەڵات لەپێناو دەسەڵاتدا" جا گامێش دەیەوێ سەغڵەتی بکا. لە ئیشدا بەرەوڕووی گوشار دەبێتەوە تا سەردەکەوێ ڕەنجێکی زۆر دەدا. لە ئەوینیشدا حەسوودی بۆ پەیدا دەبن جا پێویستی بە خۆ ڕاگرتنێکی زۆر هەیە.

مار لە سایەی گامێش: سارد و تەمبەڵە و هەندە خولقی ئیشی نییە، چونکە دەیەوێ پارە بەخۆی بێتە بەردەستی و زۆربەی هۆشی بۆ ئەوین تەرخان کردووە کە لەوێدا بەوریایی و ژیری دەجوڵێتەوە.

ئەسپ لە سایەی گامێش: ٥٠/٥٠یە؛ چونکە لە لایەکەوە هانی دەدا کە بدرەوشێتەوە و سەرکەوتنی مادی و زانستی وەدەست بێنێ، کەچی لە ئەویندا تەگەرەی دەخاتە پێش جا ڕەنگە ئەسپ هەڵچێت و پێوەندی ئەوین بەبوون و نەبوون ببڕێنێتەوە.

بزن لە سایەی گامێش: گامێش لێ ناگەڕێ بزن لە باغی ژیانی و بەهەوەسی خۆی بلەوەڕێ. لە ئیشدا دەیەوێ سەربکەوێ؛ کەچی «هیچ» و، لە ئەویندا دەیەوێ دامەزرێت، کەچی ئەویش هیچ. نازانێ فریای چی بکەوێ.

مەیموون لە سایەی گامێش: پایەیەکی ئەوتۆی نییە بەڵام شادە. لە ئیشدا بەوە گرەوی خۆی دەباتەوە کە رۆڵی ناوبژیوان دەگێڕێ و براگەورەکان رازی دەکا. ئیتر دەپەرژێتە ئەوین کە لەوێدا دەجریوێنێت وەکو باڵندەیەکی شاد.

کەڵەباب لە سایەی گامێش: نەک هەر شادە بگرە لە سایەی گامێشدا بانگی کەڵەباب هەموو تەمبەڵەکانیش رادەپەڕێنێ. لە ئیشدا زۆر باشە و لەوە زیاتر چی؟ لە ئەوینیشدا هەندێک گاڵتەبازی و هەندێک چاوەڕوانی و هەندێک رەنج، بەوانە سەرکەوتوو دەبێ.

سەگ لە سایەی گامێش: پێشمەرگە لە سایەی دیکتاتۆردا بەدبەختە. لە ئیشدا پلان دادەڕێژێ، بەڵام رەنجەڕۆ و ماندوو دەبێت و مەگەر بیانخاتە قۆناغێکی دواتر. جا کە لە ئیشدا ئەوها بوو ماوەی بۆ ئەوین نییە.

بەراز لە سایەی گامێش: بەختێکی ئاسایی هەیە، هەندێک وێستگەی گرینگی تێدایە بەڵام شتێکی ئەوتۆ نین. لە ئیشدا خۆی دەگونجێنێ، بەڵام نەک بلێی بگەشێتەوە. لە ئەوینیشدا هەمان شت.

## ئەوین و پێوەنی

### پیاوی گامێش

هەندێک لە شارەزایەکان خۆزگە بەو ماڵە هەڵدەکێشن کە کوڕێکی ئەم بورجەیان هەیە چونکە دڵبەندی ماڵ و خانەوادەی خۆیانن.

ڕەند و یەکلا و یەکڕا و خاوەن کەسایەتین. بیرکردنەوەیەکی ڕۆن و ئاشکرایان هەیە بەبێ پێچ و پەنا. هەروەها قورس و نموونەپەرستن و پشتیوانی بۆ خزم و ناسیارەکان پەیدا دەکەن. لە لایەکی دیکەوە ئامادەن کە بەبێ ئەوین و خۆشەویستی بژین وەک نە بای بێ نە باران، واتە بەرگەی هەموو ئەرک و ئۆباڵێک دەگرن و بەدەگمەن ئەگەر دووچاری دەستی کەسێک بن.

بەشیان بە ڕۆمانسێتی و قسەلۆک و توێکڵ و دیمەنەوە کەمە. جا ئەگەر بە خۆ نەوەستن ڕەنگە بە سنووری وشکبوونەوەی هەست و ڕەفتار بگەن ئەوسا زۆریان لەسەر دەکەوێت. کەواتە دەبێ بایەخ بە لایەنی دیکەی ژیان بدەن وەکو ڕۆمانسێتی و هونەر و نەوژەنی و جوانی و...هتد دەنا ژیان بۆ چییە.

لە ئەویندا ئافرەتی ڕەسەن و جیدییان گەرەکە کە بە هیچ شێوەیەک دڵپیسی و پەرۆشی بۆ شتی لابەلا نەبێ تەنیا بۆ بەرژەوەندی ماڵ و ژیانی ژن و مێردایەتی.

پیاوی گامێش پیاوێکی تایبەتین کە ئەگەر دوژمنیشت بن هەر دەبێ ڕێزیان لێ بگری.

### ئافرەتی گامێش

خواوەندی ئیش و کارن. هەندە باوەڕیان بەفرمێسک ڕژاندن و خۆ بەستەزمانکردن نییە و لە هونەری مێیەتیدا زۆر شارەزا نین وەکو ئافرەتی دیکە، بگرە پشت بە دەست و بازوو و بەکەسایەتی خۆیان دەبەستن. لە ماڵداریدا خانمی یەکەمن، بگرە شاژنی ئەو دەوڵەتەن کە پێی دەگوترێ "ماڵێ". مەرجیش نییە کە هەر خەریکی ماڵداری بن بگرە هەندێکیان بیر لە پشتیوانێکی گەورەتر دەکەنەوە ئەوسا بەچەشنی مارگرێت تاتچەر ڕوو لە خانەوادەیەکی گەورەتر دەکەن.

خـۆی ئەگـەر بۆ مـاڵێکی بچـووک بێت یان بۆ دەوڵـەتێکی گـەورە، ئەو خـەریکبـوونە هەمیشەییە رەنگە بکێشێتەوە بۆ ساردبوونی پێوەندییەکانی سۆزداری بەتایبەتیش ئەگەر پەرۆشـیـان بۆ ئەوە نەمـێنێ کـە چاوی مـێـردەکـانیـان بەمـێـیـەتی و نەرمی و کـەشی رەنگاورەنگ تێر بکەن. جا رەنگە لە ئەنجامدا هەندێک پیاو لێیان دوور بکەونەوە یان خیـانەتیان لێ بکەن. خیانەتیش قەڵسـیـان دەکات و هەرگیـز لە دڵیـان دەرناچێ، بەڵام ئامادەن کە ساڵەهای ساڵ بەدوای مافەکانیان بکەون و دەیانەوێ مێردەکە هەڵەکانی خۆی ببینێت و بگەڕێتەوە.

پێـویسـتـە دەسکاری کەسایەتی ئەو ئافـرەتە نەکـرێت و چۆن هەڵکەوتوون با ئەوها بن، بەڵام دەبێ ئەوانیش بزانن کە دابینکردنی توانا و پشـتیوان و هەمـوو وەسـیلەیەک دەبێ لە پێناو ژیان و شادیدا بێ نەک پێچەوانە.

## پیاوی گامێش لەگەڵ،،،،،،،،

ئافـرەتی مـشـک: کـێـشـی ئەو ئافـرەتە گـەشـە کـار لەم پیـاوە گـەرمـوگـوڕە دەکـات و پەیوەندییـەکی یەکسـان دێتە کا کـە تارای ئەوین دەپۆشن. شـایانی گوتنە کە ئەم جۆرە پێوەندییـە تا رادەیەک لە نێوان هەمـوو کـوڕێکی دووەم و کچێکی نۆبەرەدا هەیە.

ئافرەتی گامـێش: کۆکـردنەوەی ئەو دووە شـتـێکی سەخت نییە. لە پەنا یەکتـردا پارە و مـاڵیـان دەست دەکـەوێ و تێک دەگـەن بەڵام ئەو ئەوینەیان نابێ، چونکە هەر خـەریکی پارە و مـاڵەکـەیان دەبن دوور لە نەوژەنی تەڕاتینەی گـەرمی ئەوین. شـایانی گـوتنە کـە ئەم جـۆرە پێـوەندییـە تا رادەیەک لە نێـوان هەمـوو کـوڕێک و کچێکی دووەمدا هەیە.

ئافرەتی پڵینگ: مەگەر چۆن بەم پیاوە رازی بێ دەنا ئافرەتی ئەوها ئازاد و زیندوو لەگەڵ کابرای قورسی سادە چۆن دەگونجێن.

ئافرەتی پشیلە: گامێش حەز لەو ئافرەتە دەکات چونکە پشیلە هەناسەی درێژە و بارگرانی لێ ناکات و تێک دەگەن.

ئافـرەتی ئەژدیهـا: ئەگـەرچی حـەز لەو ئافـرەتە دەکـات بەڵام پێـوەندییـەکـە لاوازە چونکە

ئافرەتەکە هەندە پابەندی ماڵداری نابێ.

ئافـرەتی مـار: پێـوەندییـەکی ڕێکە. کـابرا دەزانێ چۆن سنوور بۆ ئارەزووەکـانی مـار بکێشێت. ماریش بەرژەوەندی ڕاستەقینەی خۆی ڕەچاو دەکات ئیتر پابەندی ئەم پێوەندییە دەبێ.

ئافرەتی ئەسپ: مەگەر بەدڵێکی شکاو لەگەڵی بژی دەنا ئەو ئافرەتە نایەوێ سەربەخۆیی لە دەست بچێ. کەواتە با هاوڕێیەتی پێڕەو بکەن باشترە.

ئافرەتی بزن: ئافـرەتی هونەرمـەند و هەسـتیـار و هەوەسی بەدەگـمەن ئەگـەر لەبەر خـاتری گامێش ڕەوشتی خۆی بگۆڕێت و پابەندی ماڵداری ببێت و بەس.

ئافرەتی مەیموون: باڵادەستی بۆ ئافرەتەکەیە چونکە کابرای ملیۆنێر پێویستی بەئەوینە بۆیە عاشقی دەبێ، ئافرەتەکەش حەزی لە ژیانی ئاسوودەی نێو ماڵی گامێشە، کەواتە پێوەندییەکی باشە.

ئافرەتی کەڵەباب: یەکتر ئێروو "تکمیل" دەکەن و پێوەندییەکی زۆر باشە.

ئافـرەتی سـەگ: هەر لە سـەرەتاوە و پێش ئەوەی پێـوەندی ببـەستن هەردووک دەزانـن کـە پێوەندییەکەیان تا سەر نییە.

ئافرەتی بەراز: گامێشی ڕەق و بەرازی هەستیـار لە سەرەتادا وا دەزانن ڕێکن و هەبوونی پارە هەموو شتێکە کەچی دواتر بۆیان دەردەچێ کە ڕێککەوتنیان ئاسان نییە.



# پڵینگ

١٨٠٦
١٨١٨
١٨٣٠
١٨٤٢
١٨٥٤
١٨٦٦
١٨٧٨
١٨٩٠
١٩٠٢
١٩١٤
١٩٢٦
١٩٣٨
١٩٥٠
١٩٦٢
١٩٧٤
١٩٨٦
١٩٩٨
٢٠١٠
٢٠٢٢
٢٠٣٤

ئاگاثا کرستی، ئایشەشان، شاژن ئەلیزابێتی دووەم، ئۆلیڤەر رید، خدێوی ئیسماعیل، ئێمیلی برۆنتی، برێنت ساندلەر، بێتهۆڤن، *ئیمام بوخاری*، پانچۆ ڤیللا، تایرۆن پاوەر، تۆفیق وەهبی بەگ، تۆم کرووز، جەلادەت بەدرخان، تەها جەزراوی، جەمال خەزنەدار، جەمیل مەدفەعی، جیم کاری، خورشید شێرە، داریووش، راسم جومەیلی، رشدی ئەبازە، رۆبسپێر، ریچارد شێردڵ، سوڵتان سەلیم یاوز، شا عەبدوڵڵای ئوردن، گووگووش، ڤیکتۆر هۆگۆ، عادل ئەدهەم، عەبدولفەتاح شەعشاعی، سوڵتان عەبدولحەمید، عەبدولکەریم قاسم، عەلی کەریم، فوئاد مەعسوم، فەرەح دیبا ، فریشتە حەوێزی، فیدڵ کاسترۆ، کۆفی ئەنان، کارل مارکس، کرستینا ئۆناسیس، لویسی چواردەم، مارکۆ پۆڵۆ، مارلین مۆنرۆ، مایک تایسۆن، محەمەد عەبدولوەهاب، ناتالی وود، نادیە جوندی، نەسیم حامد، ئەدمیراڵ نەلسن، نوری مالیکی، نیکیتا خرۆشۆف، هۆ شی منە، یوسف قەرەزاوی، یووری ئەندرۆپۆڤ.

# ڕەوشتی گشتی

خـەندەیەکی دڵڕفـێن و نیگایەکی پڕ لە واتایان هەیە کـە ئارەزووی خـۆپێگەیاندن و سـەرکـەوتنی تێدا دیارە. سـەرکـەوتنیش بۆ پڵـینگ پارە و مـادە نـاگـەیەنێ ئەوەندەی کـە سەرکەوتنی واتایی و مـوغـامـەرات و سـەرەڕۆیی و خـۆسـەلماندن دەگـەیەنێ. جـا دەبینی بۆ هەمـــوو بەزم و ڕەزمـــێـک ئـامــادەن. بەزمی شــادی و ڕابـواردن لەگـــەڵ ڕەزمی جـــەنـگ و بەرەنگاری.

دەشێ ڕەوشتیان بەکوڕی سێیەم بچوێنین. بێگومان هەموو منداڵێکی سێیەم بەنازتر و بزێوترە. ئەم کوڕە کە سەیری برا گەورەکەی خۆی (گامێش) دەکات و دەبینێ وا قـورس و کەللەڕەقە، برای سێیەم مەراقێک دەگرێ کە تا پێی بکرێ سنووری یاسا و نەریت و (بڤە و قەدەغەکانی) براگەورەکەی خۆی ببەزێنێت. واتە ڕوو دەکاتە بار سووکی و ڕابواردن و خۆ دەرخستن دوور لە بارگرانی و سەر ئێشـە و کۆت و بەند. بەختـیشی هەیە چونکە لە لایەکەوە خەندەدار و خۆشەویستە کە وا دەکا چاو لە هەڵەکانی بپۆشن. لە لایەکی دیکەوە هەڵەکانی برا گەورەکەی دەبینێ لە هەنگاو قورسی و کەللەڕەقی، جا هەستێکی زگماکی پەیدا دەکا بەدۆزینەوەی ڕێگەی ئاسان بۆ خـۆپێگەیاندن و سەرکەوتن. ڕەنگە ئەوەش بێ کـە هەندێک گـەردوونزان دەڵێن بورجی سـێـیـەم تەنانەت خـودی ژمـارە (٣) نیـشـانەی بەختە.. بەم کورتە باسە دەتوانین بنەما سەرەکییەکانی بورجی پڵینگ بزانین.

ژیانی پڵـینگ پڕە لە جووڵە و مەترسی، کەچی بەختێکی ئاسمانییان هەیە کە لە گرفتی گـەورە ڕزگـاریان دەکـات. پڵـینگ حەزیان لە پێشـبـڕکەی زل و خـەتەرناکـە و ڕوو لە هەر مەیدانێک دەکەن کە خۆ سەلماندن و خۆ دیارخسـتنی تێدا بێ بۆ ئەوەی بری ناز و فـیـزی خۆیان تێر بکەن. واتە ئەگەر بزانن مەیدانێک هەیە دیەن و دەسەڵات دەسکەوتی واتایی تێدایە یەکسەر ڕووی تێ دەکەن تا بەخۆیانەوە بنازن و ناویان ببێتە بنێشتی سەرزاران. لە زۆر ڕێگەی سەختی ژیاندا بەئاسانی سەر دەکەون، بەڵام ڕەنگە هەندەش بەئاسانی بدۆڕێن چونکە "ئەوەی با دەیهێنێ با دەیبات" و ئەوسا تووشی خەفەت و چاو لێکردن دەبن، وەک بڵـێی فـێـرن کە هەر خۆیان بەرچاو بن بێ لە هەمـوو کـەس بەچەشنی منداڵە نازدارەکـەی مـاڵێ. کـەواتە دەبێ لە قـۆناغی منداڵـیـیـەوە فـێـری هێـمناتی و ژیری و هەناسـەدرێژی بکرێن.

له کۆمەڵایەتیدا رووخۆش و دەسکراوە و خۆشتێکەڵن. توانای بەقسە هێنانی خەڵکیان هەیە کەوا بەهۆی کەسایەتییە دڵڕفێنەکەیان وات لێ دەکەن لە خۆڕا قسەیان بۆ بکەیت. لە ئەوینیشدا شاسواری مەیدانی دڵداری و خۆهەڵکوتان و موغامەراتن، کەچی ئەگەر کار گەیشتە مارەکردن ئەوسا دەیان جار بیر دەکەنەوە و لێی دەترسن و ئەگەر دیتت وا پلێنگێک بە بەستەزمانی راکشاوە، وا مەزانە کۆڵی داوە بگرە ئەوە بیر لە دڵ و دەروونی خۆی دەکاتەوە بەنیازی دەرفەتێکی نوێ.

گەردوونی چینی ئامۆژگارییان دەکا کە پرس بەمرۆڤی ژیر بکەن و هەرگیز تووشی تێپەڕاندن و بەرەڵایی نەبن.

# دوازده جۆر پڵینگ



## پڵینگ- کاوڕ



ئارەزووەکانی پڵینگ بەخوێنە گەرمەکەی کاوڕ مرۆڤێکی زیرەک و خۆشتێکەڵ دروست دەکەن کە زیندوو و بدەر و لێزانە. هەندێک خۆپەرستیی تێدایە و ناو بەناو قسەی ڕەق دەکا، بەڵام ناگاتە رادەی لەخۆ دەرچوون. سەبارەت بەدەمەقاڵێش، پێش ئەوەی قسەیەک هەڵدات با لە سەروبنی بابەتەکان مسۆگەر بێ نەبادا بەهەڵوێستێکی نابەجێ تەریق بێتەوە. واتە تا رۆشنبیرتر بێ ریزێکی زۆرتری بۆ دادەنرێ. لە سیاسەت و کاری گشتی هەندە باش نییە، چونکە دەست و بازووی خۆی وێڕای ئەو کەسایەتییە گەشەی وی بایی ئەوەن کە ژیانی خۆش بکەن، ئیتر چەندە چاک بێت هەندە خۆشەویست دەبێت و چاکەی پێ دەگاتەوە.

کار و کاریر: پڵینگی کاوڕ لە چاو پڵینگەکانی دیکە توانای بۆ کاری درێژخایەن هەیە بەڵام وەکو هەموو پڵینگێک دەبێ هەندێک هەواگۆڕینی لەگەڵدا بێ. بۆ کتێبخانە، کارگە، دوکان، گازینۆ، ئەندازیار و سەرکار، واتە ئیشێکی ئەوها کە جووڵە و زمان و ئەتیکێتیش بخوازێ وێڕای زیرەکایەتی و جووڵە و داهێنان.

گونجان: سەگ- شێر وێڕای تیرەندازەکانی ساڵی ئەژدیها و ئەسپ لەگەڵ سەتڵەکانی ساڵی سەگ و بەراز و ئەژدیها، ئەوانە زۆر باشن.. با تووشی گامێش- تەرازوو نەبێت وێڕای گیسکەکانی ساڵی مەیموون و مار. هەروەها مار - قرژاڵ، ئەمەش هەر باش نییە.

ناودارەکان: ‹نادیە ئەلجندی، جەلادەت بەدرخان، جەمال خەزنەدار، فریشتە حەوێزی، کۆفی ئەنان، نیکیتا خرۆشۆف›.



# پڵینگ - گا



قۆستنەوە و چنینی شادی خۆشەویستی بۆ ئەم بورجە زۆر ئاسانە چونکە هەست دەکا بەرپرسی ئەو خەڵکەیە. بیرێکی زۆر تیژی هەیە و بایەخ بە هەموو قسە و وردەکارییەک دەدا. دەیەوێ هەموو شتێک لە لای خۆی بهێڵێتەوە، ئەگەر پارەیە، با لەلای خۆی بێت، ئەگەر قسەیەکە، ئەوە لە بیری ناچێتەوە، کەواتە خەزنەیەکە لەو گۆڕە. حەزی لە قەرەباڵغایی و گەڕان و سەیرانە، لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆ بەدەر ناخات بەڵام سەرنج دەداتە هەموو وردەکارییەکان، لە ماڵێش هەندێک زۆرخوازە و دەبێ هەموو شتێک بەمیللمەتر بەئارەزووی خۆی بێ دەنا نەبێ باشترە. ئەم خاڵە بەرەوڕووی ئاڵۆزی دەکاتەوە چونکە ئەو کەسەی کە دەڵێ: "یان هەموو، یان هیچ" زۆربەی جار (هیچ)ی بۆ دەمێنێ تەنیا ئەوانەی فێرە دانوستان بوونە ئەوانە شەوچرای کۆمەڵگەن.

کار و کاریر: لە ئیشدا تاکڕەوە و حەز ناکا دەست لە کارەکانی وەردەن. هەروەها بەتەمەنێک بچووک توانای کارکردنی دەبێ کەواتە با زوو ئەرکێک لە ئەستۆدا بگرێت و زوو هەست بەسوودی رەنج و کۆششی خۆی بکات ئەوسا گومان لە سەرکەوتنیدا نامێنێ.

گونجان: هەمانە قرژاڵ و رەبەن و گیسک لە ساڵەکانی ئەژدیها و سەگ و ئەسپدا، لەوانەدا بەئارەزووی خۆت هەڵبژێرە، چونکە یەک لە یەک باشترن بۆ تۆ، هەروەها لەگەڵ نەهەنگەکانی ئەژدیها و سەگ ئینجا بەڕادەی دووەم دووپشکەکانی ئەژدیها و سەگ، دەتوانی پێوەندییەکی شیرین ببەستیت. بەڵام خۆت تووشی سەتڵەکانی ساڵی مار و گامێش و مەیموون مەکە.

ناودارەکان: ئەسیری، کارل مارکس، هۆ شی منە، رۆبسپێر، فوئاد مەعسوم، ئەلیزابێتی دووەم، گووگووش، تایرۆن پاوەر.



## پڵینگ- جمک



هەردووک بورجی سێیەمن، کەواتە بەختێکی ئاسمانیی هەیە. دەبێ یەکەم بێت و لە هەموو کەسێک بەرچاوتر بێت و لەو پێناوەدا بەبێ ئاوڕدانەوە خۆ هەڵدەکوتێت یان هەر نەبێ قسەیەک دەردەپەڕێنێ بۆ ئەوەی هەموو تیشکەکان بخرێنەوە سەر خۆی. سەیر نییە ئەگەر کتێبێکی فەلسەفە بخوێنێتەوە لەگەڵ ڕۆژنامەیەک و لە هەمان کات سەیری تۆپانێش بکا. لەگەڵ هەمووان دەگونجێ، بەڵام ئەوەیە کە بەبێ باکی ڕایەکانی لە ڕوویان دەدا. حەزی لە دۆزینەوە و دیتن و تێگەیشتنە بەڵام بەبێ قووڵبوونەوە و سەرئێشە، واتە لە ژیاندا زوو سەردەکەوێت بەڵام مەرج ئەوەیە کە بەهەمان خێرایی ژێر نەکەوێت چونکە ئەوەی با دەیهێنێ، با دەیبات.

کار و کاریر: بۆ هەموو کارێکی پڕ لە جووڵە و سەرەڕۆیی و بەگژداچوونەوە دەست دەدا. ئامۆژگاری ئەوەیە کە کاریری دامەزراو بگرێتە بەر کە بەرپرسێتی تێدا بێت و لە هەمان کات تواناکانی خۆی وەبەر بێنێ.

گونجان: کێشێکی یەکجار گەورەی هەیە بەڵام با بزانێ کێ هەڵبژێرێ. هەمانە کاوڕەکانی ئەژدیها و سەگ، هەروەها شێر و ئینجا تەرازووی ساڵی سەگ و ئەسپ، هەموویان زۆر باشن. لە سەتڵەکاندا با زادەی ساڵی ئەژدیها هەڵبژێرێ ئینجا سەگ. بەڵام با لە ڕەبەن و دووپشکی ساڵی مار و پڵینگ و مەیموون وریا بێ. هەروەها با خۆی لە تیرەندازەکانی ئەسپ و پشیلە و بزن نەدا، لە کۆتاییشدا نۆرەی مار- نەهەنگ دێت کە ئەمەیان قەدەغەیە.

ناودارەکان: پانچۆ ڤیللا، یووری ئەندرۆپۆف، مارلین مۆنرۆ، نووری مالیکی>، جم کاری>.



# پڵینگ- قرژاڵ



ژیرە و هۆشێکی قووڵی هەیە، هێمنە جار بەجار وەکو پڵینگێک هەڵدەچێ کەچی قرژاڵ خێرا ساردی دەکاتەوە. واتە لەچاو وەڵاشەکانی خۆی مەیلەو تەپی دەبینی ئیتر لە سەرەتادا باوەڕ ناکەیت ئەویش پڵینگە کە ئەوها هەستیارە و بەقسەیەکی بچووک پەست دەبێ. بەڵام وا مەزانن ژێردەستە دەکرێت چونکە ئەویش هەر پڵینگە و بەشێوازی خۆی هەوڵ بۆ دەسەڵات و دیاربوون دەدا و وەکو هەموو پڵینگێک چاونەترس و ئازایە و خۆ لە کاری ترسناک دەدات بەڵام بەشێوازێکی هێمن.

کار و کاریر: توانای هەیە بۆ پێشدەستی و داهێنانی پرۆژەی نەوژەن بەڵام لە خۆی رانابینێ کە بیانخاتە کار، کەواتە با روو لە ئیشێک بکا کە رۆتینی تێدا بێت. مەبەست ئەو نییە کە ببێتە فەرمانبەر، مەبەست ئەوەیە کارێکی دامەزراوی بێ جموجۆڵ و هات و نەهات بێت. ئیتر بەهەبوونی ژیانێکی ئارام و ئاسوودە دەتوانێ لە کۆمەڵێک کاریردا سەرکەوتوو بێت وەکو زانیار، پزیشک، بەرپرسی تاقیگە، وێڕای جۆرەها کاری ئازاد وێڕای هۆنراوە و هونەر و موزیک.

گونجان: گا و رەبەن و دووپشکی سەگ، ئەوانە پێش هەموو کەسێک دێن. ئینجا هەمانە دووپشک و نەهەنگەکانی ساڵی ئەژدیها و ئەسپ، هەروەها بەراز- نەهەنگ، تێکڕای ئەوانەی پێشوو لە هیچیان کەم نییە بۆ وی. با هەندێک وریای مەیموونەکانی کاوڕ و تەرازوو و گیسک بێت، ئینجا لە کاوڕ و تەرازووی ساڵی مار و گامێش بکشێتەوە، سەبارەت بەبزن- تەرازوو، لەمەیان تا دوور بێت باشترە.

ناودارەکان: تۆم کرووز، *راسم جومەیلی*، سەلام کۆیی>.



## پڵینگ - شێر



لەگەڵ ئەم بورجەدا بەراستی نازانی بێزاری و بێ کاری چییە. گەش و بەرچاوە، بەخۆشی و ناخۆشی خۆ دەگەیەنێتە ریزی یەکەم و، جێگەشی بۆ داندراوە. دوودڵی و سڵکردنەوەی نییە و کەس بەهاوتای خۆی نازانێ، بەڵام هەر ئەم خاڵەیە وا دەکا زۆربەیان تووشی تەگەرە بن. لە شێنەییدا ئەگەر خەڵکەکە لێی غافڵ بن قسەیەکی قەبە یاخۆ رەفتارێکی زەق دەکا بۆ ئەوەی مێشکی بیسەرەکان کۆنترۆڵ بکا. کەواتە جۆرێک خۆپەرستیی تێدایە و ئەم خاڵە دەبێتە تەگەرەیەک لەسەر رێگەی سەرکەوتن و بووژانەوەیدا و رەنگە بەمرۆڤێکی خۆ هەڵکێش بناسرێت، کەچی لە ناخدا چاکەخوازە و نایەوێ ئازار بەکەس بگەیەنێ، هەر ئەوەیە کە مەراقێکی گەورەی هەیە بۆ یەکەمبوون و بەرچاوبوون.

کار و کاربر: بۆ سەربازی و تا رادەیەکی کەمتر بۆ رامیاری. بەڵام بەگشتی بۆ هەڵسووراندنی کارێکی سەربەخۆ باشە وەکو کارگە و کانگە و عیادە یان ستۆدیۆ، واتە پیشەسازی و میکانیک و کاری بەدەست و بازوو، لەوانەدا لە هیچی کەم نییە.

گونجان: دڵئارامیی راستەقینە لەگەڵ کاور و جمک و تیرەنداز و گیسکەکانی ساڵانی ئەژدیها و ئەسپ و سەگ دەبینێت، ئەوانە (ڤەیری گود). دەنا گا و دووپشکی ساڵی مەیموون و گامێش ئینجا مەیموون- سەتڵ، ئەوانە بەکەڵکی نایەن. لەوانەش ئاڵۆزتر مار- دووپشک و لە هەمووی بڤەتر پشیلە- گایەکە لە خەفەت بەولاوە هیچی بۆ ئەم بورجە نییە.

ناودارەکان: لویسی چواردەم، ئێمیلی برۆنتی، ئیمام بوخاری، ناتالی وود، روشدی ئەبازە، فیدڵ کاسترۆ.



## پڵینگ- ڕەبەن



لە لایەکەوە وەکو هەر پڵینگێک ئارەزوومەندە و چاو بۆ سەرکەوتن دەگێڕێ کەچی وەکو هەر رەبەنێک دوودڵە و خـەریکی وردەکـاری دەبێت و ترسی گلەیی تێـدایە، بەوانەش مرۆڤێک پێک دێ دڵی باشە بەڵام قسەکانی ڕەقن و زمانێکی بوێری هەیە ئەگەر نەڵێن رەق. هەروەها هیچ ئەرکێک فەرامۆش ناکات بەڵام رەخنە و بۆڵەی زۆرە. دەست و دامەن پاک و بەدڵ و دەروونە و، خـاوەن چێـژێکی بەرزیشـە. رەنگە هەندە حـەز لە تێکەڵاوی نەکات، بەڵام دەزانێ چۆن کەشێکی خۆش لە نێو ئیش و ماڵدا بخولقێنێ.

کار و کاریر: وەک پڵینگەکانی دیکە کەڵکی سەربازی و جموجۆڵ و مەترسی هەیە بەڵام خۆی حەزی لە هێمناتییە، بۆیە بۆ کارێک باشە کە پێویستی بەمرۆڤی دەستپاک بکا وەکو چاودێر و ژمێـریار و سەرپەرشـیاری وەبەرهێنان و کۆنتـراکت، پرۆژەی گەشتیاری... هتد.

گـونجـان: با خـۆ لە هەمـوو کـەسـێک نەدا، ئەوانەی لەگـەڵی باش دەبن و لەگـەڵیـان دەحـەسێـتـەوە بریتین لە گـیسـکەکـانی سـاڵی ئەسپ و سـەگ، ئەوانە لە هەمـووان باشـترن. ئینجا گا و قرژاڵ و دووپشکی ئەم دوو ساڵەی پێشـوو. با هەندێک بیر لە گامێش- کاوڕ وریا بکاتەوە ئەمە دەگونجێت بەڵام خۆی لە بزن- جمک نەدا و ئینجا بەهیچ جۆرێک تووشی جمک و تیرەنداز و نەهەنگی سـاڵی مـار و مەیموون نەبێ تا نە ژیانی خۆی تاڵ بکات، نە ژیانی وان.

ناودارەکان: *ریچـارد شێـردڵ*، خورشیـد شێـرە، یوسف قـەرەزاوی، مـارکـۆ پۆلۆ›، ئاگـاثا کرستی›.



# پڵینگ - تەرازوو



ماوەیەکی زۆری تەمەنی خۆی لە بیرکردنەوە و بەخۆداچوونەوەدا بەسەر دەبات لە پێناو گەیشتن بە هاوسەنگییەکی دەروونی. بێ منەتە، ڕێز لە کەسێک نانێ ئەگەر بەشایستەی نەزانێ. خوێنگەرمی و توانای بەگژداچوونی پڵینگ و توانای دەستوەشاندن لێرەدا دەگوێزرێتەوە بۆ مەیدانی زمان و قسە و وێژە و دەیکاتە مرۆڤێکی سەرکەوتوو. خوێنشیرنە و دەیەوێ دڵی هاوڕێکانی خۆش بکا، هەروەها کێش و تەلەسمێکی سەیری هەیە. هەندێک جار خۆ هەڵدەکێشێ جا بەزۆرگۆی تێ دەگەن، بەڵام پاش بەهێنانەدی یەک سەرکەوتن ئەوسا ئەوەش تێ دێنێتەوە و خۆی دەسەڵمێنێ.

کار و کاریر: لە بوارەکانی بازرگانی، ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی و هونەر، یەکاو یەکە وێڕای بوارە ئاساییەکان. سەبارەت فەرمانبەرایەتی، با کارێک بگرێت، یان کارێکی بدەنێ، کە ماوەی گەڕان و بڕیاردان لە دەست خۆیدا بێت، ئەوسا کەمتەرخەمی لێ نابینن دەنا ئەگەر لە شوێنێکی چەوتی دابنێن ڕەنگە بارگرانی دروست بکات و قەرداریشت دەکاتەوە چونکە کەس وەکو ئەم بورجە توانای پینەکردن و پێسەلماندنی نییە.

گونجان: جمک و شێر و تیرەنداز و سەتڵەکانی ساڵی ئەسپ و سەگ، ئەوانە دەروازەیەکی ئاواڵەن. هەمانە جمک و شێری ساڵی ئەژدیها زۆر باشن، هەروەها تیرەندازەکانی مەیموون و کەڵەباب ڕێیان دەچێتێ. بەڵام زۆر وریای پشیلە و گامیش و بزن بە بەتایبەتی قرژاڵ و ڕەبەن و دووپشکەکانیان، ئەوانە بەکەڵکت نایەن.

ناودارەکان: ‹سوڵتان عەبدولحەمید، سوڵتان سەلیم، ئەدمیراڵ نەلسن، عەلی کەریم، شابانوو فەرەح دیبا.



# پڵینگ - دووپشک



له قۆناغی منداڵییەوە دەزانێ چی گەرەکە. سەیری دیمەنی مەکەن، ئەمە ئارەزوومەندێکی بێ چەشنە و دەتوانێ چاکەخواز بێت و دەتوانێ شەڕخوازیش بێ. له زۆربەی هەڵوێست و باوەڕەکانیدا سەرپەڕگی بابەتەکە دەگرێت و دەڵێ *"ئەم باشە و ئەوەی دیکە بەهیچ جۆرێک باش نییە"*. له ژیاندا بەبەشی کەم و ژیانێکی دەستکورتانە رازی نابێ بگرە دەیەوێ بگاتە ئەوپەڕی دەستکەوت و دەرفەتەکان هەریەک بەگوێرەی قۆناغی خۆی. هەروەها زیرەکایەتی و لێزانییەکی سەیری هەیە، بەمەش رێگە له شکست و دواکەوتن دەگرێت.

کار و کارێر: کاربرێک نییە ئەم بورجە لێی نەزانێت و نەیەوێ تاقی بکاتەوە، بەڵام کار و کاریری راستەقینە له تەمەنی کامڵیدا دەگرێتە بەر ئەوسا خۆی بۆ تەرخان دەکات. ئەگەر شاگرد و فەرمانبەر بێت حەز له یاسای وشک و تۆبزی ناکات. ئەگەر خۆی کارگێڕ و سەرکار بێت دیسان حەز له فەرمان و سەپاندن ناکات بگرە فەرمانەکانی لەسەر شێوەی پێشنیاز دەدا.

گونجان: ئەوین، بەتایبەتیش ئەوپەڕی ئەوین و جینس روو له ئەسپ بکە بەتایبەتیش قرژاڵ و رەبەن و گیسک و نەهەنگ، هەمان پێوەندیشی لەگەڵ سەگەکانی ئەم مانگانەی پێشوو دەبێت کە هەموویان یەکاو یەکن. هەروەها نەهەنگی ساڵی ئەژدیها، ئەمەش زۆر باشە. ئەوەی لێی قەدەغەیە بورجەکانی کاوڕ و گا و سەتڵەکانی ساڵی بزن، گای ساڵی مار و مەیموون و بەرازن، ئینجا بەهیچ شێوەیەک تووشی پڵینگ- جمک و گامێش- سەتڵ، نەبێ.

ناودارەکان: مایک تایسۆن.



## پڵینگ - تیرئەنداز



دووهەندە سەربەخۆ و گەڕۆک. ئەگەر گەشتێک یان موغامەرەیەکی لە پێش بێ، ئەوسا ئەگـەر نیـوەشـەویش بێ هەر دەیکات و کـاتژمـێـر هەشـتی بەیانی دەگـەڕێتـەوە بۆ فەرمانگەکەی خۆی.. مەسەلەی ئەم کەسایەتییە ئەوەیە کە هیچ بورجێک وەک وی حەزی لە قـۆناغـی هەرزەکـاری خـۆی نیـیـە و، ئەگـەر بەڕاسـتی بێت یان بەخـەیاڵ، دەیەوێ تا دوارۆژی ژیانی لەو قـۆناغـە بمێنێ. خـاڵی دووەم ئەوەیە کـە رقی لە کـۆت و بەندەکـانی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە بەتایبەتیش ئەگەر نەریتێک بێ ئەو هەست بکا کە درۆ و دووڕوویی تێدایە.. هەسـتیـار و وردبینە، ئەم رەوشـتـەش تـوانای چاوگێـڕان و دۆزینەوەی نـاوئاخنی نەدیتراوی پێ بەخشێ بۆیە مرۆڤی دۆزەرەوە و نەوژەن لەم بورجە هەڵدەکەون.

کـار و کـاربیر: لە ئیـشـدا مـاندوونەناسـە و لە پێناو کـاریرێکی سـەرکـەوتوودا نەریتـەکـان دووهەندە بەلاوە دەنێت. چاونەترسیشـە، خۆ لە پرۆژەی وا دەدا کە خـەڵکی دیکە هەرگیز ناوێرن. هەروەها بایەخ بەپایە و دەسەڵات نادا هەندەی خودی ئامانجی ئەو کار و پرۆژەیەی کە تێدا بەشدار بووە.

گونجان: برام، خوشکم، برۆ کاوڕ و شێر و تەرازوو و سەتڵەکانی ساڵی ئەسپ هەڵبژێرە، وێڕای شێر و تەرازوو و سـەتڵەکانی ساڵی سەگ، ئەوانە دووشەشن. لە رەبەن و جـمک و نەهەنگی ساڵی گـامێش و پشـیلە و مـار زۆر وریا بە، هەروەها تووشی رەبەن و نـەهەنگی سـاڵی مـەیموون مـەبە و بەهیـچ جـۆرێک خـۆت لە بزن- جـمک مەدە.

ناودارەکان: ‹بێتهۆڤن (ئۆتیزم بووە)، کرستینا ئۆناسیس، برێنت ساندلەر.



# پڵینگ - گیسک



بەرچاو و خاوەن کێشە، قسە و رای خەڵکی دیکە بەهیچ نازانێت و کەس نازانێ کەی هات و کەی رۆیشت چونکە بێ ئەندازە سەربەخۆ و تاقانەیە کە ئەگەر پەنجا کەسیشی لە دەوردا بێت، ئەو لە جیهانی خۆیدا دەژیێت. رەخنە و پەللار لە رووی خەڵکی دەدا واش هەر مرۆڤێکی خۆشەویستە، چونکە لە ناخدا بۆ خراپەی نییە بگرە بۆ کێشەکانی نێو دڵ و مێشکی خۆیەتی. ئەزموونەکانی زۆرن بەڵام لە چاو پڵینگەکان دووربینترە و لە چاو گیسکەکان هەندە دوودڵ و بەگومان نییە، بەوەش دەتوانێ بەسەر کێشەکانیدا زاڵ بێت و بەرەورووی سەختترین ئەزموون ببێتەوە.

کار و کاربر: رۆتین و بەستنەوە دوژمنی ئەم بورجەن، پابەندی گوفت و بەڵێن دەبێ بەڵام پابەندی رۆتین نابێت. باشتر ئەوەیە کە خەریکی کاربرێک بێ تەحەدا و بیرکردنەوە بخوازێ. بایەخ بەدەسکەوتی مادی نادات هەندەی کە بایەخ بەئافەرین و رادەی کاریگەریەتی رایەکانیان دەدات.

گونجان: لە سەگەکان با گا و رەبەن و دووپشک و نەهەنگ هەڵبژێرێ، هەروەها لە ئەسپەکان شێر و رەبەن و دووپشک و نەهەنگمان هەیە، ئینجا ئەژدیها- دووپشکیش، تێکڕای ئەوانە یەکاو یەکن. مەیلی بزنەکانی کاوڕ و قرژاڵ و تەرازوو دەکا بەڵام هەندە بۆی باش نابن. ئەوانەی کە نابێ روویان تێ بکا بریتین لەم لیستە، پشیلەی کاوڕ و قرژاڵ، مەیموونی کاوڕ و تەرازوو، کاوڕی ساڵی بەراز و قرژاڵەکانی ساڵی مار و گامێش.

ناودارەکان: ‹عەبدولکەریم قاسم، تۆفیق وەهبی بەگ، خدێوی ئیسماعیل.



## پڵینگ - سەتڵ



ئارەزوومەند و کراوەیە. بەکەس نابەستریتەوە و ئەگەر کەسێکت دەوێ نەوژەن و داهێنەر و شۆڕشگێڕ، ئامادەش بێت نەک هەر بۆ دۆزینەوە بگرە بۆ جێبەجێکردنی دۆزینەوە و ڕێبازە تازەکان، ئەمەیان هەوە. قسەزان نییە بەڵام داوپەروەرە، زۆر بیر دەکاتەوە و زۆر جاریش دەچێتە بیروباوەڕی نا ئاسایی بۆ حەساندنەوەی ئەو هەموو تێکە و لێکەی نێو مێشکی خۆی.. با پەلە نەکا چونکە زۆر جار خەڵکی دیکە ڕەنجی دەخۆن. هەروەها با نوقمی خەیاڵی گەشبینی نەبێ، چونکە مەرج نییە خەڵکەکە قسەی سەر زاریان لەگەڵ مەبەستی نێو دڵیان یەک بێت.


کار و کاریر: ئەگەر مڵکدار و کارگێڕ و سەرمایەدارەکان کەسێکی دروستکەر بخوازن بۆ بەرهەمی باش و بۆ پرۆژەی تازە و نائاسایی، با ئاسانکارییە پێویستەکانی بۆ دابین بکەن ئەوسا دەزانن چییان بۆ دەکات سەبارەت بەپارە و قازانجی وی، با ئەویش ئەوپەڕی سوود لە وان و لە زیرەکایەتی خۆی وەرگرێ.

گونجان: پێوەندییەکانی زۆر کەچی پێوەندیی درێژخایەن بەجۆرێک بەستنەوە و بارگرانی دەزانێ، بەڵام ئەگەر بەقسەمان بکا پەشێمان نابێتەوە. پێشەکی با ڕوو بکاتە سەگ ئینجا ئەسپ، لە سەگەکاندا کاوڕ و جمک و تەرازوو و تیرەندازمان هەیە و لە ئەسپەکاندا جمک و تەرازوو و تیرەنداز، هەموویان بۆ وی دانراون. بەپێچەوانەی ئەوانە، گا و شێری ساڵی پشیلە، لەگەڵ ڕەبەن و دووپشکەکانی گامێش ئەوانە سەرباری گا و دووپشکەکانی بزن، ئەوانە لێی قەدەغە کراون، ئینجا مار- گا دێت کە بەهیچ شێوەیەک بۆی نابێ.

ناودارەکان: ‹دروو ماریبۆر، شا عەبدوڵڵای ئوردن، نەسیم حامد، ئۆلیڤەر ڕید›، داریووش›.



# پڵینگ - نەهەنگ



نەهەنگ کە تێکەڵ بەپڵینگ دەبێ چالاکی و هەڵوێستەکانی تەڵخ دەکاتەوە جا ئەو مرۆڤە زیندوویە نابینین، بەڵام جووڵەی راستەقینە لە نێو دڵ و دەروونی دایە کەوا بەشێکی گەورەی تەمەنی هەر بیر لە ئارەزووەکانی خۆی دەکاتەوە. چاکەخواز و ئاشتیخوازە، چاوتێرە و ئەگەر مەسەلەی پێشبڕکە و (تا رادەیەک چاولێکەری) نەبایە، لە ژیاندا بەبەشێکی بچووک قایل دەبوو چونکە لە ناخدا بدەرە و ئەگەر لە دەماری بزانن هەموو شتێکتان پێشکێش دەکات مەرج ئەوەیە بەچاکەی بزانن و رەخنە و قسەی رەقی لەگەڵ نەکەن چونکە هەستیارێکی سەیرە و رەنگە لەسەر بچووکترین رەخنە بەیەکجاری خۆی دوور بخاتەوە.

کار و کاریر: ئەو دەست و بازووەی نییە و مەیلی سەردەستەیی و رابەرایەتیشی نییە، بەڵام ئیشکەر و هەناسەی درێژە. پاشان ئەو هێمناتییە کەشێکی خۆش دەخولقێنێ. شایانی گوتنە کە وەکو هەر نەهەنگێک لە مەیدانی پزیشکی و فریاگوزاریی باشە وێڕای بوارەکانی ناوبژیکردن و بازرگانی و پێوەندی گشتی.

گونجان: باشترین گونجانی لەگەڵ ئەسپەکانی گا و قرژاڵ و دووپشک و گیسک هەیە وێڕای سەگەکانی قرژاڵ و دووپشک و گیسک. ئەژدیها- دووپشکیش لە هیچی کەم نییە بەڵام با خۆی لە جمک و رەبەن و تیرەندازەکانی ساڵی مار و بزن نەدا هەروەها رەبەن و تیرەندازی ساڵی گامێش ئەمەش هەر باش نییە و لە هەموویان خراپتر رەبەنی ساڵی مەیموون.

ناودارەکان: ‹تەها جەزراوی، عادل ئەدهەم، ڤیکتۆر هۆگۆ، محەمەد عەبدولوەهاب، عەبدولفەتاح شەعشاعی›.

## که پڵینگ باڵادەست دەبێ

گـەردوونی چینی دەڵێ کـە دەکـەوینە بەر تینی پڵـینگ، واتە لە سـاڵەکـانی پڵـینگدا هەروەها ئەگەر لە سایەی پڵینگیدا بژین وەکو "باوک، دایک، خوشک و برا، مێرد، ژن" کاتی پاڵدانەوە و حەسانەوە نییـە بگرە قۆناغی گۆڕانکاری گـەورە و رووداوی زلە. ئەو هەموو دەستکەوت و توانایەی کە گامێش کۆی کردووەتەوە وێڕای ئەو هەموو "پێشبڕکە و رقایەتییەش" کە لە سایەی گامێشدا گەڵاڵە بووبوون، بەشی گەورەیان بەساغی دەمێنن، ئیـتـر وەکـو دەڵێن *"نانی نان نەخـۆر لەبۆ چەکـمـە سـۆر"* واتە پڵـینگ دێت و زۆربەی هەڵدەڕێژێت.

خـەڵک لە سـایەی پڵـینگدا هەمـان رەوشت دەگرن، چاونەترس و بزێو و بێ باک دەبن، کاردانـەوەیەکیش دژ بەزۆربەی کۆت و بەندەکانی رابردوو دەگرن. بەشێوەیەکی گشـتی روو دەکەنە دوو رێ، یان هەڵڕشتنی پارە، یان رشتنی خوێن، هەردووکیش بەبێ باکی دەکەن. بۆ نموونە سالّی ١٩٧٤ هەر لە سەرەتاوە شەڕی نێوان کورد و حکوومـەتی بەغدا دەستی پێ کـرد. هەروەها لە سـالّی ١٩٨٦ جـەنگی عـێـراق- ئێـران گـەیشـتـە ئەوپەڕی ئاسـتی خوێنڕێژی و بێ باکی لە هێرشبردن و لە ژمارەی کوژراوەکان وەکو لە شەڕەکانی "الحصاد الاکبر" و "شرق البصرە" و "شەلامچە" کە رۆژانە سەدان هەزار گەنج تێ دەچوون. کەچی سـالّی ١٩٩٨ لە کـوردسـتـان و عـێـراق بە پێـچـەوانەی ١٩٧٤ و ١٩٨٦ بوو و لەباتی خوێنڕشتن پارە رشتن رووی دا "سپاس بۆ خوا" و لە چاو هەموو ساڵانی نەوەتەکاندا ئەو پارەی کـە لە ١٩٩٨ خـەرج کـرا شـتـێکی تاکـانە بوو. وێڕای پارەی نەفت، رێکخـراوە بیانییەکان رژانە وڵات و هەزاران گەنج دەرامەتێکی باشیان پەیدا کرد.

شایانی گوتنە کە پریشکێک لەو لافاوەی پارەی ١٩٩٨ منیشی گرتەوە و توانیم چاپی یەکـەمی ئەم کـتـێـبـە "چەرخی گـەردوونی چینی" بڵاو بکەمـەوە، سـپـاس بۆ وەزارەتی رۆشنبیـری کە یارمەتی چاپکردنی دا. لە چاپی یەکەمدا ئاماژەم بۆ راستییـەک کرد کە دەبێ لە سالّی پڵینگی داهاتوودا (٢٠١٠) زۆر وریا بین و یاخوا هەر پارە برژێت لەباتی خوێن. ئێستاش هەمان شت دەڵێمەوە کە لە ٢٠١٠ دەبێ زۆر وریا بین. ئەگەر ئەمڕۆ لە سالّی مشکدا پارەیەکی گەلێک زۆر بەفیڕۆ بدرێت ئینجا لە سالّی گـامێش (٢٠٠٩)

نەتوانین زیانەکان پڕ بکەینەوە و دەرامەتێکی باش بۆ ٢٠١٠ دابین بکەین، ئەوسا کە پڵینگ نۆرەی هات و دیتی پارە نییە بیرێژێ، هەموو دەزانین چ دەرێژێ.

بەڵام دەیان وڵات هەیە کە لە سەدان ساڵەوە یەک گوللەی لێ نەتەقێندراوە و بەهەبوون و نەبوونی پارە هەمان شت بوونە. کەچی وڵات هەیە وەکو عێراق کە بەتێری و بەهەژاری هەر خەریکی شەڕ بوونە. واتە مەسەلە دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی یەکگرتوویی و خۆشەویستی لە نێوان خەڵکەکەدا (کە عێراق هەمیشە نزمترین ئاستی یەکگرتوویی و خۆشەویستی تێدا بەدی کراوە) ئەگەر خۆشەویستی هەبێ ئەوسا پڵینگیش تواناکانی دەخاتە سەر هەڵڕشتنی ئەوین و شادی و کە هەڵچوو، بەگژ ڕۆتین و بیرۆکراسیەتدا دەچێت و هەندێک ئاواتی بۆ خەڵکەکە دابین دەکات، واتە ڕەوشتی بەرەنگاری لەباتی تێکدان دەبێتە شتێکی سوودبەخش.

## بەختت لە سایەی پڵینگدا

مشک لە سایەی پڵینگ: دەبێ وریا بێت و سنووری خۆی بزانێ چونکە پڵینگ ڕێگە بۆ هەموو تیژڕۆیەک خۆش دەکا کە تیژڕۆتر بێت، ئەوانیش تیژڕۆن، بۆیە زۆربەی مشک لە ئێشدا ڕەنج بەرباد و نا ئاسوودە دەبن چونکە لەو هەموو جموجۆڵەدا خۆ لەبیر دەکەن. لە ئەوینیشدا ناچار دەبن پێوەندییەکانیان دوا بخەن چونکە لە میانی ئەو کەشە ئازادەدا مەترسیی شەرمەزاربوونیان دێتە پێش.

گامێش لە سایەی پڵینگ: ناپەرژێت، هەر بەردێکی کە گامێش لەسەر بەردی داناوە پڵینگ دەیلەقێنێت جا لەو هەموو جموجۆڵەدا دەتاسێت و دەستی دەبەسترێتەوە. لە ئێشدا دەیەوێ ئیشێکی دیار ئەنجام بدا کەچی هیچ. لە ئەوینیشدا هەر بەخۆدا دێتەوە و ناگاتە وەڵامێک یان ئەنجامێکی باش.

پڵینگ لە سایەی پڵینگ: لێرەدا بەڕاستی پڵینگە، بەختەوەر و بەزمانە و لە سایەی بورجی خۆیدایە ئیتر ڕەوشتی پڕ لە بەرەنگاریی خۆی دیار دەخات و سەرکەوتن لە گشت بوراەکاندا بۆی ئاسان بووە.

پشیلە لە سایەی پڵینگ: پشیلە بەرەنگاری پڵینگ نابێتەوە، بەڵام بۆیشی ناسەلمێنێ، کەواتە دەبێ ڕێگەی خۆی بەکاکانەو بابانە ببڕێ. لە ئێشدا پشیلە لە ترسی

هەڵچوون و رقابەتی و تاسە هیچ نابزوێنێت و، چونکە کێشەی دیکەی زۆرن بۆیە ناپەرژێتە سەر ئەوین.

ئەژدیها لە سایەی پڵینگ: ئەژدیها بەشداری لە هەراکانی پڵینگ دەکات بەڵام عەقڵ و ژیری لە بیر ناکات ئیتر سوود و شادی و سەرکەوتنی بۆ نووسراوە. لە ئیشدا هەنگاوی ئازایانە و ترسناک دەنێ، ئەنجامەکانیش باشن. لە ئەوینیشدا بەهۆی ئەو سەرکەوتنانە بەرچاوتر دەبێ.

مار لە سایەی پڵینگ: ماندووە و سەری لێ شێواوە. لە ئیشدا رەنجێکی بێ پاداشت دەدا. بەڵام وەک دەزانین مار کۆڵنەدەرە وازناهێنێ. لە ئەوینیشدا یەک بەخۆ هاوار دەکات کە کاتی ئەوین و دڵداری نەماوە.

ئەسپ لە سایەی پڵینگ: رێگە بۆ هەموو شۆڕشگێڕێک ئاواڵەیە بەڵام دەبێ بزانێ چۆن بچێتە پێش بەبێ ئەوەی پڵینگ لەخۆی زویر بکا. هەروەها با لە بڕیارداندا پەلە نەکات و با بزانێ سەرکەوتنی راستەقینە چۆنە. باشتر ئەوەیە کە ئیشی بگۆڕێت یان بڕوا بۆ لایەکی دوور، ئەم پلانەش کار لە ئەوین دەکات کە ناچاری دەست لێک بەردان دەبێ.

بزن لە سایەی پڵینگ: تا ماوەیەکی درێژ پەناگیر دەبێ. لە ئیشدا هەست دەکا تەنیایە چونکە کەس لە مەیدانی خۆیدا پێشبڕکەی لەگەڵ ناکات و، لە ئەویندا هەر هاوڕێیاتی و پێوەندی هەرەمەکی دەبەستێت و بەس.

مەیموون لە سایەی پڵینگ: خودا دەکا یەکێک لە براگەورەکان حەزی دەچێتە هەرا و جموجۆڵ، مەیموون دوو هەندە. ئیتر چەپڵە بۆ هەرای پڵینگ لێ دەدات و لە سایەیدا واز لە کار و بەرهەم دێنێ بەدوای هەوەس و رابواردندا.

کەڵەباب لە سایەی پڵینگ: خۆ سەلماندن ئاسان نییە، دەیەوێ گۆڕانکارییەکی سەرتاسەری ئەنجام بدا بەڵام کوا؟ لە ئیشدا دامەزرانی نییە، بەڵام لە ئەویندا رۆڵی دڵدارێکی سەرکەوتوو دەگێڕێ.

سەگ لە سایەی پڵینگ: ئەگەرچی رەنج و تێکۆشانی زۆری پێویستە بەڵام سەگ لە

سایەی پڵینگدا بەختێکی باشی هەیە چونکە هەست بەخۆی دەکا کە لە هەرە باشەکانە و هەڵکەوتی زێڕینی دێتە دەست. تەنیا ئەوەیە کە دەبێ وریای هەڵچوون و توورەیی بێ. لە ئەوینیشدا شادە چونکە هەست بەئاسوودەیییەکی دەروونی دەکا.

بەراز لە سایەی پڵینگ: قۆناغی گۆڕانکاری و خۆ ناسینە. لە ئیشدا بەرەو رووی دەبنەوە دەتاسێت و هەرچەند ڕێگەی پێ بگرن هەر سەرکەوتوو دەبێت. لە ئەویندا رەنگە ئەوینێک ببڕێنێتەوە و یەکی باشتر و گونجاتر دەست پێ بکات. هەرچی دەیکات با بیکات بەڵام لە بیری نەچێ کە پڵینگ گۆشتخۆرە.

## ئەوین و پێوەندی

### پیاوی پڵینگ

زیرەک و خاوەن کەسایەتییەکی بەکێشن. حەزیان لە جووڵە کردارە نەک قسەی لووس و توانایەکی گەورەیان هەبە بۆ خۆ گونجاندن، تەنانەت لە سەرەتادا بەنەفامیان دەناسی، کەچی دواتر دەزانی چەند تێگەیشتوو و لێزانن و ئامادەی هەر جۆرێک بەرەنگاری و بەگژداچوونەوە و خۆهەڵکوتانێکن.

سەربەخۆن، رێگەیەکی سەخت دەگرنە بەر و واز ناهێنن تا دەگەنە ئەوسەر، کەچی ئەوسا دوودڵ و بێ وزە دەوەستن وەک بلێی بەدوای خەونێکی (دەنگدانەوەیەکی) تردا دەگەڕێن. هەروەها بەختێکی یەکاویەکیان هەیە، ئەم راستییانەش لە ئەویندا بەزەقی دیار دەبێ کە لە وێدا مەردی مەیدانن و بەختێکی سەیریان هەیە بۆ پێوەندی دڵداری. بەڵام هەرگیز نابەستریێنەوە و سەربەخۆیی خۆیان لە دەست نادەن. جاری وایە دەبینی پڵینگێک وا نوقمی ئەوینێک بووە، کەچی لە هەمان کاتدا خەریکی ئەوینێکی دیکەیە. ئیتر ئەوها دەبن مەگەر ئافرەتێکی ژیر و زێدە مێ و بەتوانا پێی بکرێ دڵە تینووەکەیان ئاو بدا و رێنوێنیشیان بکا، بەڵام بەبێ ئامۆژگاری و سەرقاڵی بەڵکو لە رێگەی کرداری راست و ژیر و شادی بەخش.

کەواتە ئافرەتی ژیریان پێویستە نەک ئافرەتێکی کە لە رادەی سەرەڕۆییان زیاد بکات چونکە پیاوی پڵینگ لە لایەکەوە بەجیدی کار دەکەن و ئەرکی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکەن، کەچی لە لایەکی دیکەوە حەز لە رابواردن و خۆسەلماندن و سەربەخۆیی دەکەن، کەواتە ژنەکەش دەبێ لە لایەکەوە پۆشتە و بەرچاو بێت و لە لایەکی دیکەوە زیرەک و بەتوانا بێت، ئەوسا مەگەر دڵیان ئارام بێت دەنا... موغامەرات.

### ئافرەتی پڵینگ

ئافرەتی سەربەخۆ و گەش و چاو کراوەن. دیمەن و رەفتاری تایبەتیان هەیە کە بەبێ خۆ سووککردن سەرنجت رادەکێشن و هەستت دەورووژێنن. وشەی "خۆژی" باشترین پێناسەیە بۆ ئەو ئافرەتانە، واتە ئیشکەر و سەربەخۆن، خۆیان پێ دەگەیەنن و خۆیان دەژێنن و ئەگەر

بزانن دوو ڕێیان لە پێشە کە یان ببەسترێنەوە یانیش بەتەنیا بژین، شتێکی ئاساییە بۆ ئافرەتانی پڵینگ کە ژیانی تەنیایی (بەڵام سەربەخۆ) پەسند بکەن. واتە حەز لە گەڕان و ئازادی و خۆسەلماندن دەکەن و بەئاسانی پابەندی ماڵ و ماڵدارییەکی سارد و سڕ نابن بگرە چالاک و زیندوون و بەهیچ شێوە ڕێگە بەسارد و سڕی و ژیانی وشک و ڕۆتینی نادەن کە بێتە نێو ڕەوتی ژیانیان. جا ئەگەر ماوەیان بدرێتێ دەتوانن بەبێ یارمەتی لە لایەن هیچ کەسێکەوە خۆیان بژیێنن و چارەی گرفتەکانیان بکەن.

لە ئەوینیدا چاوکراوە و بەتین و سەربەخۆن و، توانایان لە هەموو ئافرەتێک زۆرترە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی هەر پیاوێک کە بیانەوێ. شێوازێکی سەرسوڕێنیان هەیە لە خۆژیاندن و ئەویندارى و پاراستنی سەربەخۆیی و ئازادی و ئەنجامدانی هەموو ئەو شتانە لە یەک کاتدا. واش هەر باوەڕیان بەپێوەندی مارە هەیە وەکو هاوبەشبوون لە پڕۆژەیەک و پێوەندییەکی پیرۆز بۆ دابینکردنی ئاسوودەیی شادی و هەوای گەش. کەواتە تەنیا چەند پیاوێک دەتوانن ئەم تەزرە ئافرەتە دڵبەند بکەن ئەوانەی چواردەوری کەسایەتی و ئارەزووەکانیان لێ دەگرن و کەلێنەکان پڕ دەکەنەوە بەبێ بەستنەوە و خۆسەپاندن و بەهەناسەیەکی درێژ و پشوویەکی خۆش. دەبێ ماوەیان بدرێتێ، ئەوسا دەزانن چ کەشێکی پڕ لە شادی و ڕەنگاوڕەنگی بۆ مێرد و ماڵی خۆیان دابین دەکەن.

## پیاوی پڵینگ لەگەڵ . . .

ئافرەتی مشک: پڵینگ حەزی لە ئافرەتی مشکە، بەڵام پێویستە ئافرەتەکە ماوەی بداتێ و نەیبەستێتەوە ئەوسا گرفتیان نابێت.

ئافرەتی گامێش: پێوەندییەکی باش نییە چونکە گامێش دەیەوێ ڕەوشتی پڵینگ بگۆڕێت ئەمەش بەرەو ڕێگەیەکی بەستراویان دەبات.

ئافرەتی پڵینگ: پڵینگ و پڵینگ زۆر ناخایەنن چونکە هەرکەس خۆ بەباشتر و ئازادتر دەزانێ.

ئافرەتی پشیلە: پێوەندییەکی باش نییە بەڵام شێوازێکی ڕوون و ئاشکرای هەیە چونکە لە زیرەکاتیدا یەکسانن ئیتر کەس ناتوانێ فێڵ لەوەی دیکە بکات.

ئافرەتی ئەژدیها: تواناکانی ئەژدیها لەو میانەدا دەبووژێنەوە و لە هەمان کاتدا پڵینگ

فێری هێمناتی و ژیری دەبێت، کەواتە پێوەندییەکی زۆر باشە.

ئافرەتی مار: پێوەندییەکی سەختە، چونکە ماری بێدەنگ و هێمن لەگەڵ پڵێنگی خوێن گەرم و بەپەلە و تیژڕۆدا ناگونجێن.

ئافرەتی ئەسپ: پێوەندییەکی زۆر باشە چونکە وێڕای ئەو باڵایەی ئەسپ، ئەو جووڵە و ناز و فیزەشی هەر بەدڵی پڵێنگە. ئافرەتەکەش ئەوەندەی بەسە کە پیاوێکی ئەوهای دەست دەکەوێ.

ئافرەتی بزن: ئەگەرچی پڵێنگ لەگەڵیدا هێمن دەبێتەوە بەڵام بزن ناتوانێ فێرە ئەرک و بەرپرسێتی بکا تەنانەت رەنگە بەبێ مەبەست وا لە پڵێنگ بکا کە بێ باکتر بێ. بەشێوەیەکی گشتی هاوڕێیاتی ئەم دووە باشتر و قووڵترە نەک ئەوین. کەواتە پێوەندییەکی نیوە بەنیوەیە.

ئافرەتی مەیموون: یەکتر رادەکێشن بەڵام دواتر کابرا لە فێڵەکانی مەیموون بێزار دەبێت، کەواتە سەرەتاکەی شیرنە بەڵام نەک تا سەر.

ئافرەتی کەڵەباب: پێوەندییەکە لەو باشانە نییە چونکە ئافرەتەکە نازانێ بۆچی ئەو کابرایە هەر رۆژە بەجۆرێکی جودایە.

ئافرەتی سەگ: حەز لەو ئافرەتە دڵسۆزە دەکات و هانی دەدا بۆ ئەوەی تواناییەکانی ببووژێنێتەوە. کەواتە پێوەندییەکی زۆر باشە.

ئافرەتی بەراز: کە لە یەکتر دوور دەبن ئینجا نرخی یەکتر دەزانن. کەواتە دەشێ پێوەندی ببەستن بەڵام پێویستە ماوە بەیەکتر بدەن و ناو بەناو دوور بکەونەوە.



# پشیله

| |
|---|
| ١٨٠٧ |
| ١٨١٩ |
| ١٨٣١ |
| ١٨٤٣ |
| ١٨٥٥ |
| ١٨٦٧ |
| ١٨٧٩ |
| ١٨٩١ |
| ١٩٠٣ |
| ١٩١٥ |
| ١٩٢٧ |
| ١٩٣٩ |
| ١٩٥١ |
| ١٩٦٣ |
| ١٩٧٥ |
| ١٩٨٧ |
| ١٩٩٩ |
| ٢٠١١ |
| ٢٠٢٣ |
| ٢٠٣٥ |

ئارسەر میلەر، ئاینشتاین، ئەنتۆنی کوین، ئەنجیلینا جۆلی، ئۆگۆستۆ پینۆشێ، ئیسحاق شامیر، ئێنریکی ئگلاسیۆس، ئینگرید بێرگمان، ئیسماعیل یاسین، حەبیب بورقیبە، بۆب هۆپ، *بارزان تکریتی*، براد پت، بیبیتتۆ، جەمال بابان، جۆرج سیدهوم، جگەرخوێن، جۆرج مایکڵ، جۆزیف ستالین، جاک لانگ، جێمز وات، حاجی مەککی، دێڤد بێکام، رۆجەر مۆر، رافەت هەجان، شاژن ڤیکتۆریا، سەباح، سێوە، فرانک سیناترا، فەرید ئەترەش، کاری گرانت، کەیت ونزلێت، کۆنفۆشیۆس، گیو موکریانی، ماجید تۆفیق بەگ (پیرەمێرد)، مەزهەری خالیقی، ماری کووری، مارییا شالاپۆڤا، مووشێ دایان، مێسسی، نیکۆلاس کەیج، هاروون ڕەشید، هنری فۆندا، هوولیا ئەفشار، هێدی، یەحیا شاهین.

## ڕەوشتی گشتی

زادەکانی ساڵی پشیلە نموونەی هاوڕێیەکی دڵسۆز و خزمەتگوزارن. چاکەیەکی بێ بەرانبەرت پێشکێش دەکەن و هەرگیز بارگرانی ناکەن، بەڵام لە کاتی تەنگەتاوی و مەترسیدا پشتت بەر دەدەن یان هەرنەبێ گۆشەگیر دەبن. پاشان ئەگەر لە تەنگانە و مەترسیشدا نەبێت، لەگەڵ ڕۆژگار هەست دەکەیت کە وێڕای هەموو پێوەندییەک، ئەو لە بنەوە سنوورێکی لە نێوان بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەموو کەسێک داناوە. بەمەش هەموو چاکەکانی لە بەرچاوت دەسڕێنەوە.

بۆ تێگەیشتنێکی باشتر، دەکرێ بورجی پشیلە بەکوڕی چواردەم بچوێنین. ئەم کوڕە تەماشای ئەو دەستبڵاوییە و ئەو مەترسییە گەورانە دەکات کە براگەورەکەی خۆی (پڵینگ) تووشی خۆی و براکانی دەکات. بەمە ترسێک دەیگرێت و کاردانەوە پەیدا دەکا بەرەو خۆ پاراستن و دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە و ئارام. لە ڕاستیشدا پشیلە دوو مەراقی سەرەکییان هەیە: یەکەم خۆ پاراستن، دووەم کەسابەت. جا لە پێناویاندا دەبینی وەکو پشیلەیەکی ڕاستەقینە بەنهێنی هەموو کون و کەلێنێک دەپشکننەوە و ئەگەر دەرگەیان لێ گیرا، بەپەنجەرەدا دەڕۆن.

پشیلە مرۆڤی ئاشتی خوازن و حەز لە بەرەنگاری و ڕقایەتی ناکەن. دەتوانی داوای هەر شتێکیان لێ بکەیت، بەڵام ئومێدی ئەوە نەکەی کە شەڕت بۆ بکەن، جا بەترسنۆک دەناسرێن بەڵام ئەوان بەو شێوە لە خۆ ناگەن بگرە ڕقایەتی و بەگژدا چوونەوە بە شتی بێ سوود دەزانن و پێی دەشێوێن، تەنانەت بەبێ هێمناتی و ئارامی توانای بیرکردنەوەیان نامێنێ، چونکە تواناییان کەمە بۆ بڕیاری کتوپڕ. لە ئیش و کۆمەڵایەتیدا ئەگەر تووشی قەرەباڵغی یاخۆ بەرەڵڵایی و نارێکی بێن، ئەوسا خۆ دەدزنەوە و ئۆباڵەکان بەئەستۆی هەر کەسێکدا دەدەن. بەپێچەوانەش ئەگەر ژیانیان ئاسوودە و ئارام بێت ئەوسا وەک پشیلەی بەر ئاگردێنی زستان دەیانبینی حەز لە ڕاکشان و حەسانەوە و بیرکردنەوە دەکەن وەک بڵێی هەرگیز ئەو کاسبە و ئەو چالاکەی جاران نەبن.

ئەو مەراقەی کە هەیانە بۆ خۆپاراستن و خۆشگوزەرانی وا دەکا لە لایەکەوە هونەرمەندێکی خاوەن چێژ و هەستی نەرم و ناسک بن و لە لایەکی دیکەوە هۆشیان بۆ

هەستە ناسکەکانیان شل ناکەن. جا لە ئیشدا زۆر وردبین و کارپوختن. لە دوو مەیدانی زۆر جودای وەکو «هونەر و پارە» لە هەردووکیان دەزانن. واتە هەندێک بورج تەنیا لە هونەر دەزانن، بورجی دیکە هەیە کە تەنیا لە بواری پارە و ئابووریدا چالاکن، کەچی پشیلە بەخت و توانایان لە هەردووک بواردا هەیە و دەتوانن لە یەک کات لە هەردووکیاندا سەرکەوتوو و بەسوود بن. خاڵی لەمەش سەیرتر ئەوەیە کە چاویان بەپارە هەڵنافرێت، واتە کە دەوڵەمەند دەبن نە واز لە کارەکانیان دەهێنن و نە لە خزم و کۆنە برادەران دادەبڕێن و نە بەرگێک دەپۆشن لێیان نەوەشێتەوە. بەڵام بخوازین و نەخوازین، پشیلەیەک نییە ئەگەر خۆی بەماڵ و دەستکەوتە مادییەکانی خۆی هەڵنەکێشێت چونکە (هونەرمەندی کەسابەتن) چۆن بمانەوێ کە بەهونەرەکەیان نەنازن. ئیتر سەیر نییە کە لە کاتی مێوانداریدا زۆربەی قسە و باسەکانی پشیلە دەربارەی دەستکەوت و پارە و نێوماڵی خۆیاندا بێت و شانازییان پێوە بکەن.

# دوازده جۆر پشیله



## پشیله- کاوڕ



کاوڕی پێشڕەو بەو ڕەوشتە خۆپارێزەی پشیلە دەبێتە مرۆڤێک کە دەشێ ناوی لێ بنێن "زێدە شــارســتــانی و های لایف». پەرۆشی بۆ پایە و بەهای بەرز هەیە و بەچەشنی هونەرمەندێکی هەستیار و پایە بەرز دێتە بەرچاوت کە هانی هەمــوو کەسێک دەدا بۆ پایە و پارە و ڕێکی و ژیانی نەرم. گوێی لێ نییـە کە ئایا بەلووتبەرزی دەناسن یان نا و ئاوڕ لەو توانجـانە ناداتەوە چونکە دەبێ مـەسـەلەی "های لایف" و ئەتیکێت و جـۆرێک خـۆ دەرخستن لە ژیانیدا مسۆگەر بکا هەر لە چۆنییەتی خواردن و خەو تا جلوبەرگ، تا ڕەفتار و دەربڕین تا بەسـەر جـۆربی هەڵوێست و بیـروباوەڕی سیـاسی و کـۆمـەڵایەتی را دەگـا، هەمـوویان بەچەشنی ئەریستۆکراتێک دەگرێتە بەر تەنانەت ئەگەر بەگیرفانی بەتاڵیشـەوە بێت، ئەو واز لەم ستاندارد و بەهایانە ناهێنێ.

کار و کاریر: ئەو توانا و ئارەزوومەندی و شارەزاییيەی کە لەم بورجە بەدی دەکرێ بەشی دوو- سێ بورجی تر دەکا. بەڵام وەکو باس کـرا، دەبێ هەم پارە هەم سـتـانداردی بەرز لە ئارادا بێ دەنا تواناکـانی بۆ ئیـشـەکـە دەرناخـات تەنانەت خـولـقـیـشی بۆ کاریری کەم ستاندارد نییە. بەشی زۆریان دەبن بەهونەرمەندی پایەبەرز و لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەریستۆکرات هەڵدەکەن.

گونجان: باشترین گونجانی لەگەڵ شێرەکانی ساڵی سەگ و بەرازە. ئینجا هەمانە بزن- تیـرەنداز و بەراز- جـمک، وێڕای سـەتڵـەکـانی سـاڵی مـار و بەراز، ئەوانە زۆر باشـن. بەڵام با لە قـرژاڵەکـانی سـاڵی ئەژدیهـا و کـەڵەباب وریا بێت و با لە پڵینگ- گیسک و تەرازووەکانی ساڵی ئەژدیها و پڵینگیش دوور بێ.

ناودارەکان: مارییا شالاپۆڤا>.



## پشیله- گا



خۆشەویست و میهرەبانە، لە منداڵییەوە بەهرە و تواناکانی دیار دەبن، بەڵام مەرج نییە وەبەریان بێنێ چونکە کوڕی ئەو شوێنەیە کە ئارامیی بۆ مسۆگەر دەکا (زۆربەی جار ماڵ و خزم دەگرێتەوە). ئەگەر ئاسوودەیی و ئارامی بۆ پشیلە پێویست بێت، لێرەدا دوو هەندەیە و بەبێ ئاسوودەیی رەنگە قسەکردنیشی نەمێنێت و ببێتە مرۆڤێکی زۆر جودا.. خوانەی کەسایەتیی ئەم مرۆڤە پێویست بەکەمێک ترش و خوێی (عەولەمە) دەکا. واتە دەبێ لە جغزی ئینتیمای تەسکی ماڵ و خزم دەرچێت و بزانێ کە هەموو جیهان خزم و ماڵی خۆیەتی ئەوسا زمانە شیرنەکەی دەپژێت و دەستە رەنگینەکەی زێڕ دەبارێنێ.

کار و کاریر: پێویستە لە تەمەنی گەنجیدا کاریر و هێڵی ژیانی خۆی ساغ کردبێتەوە و، ئەگەر ساغی کردۆتەوە با بەری نەدا چونکە توانای نییە بۆ گۆڕین و فێربوونی کار و کاریری نوێ. بەشێوەیەکی گشتیش بۆ راگەیاندن و موزیک و هونەرە جوانەکان باشە وێڕای کارە ئاساییەکانی دیکە، مەرج ئەوەیە کە مەترسی و هەوراز و نشێوی تێدا نەبێ.

گونجان: روو لە گیسک و قرژاڵی ساڵی بزن و سەگ و بەراز بکە، ئەوانە دووشەشن بۆ تۆ. پشیلەی رەبەن راتدەکێشن و نەهەنگەکانی بزن و بەراز لەگەڵت خۆش دێن، کەواتە هەرباشە. بەڵام نەکەی خۆت لە شێر و دووپشک و سەتڵەکانی ساڵی کەڵەباب و پڵێنگ بدەیت ئەوانە بڤەن هەروەها شێر و دووپشکی ساڵی مشک نا نا نەکەی!

ناودارەکان: ‹ئەنتۆنی کوین، دێڤد بێکام، مووشێ دایان›.



## پشیله - جمک



قسەزانە و لە چاو پشیلەکانی دیکەدا ئەمەیان چاونەترس و کراوەیە، بەڵام لە بەرانبەر ئەم شتانەدا زۆر شتی تری لەسەر داناوە. ئەمەیان گەڕۆک و سەرەڕۆیە و ئەگەرچی رایەکانی دەردەبڕێ و ئامۆژگاریی خەڵکی دیکە دەکا، بەڵام لە ناخدا خۆی نازانێ چی گەرەکە. زۆرزانە و دەزانێ چۆن خۆ لە نەیارەکانی بدزێتەوە وەک بڵێی هەرزەکارێکی بزێوە و نایەوێ ببێتە مرۆڤێکی کامڵ. بەکوردی و کورتی، ئەم بورجە پێویست بە رێنوێنی و چاودێری دەکات و بەوە نییە کەوا خۆی وەکو مرۆڤێکی بەرپرس و پایەدار دیار دەخات. دەبێ بیخەنە سەر رێگەی راست واتە رێنوێنییەکی هەق و رەق دەنا گومڕا دەبێت و سەری زۆر کەسیش دەخوا. پێویستە هەموو قسە و رەفتارێکی ساغ بکەنەوە کە ئایا راستە یان پێوە دەنێت؟ ئەوسا دەبێتە مایەی وەبەرهێنانی ئەو توانایە و ئەو زیرەکایەتییە بۆ چاکەی هەمووان.

کار و کاریر: بۆ هەر کارێکی بەجموجۆڵ باشە هەر لە پرۆفیسۆری تا رۆژنامەنووس تا کۆنە فرۆشی، گرینگ ئەوەیە چاودێر و رێنوێنییەکی دەستپاکی بەسەرەوە بێ.

گونجان: لەنێو بزن و سەگ و بەراز با زادەکانی مانگی کاوڕ و تەرازوو هەڵبژێرێ، ئەوانە دووشەشن. شێرەکانی ساڵی سەگ و بەراز شاگەشکەی دەکەن و هەمان هەستی بۆ سەتڵەکانی ساڵی بزن و بەراز دەبێ. بەڵام با تووشی رەبەنەکانی ساڵی مشک و کەڵەباب نەبێ، لەوانەش خراپتر پڵینگ- تیرئەنداز، ئەژدیها- نەهەنگ لەگەڵ کەڵەباب-نەهەنگ، ئەوانە لە بۆ تۆ باش نین.

ناودارەکان: بۆب هۆپ، شاژن ڤیکتۆریا، ئەنجلینا جۆلین، رۆجەر مۆر.



## پشیله- قرژاڵ



هەردووک بورجی چوارەمن، ناوەڕۆکیان لە یەکتر نزیکە و هەردووک پەرۆشیان بۆ ماڵی خۆیانە ئیتر هێزی هەردووکیان بەیەک رووبەردا دەڕوا کەوا پشیلە هەمـوو کونێک دەپشکنێتەوە و قرژاڵیش بەڕاست و چەپدا کۆ دەکاتەوە، بۆیە ئەم تێکەڵە بورجە مامۆستای کەسابەت و بژار و ماڵداری و وردەکاری پەیدا دەکەن. زۆر دەگەڕێت و برادەری زۆرە و خۆشتێکەڵە بەڵام (ماڵێ) قەڵاتی کەسایەتی و ئارامیی گیان و سەنتەری ژیانیەتی.. گەش و گاڵتەبازە بەڵام زمانپارێزە و دەزانێ چۆن نهێنییەکان بشارێتەوە، بەرگەی بەرەڵلایی و هەراش بەهیچ شێوە ناگرێت، رقیشی لە قسەی پووچ و بێ مەبەست دەبێتەوە تەنانەت رێز و هەڵسەنگاندنی بەرانبەر بەگوێرەی ئەو رێز و پایەیە کە خۆت بۆ خۆتت داناوە.. شایانی گوتنیشە کە کەسایەتی راستەقینەی ئەم بورجە لە تەمەنێکی درەنگدا دەگەشێنەوە و دیار دەبێت.

کار و کاریر: هونەرمەندی کار و کەسابەت نە ئامۆژگاریی پێویستە نە رێنوێنی، مەگەر ئێمە پرسی بکەین، مەرج نییە لە مەیدانی دەست و بازوودا زۆر دیاربێ بەڵام هەر ئیشێکی پێویست و وردبینی بکات ئەو تێدا دەبێتە مامۆستا.

گونجان: مەیدانێکی فراوانی لە پێشە بۆ دۆزینەوەی هاوسەر و هاونشینی راستەقینە ئەوانەش بریتین لە بورجەکانی گا و رەبەن و دووپشک و نەهەنگی ساڵانی بزن و سەگ و بەراز، لەوانە بەئارەزووی خۆی بەنیو بکەوێ. بەپێچەوانەش، با خۆی لە کاوڕ و تەرازوو و گیسکەکانی ساڵی پڵینگ و ئەژدیها و کەڵەباب نەدا.

ناودارەکان: ‹مێسسی، رافەت هەجان، جەمال بابان، جۆرج سیدهوم.



# پشیله - شێر



کێ دیمەنی "عەلی ئەفەندی" لە بیرە کە تووڕە بوو و مێزەکەی شکاند؟ لە راستیدا ئەمە لایەنێکی سەرەکیی ئەم بورجەیە کەوا وەکو هەر شێرێک دەنەڕێنن بەڵام پشیلەکەی نێو دەروونیان هێوریان دەکاتەوە. چالاک و بەهرەدار و لێزانن. تاکە شێرێکن کە خۆیان بەژیری وەپێش بخەن نەک بەتۆبزی. هەروەها وەک شێرەکانی دیکە لە پێناو ئامانجەکانی خۆیاندا فەرامۆشت ناکەن. پشیلە شێرەکە خۆشەویست دەکات و شێر دەستپاکی و چاوتێری بەپشیلە دەبەخشێ. هەناسەدرێژن و هەسپایی پێ هەڵدەگەڕێن و توانایان زۆرە، یەک لەوانە پێشبینی و هەستی شەشەم.

کار و کاریر: هەم بەمێشک و هەم بەدەست و بازوو توانای هەیە و، ئەو ئیشەی کە دەیگرێ لێی دەبێتە مەراقێک. هەمانە لە زۆربەی بوارەکانی وەک ئەندازیاری و پزیشکی و پیشەساز و ئەو شتانە باشە. ئینجا توانای پێهەڵگەڕانی هەیە، بۆ نموونە لە کرێکارییەوە پێ هەڵدەگرێ تا دەبێتە سەرکار و کۆنتراکتەر ئیتر ئەوها.

گونجان: کاوڕ و تەرازوو و گیسکەکانی ساڵی بزن و بەراز، لەگەڵ ئەوانەدا گونجانێکی سروشتیی هەیە و لە ساڵی بەرازدا هەمانە تیرەندازەکانیشیان زۆر باشن. لە لایەکی دیکەوە هەمانە جمک و تەرازوو و تیرەندازەکانی سەڵی سەگیش زۆر باشن. ئەوانەی کە دەبێ لێیان دوور بێ بریتین لە گا و دووپشک و سەتڵەکانی ساڵی مشک و پڵینگ و کەڵەباب، ئەوانە وێڕای ئەژدیها- دووپشک و پشیلە- گا، نابێ تووشیان بێ.

ناودارەکان: ‹جۆرج مایکڵ، ‹حاجی مەککی، ئێنریکی ئگلاسیۆس، یەحیا شاهین، فەرید ئەترەش.



# پشیله - رەبەن



زۆر وریایە و زۆر دەترسێ، ترسەکە لێرەدا لە مەرگ و نەداری و نەخۆشی نییە، بەڵکو لە گلەییی خزمان. مەسەلە ئەوەیە کە پابەندبوونی پشیلە بەخزم و ناسیار ناچاری دەکا کە بەباشیان لە قەڵەم بدات و چاو لە هەڵەکانیان بپۆشێ. کەچی رەبەنەکەی نێو دەروونی پێی دەڵێ کە ئەمە راست نییە و لە دڵی خۆیدا رەخنە و گازاندەی زۆرە بەرانبەر دۆستەکان پێش دوژمنەکان و، ئەگەر لە دەست خۆی بایە ئەوسا خەریکی بژێوێک دەبوو دوور لەو تەراتێنە و سەرئێشە. بەڵام لێرەدا پشیلە بەسەر رەبەنی رەخنەگردا زاڵە، ئیتر گلەیی خۆی قووت دەداتەوە و چارەنوسی دەخاتە بەر رەوتی کۆمەڵگە. ئامۆژگاری ئەوەیە کە ئەوها زوو چەک فرێ نەدات و هەندێک بەلای رەبەندا بشکێنێتەوە.

کار و کاریر: ئەو کەسەی کە لە راوێژکار و شاگرد و یاریدەدەرێکی هێمن و بێدەنگی دەوێت با لەم بورجە هەڵبژێرێ چونکە خەوی لێ ناکەوێ تا هەموو وردەکارییەکان جێبەجێ دەکا. بەڵام ئومێد نەکەن پشتیوانی و شەڕتان بۆ بکا، بگرە کار و بەرژەوەندیی خۆی و بەس.

گونجان: برام، خوشکم، پێوەندی گرێی سەر و دڵ و هەناسەتە بەڵام لە گا و قرژاڵ و دووپشک و گیسک سالّی بەراز مەترسە، ئەوانە ناتخۆن بگرە لەگەڵیان دەحەسێیتەوە. ئینجا گا و دووپشک گیسکی سالّی بزن و سەگ، ئەوانەش یەکاو یەکن. هەروەها پشیلە- گا، ئەمیش زۆر بەخۆت دەچێت. بەڵام خۆت لە جمک و تیرەنداز و نەهەنگەکانی سالّی کەڵەباب مەدە وێڕای جمک و تیرەندازی مشک ئینجا نەهەنگی سالّی ئەژدیها، ئەوانە دەتخۆن.

ناودارەکان: ، ئینگرید بێرگمان، جاک لانگ، ئیسماعیل یاسین>.



## پشیله - تەرازوو



قسەزان و چاوتیژ و خۆشتێکەڵە، پۆشتە و خەندەدارە و بەجۆرێک رادەوەستێ وەک بلێیی وێنەی دەگرن چونکە لە ناخدا کۆڵ لە مەبەستەکانی نادات کەچی لە هەمان کاتدا مێشکی خۆی پڕ کردووە لە تێکە و لێکە بەهۆی ناسکیی خۆی و لەبەرئەو خراپەکارییەی کە دەیانبیسێتەوە و هەم لەبەرئەو ئارەزووانەی کە هەیەتی. بەکورتی، وەستانی نییە کەچی دوودڵییەکەی یەکجار سەیرە و دەتوانین بڵێین رۆژانە ٢٤ "بڕیاری کۆتایی" دەدات. بەمرۆڤێکی شلی مەزانن چونکە توانای پەلاماردانی هەیە و توانای خۆ دەربازکردن و خۆ پێگەیاندنی هەیە و لە ناخدا چاکەخوازە، ئەوەیە کە زۆر شت بەهەڵە و بەناڕەوا تێ دەگات کە لە راستیدا پێویست بەو هەموو گومان و ئاڵۆزییە ناکا.

کار و کارێر: بۆ کارێک باشە کە پێی لە ماڵێ نەبڕێنێ، واتە کارەکە ئەنجام بدات و ئینجا ماوەی خۆی وەربگرێ کە بە پێداویستییەکانیدا بێتەوە. وێڕای هونەر ئەم کارێرانە بۆی باشن وەکو پارێزەر، دیبلۆماسی لە بواری کۆمەڵایەتیدا واتە ناوبژیوان یاخۆ دەلاڵ.

گونجان: لە ساڵانی بزن و سەگ و بەرازدا بەئارەزووی خۆی جمک و شێر و تیرەنداز و سەتڵەکان هەڵبژێرێت، هەموو یەکاو یەکن. هەروەها کاوڕی ساڵی گامێش باشە، بەڵام با خۆی لە کەڵەباب و مشکەکانی مانگی قرژاڵ و گیسک نەدا.

ناودارەکان: کەیت ونزلێت، ئارسەر میلەر، مەزهەری خالقی، هوولیا ئەفشار، ئیسحاق شامێر›.



## پشیله - دووپشک



ڕێزی خۆی دەسەپێنێت و تواناکانی زۆرن و قسەی بێ مەبەست ناکا. حەز لە ناسینی دەکەیت و لە شێنەییدا دەتخافڵێنێ. وەکو پشیلەکانی دیکە لە قەرەباڵغایی و هەرا ناترسێ بگرە توانای هەیە کە ڕق و تووڕەییت هەڵبمژێ و خەڵکی سارد بکاتەوە و لە هەڵوێستی تەنگانەدا ڕۆڵی ناوبژیوان و ئاشتکەرەوە بگێڕێت. کەواتە گونجانێک لە نێوان پشیلە و دووپشکدا هەیە، پشیلە لە ڕادەی سادیزمی دووپشک کەم دەکاتەوە و دووپشکیش لەو دوودڵییەی پشیلە کەم دەکاتەوە، ئیتر هەردووک دێنە سەر تایمێکی باش. خەون و ئومێدی زۆر گەورەی هەیە و وا بەنهێنی خەریکیانە. بەڵام هیچیان دیار ناخات و توانای خۆنواندنی هەیە، تەنانەت بەزگماکی ئەکتەرە.

کار و کاریر: مرۆڤی بەرپرسن و توانای بەڕێوەبەرایەتییان تێدایە و دەتوانن خەمخۆری گرووپێک خەڵک بن لە پرۆژەیەکدا یاخۆ لە کۆمەڵایەتیدا. هەروەها بۆ کاری ئازاد و جیهانی رامیاریش باشن، چونکە توانای پێسەلماندن و دانوستان و راگۆڕینەوەیان زۆرە.

گونجان: با لە نێوان قرژاڵ و ڕەبەن و گیسک و نەهەنگەکانی ساڵی بزن و سەگ و بەراز، لەوانە بەئارەزووی خۆی هەڵبژێرێ چونکە یەک لە یەک باشترن. بەڵام با خۆی تووشی کەڵەباب نەکا لە مانگەکانی گا و شێر و سەتڵ بکات. هەروەها مشک-شێر، ئەمەیان بڤەیەکی تەواو بڤەیە.

ناودارەکان: ماری کووری، سەباح، سێوە.



## پشیله - تیرئەنداز



چاونەترس و گەشبینە و بەپێچەوانەی وەڵاشەکانی خۆی لە هیچ بەسەرهاتێک و بارێکی نائاسایی ناترسێ. زمانە تیژەکەی تیرەنداز لە سایەی پشیلەی هێمندا نەرمتر دەبێ، ئیتر لێرەشدا هاوسەنگییەکە بەقازانج گەڕاوەتەوە، تەنیا لە یەک خاڵدا نەبێ ئەمەش لە مەسەلەی خزم و پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتیدا کەوا تیرەنداز هەندە دان بەخزمایەتی نانێن کەچی پشیلە بەپێچەوانەی ئەمەیە. بۆیەش سووکە خەمێکی نهێنی لە دڵدایە دەیەوێ بیشارێتەوە. بەڵام ئەو باوەڕی بەبڕیاری دیموکراسییانە و بەرژەوەندی گشتی هەیە بەمەش گرفتەکە چارە دەکات کەوا بەرژەوەندی گشتی چۆنە ئەوها دەڕوا. مەرج نییە کە لە قۆناغەکانی سەرەتایی تەمەنییەوە سەرکەوتوو بێ، بەڵام بەختی هەیە و پاش تاسەکردن هەڵدەستێتەوە.

کار و کاریر: ئیشکەرێکی گورج و ماندوونەناسە و لە مەیدانی کەسابەتدا مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان بەلاوە دەنێ، ئینگلیز گوتەنی *"بزنس ئز بزنس"*. ئیتر هەر لە بازرگانی و ریکلام و دەلاڵی، تا بوارە هونەرییەکان تا رامیاریش کە لەوێدا دەتوانێ رۆڵی بەرهەڵستکارێکی دەنگ بەرز بگێڕێ.

گونجان: سەیرە کە پشیلە و سەگ هەندە برادەر بن، کەواتە با لە نێو کاوڕ و شێر و سەتڵەکانی ساڵی سەگدا بەئارەزووی خۆی هەڵبژێرێ ئینجا شێر و تەرازوو و سەتڵی ساڵی بەراز، وێڕای بزنەکانی کاوڕ و سەتڵ، ئەوانە هیچیان لە هیچی کەم نییە. مار- کاوڕیش هەر باشە بەڵام با وریای کەڵەباب و پڵینگەکانی جمک و رەبەن و نەهەنگ بێت، ئەوانە دکتۆر لێی قەدەغە کردوون.

ناودارەکان: ‹ئۆگۆستۆ پینۆشێ، فرانک سیناترا، براد پت›.



# پشیله - گیسک



ئەم دوو بورجە دەگونجێن و مرۆڤێکی یەکجار ئارەزوومەند پێک دێنن کە خەون بەمانگ و ئەستێرە ببینێت. پەلەپەل و بڕیاری هەنووکەیی نییە، بگرە هەموو شتێک پاش بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدرێن. توانای خۆ نواندنی زۆرە، لە سەرەوە خۆ بەوپەڕی مۆدێرن و چاوکراوە دەنوێنێ، تەنانەت هەندێک جار بە بێ باکیش دیار دەبێت کە ناو بەناو تێبینییەکی بێ پەردە یان ڕەخنەیەکت لێ دەگرێ پێی دەتاسێی، کەچی ئەو هەندە بەئاسایی دەیڵێ ئیتر تۆ وا دەزانی کە شێوازی دەربڕینی (مۆدێرن) دەبێ هەر لە ئەسڵدا ئەوها بووبێت دەنا چۆن؟. کەواتە وا دەزانی ساکار و زێدە کراوەیە، کەچی لە ناخدا ئامانجی خۆی لە بەرچاو گرتووە و وا دەکا خەڵکی دیکە لە خۆڕا بۆی ئەنجام بدەن.

کار و کاریر: ئەگەر سەردەستە بێ یان ژێردەستە، ئەوانە بۆ ئاستی بەرز خولقاون. بۆ نموونە بۆ مامڵەکردن بەجلی گران، سەیارەی گران، چەکی گران، و هەر شتێکی کە لەسەر خەڵکی بە گران بکەوێت.

گونجان: پێوەندیی هەرە باشی لەگەڵ گا و شێر و ڕەبەن و دووپشک و نەهەنگەکانی ساڵ سەگ ئینجا گا و شێر و ڕەبەنەکانی ساڵی بەراز هەیە، ئەوانە پێش هەموو کەسێک بۆی دانراون. هەمانە شێر و ڕەبەن و نەهەنگەکانی بزن زۆر باشن بەڵام ئەگەر حەز لە ژانەسەر ناکات با تووشی جمک و قرژاڵ و تەرازووەکانی ساڵی کەڵەباب نەبێت. لەوانە بەدتر قرژاڵ و تەرازووەکان مشک ئینجا لەوانەش بەدتر تەرازووەکانی ساڵی پڵینگ و ئەژدیها، با تووشیان نەبێ.

ناودارەکان: ‹جۆزیف ستالین، کاری گرانت، نیکۆلاس کەیج، هێدی، هنری فۆندا، جێمس وات›.



# پشیله- سەتڵ



پشـیلەی هونەرمـەند و سـەتڵی رۆشنبـیـر مـرۆڤـێکی بەهرەدار پێک دێن. زانست و تێگەیشتن ئاوی ژیانیەتی و دەیەوێ لە هەموو شتێک بگات. هەندێک جار خۆ لە شتی تایبـەت هەڵدەقـورتێنێ کـە خـەڵک پێی قـەڵس دەبن، بـەڵام ئەو بۆ مـەبەسـتێکی خـراپی نییـە، تەنانەت خۆی لە کۆمـەڵایەتیدا مرۆڤـێکی نموونەپەرسـتـە و بەئەمەکە. مەسـەلەکە ئەوەیە کـە دەیەوێ تێ بگات و ببـینێ، بۆیە ئـەوەندەی خـەریکی برادەرەکـانیـەتی هەندە خـەریکی مـاڵی خۆی نیـیـە.. خـولیـای بابەتی دەروونی و فـیکرییـە. هەروەها هەسـتی شەشەمی هەیە و پێشبـینیت بۆ دەکا کە چ شتێک بکەیت باشترە. لە سەرەتادا سەیرت بەقسەکانی دێ چونکە شێوازی دەربڕینی لەو باشانە نییە، وەک بڵێی باسی خەیاڵێکی زانستی دەکات، بەڵام دواتر قسەکەی راست دەردەچێ.


کـار و کـاریر: پێـویسـتـە ئەو هەمـوو زانیـارییـانە لە بـوارێکی زەمـینیـدا خورد بکاتەوە و کـاریرێکی زانسـتی بگرێتە بەر. وەکـو پرۆفـیـسـۆر، رابەری بزووتنەوەی فـیکری، مامۆستا، پەروەردەکار، ... هتد.

گونجـان: کـامـەرانی لەگـەڵ کـاوڕ و جمـک و تەرازوو و تیـرەندازەکـانی سـاڵی بەراز و بزن دەبینێ وێڕای سـەگ- تەرازوو، ئەوانە هەرە باشـەکـانن. بەڵام با خـۆی لە مـشکەکانی گا و شـێر و دووپشـک نەدا و تخـوونی هەمان بورجـەکانی پێـشـووی ساڵی کەڵەباب نەکەوێ، لەوانەش بڤەتر دووپشکی ساڵی ئەسپە.

ناودارەکان: بیبیتتۆ، *بارزان تکریتی*›.



## پشیله- نەهەنگ



شـەرمن و رووخـۆشـە و نایەوێ خـۆ لە کـەس بدا چونکە حـەز لە بەرەنگاری ناکـا. وەسواسە، قسەیەک ناکا تا دەزانێ کە گوێگری خۆی هەیە ئەوسا بەهێمنی قسە دەکات جا ئەگـەر شـا بێ یان گـەدا، نە جلێکی سـەیر لەبەر دەکـات و نە خـۆ بەجـۆرێکی نەگـونجـاو دەنوێنێ، بگرە لە هەڵسـوکـەوت و لە دەربڕیندا مـۆرکـێکی خـانەدانی هەیە. ئەگـەر ئاسـوودەیی و خۆشـەویسـتی بۆ دابین بکرێ ئـەوسا توانای سـەیر لەم بـورجە هەڵدەکەوێ، چونکە پشـیلە و نەهەنگ دەگونجێن و مرۆڤەکە بەرەو بەختـەوەری و دەوڵەمەندی دەبەن. هەروەها دەبێـتـە هاندەرێک بۆ چاکـەی خـەڵکی دیکە بۆ نموونە ئەگـەر بنەمـاڵەکـەیان نەخۆشێک یان خاوەن پێداویستیی تایبەتییـان هەبێ، ئەم بورجە پێش هەمووان خزمەتی لە ئەستۆدا دەگرێ.

کار و کـاربر: کەواتە ئەم بورجە بۆ پزیشکی و تیـمارچیـاتی و هەمـوو جـۆرێک خزمـەتی تەندروستی و دەروونی یەکاو یەکە. تەنانـەت رەنگە هەمان خزمەتگوزاری لە ڕێی بەرگدروویی و مۆدێلسازی پێشکێش بەکۆمەڵگە بکات. لە ئەرک و بەرپرسییەتی سڵ ناکاتەوە، بەڵام حەز لە ئاڵۆزی ناکات.

گونجان: با روو بکاتە گا و قرژاڵ و دووپشکەکانی ساڵی بەراز کە لەگەڵیاندا حەسانەوە و گـونجـانی مـسـۆگـەرە. ئینجـا نۆرەی قـرژاڵ و دووپشکی سـاڵی بزن دێ ئینجـا دووپشـک و گیسکی ساڵی سەگ. هەمانە بورجی پشـیلە- قرژاڵیش زۆر بەخۆی دەچن. بەڵام با لـە بورجەکـانی ئاگـرین و هەوایی بـەگشـتی وریا بێت بەتایبـەتیش ئەوانەی ساڵی مشک و مار.

ناودارەکان: ‹ئاینشتاین "ئۆتیزمی هەبووە"، هاڕوون ڕەشید›.

## کە پشیلە باڵادەست دەبێ

لە سایەی پشیلەدا پلان و دووربینی و لێزانی و ئەتیکێت رۆڵ دەبینن. پشیلە هەم وەکو مرۆڤ و هەم وەکو ساڵ دەیەوێ ئیش بەهێمنی بەسەرچێ، بەڵام پلانێکی زۆر دادەڕێژێ. پاش هەڵپەڕ و داپەڕی پڵینگ خەڵک ماندوو دەبن و پەنا بۆ پلانگێڕانێک دەبەن کە زیانی رابردوو پڕ بکاتەوە. واتە هەمیشە پلان و پرۆژەیەک لە ئارادا دەبێ و ئامانجی دوور بۆ پشیلە بریتییە لە پارە و دەرامەت و دەسەڵات. پلانەکان بەبێدەنگی دادەڕێژێ تا لە قۆناغی دواتردا جێبەجێ بکرێن.. با چەند نموونەیەک بخەینە روو لە رەوشتی ساڵەکانی پشیلە. ساڵی ١٩٧٥ رێککەوتنە شوومەکەی سەدام و شای ئێران رووی دا و پلانی تر دانران بۆ پاشەرۆژی عێراق و ناوچەکە. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٧ جەنگی نێوان عێراق و ئێران هەندێک هێمن بووەوە، بەڵام کۆمەڵێک پیلانی ترسناک داندران بۆ جەنگی کیمیاوی و مووشەکباران هەندێکیان لە شێخ وەسانان و بالیسان تاقی کرانەوە بەڵام جێبەجێکردنی راستەقینە پاش ساڵێک ئەنجام درا. هەروەها ساڵی ١٩٣٩ جەنگی جیهانیی دووەم دەستی پێ کرد و لەو ساڵەدا زۆر هێمن بوو تەنانەت پۆڵەندا و دانمارک خەریکە بڵێم بەبێ شەڕ گیران. کەچی پلانە ترسناکەکان بۆ جەنگی گەورە لە ١٩٣٩ دارێژران ئیتر شەڕی راستەقینە لە ١٩٤٠ بەرپابوو. قسەی خۆمان بێت، ئاینشتاین مرۆڤێکی یەکجار هێمن بووە کەچی لە سایەی ئەودا بۆمبی ئەتۆمی دروست کرا. ئەمەیە پلانی پشیلە.

## بەختت لە سایەی پشیلەدا

مشک لە سایەی پشیلە: هەریەک لە مشک و پشیلە کە باڵادەست بوو تۆڵەی خۆی لەوەی تر دەکاتەوە. کەواتە با لە ژێر پەردە و پەنا و بەوریایی بجووڵێتەوە چونکە پشیلە پێی رادەبوێرێت و رێگەی نادا. لە ئیشدا زۆر خراپە و لە ئەویندا پێشی لێ بەستراوە و کێشی چاوە جوانەکانی بەکەڵکی نایەت.

گامێش لە سایەی پشیلە: پشیلە نە پێشی لێ دەگرێت و نە رێگەی بۆ ئاواڵە دەکا چونکە گامێش لەخۆڕا ئیشکەر و کاسبە. واتە گامێش لێرەدا ئازادە، لە ئیشدا باشە بەڵام ئەرکەکانی زۆر دەبن. لە ئەویندا هەمان شت، گرینگ ئەوەیە کە بڕیار لە دەستە خۆیەتی.

پڵـینگ لە سـایەی پشـیلە: تەمـبـەڵە و پاڵ دەداتەوە، بەڵام پشـیلە زیانی پێ ناگـەیەنێ چونکە هەرنەبێ تێک دەگەن و بەرژەوەندییـەکی هاوبەشـیـان هەیە، جـا کـاتێکی هێـمنی بۆ دابین دەکـا بۆ ئەوەی پیـلان دابڕێژێ. ئینجـا لە کـۆتاییی قـۆناغـەکـەدا ئەوین چاوەڕێی دەکا وەک پاداشتێک بۆ نەکردنی ئاژاوە.

پشـیلە لە سـایەی پشـیلە: وەک پشـیلەی بەر ئاگـردێن کـە زسـتـانـان بەبێ ترس و خـەم رادەکـشێ ئەوهایە. رەنگە پایەی باش وەدەست بێنێت و تێکڕای ئیـشـەکـانی سـەردەگرن، هەروەها هاوڕێییـەکـانی تێی دەئاڵێن و شـتی لێ داوا دەکـەن. ئەویش ئیش بۆ هەندێکیان دەکا، بەڵام خۆی دەدزێتەوە تا خۆی لە ئەوینێک بئاڵێنێت.

ئەژدیـهـا لـە سـایەی پشـیلە: پشـیلە ڕێز لە ئەژدیهـا دەگـرێت و ئەگـەر بەدوژمنی نەزانێ ڕێگەی بۆ دەکاتەوە، ئەوسا ئەویش دەزانێ چۆن بیقۆزێتەوە. لە ئیشدا سەرکەوتن و ناوبانگ و ستـایشی بەر دەکەوێت و لە ئەویندا عـاشق دەبێ بەڵام خۆی تووشی مارەیی ناکا بگرە بڕیاری دوا دەخا.

مار لە سایەی پشیلە: پشیلە مار هان دەدات بەرەو بیرکردنەوە و داتاشینی پلانەکانی بۆ پاشـەڕۆژ. هەروەها لە سـایەی پشـیلەدا مـار لە پێش ئاوێنە خۆی دەڕازێنێتـەوە و تریسکەی دڵداری لە چاوەکانی ڕا دیارە.

ئەسپ لە سـایەی پشـیلە: هەردووک باوەڕیان بەپارە و کـەسـابەت هەیە بۆیە لە ئیش و کۆمـەڵایەتیدا سـەرکەوتن و شـادییە بۆ ئەسپ. لە ئیشـدا بەپەلە سەردەکـەوێت و رەنگە روو بکاتە مـەیدانەکـانی رامیـاری و راوێژکـاری. هەروەها نـوقـمی دەریای ئەوینیش دەبێت و نایەوێ کەس لەو دەریایەی دەر بکات.

بزن لە سـایەی پشیلە: بەخـتێکی یەکـاو یەک. بزن زیانـەکانی رابردوو پڕ دەکـاتەوە و لە قـەپێلکی تەنیـایی دەرباز دەبێت و بەرەو درەوشـانەوەو بەرچاوبوون. لە ئیـشـدا خۆشەویست دەبێ، ئەرک و بەرپرسیـەتی پێ دەسپـێرن تەنانەت ئاگای لە ئەوینیش نامێنێ چونکە لە هەموو لایەکەوە بۆی دەبارێ.

مەیموون لە سایەی پشیلە: لە چاو قۆناغەکەی پێشوو دەبێ هەندێک جیدیتر بێ چونکە پشیلە حەز لە هەرا ناکات و ئەویش وەک مەیموون فێڵبازە. کەواتە ئێستا کاتی چەپڵە و هەلهەلە نییە بگرە ئەویش دێتە مەیدان. لە ئیشدا دەبێ جێگەی خۆی بکاتەوە و شوێن دەستی دیار بێ ئەوسا دەبینێ چۆن بڕیارەکانی دێتە دی تەنانەت ڕێگەی ئەوینی بۆ دەکرێتەوە کە بەئارەزووی خۆی هەستەکانی دەربڕێ.

کەڵەباب لە سایەی پشیلە: هێشتا ئامادە نییە و هەر وریایە و خۆی بۆ کاتی پێویست و قۆناغی ئایندە ئامادە دەکات. لە ئیشدا خۆ هێمن دەکاتەوە و لە ئەوینیشدا تەنیا دڵداری و پێوەندیی کورت خایەن دەکات و دەفتەری یادگارییەکانی هەڵدەداتەوە؛ نەک ئەوینێکی ڕاستەقینە.

سەگ لە سایەی پشیلە: پشیلە ئاسوودەیی و ئارامی بۆ سەگ دێنێت و چ لە ئیش چ لە ئەوین هانی دەدا کە گورجتر بێ. کەواتە لە ئیشدا شادە و لەوە باشتر چی؟ لە ئەوینیشدا دەبینێ چۆن پشیلە سەمای شادی بۆ دەکا.

بەراز لە سایەی پشیلە: هەندێک سەرچاوە رایەکی ڕەشبینیان هەیە، بەڵام ئەزموونەکان و تێکرای ڕاستییەکان دیاری دەخەن کە "پشیلە و بزن و بەراز" یەک تیپن. بۆیە، باوەڕ دەکرێ ئەگەر بەراز بەمیانگیری بوەستێت و خۆ لە هەموو کارێک هەڵنەقورتێنێ ئەوسا لە سایەی پشیلەدا بەختێکی زۆر باشی دەبێت چونکە هەردووک مەراقیان لە پارە و پایە و ژیانی نەرمدایە. لە ئیشدا تاوانباری دەکەن بەڵام ڕەوشتە ڕاستگۆیانەکەی بەهانای دێت و لە ئەویندا کێشی زۆرە بەڵام تێ ناکەوێ، شادمانییەکی مسۆگەری بەدوادا دێ.

# ئەوین و پێوەندی

## پیاوی پشیلە

کەمێک بەپیاوەکانی پڵینگ دەچن، چونکە پشیلەکانیش خەون و نیازی خۆیان هەیە و ئەگەر یەکیان بەدی هێنا یەکسەر بۆ یەکی تر دەچن بەڵام بەبێ سەرەڕۆیی و هەرا، پاشان بەپارە و دەستکەوت ناشێوێن. هەروەها دەمارێکی کۆنەپەرستانەیان تێدایە وایان لێ دەکا جلوبەرگی سەیر نەپۆشن و خۆ دیار نەخەن، جا سەیر نییە ئەگەر ملیۆنێرەکەیان جلێکی زۆر ئاسایی لەبەر بکا.. پابەندی خزم و کۆنە برادەریان دەبن. واتە ئەگەر تۆ بۆ ١٠ ساڵ برادەری پشیلەیەک بووبی نرخ و پایەت لەو کەسە باشتریت کە ٥ ساڵ برادەری بووە. کەواتە ئەگەر برادەرێکی لەتۆ کۆنتر پەیدا بوو ئەوسا ئەو رەپێش دەخرێت. بە واتایەکی دیکە، پشیلە لە هەموو کەسێک سوورترن لەسەر پێڕەوکردنی ئەو یاسایە عەشایەرییە کە دەڵێ "ئامۆزا پێش بنئامۆزا و برا پێش ئامۆزا و ئینجا خۆم پێش براکەم".

لە ئەویندا مەراقیان ئەوەیە هەموو شتێک بەئارامی بەڕێوە بچێ، دەیانەوێ ئافرەتێکی هونەردۆست بدۆزنەوە کە هەندێک چێژی شیرین و نەخشی رەنگاوڕەنگ بخاتە رۆتینی ژیانیان ئەوسا دەبن بەمێردی دڵنەرم و ڕووخۆش، بەڵام سەربەخۆیی خۆیان دەپارێزن و هەندێک حەز لە تەنیایی دەکەن. کەواتە دەبێ ژنەکە وا نەزانێ کە ئەم رەوشتە جۆرەکە لە ساردی و بێ باکی.

## ئافرەتی پشیلە

پشیلە بورجێکی مێیە، واتە ئەگەر هەندێک لە رەوشتەکانی لە پیاوان نەیەت، بۆ ئافرەتکان دەبێتە مایەی کەسایەتی و پایە و دەسەڵاتێکی (مێیانە). بۆیە ئافرەتەکانی پشیلە کێش و کەسایەتییەک و دەسەڵاتێکی تایبەتییان هەیە، بەرەفتاری ورد و بەشێوازی دەربڕین و بەیارمەتی و بارسووکیکردن خۆیان دەخەنە بەر دڵان. دەیانەوێ چاوتێر بن و دووچاری دەستی کەس نەبن. ژمارەی هاوڕێکانیان زۆر نییە چونکە وەکو هەر پشیلەیەک سنوور بۆ پێوەندییەکانیان دەکێشن، ئەم رەوشتە دەبێتە مایەی ڕێز و قورسایی بۆیان.

له ئیش و کاری دەرەوەی ماڵدا کارزان و ڕێکوپێکن. بەرەڵلایی و جموجۆڵی نابەجێ دوژمنی هەرە گەورەیانە و ڕێ بەهیچ جۆرێک بەرەڵلایی و ناڕێکی نادەن و ئەگەر هەر جۆرێک بەرەڵلایی ڕوو بدا یەکسەر پشت لە ئیشەکان دەکەن و ئۆباڵەکان بەئەستۆی خەڵکی دیکە دادەدەن و هەرچی دەبێ با ببێ.

لە ئەویندا زۆر وریان، ئامادەن کە بۆ ماوەیەک دوورودرێژ بەتەنیا بژین تا بەو پیاوە دەگەن کە شایستەی دڵ و ئەوینیان بێ. مەرجی سەرەکیشیان ئەوەیە کە پیاوەکە ئاسوودەیی و ئارامییان بۆ دابین بکات لەگەڵ هەندێک ڕەنگاوڕەنگی و هەستی گەرم و دڵی نەرم. کەواتە حەز لە رابواردن و پێوەندی و ئەزموونی کورت خایەن ناکەن، بگرە یەک پێوەندی هەمیشەیی بەباشتر دەزانن. هەروەها وەکو هاوسەر، ئەمانە ژنی ڕووخۆشن و کەشێکی پڕ لە هێمناتی و حەسانەوە بۆ مێردەکانیان دابین دەکەن، ئەگەر لەبەر هیچ نەبێ لەبەرئەوەیە کە حەز لە رقایەتی و دەمەقاڵی ناکەن.

## پیاوی پشیلە لەگەڵ . . .

ئافرەتی مشک: ئافرەتی مشک دەبێتە قۆچی قوربان بۆ فێڵەکانی پیاوی پشیلە چونکە کابرا ئافرەتێکی ئەوهای گەرەکە کە تێی بگات نەک هەر لەگەڵیدا بژیێت و بەس ئیتر زۆر ئاسانە کە تەپکە بۆ مشک دابنێتەوە و مشکیش، ماشەڵلا، کە هەندە تیژڕۆیە زوو پێوە دەبێ.

ئافرەتی گامێش: ڕەنگە تێک بگەن و هاو باوەڕ بن بەڵام پێوەندییەکەیان هەندە گەرم نابێ چونکە ژیان هەر ئیش و ماڵ و پارە نییە بگرە هەردووک پێویستییان بەبورجێکی وایە کە کەلێنە دەروونییەکانیان پڕ بکاتەوە.

ئافرەتی پڵینگ: نە دەگونجێن و نە ڕێک دەکەون. ئەوەش پێوەندییەکە ئاڵۆز دەکات، بەڵام ئەگەر بورجی مانگانەیان ڕێک بێت ئەوسا مەگەر هەندێک ڕێی بچێتێ.

ئافرەتی پشیلە: ڕێک دەکەون و هەردووکیان حەز لە ژیانی نەرم و خۆشگوزەرانی دەکەن. بەڵام با هەرکەس سنووری خۆی بزانێ. ئەوسا تووشی هیچ جۆرێک ئاڵۆزی نابن.

ئافرەتی ئەژدیها: شانازی بەو ئافرەتەوە دەکات و مەراقیەتی کە بۆی ببێ بەڵام ئایا ئافرەتەکە پێی ڕازییە؟ بەڕاستی مەگەر ئافرەتەکە کەمێک دابنێت و لەخۆ

ببووریت ئەوسا دەبێتە پێوەندییەکی سەرکەوتوو و چەسپاو.

ئافرەتی مار: بەرێزترین و خۆشەویستترین هاورێیە بۆ پیاوی پشیلە، ئەگەر بریار بدەن کە هاورێیاتی پێرەو بکەن لەباتی دڵداری ئەوە باشە، دەنا ئەوین و مارەیی مەسەلەیەکی جودایە و پێویست بەهاندەری تر دەکەن وەکو گونجانی بورجی مانگانەی هەردووکیان یاخۆ هەڵکەوتەیەکی کۆمەلایەتیی ئەوها کە هاندەر بێ بۆ مارەیی.

ئافرەتی ئەسپ: هەمان حاڵەتی ئافرەتی مارە، بەلام لێرەدا دڵسۆزیشی تێدایە.

ئافرەتی بزن: پێوەندییەکی زۆر زۆر باشە. دەگونجێن و رێک دەکەون و پیرۆزیان بێ.

ئافرەتی مەیموون: هەردووک نەرمن و حەزیان لە رابواردنە. کابرا ناوبانگ بۆ ئافرەتەکە پەیدا دەکات و ئەزموونێکی شیرین بەسەر دەبەن، بەلام پێوەندییەکە تا سەر نییە.

ئافرەتی کەڵەباب: رێک ناکەون، چونکە هەر کەس ئاگای تەنیا لە خۆی دەبێ نەک لەوەی دیکە.

ئافرەتی سەگ: کێ باوەر دەکا کە سەگ و پشیلە بگونجێن؟ بەڵێ، نەک هەر دەگونجێن بگرە ئەوینداریش دەبن. لە سەرەتادا هەندێک تێک نەگەیشتنیان دێتە پێش بەلام کە لەو قۆناغە رەت بوون ئەوسا OK.

ئافرەتی بەراز: خانمی زیرەک و رووخۆش لەگەڵ کابرای خاوەن چێژ پێکەوە شاد دەبن.



## ئەژدیها

١٨٠٨
١٨٢٠
١٨٣٢
١٨٤٤
١٨٥٦
١٨٦٨
١٨٨٠
١٨٩٢
١٩٠٤
١٩١٦
١٩٢٨
١٩٤٠
١٩٥٢
١٩٦٤
١٩٧٦
١٩٨٨
٢٠٠٠
٢٠١٢
٢٠٢٤
٢٠٣٦

ئالّ پەچینۆ، ئەمین زەکی بەگ، ئیبن سینا ، ئوم کەلسووم، ئەنوەر وەجدی، ئەیمەن نوور، بولەند ئەرسۆی، بێرنارد شۆ، جان دارک، جۆزێف برۆز تیتۆ، جۆن لێنۆن، جابر ئەحمەد سەباح، جان جاک رۆسۆ، جیمی کۆنەرز، حوسنی موبارەک، دیانا حەداد، رۆناڵدۆ، راسپۆتین، رەسڵ کرۆ، ڕەسوڵ گەردی، ڕەشید عالی گەیلانی، سالڤادۆر دالی، سەعید قەزاز، شێرکۆ بێکەس، شیریهان، کەریم شارەزا، گیڤارا، ڤلادیمێر پووتن، عادل ئیمام، عیزەدین مەلا فەندی، عودەی سەدام حوسێن، فرۆید، فرانسوا مێتێران، فرانسیس کریک، فرانکۆ، فریدریکی دووەم، کاوە ئەحمەد میرزا، ئیمپراتۆر کۆنستانتین، کۆسرەت رەسوول، گیڤارا، مارتن شین، مەریەم خان، مستەفا پاشا یامولکی، موهەند یەحیا، موسا سەدر، ناپلیۆنی سێیەم، نیتشە، یونس دلّدار.

# ڕەوشتی گشتی

چینییەکان بایەخێکی گەورە بەئەژدیها دەدەن هەم وەکو بورجێک، هەم وەکو واتایەکی ئەفسانەیی و تێگەیشتەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەڕادەیەک کە بووەتە بەشێک لە شناسنامەی چینییەکان و وێنە و پەیکەری ئەژدیها لەسەر دار و بەردی چینییەکان دانراوە. بەم پێیە دەبایە زادەکانی ساڵی ئەژدیها هەموو (سووپەرمان) بن کەچی کە تەماشایان دەکەین دەبینین وا نییە. ئایا مەسەلە چییە؟. لە وەڵامدا دەڵێم مەسەلە بریتییە لە دوو خاڵ. یەکەم ئەوەیە کە ئەژدیها دەسەڵاتیان دەبێ بەپێچەوانەی زۆربەی بورجەکانی دیکە ستەم ناکەن بگرە نەرمتر دەبن. خاڵی دووەم ئەوەیە کە حەز لە (حەسم) و براندنەوەی کاری شلۆک و کێشەی درێژخایەن دەکەن "بەبوون و بەنەبوون".

با وێنەی کوڕی پێنجەم بخەینە بەر چاومان. کە دەبینێ برای چوارەم (پشیلە) ئەوها ترساوە، ئەم کوڕە مەراقێک دەگرێت کە هەرچی پێشنیاز و پلان هەیە بەرەوڕووی براگەورەکانی بکاتەوە بۆ ئەوەی هەموو بگەنە یەک بڕیار. ئەگەر هەرکەس ئەرک و مافی خۆی بزانێ ئەوسا دەسەڵاتێکی سروشتی و بێ خۆسەپاندن پەیدا دەکات و شادمانی بەسەر ژیانی خۆی و ئەو برایانەدا دەهێنێ. ئەگەرنا، ئەوسا لە هەمووان خۆپەرستتر و چیرەدرێژتر و بێ باکتر دەبێت.

بەم کورتە باسە بنەما سەرەکییەکانی بورجی ئەژدیهامان بۆ دەرکەوت کە بریتین لە دادپەروەری و دەسەڵات و براندنەوەی کاری نیوەچڵ. ئەژدیها حەزیان لە دەسەڵاتە، بەڵام نەک بەمەبەستی "یان خۆم یان کەس" بگرە دایەلۆگێکی ئاسایی پێڕەو دەکەن و ئەنجامی کۆتایی دەکەنە پێوەر. واتە دەتوانین بڵێین کە بەزگماکی باوەڕیان بەدیموکراسیەت هەیە، نەک لەسەر ئاستی دەوڵەتێک بگرە بەگوێرەی ڕای دەوروبەر دەجووڵێنەوە. لە کاتی تەنگانەدا ڕەنگە هەندی پشیلە بشێوێن، بەڵام ئەوەیە کە فریای خۆیان دەکەن و بەگوێرەی باری نوێ ساز دەبنەوە و دیسان هەڵدەستنەوە بۆ بەگژداچوونەوە. فەرماندەر و خاوەن دەسەڵاتن، بەڵام نەک بە خۆ سەپاندن بگرە ئەوەیە کە گونجاوترین چارەسازی دەدۆزنەوە و خەڵکیش بەرەو ئەرک و کارە پێویستەکان بەگەڕ دێنن و ئەگەر کار بگاتە دەماران دەستی پۆلایین دەوەشێنن بۆ براندنەوەی کاری نیوەچڵ. هەرچەند دەسەڵاتیان گەورەتر بێت

دادپەروەر و دڵنەرمتر دەبن، ئەوساش لە سایەیاندا هەست بەئاسوودەیی دەکەیت و بۆیان دەسەلمێنی کە شایستەی ئەو دەسەڵاتەن. دەنا ئەگەر رقایەتی لەگەڵ ئەژدیهایەکدا بکەیت، ئەوسا هەموو رێگەیەک دەگرێتە بەر تا دەستی خۆت بەو جێ برینە دەنێتەوە کە خۆت دروستت کردووە. واتە هەڵەکانی خۆت پێشان دەداتەوە. جا شێوازی بەدیهێنانی ئەم سیاسەتە ڕەنگە بەعەقڵ و ژیری بێت یان ڕەنگە بەوپەڕی چیرەدرێژی و چاوقایمی بێت، گرینگ ئەوەیە کەوات لێ دەکات هەڵەی خۆت ببینی ئیتر یان ئەوەتا هەست بە لاوازی دەکەی، یان ئەوەتا دووهەندە رقت لێی دەبێتەوە. واتە مەسەلەی دەسەڵاتی ئەژدیها شتێکی ئاسان نییە و تەنیا بەپێکهاتن و هۆشیاری دێتە کا.

## دوازده جۆر ئەژدیها



## ئەژدیها- کاوڕ



ئەژدیهای شادیخواز و کاوڕی خوێنگەرم تێکۆشەرێکی ئارەزوو و شادمانی دروست دەکەن کە ڕێکاوڕێک بۆ مەیلی دڵی خۆی و دەوروبەر دەڕوات. ئەم ئەژدیهایە لە هەموو ئەژدیهایەک تەنکترە کەچی لە هەمووان تیژتر دەڕوات و چاکە و خراپەش بەئاشکرایی و بەبێ خۆ شێواندن ئەنجام دەدا. بەڵێ پەرۆشی بۆ ڕاستی و چاکە هەیە بەڵام هێزە زگماکییەکانی پاڵی دەدەن ڕاستەوخۆ بەرەو شوێنی مەبەست. مرۆڤێکی نەبەزە، کۆڵ نادات و داناهێنێ مەگەر بۆ ئەوین کە لەوێدا سەری پێوە نییە، دەنا داهێنانی نییە. زوو هەڵدەچێت و ڕەنگە ڕەفتاری بێ منەتانە و لووتبەرزانەش بنوێنێت و ڕقی خەڵکی بکاتەوە. بۆیە دەبێ هەمیشە خۆ کۆنترۆڵ بکات و چاوی بەپارە و ناوبانگ هەڵنەفرێ.

کار و کاریر: خەون و ئارەزوویەکی بێ سنووری هەیە وێڕای وزە و توانایەکی باش. زۆربەیان ڕوو لە کۆلیجی هەرە باش و هەرە سەخت دەکەن بۆ ئەوەی (چەورترین) کاریر دابین بکەن. کەواتە بێ لە (دکتۆر و موهەندیس) کە بوونەتە بنێشتی سەر زاران، ئەم بورجە دەتوانێ کاریری نائاسایی بگرێتە بەر وەکو نووسەر، بێژەر، پەیامنێر و زۆر کاریری نائاسایی.

گونجان: جمک و شێرەکانی ساڵی مەیموون و مشک، هەروەها بورجی مەیموون- سەتڵ و مشک- تیرەنداز، ئەوانە هەموویان زۆر باشن.. ئەوەی کە پێویستە لێیان دوور بێت بریتین لە قرژاڵ و گیسکی گامێش، وێڕای قرژاڵ و تەرازووی ساڵی سەگ، ئەوانە کەڵکیان بۆی نییە.

ناودارەکان: ناپلیۆنی سێیەم، ڕەسڵ کرۆ، *ڕەسووڵ گەردی.*



## ئەژدیها - گا



ڕاستگۆ و هێمنه و له ئەتیکێت دەزانێ، له دەربڕیندا وا قسه دەکا وەک بلێی هەموو دەزانن که قسەی وی ڕاسته. دیاردەی سەرەکی ئەم بورجه ئەوەیه که ژیانی بریتییه له دوو قۆناغی سەرەکی. له هەرزەکاریدا ڕێگەی زۆر ترسناک دەگرێته بەر که هەرگیز بەڕەوشتی بورجه خاکییەکان ناچێ، تەنانەت له مەسەلەی خۆ هەڵکوتان و بێ منەتبوون ئەمیان بورجی پێشوو (ئەژدیها- کاوڕ) تیژتر دەبێ. بەڵام له قۆناغی پاش گەنجی وەک بلێی قاڵبێکی جودا دەبەستێت و ڕێبازی دەگۆڕێ بۆ قورسی و قۆستنەوەی دەرفەت و پێهەڵگەڕان و هاوبەشیکردن لەگەڵ کەسانی شارەزادا. ئیتر تا ئەم وەرگەڕانه درەنگتر و نەرمتر ڕوو بدا باشتره، چونکه ڕادەی ڕەنگاوڕەنگیی ژیانی کەم ناکاتەوە و ئەو گەشایی و توانایه گەورانەی وی کز نابنەوە.

کار و کاریر: له ئیشدا حەز دەکا بڕیاری کۆتایی له دەست خۆیدا بێ. له هونەر و موزیکدا کارزانییەکیی مسۆگەری هەیه وێڕای سروشتزانی و دەروونزانی، هەروەها له بازرگانی و بەڕێوەبەرایەتیدا له هیچی کەم نییه.

گونجان: با ڕوو بکاته قرژاڵ و ڕەبەن و گیسکەکانی ساڵی مشک و مەیموون که له هەموویان باشترن بۆ وی. هەمانه مار- ڕەبەن وێڕای نەهەنگەکانی ساڵی کەڵەباب و مشک و مەیموون، ئەوانەش له هیچیان کەم نییه. بەپێچەوانەش با له شێر و دووپشکی ساڵی گامێش و سەگ دوور بێت و بەهیچ شێوەیەک تووشی سەتڵی ساڵی گامێش و ئەژدیها نەبێ.

ناودارەکان: ‹عادل ئیمام، ‹ئاڵ پەچینۆ، ئوم کەلسووم، *مەریەم خان*، شێرکۆ بێکەس، فرۆید، سالڤادۆر دالی، حوسنی موبارەک.



## ئەژدیها- جمک



ئەژدیهای شادیخواز لەگەڵ جمکی زیندوودا تێکەڵە ڕەوشتێکی گەش و بەرچاو دروست دەکەن. ئەگەرچی دەتوانی بەتەنیا بیر بکاتەوە و بڕیار بدا و باوەڕی بەخۆی زۆرە، بەڵام باوەڕی بەهاوبەشی و کاری گشتییە نەک تاکڕەوی. یەکجار هەستیاریشە جا دەبێ لەگەڵیدا زۆر ڕاستگۆ بن و بزانن کە بەڵێنی خاترانە نەدەن دەنا ئەگەر مەسەلە زمانلووسییە کەس وەک وی زمانلووس نییە و هەر نشوستهێنانێکی بچووک (مادی و دەروونی) کاری گەورەی تێ دەکات. ئەوسا ڕەنگە هەموو دەوروبەری خۆی لەسەر ئەو نارێکییە بهەژێنێ.

کار و کاریر: تێکۆشانێکی سەیری هەیە بۆ کاری زل و بیرۆکەی درەوشاوە کەچی هێشتا ئەنجام نەدراوە ئەو پەلەیەتی بۆ کارێکی تازەتر و داوا لە کەسێکی دیکە دەکا بۆی تەواو بکەن. کەواتە باشترین کەسە بۆ بیرکردنەوە لە پلانی باش، ئینجا بۆ دۆزینەوە و دانانی کەسانی پێویست لە شوێنی پێویستدا.

گونجان: لە هەموو بوارێکدا کراوە و مۆدێرنە کەچی سەیرت پێ دێ چۆن لە ئەویندا داوای پابەندییەکی تەواو لە هاوسەری خۆی دەکات. بۆ گونجانی هەرە باش لە ئەوین و لە برادەرایەتیدا هەمانە کاوڕەکانی مشک و مەیموون و بەراز، هەروەها شێرەکانی مشک و پڵینگ و مەیموون، ئەوانە وێڕای تەرازووەکانی مشک و مەیموون لەگەڵ سەتڵەکانی ساڵی مشک، هیچیان لە هیچی کەم نییە. بەپێچەوانەش، با تووشی گامێش- ڕەبەن نەبێ، لەگەل دووپشک و تیرەندازی سالی بەراز و سەگ.

ناودارەکان: ‹جۆزێف برۆز تیتۆ، بولەند ئەرسۆی، موهەنەد یەحیا، عودەی سەدام حوسێن›.



## ئەژدیها- قرژاڵ



دیمەنێکی ساکار و دڵێکی گەورە و دەستێکی بەخشندە و دەریایەک هەست و بەزەیی لێرەدا کۆ بووتەوە. رق و قین نازانێ، ئاکار و تەلەسمێکی گەنجانە "ئەگەر نەڵێین منداڵانە"ی هەیە دەیخاتە سەر خەڵک و بەشێوازێکی کاریگەر مافی خۆی دەوروبەری خۆی وەر دەگرێ. لە وەڵاشەکانی تەمبەڵترە، بەڵام توانایەکی یەکاو یەکی هەیە بۆ چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئیش، هاوسەر، برادەر، هاوبەش، سەیارە و... هەر شتێک و هەر ریبازێک. هەروەها توانای رابەرایەتیشی هەیە. هەندە پۆشتە نییە و خۆی هەندە نارازێنێتەوە، بەڵام ئاکار و رەفتارە منداڵانەکەی و هەستە هەڵڕژاوەکانی وی بای تواندنەوەی هەموو بەستەڵەکێکی پێوەندییەکانیەتی.

کار و کاریر: و بۆ رامیاری، ئابووری، بژار، زانستی گشتی باشە بەمەرجێک کە پایەیەکی زانستی "ئەکادیمی یاخۆ رۆشنبیری" یان جۆرێک شارەزایی و پسپۆڕی لە بوارێکدا فێر بێ.

گونجان: ئەوینێکی ئارامی گەرەکە و باوەڕی وایە کە ژیانی هاوسەری وەک دامەزراندی بنکەیەکە بۆ ئەوەی بپەرژێتە مەیدانەکانی دیکەی ژیان. کەواتە با روو بکاتە گا و دووپشک و نەهەنگیساڵی مەیمون، ئینجا دووپشک و نەهەنگی ساڵی مشک و ماریش، ئەوانە لە هیچیان کەم نییە. گایەکانی ساڵی کەڵەباب و بەرازیش بۆی باشن، بەڵام با لە کاوڕ و تەرازوو و گیسکی ساڵی سەگ وریا بێت و با تووشی گیسک و تەرازووی ساڵی گامێشیش نەبێ ئینجا بەهیچ شێوەیەک خۆی لە کاوڕی ساڵی پشیلە نەبێت.

ناودارەکان: جان جاک رۆسۆ، جابر ئەحمەد سەباح.



## ئەژدیها - شێر



هەردووکیـان بورجی پێنجەمن، ئەژدیها دەسەڵات لە شادی وەردەگریت شێر شادی لە دەسەڵات وەردەگرێت، واتە بەخۆشی بێ یان بەناخۆشی، ئەم بورجە شادمانی دادەهێنێ. وەکو "ئەژدیها- کاوڕ" درێغی بۆ مەیلەکانی خۆی ناکات و دەیەوێ ژیان پڕ بێ لە گەشانەوە، بەڵام ئەمەیان خۆی کۆنترۆڵ دەکات و حەزی لە بەرەنگارییە بۆ داد و یەکسانی، تەنانەت فەیلەسووفێکی هەناسەدرێژ خۆی لەو مرۆڤەدا شاردووەتەوە. کەسایەتییەکی بەهێزی هەیە و دەتوانێ چەندین کار لە یەک کاتدا هەڵسووڕێنێت و دەوروبەری خۆی بدرەوشێنێتەوە. بەڵام درەوشانەوەی وی تەنیا لە کاتی سەردەستەییدا دەبێت، واتە ئەگەر مات بوو ئیتر بزانن کە هەستی بەژێردەستیی کردووە.

کار و کاریر: بەهرەی بۆ هەموو کارێکی هەڵبژاردە هەیە و گومان نییە کە لە هەموو بوارێکدا سەرکەوتوو دەبێ. گرینگ ئەوەیە کە تواناکانی بۆ یەک کاریر تەرخان بکات.

گونجان: ئەوین و هاوڕێیاتی ئاوی ژیانیەتی، کەواتە با روو بکاتە کاوڕ و جمک و تەرازوو و تیرەنداز و گیسکەکان هەموو بۆی دەگونجێن. سەبارەت بەمار با کاوڕ و جمک گیسکەکان هەڵبژێرێت و، سەبارەت بەمەیموون و مشک، با کاوڕ تەرازوو و تیرەندازەکانیان هەڵبژێرێ، تێکڕای ئەوان یەکاو یەکن وێڕای کەڵەباب- ترەنداز کە لەگەڵی دەگونجێ. بەڵام با خۆی لە گا و دووپشک و سەتڵەکانی ساڵی گامێش و سەگ نەدات.

ناودارەکان: ‹بێرنارد شۆ، ‹فرانسیس کریک، کاوە ئەحمەد میرزا، مارتن شین، نووسەر›.



## ئەژدیها - ڕەبەن



هێزێکی یەکجار گەورە خۆی لە ژێر پەردەیەکی تەنکی شەرم و زمانپارێزیدا شاردۆتەوە. ڕاستگۆیە و، خۆ هەڵناقورتێنێ، بەڵام رقی لە درۆیە و پێی هەڵدەچێ، بیرێکی زۆر تیژیشی هەیە کە یەک قسەی لە یاد ناچێ، بۆیە خۆی تێ دەکات و لە روت دەداتەوە و رەنگە بریندارت بکا. توانایەکی زگماکی هەیە بۆ لاساکرنەوە و خۆ نواندن بەگوێرەی کەشی دەوروبەر و، ئەگەر پێویست بەئەتیکێت بکات؟ ئەوە ئەتیکێت. ئەگەر نوکتەبازی؟ هەزار نوکتە، گرینگ ئەوەیە کە دڵی باشە و ئەگەر بەڵێنێک بدا ئیتر تەواو. دەشزانێ بەدەنگ هاتن و بێدەنگ بوون چ کاتێکیان هەیە. هەروەها ڕاستبینە و دوای خەیاڵی پەمەیی ناکەوێ، بۆیەش لەمەڕ بەسەرهات و هەڵوێستی سەختدا تاسانی نییە وەک بڵێی پێشەکی ئەم بەسەرهاتانەی لە بەرچاو گرتبوو.

کار و کاریر: لە هەموو ئەژدیهاکان توانای زۆرترە بۆ فەرمانبەرایەتی و کاری ڕۆتینی و خۆی تێدا دەتوێنێتەوە و پێ هەڵدەگەڕێ.

گونجان: با روو بکاتە مشکەکان بەتایبەتیش مانگی گا و دووپشک، ئەوانە پێش هەموو کەسێک دێن، ئینجا کەڵەباب و مەیموونەکانی مانگی گا و قرژاڵ لەگەڵ مەیموون- گیسک دێن، هەروەها مار- دووپشک سەرنجی رادەکێشن. کەواتە ئەمەش هەر باشە، بەڵام با تووشی جمک و تیرەندازەکانیساڵی سەگ و بەراز و گامێش نەبێ وێڕای نەهەنگەکانی ساڵی سەگ و گامێش، چونکە ئەوانە تەنیا لە سەرەتادا خۆشن و دواتر دەبنە ژانەسەر.

ناودارەکان: جیمی کۆنەرز، ڕۆناڵدۆ>.



## ئەژدیها - تەرازوو



هەردووک بورج هاوسەنگی دەخوازن، هەردووکیش توانای دەربڕینیان هەیە، سەیر نییە ئەگەر ئەم تێکەڵە بورجە مرۆڤێکی بەدەسەڵات و توانا دەربچوێنن. میوانداریکی باشە و لە ئەتەکێت دەزانێ. حەزی لە پێشبڕکە و خۆ سەلماندنە. خۆ هەڵکێشانی هەیە بای خۆی بەڵام بەجێ و ڕێ دەیکات و لە کاتی پێویستدا ئامادەیە هەندێک داهێنێت بای ئەوەی ئیشەکە پێک بێ.. مرۆڤێکی زیرەک و بەزبپک و دروستکەرە، شیتەڵکاریکی بێ وێنەیە و دەتوانێ دەست بگەیەنێتە ئامانج و چەپکە گوڵەکە بچنێ بەڵام نەک بەشێوازی "بیخۆ و بڕۆ" یان "لێدە و هەڵێ" چونکە ئەگەر بزانێ خەڵکانێک چاویان لە پارووییەتی ئەوسا چێژ لە سەرکەوتن و دەسکەوتەکانی خۆی وەرناگرێ.

کار و کاریر: بەزمانە شیرینەکەی خۆی بەردی ڕەق نەرم دەکات، کەواتە هەر لە مەیدانی سیاسەتەوە تا دەگاتە ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان، تا نووسین هونەر، بۆ ئەو جۆرە کارانە خولقاوە.

گونجان: پێش هەموو کەسێک با روو بکاتە مشکەکانی مانگی جمک و شێر و تیرەنداز و سەتڵ، هەروەها مەیموونەکانی جمک و شێر و سەتڵ، ئەوجار نۆرەی کەڵەبابەکانی مانگی شێر و تیرەنداز دێ، لە کۆتاییشدا مار- شێر، ئەوانەی پێشوو یەک لە دوای یەک زۆر باشن. با وریای پشیلە و سەگی کاوڕ و قرژاڵ و گیسک بێ و لەوانەش بەدتر بۆ وی گامێش- قرژاڵە با تووشی نەبێ.

ناودارەکان: ڤلادیمێر پووتن، جۆن لێنۆن، ئەنوەر وەجدی، ئەیمەن نوور، عێزەدین مەلا فەندی، دیانا حەداد، نیتشە>.



# ئەژدیها- دووپشک



ئەمەیان ترسناکترین و بەهێزترین ئەژدیهایە، لە سەرەوە زۆر هێمنە بەڵام لە ناخدا گڕکانێکی چالاکە. تاکە ئەژدیهایە کە لەسەر ئەوە ناوەستێ تا دوژمن دەستی دەوەشێنێ بگرە خۆی دەیوەشێنێ. جەنگاوەرێکی ترسناکە و دەیەوێ هەموو کارێکی نیوەچڵ ببڕێنێتەوە، واش وەکو هەر ئەژدیهایەک دەسەڵاتەکەی بۆ خودی دەسەڵات نییە بگرە بۆ کامەرانیی خۆی و ئەو خەڵکەی دەوروبەریەتی. لەگەڵ سیستەمی هاوچەرخ و ژیانی ناسک ناگونجێت چونکە دەیەوێ هەموو شتێک و هەموو کەسێک لە دەوروبەریدا بەهێز و رەگ ئەستوور بن. هەروەها خۆی تووشی ماڵ و ماڵداری یان بڵێین "سۆزدارییەکی قووڵ" ناکا تا ئامانجە سەرەکییەکانی دەهێنێتە دی جا ئەم شتە دواتر لێی دەبێتە بارگرانی و زۆر گرینگیشە لە منداڵییەوە فێر بکرێ کە "هەر خزم و کەسانی نزیک بەشەر نین" ئیتر ئەوانەی کە لەم خاڵە دەگەن هێزیان دەبێتە بناخەیەک بۆ ئارامیی شادمانی کۆمەڵگە.

کار و کاریر: بۆ سوپا و سەربازی و چالاکی گشتی هەروەها بۆ بەرهەڵستکاری سیاسی، ئینجا یاسا و کۆنترۆڵکردنی باری گشتی، بۆ ئەو جۆرە کاریرانە باشە.

گونجان: با روو بکاتە قرژاڵ و رەبەن و نەهەنگەکانی ساڵی گامێش و مەیموون، ئینجا هی ساڵی پڵینگ، ئەوانە هاونشینی سروشتییەکانیەتی. قرژاڵ و نەهەنگەکانی ساڵی مشک، و پاش ئەوانە قرژاڵ و رەبەنی ساڵی کەڵەباب دێن ئەوانەش زۆر باشن. بەڵام با خۆی لە شێر و سەتڵی ساڵی گامێش نەدا وێڕای گا و شێرەکانی ساڵی پشیلە. لە هەمووی بەدتر گا و شێر و سەتڵی ساڵی سەگن.

ناودارەکان: ‹پێلێ، ‹سەمیر جەعجەع، باکووری، فرانسوا مێتێران، کۆسرەت رەسوول، سوڵتان قابووس›.



## ئەژدیها- تیرئەنداز



باوەڕی بەخۆی زۆرە و ئەو گەشاییبەی کە هەیەتی یەکسەر سەرنجت رادەکێشێ بەڵام مەرج نییە زمانەکەی هەندەی دیمەنی سەرنج ڕاکێش بێ چونکە نموونەپەرستە و بەهێواشی خۆی قسە لە ڕووی هەموو کەسێک دەدات، واتە هەق و رەق. تاکڕەو نییە بەڵام توانای تاکڕەویکردنی تێدایە، واتە توانای بڕیاردانی هەیە بەڵام بەچاکە و ڕاستی نەک بۆ مەبەستێکی خۆپەرستانە. مۆدێرنە و یەکجار چاوکراوەیە. هاندەرێکیش لە نێو دەروونیدا خۆی حەشار داوە هەمیشە پێی دەڵێ: "*دەی، کاتی ئەوە هاتووە پێشدەستی بۆ فلان بابەت بکەیت*" جا ئەگەر دەربارەی ئەویندار نەبێ (کە مەسەلەیەکە تایبەتە بەخۆی) زۆربەی جار بۆ کارێکی گشتییە.

کار و کاریر: لەو کەسانەیە کە خەڵک لەخۆڕا دەیکەن بەسەرپشکی کاروبارەکان، ئیتر سەیر نییە ئەگەر هیچ کارێک نەکات لەخۆڕا بکرێ بەموختاری گەڕەکی خۆی یان خاوەن کۆمەڵەیەکی هاوکاری و شتی هەمەجۆر. هەروەها لە بواری پارێزەری و پۆلیس و زۆربەی بوارە گشتییەگان یەکاو یەکە.

گونجان: بازاڕی گەرمە، زۆربەی کاوڕ و شێر و تەرازوو و سەتڵەکان لەگەڵی دەگونجێن بەتایبەتیش کاوڕەکانی گامێش و پڵینگ و مەیموون و بەراز، شێرەکانی مشک و مەیموون و کەڵەباب، تەرازووی پڵینگ و مەیموون، سەتڵی مشک و مەیموون، ئیتر ئەوانە هەموویان OK. مەیلی هەندێک بورج دەکا وەکو جمک و رەبەن و نەهەنگیساڵی سەگ بەڵام با تووشیان نەبێ.

ناودارەکان: ‹برووس لی، ‹کارل بێنز، جەنەراڵ فرانکۆ، شیربهان، ئەحمەد بن بیللا.



## ئەژدیها - گیسک



بایەخ بەمەیلەکانی دڵ و دەروون و بەدیمەن و توێکڵ نادا و پەرۆشی هەرە گەورەی نێو دڵی بۆ خەڵکی بەستەزمان و بێ دەسەڵات تەرخان کردووە و ئەگەر رقی لە شتێک ببێتەوە رقی لە دەستکورتییە بۆ خۆی و بۆ خەڵک و خزم و خوێ، جا دەیەوێ شتێک ئەنجام بدا کەس پێش خۆی نەیکردبێ یا بەخەیاڵی کەسدا نەهاتبێ. خۆی وەکو هەر گیسکێک توانای دەربڕینی باش نییە بۆیە حەز لە هاوڕێیەتیی کەسانێک دەکا کە لەباتی وی قسەکان بکەن، بەڵام وەکو گیسکەکانی دیکە رق و کینە لە دڵی خۆیدا ناهێڵێتەوە، یان ئەوەتا هەڵیان دەڕێژێ و لە رووت دەداتەوە، یانیش ئەوەتا کە ئەسڵەن رق هەڵناگرێت.

کار و کاریر: ئیش و کار و گوزەران بەچەندین هەنگاو دەخاتە پێش ئەوین و رابواردن و، کەسیش هەندەی ئەم بورجە هەست بەکەموکورییەکانی خۆی ناکا. واتە خۆی بەخۆی دەبژێرێ، ئیتر لەمە باشتر چی؟

گونجان: مەیدانێکی ئاواڵەی لە پێشە. هەمانە مشکەکانی مانگی شێر و رەبەن و دووپشک و نەهەنگ. لە لایەکی دیکەوە هەمانە گا و شێرەکانی ساڵی پڵینگ، ئینجا کەڵەبابەکانی شێر و رەبەن و دووپشک و نەهەنگ و پاش ئەوانە هەمان تاقمە بورجی ساڵی مار دێن، هەروەها رەبەن و دووپشک و نەهەنگەکانی مەیموونیش زۆر باشن. ئەوانەی کە دەبێ لێیان وریا بێت بریتین لە سەگ و گامێشەکانی جمک و قرژاڵ وێڕای سەگ- تەرازوو، دەنا گرفتێکی ئەوتۆی نییە.

ناودارەکان: ‹حەزرەتی مەسیح، کەمال ئاتەتورک، گیڤارا، جان دارک، راسپۆتین، هێرمان گۆرینگ›، مارتن لووسەر کینگ›.



## ئەژدیها - سەتڵ



ئەگەر مرۆڤی باڵدار هەبێ ئەمەیانە، هەندە دەزانێت و هەندە ئاگای لە پانابیبیەکانە کە دەسەڵاتێکی بەرچاو فراوانی پێ دەبەخشێ وەک بلێیی لەسەر مانگەوە سەیری زەمین دەکات و هەموو پانابیبیەکان دەبینێ. نایەوێ خۆ لە کەس بخشێنێ چونکە حەزی لە پێشبڕکە و رقابەتی نییە. هەروەها بەهۆی کە پێشبینییەکانی یەکجار راستن ئیتر وەک بلێیی لە جیهانێکی دیکەدا دەژیێت، پیشەکی دەزانێ لە کوێ و لەگەڵ کێ بوەستێت بۆ دابینکردنی سەرکەوتن. واتە پێگەیشتن بۆ وی بریتییە لە یەک باڵەفڕە کە یەکسەر دەیگەیەنێتە لووتکەی ئامانج بەڵام ئەوسا بێزار دەبێ تا خەڵکەکە بەخۆ دەکەون و پێی رادەگەنەوە بەڕاستی چاوەڕێکردن و تەنیایی ناخۆشە. کەواتە لە نێوان توانای سەرکەوتن و پەرۆشی مرۆڤانەدا، لەسەر لوتکەی ئامانجدا نازانێ چ بکات.

کار و کاریر: یەکەمین و باشترین رێکخەری کار و پرۆژەکانە. ئەگەر رابەر و بەڕێوەبەر بێت یان سکرتێری رابەر و بەڕێوەبەرەکان، کارگێڕی و کارپوختی ئەم بورجە وەک چێک بەنکی سویسری وایە. هەروەها بۆ مەیدانەکانی دەروونزانی و ئەستێرەناسی و زانستی "دوورهاوێژ" و هونەری زێدە نەوژەن یەکاو یەکە.

گونجان: هاونشینی راستەقینە بریتین لە پلێنگەکانی کاوڕ و جمک، وێڕای مشکەکانی تەرازوو و تیرەنداز، و مەیموونەکانی جمک و تەرازوو و تیرەنداز، ئەوانە هەموویان یەکاو یەکن. هەمانە کەڵەباب- کاوڕیش باشە، بەڵام با تووشی سەگەکانی گا و شێر و دووپشک نەبێ وێڕای گایەکانی ساڵی مەیموون.

ناودارەکان: ‹فریدریکی دووەم، ‹ئیبن سینا، ئەلکسی کۆسیگن، د.شێرکۆ بابان، ماری مونیب، شەکیرا، لەیلا موراد›، سونگوڵ ئۆدان›، یونس دلدار›.



## ئەژدیها - نەهەنگ



خۆپەرستێکی نەرم و خوێن شیرنە، بەهرەکانی نەهەنگ لە سایەی ئەژدیهادا دەگەشێنەوە و بەختی دەبێ. چەندە خولیای جوانی و هەستی نەرمە، هەندەش خولیایی پایە و کەسایەتیی خۆیەتی. پایە و دیاربوونی پێ گرینگە بەڵام بایەخ بەدەسەڵات نادات چونکە لە پایەی خۆیەوە دەتوانێ لە دەسەڵاتدارەکان خۆشتر بژیێ. دادپەروەرە بەڵام ئەو مەراقانەی نەهەنگ کە دەیەوێ بسەلمێنێتەوە سەرکەوتن و پێشکەوتنێکی ئەنجام داوە، وای لێ دەکەن زۆر جار رێ بەخۆی بدا کە پارووێک لە خەڵکی دیکە زیاتر بخوات. واتە لەسەر خەڵکی دیکە ناوەستێ، بگرە بەخۆی دەڵێ: "خۆ ئەگەر زووتر قسەیان کردبایە پێیانم دەگوت چۆن بەئاسانی بگەن بەئامانج، بەڵام ئەگەر پرس نەکەن، کەواتە من بۆچی سەری خۆم بێشێنم؟"

کار و کاریر: حەزی لە رۆتین و وردەکارییەکان نییە بگرە رێنوێنی خۆی دەدا ئیتر خەڵکەکەش با بەئارەزووی خۆیان بکەن، ئەمەیە شێوازی وی.

گونجان: بەختەوەرە و با لەوانە سڵ نەکاتەوە، مەیموونەکانی گا و قرژاڵ و دووپشک و گیسک، هەروەها پڵینگەکانی گا و قرژاڵ و تەرازوو و دووپشک، هەروەها مارەکانی بورجی گا و دووپشک، هەروەها مشکەکانی دووپشک گیسک، مەیدانەکە لەسەر پشت ئاواڵە کراوە. بەڵام با لە پشیلەکانی جمک رەبەن وریا بێ، هەروەها خۆ لە سەگەکانی رەبەن و تیرەنداز نەدا وێرای رەبەن و تیرەندازەکانی ساڵی بەراز و گامێش، با تووشیان نەبێ.

ناودارەکان: ‹*ئیبن بەتوتە*، حوسێن فەهمی، چەک نۆریس، ئیمپراتۆر کۆنستانتین، کەریم شارەزا، ئەریل شارۆن، مەکسیم گۆرکی›، سەید دەرویش›.

## کە ئەژدیها باڵادەست دەبێت

گەردوونی چینی دەڵێ ئەژدیها پشتی هەر کەسێک دەگرێت کە بتوانێ کاری شلۆک و نیوەچڵ ببڕێتەوە بۆ ئەوەی ژیانێکی تێر و سەرکەوتوو و (بێ ژانەسەر) بۆ خەڵکەکە بهێنێتە کا. پلانەکانی پشیلە بەدەستێکی پۆڵایین جێبەجێ دەکرێن و ئەگەر باش بن یان خراپ، ئەژدیها خاترانەی نییە و چاو لە دووڕوویی ناپۆشێت و ئەگەر خەڵکەکە چاو لە دزینی دەنکە گەنمێک بپۆشن دوور نییە ئەژدیها ئاگر لە هەموو خەرمانەکە بەر بدات. کەواتە ژیان لە سایەی ئەژدیهادا بۆ ئەوە باشە کار بکەین و ئەرکی خۆمان بەجێ بگەیەنین ئەوجار خۆ ساز بکەین بۆ شادی و رابواردن و خۆشی، بەتایبەتیش بۆ قۆناغی پاش ئاژدیها کە پڕ دەبێ لە ئەوین و پارە.

سەبارەت بەباری سیاسی، ساڵەکانی ئەژدیها بەدوو شێواز خۆ دەنوێنن. ئەگەر بارێکی ئارام لە ئارادا بوو (بۆ نموونە ساڵانی ١٩٧٦ و ٢٠٠٠ لە عێراق) ئەژدیها هانی گۆڕانکاری نادات بگرە لایەنی سەرکەتوو دەگرێت بۆ ئەوەی درێژە بەشێوازی خۆی بدات. کەچی ئەگەر کێشەیەکی کۆن مابێتەوە (بۆ نموونە ١٩٤٠ لە ئەڵمانیا و ١٩٨٨ لە عێراق) شتێکی ئاساییە کە لە سایەی ئەژدیهادا بەخۆشی و ناخۆشی کۆتایی بێت. جا لەو حاڵەتانەدا دەبینین خەڵکەکە خەریکی جموجۆڵ و پێشڕەوی و تێکۆشانێکی پڕ لە رەنج دەبن، بەڵام شادمانی و حەسانەوە مسۆگەر دەکەن چونکە لایەنی بەزیویش هەر دەحەسێتەوە و هیچی تر بەدوای کڵاوێکی بابردوو ناکەوێ. با کورتە باسێکی "سیاسی- گەردوونزانی" بخەمە بەرچاوی خوێنەران.

ساڵی ١٩٨٨ بەتایبەتیش ٨-٨-١٩٨٨ گەورەترین دیاردە بۆ سروشتی ژیان لە سایەی ئەژدیهادا کە کۆتایی و براندنەوەی تێدا بوو بۆ یەکێک لە درێژترین و خوێناویترین جەنگەکانی سەدەی بیستەم، جەنگی عێراق- ئێران. ئەو جەنگە ئەسڵەن نەدەبایە روو بدات و کە رووشی دابوو، نەدەبایە لە چەند مانگێک پتر بخایەنێ. هەرچۆنێک بێ جەنگەکە بەزەبری کیمیاوی و مووشەک و بەخۆشی و ناخۆشی کۆتایی پێ هات و لایەنی سەرکەوتوو (کە بەڕای زۆربەی چاودێران عێراقەکەی سەدام دەگرێتەوە) شادی و گەشانەوەیەکی زۆر سەیری دیت. بەڵام وەک گەردوونی چینی رادەگەیەنێت دوور نییە

سەرکەوتنەکان خەیاڵی بن یان بلێین "سوود وەرنەگرتن لەو سەرکەوتنانە رەنگە دواتر – بەتایبەتیش لەساڵی ئەسپ و بزندا– سەراوژێر بێتەوە" و هەر ئەمەش رووی دا کە دواتر لە بورجی ئەسپ و بزن باس دەکرێ.

لە راستیدا حوکمی سەدام سێ ساڵی ئەژدیهای بەخۆوە دیت کە لە دوویاندا لەوپەڕی سەرکەوتوویيدا بوو (١٩٧٦ و ١٩٨٨) تەنانەت ساڵی ٢٠٠٠ یش بەئاسوودەیی بۆی چووە سەر جا خۆی و هەموو لایەنەکانی دەسەڵاتدار کە توانیبوویان ئاسوودەیی ناوچەکانیان رابگرن، تێکڕا قۆناغێکی ئارامیان لە حوکمدا بەسەر برد.

با باسی ئەورووپا بکەین کە لە ١٩٤٠ رەوشتی ئەژدیها بەزەقی دیار کەوت. چەندین ساڵ بوو باری ئەورووپا و بەتایبەتی ئەڵمانیا لە کولاندا بوو و ساڵێک پێشتر جەنگ لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیا بەفەرمی دژ بەئەڵمانیا جاڕ درابوو کەچی لەشکرەکان بەرانبەر یەک راسابوون و نە شەڕ بوو نە ئاشتی تا لە بەهاری ١٩٤٠ کە بەهەڵمەتێکی برووسکەیی تیپە پەنزەرەکانی ئەڵمان بە ٣ هەفتە تێکڕای بەلجیکا و هۆڵەندا و فەرەنسایان راماڵی و ١٪ زیانەکانی جەنگی جیهانی یەکەمی تێ نەچوو کە لە هەمان بەرەکاندا کران. لە راستیشدا تا ساڵی ئەژدیها بەسەر چوو شەڕێکی خوێناویی ئەوتۆ رووی نەدا. ئیتر وەک هەمیشە لایەنی سەرکەوتوو و لایەنی بەزیو هەردووک حەسانەوە. سەربازی ئەڵمان پاڵیان دایەوە وەک بلێی داخی ٢٥ ساڵی رابردوویان کردەوە. لەمەش گرینگتر ئەوەیە کە وڵاتە داگیرکراوەکان بەحوکمی داگیرکەر رازی بوون تەنانەت بەشێکی زۆریان بوون بەهاوبەش لەو حوکمە تازەدا و ئیتر ئەوانیش پاڵیان دایەوە. ئەمەیە سروشتی ساڵی ئەژدیها کە حەز لە ژانەسەر و کاری نیوەچڵ ناکا.

## بەختت لە سایەی ئەژدیهادا

مشک لە سایەی ئەژدیها: ئەژدیها باوەڕی بەتواناکانی مشک هەیە بۆیە پشتی دەگرێت و رێگەی سەرکەوتنی بۆ خۆش دەکا. جا ئەویش سوود لەوە وەردەگرێت و لە ئیشدا پێشکەوتنێکی نا ئاسایی دێنێتە دی. هەروەها لە سایەی ئەژدیها زۆربەی مشکەکان دەکەونە نێو چاڵی ئەوین، جا یان لێی دەرباز دەبن و یان ئەوەتا تێکەوتنێکی یەکجارییە.

گامێش لە سایەی ئەژدیها: گامێش تێ ناگا "دەسەلات لە پێناو شادی" واتە چی؟ ئیتر

سەری دەشێوێت و سەرکەوتنەکانی ئەژدیها بە شتی خەیاڵی دەزانێ. لە ئیشدا قازانج هەیە بەڵام پێی کەمە، جا روو دەکاتە ئەوین دەیەوێ کەسێک بدۆزێتەوە کە تێی بگا.

پڵینگ لە سایەی ئەژدیها: ژیر و زانا و خۆشەویست دەبێ. قۆناغی بەرهەم چنین و درەوشانەوەیە و ئافەریمی بەسەر دەبارێت، هەنگاوی تازەش دەهاوێ بەڵام با پرس بەئەژدیها بکات. لە ئەوینیشدا کاتی بڕیارە و باشتر ئەوەیە ئەژدیهایەک بۆ خۆی هەڵبژێرێت.

پشیلە لە سایەی ئەژدیها: دەسەڵاتی دادپەروەرانەی ئەژدیها پەسند دەکات و نایەوێ هیچی لێ بگۆڕێ. لە ئیشدا تێ دەکۆشێت و ئەرکەکانی بە دەستپاکییەوە ئەنجام دەدات و، سەبارەت بەئەوین لێرەدا دڵی ئارامە.

ئەژدیها لە سایەی ئەژدیها: شادە بەڵام قۆناغەکە ماندووبوونی تێدایە چونکە ئارەزووەکانی هەندە زۆرن نازانێ خەریکی کامەیان بێ. لە ئیشدا دەستێکی پۆڵاین دەوەشێنێ جا حەسوود لێ دەکەن و رێی دەگرن، بەڵام ئیش و رێگەی دیکە دەدۆزێتەوە و سەردەکەوێت. لە ئەوینیشدا هەندێک دەوەستێ ئینجا بەئامانجی خۆی دەگات و دەدرەوشێتەوە.

مار لە سایەی ئەژدیها: سوود و شادی دەچێژێت و لێی فێر دەبێ چۆن بیر لە دامەزران بکاتەوە. لە ئیشدا قازانجی زۆرە و لە ئەویندا تووشی بڕاندنەوە دێ، واتە یان پێوەندییەکی وشکی لە کۆڵ دەبێتەوە و یان ئەوینێکی نوێی دێتە پێش، یان هەردووک.

ئەسپ لە سایەی ئەژدیها: چۆن لە سایەی پشیلەدا شاد بوو لێرەشدا ئەوهایە تەنانەت دیارتریش دەبێ. لە ئیشدا قازانج دەکات و یاڵڵا بەرەو پێش. بەڵام لە ئەویندا ٥٠ / ٥٠ چونکە دوودڵە و ئەگەر بڕیاریش بدا دەبێ راوەستێ تا قۆناغێکی دواتر.

بزن لە سایەی ئەژدیها: ئەژدیها رێز لە هەستی هونەردۆستانەی بزن دەگرێ. لە ئیشدا

ئەرک و قازانج و گەشانەوە و وێستگەی گرینگ لە ئارادایە. لە ئەوینیشدا روو لە پێوەندیی هەمیشەیی دەکات.

مەیموون لە سایەی ئەژدیها: با خەنی بێ چونکە ئەژدیها ئیشی پێیە و نزیکی دەکاتەوە، کەواتە با نەترسێ چونکە ئەژدیها جێ باوەڕی هەموو کەسێکە. لە ئیشدا رێگە خۆشە، قازانج و رابواردنیش دەبینێ جا لەمە باشتر چی؟ لە ئەویندا شادی لە ئارادایە، خەونی پەمەیی دەبینێت بەبێ دوورکەوتنەوە لە زەمینەی راستی.

کەڵەباب لە سایەی ئەژدیها: دیار و ئامادە و بەرچاوە تەنانەت یەک بەخۆ بانگ دەدا. دەرامەتی زۆر دەبێت و ئیشەکانی دەگەشێنەوە و ئەرکەکانیشی زۆر دەبن بەرادەیەک کە شەو و رۆژی دەبنەوە یەک. لە ئەویندا رێی نییە بۆ رابواردن جا ئەگەر دەیەوێ با پێوەندی مارەیی ببەستێت.

سەگ لە سایەی ئەژدیهادا: رۆژێک باشە و رۆژێک خراپە تا لە کۆتاییدا هەست دەکا هیچی پێ نەبراوە، ئیتر سووکایەتی بەخۆهەڵکێشانی ئەژدیها دەکات. لە ئیشدا رووداوی گەورە دەبینێ بەڵام بەئامانجی خۆی ناگات بەڵام هەر خەریک دەبێ بەرادەیەکی کە ناپەرژێتە سەر دڵداری و ئەوین.

بەراز لە سایەی ئەژدیها: ئەژدیها خۆشی دەوێت و ئاگای لێیە بەڵام ناتوانێ هەموو شتێک بەقوربانی وی بکات. لە ئیشدا بەدەستپاکی کار دەکا، رەنگە قازانجێکی ئەوتۆی نەبێ، بەڵام قازانجی واتایی شتێکی کەم نییە. لە ئەوینیشدا پێوەندییەکانی زۆرن، بەڵام لە دەست هەوەسی خۆشەویستەکەی بێزار دەبێ.

# ئەوین و پێوەندی

## پیاوی ئەژدیها

دیاردەی سەرەکی بۆ پیاوانی ئەژدیها ئەوەیە کە ئەگەر دەستکورتیش بن خەڵکەکە بەدەوڵەمەندیان دەزانن چونکە ئاخ و ئۆف و خۆ بەستەزمان کردنیان کەمە و مەبەستیانە هەر جۆرێک لە جۆرەکانی شادمانی و خۆشی لە ئارادا بێ وەک بڵێی هەندە دەوڵەمەندن کە لە پارەی خۆیان بێزارن.

پیاوی کاتی تەنگانەن. ئەمەش نەک بەواتای کە هەمیشە پاڵەوانن. نەخێر، مەسەلە پاڵەوانێتی نییە تەنانەت لە باری ئاساییدا بێ باکن و زۆر ئاساین، بەڵام لە کاتی تەنگانەدا خۆ دەگرنەوە و هەڵدەستنەوە و خەڵکیش بەرەو کارە گرینگەکان بەگەڕ دەخەن و رایان دەپەڕێنن.

لە ئەویندا زۆر هەستیارن، بەڵام دەری ناخەن، ئیتر ئەو کەسەی کە لە دەمارەکانیان بزانێ دەتوانێ لە سایەیاندا شادی بچێژێت. وەکو پێشتریش باس کرا چینییەکان بەداهێنەری شادی و نیشانەی بەختی ئاسمانیان دەزانن بەتایبەتیش چونکە هەم تێ دەکۆشن و هەم بەختیشیان هەیە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەرکی نێوماڵ فەرامۆش دەکەن و خۆ بەشتی لا بەلاوە دەخافڵێنن و دەیانەوێ ژنەکانیان خەریکی ئەم کارانە بن. حەزیش لە ئافرەتی ئازاد و چاوکراوە و زیرەک دەکەن کە بەهۆشیارییەوە جۆرێک لە جۆرەکانی ئەوین پەسند بکەن، بەمەرجی ئەوەی کە سەربەخۆیی کەسیان لە ناو نەچێت.

## ئافرەتی ئەژدیها

تێگەیشتنی دەروونی ئەم ئافرەتانە شتێکی ئاسان نییە. خانمی ژیر و وریا و بەرچاون، قسەزان و هەنگاو پوختن کەچی هەندێک جار وەکو منداڵێکی و بەناز داواکارییەکی زۆر دەکەن شێوازی فەرمانی تێدایە. هەمووی دەدرێنەوە پاڵ یەک راستی کە بریتییە لە (ئافرەتی ئەژدیها گەمەکەی بورجی ئەژدیها دەگێڕن لە وەرگتنی دەسەڵات بەپێشکێشکردنی شادی) ئەمەیە کلیلی تێگەیشتنی ئەو ئافرەتانە. جا ئەگەر ئەو يارییە بۆ پیاوی ئەژدیها ئاسایی بێت، بۆ ئافرەتی ئەژدیها ئاسان نییە و هەموو کەسێک ئەو

دەسەڵاتە قبووڵ ناکا بەتایبەتیش لە کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتیدا. پاشان ئەو ئافرەتانە لە قسەی لووس و لاواندنەوەدا چالاک نین و مەسەلەی دەسەڵاتی مێیانە شێوازێکی جودای هەیە، کەچی ئەژدیها هەر ئەژدیهایە و یارییەکەی خۆی پێڕەو دەکات. بۆیە لە ئەوینیدا خێرا بەکوڵ دێن و خێراتر سارد دەبنەوە و دەیانەوێ بگەنە ئەوپەڕی هاوسەنگیکردن لە نێوان دەسەڵات و شادیدا تا دەگەنە ئەو پیاوە بەدەسەڵاتەی کە بتوانێ بەبێ بارگرانی و خۆ سەپاندن کۆنترۆڵیان بکات و هەستی مێیەتیی راستەقینەیان تێدا ببووژێنێتەوە، ئەوسا دەبینی چۆن ئافرەتی ئەژدیها دەبن بەژن و هاوڕێ و کابان و دەسگیران و هەموو شتێک بۆ ئەو مێردە. ماڵێکی فێنک و ژیانێکی خۆش دادەهێنن، بەڵام ئاخ لە ئەرک و ئیشی نێوماڵ.

## پیاوی ئەژدیها لەگەڵ . . .

ئافرەتی مشک: لە پێوەندییە هەرە باشەکانە چونکە ئەم ئافرەتە شانازی بەئازایەتی و زیرەکایەتی ئەژدیها دەکات و ئەژدیهاش بایەخێکی گەورە بۆ ئافرەتی مشک دادەنێ.

ئافرەتی گامێش: با تووشی یەکتر نەبن چونکە گامێش رێز لە باوەڕەکانی ئەژدیها ناگرێت و دەیەوێ پێشی بکەوێتەوە.

ئافرەتی پڵینگ: رایان لە یەکتر دەبێ بەڵام پێویستە ئافرەتەکە هەندێک لەخۆ ببوورێت ئەوسا دەبێتە پێوەندییەکی سەرکەوتوو دەنا هیچ.

ئافرەتی پشیلە: عاشقی پیاوی ئەژدیها دەبێت. هەروەها هەردووکیان حەزیان لە کۆمەڵایەتی و ئەتکێتە، کەواتە پێوەندییەکی باشە.

ئافرەتی ئەژدیها: ئەوینێکی هاوسەنگیان هەیە، بەڵام رەنگە مشتومڕیان نەبڕێتەوە چونکە لە زیرەکایەتی و یاری [دەسەڵات و شادی]دا یەکسانن.

ئافرەتی مار: نیگای گەرم و نەرمی مار کاری خۆیان دەکەن. واتە پێوەندییەکی زۆر باشە و دەبنە نموونەی هەرە باشی نێر و مێ.

ئافرەتی ئەسپ: چاوبرکێ و ئەوینێکی دوور بەدوور دێتە کا، کابرا شەیدای ئەو بالآیەیە بەڵام دواتر ئەوینەکە بەبوون و نەبوون بەماوەیەکی کورت لە بەرچاوی دەکەوێت.

ئافرەتی بزن: کابرا بەوە قەڵسە کە ئافرەتەکە بەبێ پرسیار و لێکۆڵینەوە بەقسەی دەکا. ئێ کاکە لەمە باشتر چت دەوێت؟ کەچی کابرا هەر وا دەزانێ شتێکی کەمە.

ئافرەتی مەیموون: پێوەندییەکی زۆر باشە و یەکتر ئێروو دەکەن. ئافرەتەکە دەیەوێ خۆشەویست بێت ئیتر کابرا خۆشەویستی بۆ دابین دەکات. لە بەرانبەردا کە ئەو حەزی لە شادمانییە، مەیموون بۆی دابین دەکات.

ئافرەتی کەڵەباب: بەڕاستی تاقمێکی جوانن. کەڵەباب ژیان لە سایەی ئەژدیهادا پەسند دەکات و هانیشی دەدات بەرەو سەرکەوتن و گەیشتن بەئامانج.

ئافرەتی سەگ: با تووشی یەکتر نەبن. سەگ باوەڕی بە بەهرە و ئارەزووەکانی ئەژدیها نییە. ئەویش حەزی لە رایەکانی سەگ نییە، چونکە بە شتێکی رۆژانەیان دەزانێت.

ئافرەتی بەراز: لەم پێوەندییەدا بەراز شاد دەبێت و ئەژدیها دەحەسێتەوە، بەڵام ئەو ئەوینە توندەیان نابێ بگرە شێوازێکی برادەرانەیە.



# مار

١٨٠٩
١٨٢١
١٨٣٣
١٨٤٥
١٨٥٧
١٨٦٩
١٨٨١
١٨٩٣
١٩٠٥
١٩١٧
١٩٢٩
١٩٤١
١٩٥٣
١٩٦٥
١٩٧٧
١٩٨٩
٢٠٠١
٢٠١٣
٢٠٢٥
٢٠٣٧

ئەلفرێد نۆبل، ئەندێرا گاندی، ئۆپرا، ئۆناسیس، ئەیمەن زەواهیری، ئیبراهام لینکۆلن، بۆدلێر، تەحسین تەها، تۆنی بلێر، جاکلین کەنەدی، جۆن کەنەدی، جان پۆل سارتەر، جەمال عەبدولناسر، جوولیا کریستی، جێسی جاکسۆن، حوسێن حوزنی موکریانی، داروین، رۆمل، ستیڤن سیگەڵ، سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ، سێوە، عەبدولحەلیم حافز، عەلی حەسەن مەجید، عومەر چاوشین، فاروق مەلا مستەفا، قوباد جەلیزادە، قوسەی سەدام حوسێن، کریس براون، کریس دۆ مۆناکۆ، مارتن لۆرەنس، مستەفا قەمەر، شێخ مەحموودی حەفید، مالکۆڵم ئیکس، ماو تسی تۆنک، مەهاتما گاندی، نەجیبە محەمەد جەلیزادە، شابانوو نووری ئوردن، نیرۆن، هۆشیار زێباری، یاسر عەرەفات.

# ڕەوشتی گشتی

ئەگەر بزانین کە رابەری وەک ماوتسی تۆنگ و مەهاتما گاندی و هونەرمەندی وەک «عەبدولحەلیم حافز» هەموویان لە ساڵی ماردا بوونە، ڕەنگە بڵێین ئەوانە کوجا مەرحەبا لەگەڵ یەک؟ بەڵام ئەگەر لە روانگەیەکی تایبەت سەیریان بکەین دەبینین لە یەک ڕەوشتدا هاوبەشن. ئەوەیە کە بە خۆشی و ناخۆشی "بەڵام بەشێوەیەکی زۆر نەرم و ژیرانە" بۆ ئامانجەکانی خۆیان رۆیشتوون.

با وێنەی بورجی شەشەم بەوێنەی کوڕی شەشەم بچوێنین. کاتێک سەیری برا گەورەکەی خۆی "ئەژدیها" دەکات کە رای خۆی ناسەپێنێ تەنیا پاش کۆمەڵێک قسە و دەمەقاڵێ و سەلماندن، ئەمە بەچاوی سوکایەتی دەڕوانێتە هەر کەسێکی زۆرگۆ کە پیلان و نیازەکانی خۆی ئاشکرا بکات. بڕیار دەدات کە بەخۆشی و ناخۆشی- بەڵام پاش بیرکردنەوە و لێکدانەوەیەکی نهێنی و بێدەنگ- بەرەو ئامانج و ئومێدەکانی خۆی بکۆشێت. جا هەندێک کەس بەمرۆڤی ژیر و ڕاستبین و تێگەیشتووی دەزانن، هەندێک کەسیش بەزۆرزان و پلانگێری دەزانن ڕەنگە بۆ کەس ساغ نەبێتەوە ئایا کام ڕا لەم دوو ڕایە ڕاستترە، بەڵام مسۆگەر ئەوەیە کە بورجی مار بەخۆشی و ناحۆشی نیازەکانیان سەر دەخەن کە مەراقیان لە دابینکردنی خۆشەویستی و پێوەندی کۆمەڵایەتییە لەگەڵ دابینکردنی پارە و پایەی بەرز لە نێو کۆمەڵگەدا.

بەم کورتە باسە، بنەما سەرەکییەکانی بورجی مارمان دێتە بەرچاو کە رووبەندێکی سارد بەسەر روویاندا دەهێنن تاکو هەست و ئارەزووە ڕاستەقینەکانیان دیار نەخەن و رادەوەستن تا کاتی پێویست، ئەوسا بەچەشنی باشترین نیشانچی ئامانجەکانیان دەپێکن بەبێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات. کەواتە بێ ئەندازە ڕاستبین و دووربین و بەرچاو فراوانن سەرباری ئەوەی کە خۆ پارێز و زمانپارێزن و خۆ ئاشکرا ناکەن.

دیاردەی سەرەکی لە ڕەوشتیاندا ئەوەیە کاتێک بەهەناسەیەکی درێژ خەریکی ئەنجامدانی پیلانێک دەبن بەڵام سەرناگرێ، ئەوسا چۆن ئەگەر سەری مارێک بگری، دەبینی تێکرای لەشی دەگەوزێنێت و خۆ بەدار و دیواراندا دەدات، بورجی ماریش ئەوها دەورووبەری خۆیان شپرزە دەکەن و هەموو پەردەکان و رووبەندەکانی هێمنایەتی و بێدەنگی

دادەمـــاڵن و ئەو رەنجـــە بەربادەیان بەکـــەســـێک دەبژێرن یاخـــۆ دەبێ دڵیـــان بدرێتـــەوە دووهەندەی خەڵکی دیکە.

بەرگـەی تـەنیـــایی نـاگـرن و توانایان زۆرە بـۆ پەیداکـردنی پێـوەندی کـۆمـەڵایەتی و تێکەڵاوی چونکە پێویستیانە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە نهێنییەکانیان ئاشکرا ناکەن و بەدەیان جـۆر خـەم لە پاشـەرۆژ و لایەنی ئابووری دەخـۆن و ئەو مـارانەی کـە بەهێـمنی پلانێک دادەنێن، دەتوانین بەمسـۆگەری بزانین کـە بەئامـانجەکـانیـان دەگەن و ئاخ ئەگـەر پێی نەگـەن چ خـەفـەتێک بۆ خـۆیان و دەوروبەریان دادەهێنن. دەروونیـان لەگـەڵ کـەش و هەوای دەوروبەر دەگـۆڕێ، تەنانەت بەسـەرمـا و گـەرماش دەگـۆڕێ. بەچەشنی مـار کـە لە سەرمادا سارد دەبن و لە گەرمادا گرژ دەبن و لە فێنکایەتیدا گورج دەبن. جا هەم لە بواری دەروونی و هەم لە بواری ئەندامیشدا ئەوە کاریان تێ دەکات. مرۆڤی نەرم و مەیلەو خاون بەڵام هەر چۆنێک بێ لەمەڕ ئەرک و کـاری پێـویست و سـەرەکـیدا خۆ کـونتـرۆڵ دەکـەن، تەنانەت کەس وەکو مار ژیر و دووربین نییە.

مـار پێـشـهـەسـتـی دەکـەن، کـەواتە هەست بەهەندێک رووداو دەکـەن پێش مـاوەیەک، ئەمەش بەشێکە لە دووربینی و راستبینی و بەرچاو فراوانی مار. هەروەها باخەبەرن و لە دەوروبەری خۆیان دەگەن و دەزانن چ ئومێدێک و خەونێک بگرنە بەر. بایەخێکی ئەوتۆش بەکاری ئاسایی نادەن، تەنیا ئەگەر بەوەی بزانن کە بەئاسانی دەیانگەیەنێتە ئامانج دەنا زۆر جار حەز لە تەمبەڵی و پاڵدانەوە دەکەن.

هەروەک چینییـەکان رادەگەیەنن باشتر ئەوەیە کـە مـار لە کـاتی گـەرمـادا لە دایک بن چونکە ئەوانی دیکە مـەترسی لەسـەر ژیانیـان گـەورەترە. هەروەها گـەردوونی چینی دەڵێ مـار تا نەناسـراوتر و شاراوەتر بن ئاسوودەتر دەبن دەنا کە ناوبانگێکی زۆر و دەنگێکی زۆر دروست دەکەن دوژمنیان زۆر دەبێ.

# دوازده جۆر مار



## مار- کاوڕ



ئاگری کاوڕ لە قۆناغی منداڵییەوە وزەیەکی گەورە بەم لەش و مێشکە دەدا کەچی ماری نەرم و خۆ سەپێن وردە وردە هێمنی دەکاتەوە و دەڵێ: *"پەلە مەکە، با بزانین ڕێی ئاسانترمان نییە"* جا تێکۆشەرێکی گەرموگوڕ و دەست ڕەنگین لێرەدا هەڵدەکەوێ کە خاوەن هەناسەیەکی درێژ و عەقڵێکی ژیر و دڵ و دەروونێکی بدەرە. مرۆڤێکی بەهرەمەند و چالاکە و گومان نییە کە لە ژیانیدا بەپایە و پارە و کۆمەڵێک ئامانجی زۆر باش دەگا، تاکە مەترسییەک لێرەدا ئەوەیە کە پاش پێگەیشتن تەمبەڵ بێت و بڵێ: "با پاڵ دەمەوە و وردە وردە بیخۆم" چونکە ئەم بڕیارە ئەگەر پارەشی نەبڕێنێ، ئەوا لایەنی ئەوینی وشک دەکاتەوە، ئەم بورجەش بەبێ ئەوین و خۆشەویستی ناتوانێ. هەروەها ئەوین بەرەنجی دەست و بازوو و کردەوە مرۆڤانەکانی وەدەست دێن، کەواتە با هەرگیز تووشی پاڵدانەوە نەبێت چونکە کار و چالاکی هەم پارە، هەم ئەوینی بۆ دابین دەکا.

کار و کارێر: پایەی سەربازی لێ دەوەشێتەوە هەروەها لە مەیدانی هونەری نەوژەنیدا باشە، بەڵام هەندە ڕۆمانسی نییە.

گونجان: جمکەکان ساڵی گامێش و کەڵەباب وێڕای تیرەندازەکانی ساڵی ئەژدیها، ئەوانە لە هەموو کەسێک پتر لەگەڵی دەگونجێن. هەمانە شێرەکانی ساڵی ئەژدیها و بەراز لەگەڵ سەتڵەکانی گامێش و کەڵەباب، ئەوانەش زۆر باشن. ئەوەی پێویستە لێی دوور بێ بریتییە لە قرژاڵی ساڵی پڵینگ و تەرازووی ساڵی بەراز و مار (نەکەی نەکەی نەکەی).

ناودارەکان: ستیڤن سیگەڵ، جوولیا کریستی، مارتن لۆرەنس.



## مار - گا



لەسەرخۆیە، فیز و خۆهەڵکێشان لەم تێکەڵە بورجەدا نییە و ئەگەر خۆ و بەخت حەزیان لە خۆ هەڵکیشان کرد، ئەوە لێیان ناوەشێتەوە. رەوشتی گا لە نێو بورجی ماردا ئەو توانایەی پێ نابەخشێ بۆ زیرەکایەتی و بیرتیژیی، بەڵام تۆڵەی خۆی بەوە کردۆتەوە کە وەکو مەکینەیەکی بێدەنگ هەمیشە کاری خۆی دەکا. وەکو هەر گایەک حەزی لە پارەیە، بەڵام بەهۆی ساڵی مار هەموو پەرۆشی ناخاتە سەر پارە، بگرە زۆربەیان خەریکی کاری گشتی و باری کۆمەڵایەتی دەبن و پەیتا پەیتا دەستکەوت و دارایی خۆیان دابین دەکەن بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا مۆرکێکی قورس و مەند بەسەر ژیان و کەسایەتییاندا بێنن و ئەو کەلێنە فیکریانە پڕ بکەنەوە کە سروشت (یان بڵێم گەردوون) پێی نەداون. زۆربەشیان لە کۆتاییدا ئەو کەلێنانە پڕ دەکەنەوە تەنانەت ئەگەر بەرەنج و ماندووبوونێکی زۆریشەوە بێت هەر دەیکەن.

کار و کاریر: بۆ کاری گشتی باشن، هەروەها بۆ بازرگانی و فەرمانبەرایەتیی بەمەرجێک ئەگەر پەلەپەل و مەترسی تێدا نەبێ و داهاتەکان پێشەکی مسۆگەر بکرێن دەنا حەز لە سەدای هات و نەهات و ئیشی نادیار ناکەن.

گونجان: قرژاڵ و رەبەن و گیسک و نەهەنگی ساڵەکانی گامێش و ئەژدیها و کەڵەباب، ئەوانە باشترین هاونشینی ئەم بورجەن ئیتر با بەئارەزووی خۆی لەوانە هەڵبژێرێ. بەڵام با لە شێرەکانی ساڵی پڵینگ و بەراز وریا بێت و هەرگیز خۆی لە دووپشک و سەتڵەکانی ساڵی پڵینگ نەدات.

ناودارەکان: تۆنی بلێر، *هۆشیار زێباری*، کرس براون، قوسەی سەدام حوسێن›، مالکۆڵم ئێکس›.



## مار - جمک



سەری خەڵکی دەشێوێنێت چونکە نازانن ئەو مرۆڤە گورجە و ئەو کەسایەتییە بەرچاوە ئایا کار بۆ چاکە دەکات یان بۆ خراپە و تێکدان؟ مرۆڤێکی زێدە کراوە و خۆشتێکەڵ و خزمەتگوزارە. نەرمە، شیرنە، لە ئەتەکێت دەزانێ، بەهرەکانی زۆرن ئارەزووەکانیشی زۆرن و دەستی کراوەیە بەڵام هەندێک کردەوەی لابەلای هەیە سەری خەڵکەکە دەشێوێنێ. لە راستیدا مەسەلەکە بریتییە لە ئەوین، چونکە گەیشتن بەپارە و پایە بۆ ئەم بورجە ئاسانە، بەڵام مەراقی نێو دڵە نائارامەکەی بریتییە لە (گەیشتن بەئەوینی نموونەیی) و (لە نێو کۆمەڵگەی نموونەییدا). سەیریشە کە بەشێکی زۆریان بە ئەوینی و کۆمەڵگەی خۆیان گەیشتوون کەچی هێشتا وا دەزانن ئەوینێک و ئینتیمایەکی باشتر هەبووە ئەوان پێیان نەزانیوە.

کار و کاریر: کارزانی و لێزانییەکی بێ گەردی هەیە. جا ئەگەر حەز لە کاری دەستەکی و رۆتینی ناکا با روو بکاتە پێوەندی گشتی.

گونجان: لەباتی ئەو هەموو غارە غارە با روو بکاتە کاوڕ و سەتڵەکانی ساڵی کەڵەباب و گامێش، هەروەها شێرەکانی ساڵی ئەژدیها و گامێش ئیتر مەسەلەکە دەبڕێتەوە. هەمانە تەرازووەکانی ساڵی سەگ و گامێش، ئەوانەش لە هیچیان کەم نییە بەڵام ئەوەی پێویستە لێیان وریا بێ بریتین لە پڵینگەکانی رەبەن و دووپشک و تیرەنداز و نەهەنگ، لەوانەش بەدتر بەرازەکانی رەبەن و تیرەنداز وێڕای نەهەنگی ساڵ مەیموون، ئەوانە پەرێشانی دەکەن.

ناودارەکان: جۆن کەنەدی، یووسف سیباعی، ئەیمەن زەواهیری>.



## مار - قرژاڵ



مرۆڤـێکی بەهێز و دەسەڵاتە و توانای کۆنترۆڵکردنی خەڵکی دیکەی هەیە، بەڵام لە ناخدا سەغڵەت و قینچکە تەنگە و خۆی پێش هەموو کەسێک لەم راستییانەی نێو دەروونی خۆی گەیشتووە. نازانم ئایا بڵێم زینۆفۆبیای هەیە یان چی؟ ئیتر هەمیشە لە هەوڵێکی نهێنی دایە بۆ کۆنترۆڵکردنی ترس و گومانەکانی خۆی تاکو ئەو لایەنە توندوتیژانە داپۆشرێن. بەڵام زۆربەیان لەم تەراتینە دەروونییەدا سەرکەوتوو دەبن و خۆ دەکەنە مرۆڤی دڵنەرم و بەرچاوفراوان. واش هەر هەندێکیان لەباتی ئەوەی خۆ چاک بکەن، ئەم هەوڵە بۆ خۆکۆنترۆڵکردن لێیان دەبێتە خۆنواندن و خوانەخواستە دەبێتە دووڕوویی. بەڵام بای ماڵ و خزمی خۆیان میهرەبانی دەنوێنن. کەواتە گرینگ ئەوەیە کە بۆ بێگانەش ئەوها بن. برام، خوشکم، بێگانەش وەکو تۆ مرۆڤە.

کار و کارێر: شارەزایەکی یەکەمە بۆ هەموو بوارێک و مەسەلەیەکی کە پێوەندی بەنێو ماڵ هەبێ، هەر لە باری دەروونی، تا دارتاشی و دیکۆر.

گونجان: کەڵەباب فێری تێکەڵاوی دەکەن، کەواتە با روو بکاتە گا و رەبەن و دووپشک و نەهەنگەکانیساڵی کەڵەباب. هەمان جۆر دڵئارامی لەگەڵ هەمان ئەو بورجانەی پێشوو دەبینێت کە لە ساڵی گامێش بوونە، تەنیا ئەوەیە کە هەندە کراوە نین. با لە کاوڕی ساڵی پڵینگ و مەیموون وریا بێ، دەنا گیسکەکانی ساڵی پڵینگ و بەراز وێڕای تەرازووی ساڵ بەراز، ئەوانە قەدەغەن.

ناودارەکان: <عومەر *چاوشین*، <عەبدولحەلیم حافز، <جان پۆل سارتەر، فاروق مەلا مستەفا.



## مار - شێر



لە لایەکەوە ژیری و هۆشیاری، لە لایەکی دیکەوە هێز و ئازایەتی، ئینجا گەشایی و نوکتە و پێکەنین. مرۆڤێکە دەرفەتی قسەت پێ نادا بگرە قسەی خۆی و بەس، بەتایبەتیش لە بابەتەکانی کە پێوەندییان بەخۆیەوە هەبێت چونکە ئەو پێشەکی هەندەی بیر لە خۆی کردۆتە کە چ بکات و چ بڵێ، هیچ کەلێنێکی نەهێشتووەتەوە. گومان نییە کە ژیری و زیرەکایەتییەکی بێ گەردی هەیە، بەڵام ئەدی ئەگەر قسەکەی راست نەبوو، ئەوسا چ بکەین؟ برام ئەوسا مەسەلەکە دەبێتە پاڵەپەستۆ و خۆ سەپاندنێک کە هەموو شتێکی تێدایە سوود و شادی نەبێ. مار- شێر مرۆڤی زێدە بەرچاو و گەشن، چالاک و پێشڕەون، بەخزمەت و بەسۆزن تەنیا ئەم خاڵەی پێشوو نەبێ کە کەمێک رێ لە تێگەیشتن و دانوستان دەگرێ دەنا لە هیچیان کەم نییە.

کار و کاربر: خۆی بەڕابەرایەتی دەگەشێتەوە و رابەرایەتیش بەهەبوونی وی دەگەشێتەوە بەڵام زۆر گرینگە کە ئەزموون و پرۆژەکان بەدەستی خۆی ئەنجام بدات و ئەو لەشە بجووڵێنێتەوە نەک هەر بە قسە و رێنوێنی. هەروەها لە مەیدانی فەرمانبەریدا، با هەندە تووشی دەمەقاڵێ نەبێ، ئەوسا زووتر سەردەکەوێ.

گونجان: با روو لە گامێشەکانی بورجی جمک و تەرازوو و تیرەنداز و گیسک بکات، هەروەها ئەژدیهایەکانی بورجی کاوڕ و تەرازوو و گیسک، ئینجا کەڵەبابەکانی تیرەنداز و گیسک. تێکڕای ئەوانەی پێشوو بۆی دەشێن بەڵام با تووشی گا و دووپشک و سەتڵەکانی پڵینگ و بەراز نەبێ.

ناودارەکان: یاسر عەرەفات، جاکلین کەنەدی، سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ›.



# مار – رەبەن



هەردووک بورجی شەشەمن و هەردووک مەند و بیرکەرەوەن، ئیتر قسە ژیرەکانی بەمسقاڵ دێنە دەر، بەتایبەتیش ئافرەتەکانیان. تاکە رەبەنێکە کە رەفتارەکانی بەگوێرەی ژمارە و گرام و میللمەتر نەبن. ئەمەش نەک بەواتای کە مرۆڤێکی هەوەسییە، بگرە وەک گەڵایەک کە بەسەر ئاوی جۆگایەک کەوتبێ ئەوها بەرێی خۆیدا دەڕوات و بایەخ بەکەم کەس دەدا. رووی گەشە کەچی برۆی کەمێک گرژە، گلەییەکی نەرمت لێ دەکا، کەچی ئەو لە ناخدا زراوی لە گلەیی چووە، ئیتر چۆنی دەبینی هەر ئەوهایە. خۆی لە ناخدا بەبێ پێوەندیی کۆمەڵایەتی ناتوانێ بژێ و زۆر بەپەرۆشە، بەڵام بەکەس ناڵێ وا بکە و وا مەکە، لە بەرانبەریشدا نە ئامۆژگاریت دەکات و نەداوای ئامۆژگاریت لێ دەکا. جۆگاکە بۆ کوێ دەچێ، گەڵایەکە لەوێیە.

کار و کاربر: لە ئیش و کاردا مەسەلەکە دەگۆڕێت و خۆی و خەڵکیش پابەندی ژمارە و گرام و میللمەتر دەکات. کارپوخت و دەستپاکە و یان ئیش ناکا یان ئەوەتا دەبێ هەموو شتێک بەرێکوپێکی و لەسەرەخۆ ئەنجام بدرێن.

گونجان: گەشاییەکەی سەرنجت رادەکێشێ، کەچی یەک هەنگاو لێت نایەتە پێش، توومەز دەیەوێ بەرانبەری لێی بێتە پێش. کەواتە ئەگەر گامێش و کەڵەباب هاتنە پێش بەتایبەتی گا و دووپشک و گیسکەکانیان، با یەکسەر بۆیان مۆر بکات. بەڵام با لە جمک و تیرەندازەکانی پڵینگ و بەراز وریا بێ وێڕای جمکەکانی ساڵی مەیموون. هەروەها تێکڕای بەرازەکان لێی قەدەغە کراون.

ناودارەکان: ‹شابانوو نووری ئوردن، نەجیبە محەمەد جەلیزادە، حوسێن حوزنی موکریانی›.



## مـار - تـەرازوو



جـوانپـەرسـتـە، ئەگـەر بـورجی پێـشـوو بەمـسـقـاڵ قـسـە بکات، ئەمـەیان رادیۆیەکی سەربەخۆیە بەرنامەی (دڵ و دەروون و جوانی ئافرەتان و مافی دایکان) پێشکێش دەکا، یان بڵـێین کـانیـاوێکە هەسـتی خـۆی و خـۆت لە ناخـەوە و بەتۆبزی دەردێنێت. ئاوێنە بەهاوڕێ دەزانێت و زۆر کەس وا دەزانن پارووێکی ئاسانە کەچی کۆڵ لە رای خۆی نادات و دەڵێ (پێویستە ئەوها بکەین، ئیتر تەواو). خۆپەرستە بەڵام قەڵست ناکا، گەش و دیار و بەرچاوە، بەڵام هەندە خەریکی قووڵبوونەوە نابێ، فریشتەی هەست و نەستەکانە و بەرگریکاری مافی هەموو (شتە ناسکەکانی جیهانە) وەکو منداڵ و ئافرەت و کچ و هەرزەکار و... هتد.

کـار و کـاریر: ئەگـەر کـوڕ بێ یان کچ، زێڕینگەر بێ یان فـەیلەسووف، ئەم بورجە توانای ڕاکـێـشـان و کـۆنتـرۆڵکردنی پیـاوانی هەیە نەک بەفـەرمـان و ڕێنوێنی، بەڵکو بەڕاکێشانی هەست و کۆنترۆڵکردنی نەست.

گـونجان: شتێکی ئاساییە کە رەقترین کەس نەرم بکات و زۆر کەس بۆی بڕمێت، بەڵام گرفتی گەورە لەوەدایە ئەگەر رۆژێکی هات و یەکێک بۆی نەڕما و تەلەسمەکەی بەسـەر خۆیدا شکایەوە. کەواتە با پێـشـەکی بزانێ کێ هەڵدەبژێرێت. با دەنگ بداتە کەڵەبابی جمک و شێر و تیرەنداز و سەتڵ، ئینجا گامێشی شێر و تیرەنداز و سەتڵ. با هەندێک لە کاوڕ و گیسکەکانی مەیموون وریا بێ، ئینجا لە قرژاڵ و گیسکەکان بەراز دوور بوەستێت و بەهیچ جۆرێک خۆی لە پڵێنگ قرژاڵ نەدات.

ناودارەکان: مەهاتما گاندی، قوباد جەلیزادە، مستەفا قەمەڕ، جێسی جاکسۆن، نۆبڵ>.



## مار - دووپشک



مـار و دووپشـک پێکەوە دەبایە دنیـا بخـۆن بەڵام ئاوی دووپشـک ئاگـری مـارەکـەی خـامۆش کـردۆتەوە و مـرۆڤـێکی زێدە هێـمنیـان پێک هێناوە کە مـۆرکی پۆزلێدان و خۆ نواندنی هەیە و دەزانێ چۆن بەکاری بێنێ. بەخۆشی و ناخۆشی رێگەیەک دەدۆزێتەوە کە سەرنجتی پێ راکێشێ. خۆی لە ناخدا جۆرە ترس و رەشبینییەکی تێدایە و دەیەوێ لێی رزگـار بێ پەرۆشی هەرە گـەورەی بۆ ژیانی های لاف و مـاڵی خـۆشـە و، ئینجـا لەوانەش گـرینگتـر، ئەوین. هەروەها کـەس وەکـو ئەم بورجە لە پێـداویسـتـی و مـەراقـەکـانی نێـو دەروونی خەڵکی ناگات، دەزانێ فلان کەس حەزی لەم شتەیە هەوڵ بۆ... دەدات ئیتر ئەو تواناییانە وەبەر دێنێ و لە ئەنجامدا دەبینین دەستکورتی بەدەگمەن رووی لەم بورجە دەکا.

کـار و کـاریـر: کـەس نازانێ دەسـتـڕەنگینیی ئەم بورجە لە چ بوارێکی گـوڵ دەدا، ئایا لە چیـرۆک نووسـینە؟ لە نیـگارکـێشـییـە؟ یاخۆ لە باری دەروونی و کـۆمـەڵایەتی و سیـاسـەتدا هەڵدەداتەوە؟. نازانین، گـرینگ ئەوەیە کـە بەهرە و زیرەکـایەتییـەکی مامۆستایانەی تێدایە.

گونجان: دەنگ بدە بەئەژدیهایەکانی رەبەن و گیسک و نەهەنگ، هەروەها کەڵەبابەکانی قرژاڵ و رەبەن گیسک و نەهەنگ، ئینجا گامێشی قرژاڵمان هەیە کە ئەمەش زۆر باشە و بەرادەیەکی کەمتر هەمانە گا و شێر و سەتڵەکانی مەیموون.. ئەوانەی لێی قەدەغەن بریتین لە گا و شێرەکانی ساڵی پڵینگ وێرای گا و جمکی ساڵی بەراز.

ناودارەکان: ئەندێرا گاندی، پیکاسۆ، گرەیس کێلی، دستۆڤسکی، رۆمل›.



## مـار - تـیرەنـداز



ئەگەر تیرەندازەکان حەز لە خزم و خزمایەتی نەکەن، "تیرەمار" بەپێچەوانەی هەموویانە، چونکە خزم پەروەرێکی سەیرە. هەروەها ئەگەر زۆربەی مارەکان نەرم و مەیلەو تەمبەڵ بن، تیرەمار زیتدە چالاک و لەش سووکە، بۆیە سەرکەوتنی لە ژیاندا ئاسانە. کەڵلەڕەقییەکی تێدایە کە نە دەکشێتەوە نە کۆڵ دەدات. تیرەمارێکە قیت بووەتەوە و ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگا دەکات بۆ پاسەوانیکردنی ماڵ و خزم و ناسیارەکان، یان بڵێین (بۆ پاراستنی ئەو کۆمەڵگەیەی کە هەست بەئاشنایی دەکات لەگەڵیاندا). ئەم خاڵەش زۆر جار دەبێتە مایەی ئاڵۆزی چونکە وا دەزانێ هەر ئەوان ڕاستن.

کار و کاریر: ڕێکخەرێکی بێ هاوتایە بەتایبەتیش ئەگەر بۆ خزم و خوێ کار بکات. گریمان لە کۆمپانیایەک دامەزرا کە پێشتر سووتابوو، هەرهەندە دەبینی کۆمپانیاکە کەوتەوە سەر قازانج. شایانی گوتنیشە کە بوارەکانی وەرزش و سەربازی زۆر باشە.

گونجان: لە ساڵی گامێش با بەبێ ترس روو لە شێر و تەرازوو و سەتڵەکان بکات، هەروەها لە کەڵەبابەکاندا کاوڕ و سەتڵمان هەیە کە یەکاو یەکن. ئەوەی کە لەگەڵی ناگونجێن پێش هەمووان رەبەن بەگشتی ئینجا جمک و نەهەنگ ئەوانە بۆی باش نین بەتایبەتیش رەبەنی ساڵی پڵینگ و بەراز، جمکی ساڵی مەیموون وێڕای نەهەنگەکانی ساڵ پڵینگ و مەیموون و بەراز، ئەوانە لێی قەدەغە کراون.

ناودارەکان: ‹ئەسمەهان، ‹نەجلا فەتحی، کیم باسنجەر، *ئەلب ئەرسەلان*› نیرۆن›.



# مار - گیسک



ئەو کەسایەتییە بەتینە دەسەڵاتی خۆی لە هەموو خاڵێکی لاوازیی خەڵکەکە وەردەگرێ دەیاندۆزێتەوە و دەیانقۆزێتەوە و ئەگەر خۆت حەزت لە لاوازی و بێ دەسەڵاتی بێ، مار- گیسک لە خزمەتت دایە بۆ ئەوەی رۆڵی رابەرت بۆ بگێرێت. بەپۆز دەدوێ وەک بلێی کەس لەوی شارەزاتر نییە و دەبێ بۆی بسەلمێنن چونکە بە دەگمەن ئەگەر تێ بکەوێت. هەیکەل و روخسارێکی زۆر بەرچاوی هەیە، پۆشتەیە، سامانێک پارە بۆ دیمەنی خۆی هەڵدەرێژێت چونکە دەزانێ کە دە هەندەی لێ دەست دەکەوێتەوە. توانایەکی بێ سنووری هەیە بۆ چارەسازی کە دەگاتە رادەی تەلەسم و میتافیزیک، لە ڕاستیشدا باوەڕی بەمیتافیزیک زۆرە. هەڵکردن لەگەڵیدا ئاسان نییە چونکە دەبێ واز لە هەموو شتێکی خۆت بێنی لەپێناو قسەی وی و مەراقەکانی وی هەموو شتێکی وی.

کار و کاریر: بۆ رابەرایەتی و حوکم و بەرپرسێتی و ئەو جۆرە کاریرانە باشە چونکە وزە لە خەڵکیدا دەورژێنێت و هەر کەس لەخۆڕا خەریکی سەرخستنی کارەکانی دەبێ.

گونجان: گونجانی ئاسایی لەگەڵ گا و شێر و رەبەن و دووپشک و نەهەنگەکانی ساڵی گامێش و کەڵەباب هەیە، وێڕای شێرەکانی ساڵی ئەژدیها و مەیموون. بەرازەکانی قرژاڵ و تەرازوو لەو باشانە نین، لەوانەش ئاڵۆزتر کاوڕ و جمکەکانی پڵینگ و مەیموونن. ئینجا هەمانە کەڵەباب- کاوڕ، ئەمەیان قەدەغەیە.

ناودارەکان: ئۆناسیس، ماو تسی تۆنگ، محەمەد عەلی کلەی›، جەمال عەبدولناسر›.



# مـار - سەتڵ



هەندێک خـاوە و باکی بەئەرک و نەریتی ئاسـایی نیـیـە بگرە تا نەوژەنی هەبێ ئەو تێدایە. دڵێکی باش و خەندە و گەشبینییەکی هەمیشەیی هەیە. ئەم بورجە خووی بە بیر و بیرکردنەوەی گرتووە. بەرچاورۆنێکی سەیرە، خەیاڵ تێکەڵ بەزانست و بەڕاستییەکانی رۆژانە دەکات. خۆی مەترسی و ئەگەرەکان دەبینێ وەک بڵێی تێیاندا دەژێ بۆیە سووکە سەغڵەتییەکی هەیە بەڵام تۆیزی لە خۆی دەکا کە گەشبین بێ جا لایە گەشەکانت پێشان دەدا کـە لەگەڵیدا هەست دەکەی لە بەهارێکی هەمیـشـەیی دایت. خۆ سـەپاندنی ئەم مـارەیان بەوەیە کە مێشکت داگیر دەکا بەڵام ئەگەر داگیرکەر ئەوها شیـرن بن یاخوا هەر هەبن.


کار و کـاریر: کامە ئیـشی گرانە ئەوەی کـەس سەری لە ئالۆزییـەکانی دەر ناکـات بۆ ئەم بورجەی دابنێن و بزانن چتان بۆ دەکـا؟ ئیـتر کـاریرەکانی دیکەی وەک ژمێریار، خـاوەن کـتێبـخـانە، پسـپۆری زانست و هونەر، پشکنەری شـوێنەوار و... هتـد، ئەوانە بۆ وی ئاو خواردنەوەن.

گونجـان: پێش هەمـووان گامێش دێن، با جـمک و تەرازوو و تیـرەندازەکانیـان بەبێ ترس هەڵبـژێرێ. کەڵەبابیش زۆر باشن، با کاوڕ و تەرازوو و تیـرەندازەکان هەڵبـژێرێ. مــار- کــاوڕیش لە زۆر بـواردا لەگــەڵی رێک دەکــەوێ. لەگــەڵ گــا و شــێــر و دووپشکەکانی ساڵی بەراز هەندە باش نابێت، هەروەها با خۆی لە پڵـێـنگ- گا و مەیموون- شێر نەدات.

ناودارەکـان: ‹عـەبدوڵڵا غـەیس، ئۆپرا، لینکۆلن، داروین، زیکۆ، مـونا واسف، ئیـهـوود باراک، مەحموود یاسین›.



## مـار - نەهەنگ



دوو بورجی نەرم و ژیر و مێیانە مرۆڤێکی بێ ئەندازە هەستیار و دڵناسک دروست دەکەن. فەیلەسووفی مەیدانی مرۆڤناسییە، ئەمەیان هەندە بایەخ بەڕاستییەکان نادات وەکو بورجەکەی پێشوو بەڵکو هەست و نەستە مرۆییەکان. لە ڕاستیدا دەبایە ئەو، نەک من یان کەسێکی دیکە، باسی گەردوونزانی و دەروونزانی بکات، ئەوسا لە هەموو کەسێک پتر لە ناوئاخنی دەروون قووڵ دەبووەوە، بەڵام ئەوەیە کە هەندە باوەڕی بەتواناکانی خۆی نییە. بیرکەرەوە و قووڵبینە بەڵام گلەیی و هەستی مافخوراوی بەسەر خۆیدا زاڵ کردووە و لە ناخدا ڕاستییەکانی ژیانی ڕەت کردووەتەوە و ئەو هەموو عەقڵە ژیرەی پەک خستووە.

کار و کاریر: با کەمێک خۆی لە ماڵ و خزمان دوور بخاتەوە. پاشان با لاسای خەڵکی ئەم زەمانە نەکاتەوە کە هەمیشە باسی (دکتۆر و ئەندازیار) دەکەن، بگرە دەبێ شارەزایی لە زانست و پیشەیەکی مرۆییدا پەیدا بکات ئەوسا کاریرەکانی وەک شیعر و مەلایەتی تا دکتۆری دەروونزانی تا کۆمەڵێک کاریری مرۆیی بۆ وی دانراون.

گونجان: هەمانە گا و قرژاڵ و گیسکەکانی ساڵی کەڵەباب، لەگەڵ قرژاڵ و گیسکەکانی ساڵی گامێش و ئەژدیها، ئەوانەی پێشوو هەڵبژاردنی یەکەمی ئەم بورجەن. بەپێچەوانەش، هەمانە جمک و ڕەبەن و تیرەندازەکانی ساڵی پڵینگ و بەراز، ئەوانە و بورجی مەیموون- ڕەبەن، هەموویان بڤەن، با تووشیان نەبێ.

ناودارەکان: بیرەم توونسی.

# که مار باڵادەست دەبێ

ئەگەر ساڵی مار بێت یاخۆ ئەگەر لە سایەی  مارێکدا بژین، قۆناغەکە قۆناغی ئەوین و پارەیە. کێشەکان لە قۆناغی پێشوودا لابەلا کراون و لایەنی خاوەن هێز و دەسەڵات سەرکەوتنی خۆی مسۆگەر کردووە و، بێ دەسەڵاتەکانیش لە تەڕاتینە و غارەغار بێزار بوونە و دەیانەوێ بحەسێنەوە دوور لە ژانەسەر و ڕاکردن بەدوای کڵاوی بابردوودا. ئیتر کات کاتی ئەوین و نەرمی و ژیانی تێر و بێ گرفتە.

خاڵێک هەیە کەوا لە ساڵەکانی ماردا لە لایەکەوە درێژە بەڕەوتی رابردوو دەدرێت "ڕەوتی ساڵی ئەژدیها" بەڵام هەندێک جار تێپەڕاندن ڕوو دەدات بەهەمان ڕەوتی پێشوو، ئەو تێپەڕاندنەش لە ساڵی داهاتوودا "ساڵی ئەسپ" کاردانەوەیەکی توند "بەپێچەوانەی ڕەوتی ئەژدیها و مار" دروست دەکات. بۆ نموونە لە ١٩٤٠ هیتلەر وەک دەڵێ بووبوو بەپاشای سەر تەخت. ئەژدیها لایەنی بەهێزی بەسەر بەشی گەورەی ئەوروپادا سەپاندبوو و خەڵکەکە بەو بارە ڕازی بووبوون. کەچی هیتلەر بەوەش نەوەستا و لە ١٩٤١ بڕیاری بەدوو هەڵمەتی سەربازی دا کە لە خۆسەپاندن و دەسەڵاتپەرستی بەولاوە بۆ هیچ نەبوون، یەکیان بۆ ڕووسیا و ئەوەی دیکە هەڵمەتەکەی لیبیا[٤]. بەڵام ئەنجامی ئەو تێپەڕاندن و خۆسەپاندنە ئەوەبوو کە لە ساڵی دواتر "ئەسپ" کاردانەوەیەکی پێچەوانەی بۆ دروست کرد. لە ڕاستیشدا ئەم دیاردەیە لە زۆر شوێن و کاتدا ڕووی داوە و نامەوێ نموونە بە وڵاتی خۆمان بهێنمەوە. با خوێنەران بەخۆیان لە مەبەستم بگەن.

زۆربەی هەست و مەبەستەکانی مار بۆ ئەوین و ژیانی نەرم تەرخان دەکرێن. خەڵکەکەش ڕوو لە هەمان مەبەست دەکەن ئیتر ئەو ژیانە نەرمەی کە بۆ لایەنی سەرکەوتوو دەڕەخسێت ڕێگە بۆ هەموو شتێک خۆش دەکا وەکو فیکر و فەلسەفە و هونەر

(٤) ڕۆمل بورجی (مار – دووپشک)ە و ساڵی رابردوو کتێبی (Rommel Papers)م وەرگێڕا بۆ کوردی. ئەگەر بەچاوی گەردوونزانی سەیری بەسەرهاتەکان بکەین خوێنەر دەبینێ کە ساڵی ١٩٤١ ساڵێکی گەش و مەیلەو ئاسان بووە بۆ ڕۆمل، کەچی ساڵی ١٩٤٢ "ساڵی ئەسپ" بارەکە سەراوێژ بووەوە. لە لایەکەوە بەرەوڕووی بەرازێک بووەوە "جەنەڕاڵ مۆنتگمری" لە لایەکی دیکەوە ناوبانگ بۆ مار شتێکی باش نییە، ئیتر دوژمنی ناوەکیی بۆ پەیدا کرد و هەر لە هیتلەر و نازییە گەورەکان تا ئەفسەرەکانی سوپا.

و ئەدەب و هەر شتێکی شادیبەخش. مار ئاوڕ لە رەخنە و گلەیی ناداتەوە، بیر دەکاتەوە و خۆ دادەنووسێنێ تا بڕیارەکە دەدات ئەوسا پەشێمانبوونەوە نییە و هەرچی دەبێ با ببێ. جا لە مەیدانی رامیاریدا خەڵک سەیربان بەوە دێ کە چۆن بڕیاری زۆر زەق و گەورە بەشێوازێکی زۆر ئاسایی (وەک نە بای دێت نە باران) دەردەچن تەنانەت وا پێ دەچێ کە گرفتە ئاڵۆزەکان چارە کراون ، ئیتر هەندێک کەس لەوپەڕی ئەوین و دڵداری دەژێن و هەندێکی دیکەش بەخەفەتەوە دادەنیشن تا کاتیان دادێت.

## بەختت لە سایەی ماردا

مشک لە سایەی مار: رێگەی دۆزینەوە و دەسڕەنگینی بۆ دەکاتەوە لە سەرپشت و پێشنیازەکانیشی دەبیسێت بەڵام مار رێگەی قازانجی لێ دەبڕێ. ئیتر لە ئەویندا مەگەر تەنیا خەیاڵ و بیرکردنەوە بەس.

گامێش لە سایەی مار: قۆناغێکی باشە بەڵام هەندێک نائارامە؛ گامێش شەڕ دەفرۆشێت و تووشی ململانێ دەبێ چونکە دەروونی لە نێوان رک و ئەویندا شێواوە. کەواتە با هیچ بڕیارێک لە سایەی ماردا نەدات.

پڵینگ لە سایەی مار: مار باوەڕی بەتوانای پڵینگ هەیە کەچی بەوە رازی نییە چونکە ئامانجەکانی زۆرن. جا لە ئیشدا دەبێ بگەڕێت و بیشکێنێتەوە ئەوسا سەردەکەوێت. لە ئەویندا رەنگە سوێندی دڵسۆزی بۆ ئەوین بخوات.

پشیلە لە سایەی مار: کاتی سەرکەوتنی گەورە و قۆستنەوەی هەڵکەوتەکان و بووژاندنەوەی بەهرەی نووسین و لێکدانەوەیە و کاتی بەگەڕ خستنی بەهرەکانیەتی. هەروەها لە ئەویندا رێگە بەگوڵ دەرازێنێتەوە و هیچ گرفتێکی لەسەر رێگەی دڵداریدا نییە.

ئەژدیها لە سایەی مار: هەرگیز لەمە خۆشتر نابێ، مار بەئەژدیها ناوێرێ جا لەگەڵی رێک دەکەوێت و بەپایەی بەرز دەگات. لە ئیشدا کردارەکانی دەنگ دەدەنەوە و لە ئەویندا دڵداری دەچێژێت.

مار لە سایەی مار: بورجی خۆیەتی. بۆی هەیە بڕازێتەوە و بەرچاو بێت و بەکەللەڕەقییەوە

سەرکەوێت بەبێ ئاوڕدانەوە لە کەس. لە ئەوینیشدا بڕیار لە دەست خۆیەتی و ئەوینەکە سەقامگیر دەبێ.

ئەسپ لە سایەی مار: مار دەرفەتی ئەسپ نادات بۆ ئیش و کار و قازانج بگرە ڕێی ئەوینی بۆ خۆش دەکا، ئەویش تواناکانی خۆی و کێشی بەژن و باڵاکەی لە ئەویندا بەگەڕ دێنێ بەمێدی ئەو ڕۆژەی کە دەستی دەبێتەوە. کەواتە ئیش و ئەوین دەبنەوە یەک و پێوەندییەکان هەموو پێوەندیی کورتخایەنن.

بزن لە سایەی مار: کاتی خۆشییە دوور لە خەم و خەفەت. لە سایەی ماردا کاری ڕامیاری و هونەری جوان ئەنجام دەدات چونکە حەساوەتەوە و ڕەنگە موعجیزە دروست بکات. هەروەها ئاوڕێک لە دڵ و دەروونی خۆی دەداتەوە.

مەیموون لە سایەی مار: زۆرزانە. خەڵکی ڕازی دەکات و ناچاریشی دەبنەوە. ماریش پێویستی بەمەیموونە چونکە کەس ئەو بۆشاییەی بۆ پڕناکاتەوە؛ بۆیەش مەیموون ئەم خاڵە دەقۆزێتەوە جا بۆی هەیە شانازی بکات. لە ئەوینیشدا تەلەسماوی و بەکێشە، دەشتوانێ مار بکاتە هاوبەشی ڕابواردنی خۆی یان هەرنەبێ دوور بەدووری چەپڵە بۆ مەیموونی فێڵباز لێ بدات.

کەڵەباب لە سایەی مار: مار دەیرەنجێنێت و ئەرکەکانی نێو ماڵ و خێزانی لێ زیاد دەکات، بۆیەش کەڵەباب خەفەتی پەیدا دەبێ. هەروەها بۆ ئەوین ناپەرژێ چونکە کێشەکانی نێو ماڵ هەموو کاتەکەی لێ زەوت دەکەن بەڵام بەگشتی بەختی باشە.

سەگ لە سایەی مار: پاش هەرای قۆناغی پێشوو هێمن دەبێتەوە. لە ئیشدا لە فەیلەسووف و زاناکان نزیک دەبێتەوە. تەنانەت خولیای نەوژەنی و دۆزینەوەش دەبێت. دڵیشی هەر خۆشە تەنانەت ئەگەر وای تێ نەگات، هەر خۆشە.

بەراز لە سایەی مار: مار دەیحەسێنێتەوە دەسکورتی لە بیر دەباتەوە و بەڵێنی دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانی دەداتێ. بەڵام لە ئەویندا شەوگاری ڕەش دەکات و ڕەنگە تووشی پێوەندییەکی ناپەسندی بکا.

# ئەوین و پێوندی

## پیاوی مار

پۆشتە و زمانپارێز و هەنگاو پوختن. بەهێمنی رەفتار دەکەن و مۆرکی فیز و خۆ هەڵکێشانیان تێدایە، ئەمەش بەشێکە لەو مەراقەیان بۆ دەسەڵات و پایەداری کە دەیانەوێ جێگەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بکەنەوە، تەنانەت شادی لەوەدا دەبینن کە دەزانن سامیان هەیە و قسەکانیان بەتینە. لە نێو ناسیاراندا خۆیان قورس دەکەن تەنانەت هەندێکیان بەپیاوی (بەپۆز) دەناسرێن. هەروەها کارزانن و لە گشت مەیدانەکانی ئیش و کاردا سەرکەوتوون، چونکە ئەگەرچی هەندە چالاک نین بەڵام تەمبەڵیش نین بەتایبەتی بۆ خۆپێگەیاندن.

ئەگەر شارستانی بن یان عەشایەر، لە ئەویندا نێرسالاری پێڕەو دەکەن و دەیانەوێ بەسەر ژندا زاڵ بن. حەز لە ئافرەتی جوان و زیرەک دەکەن بەمەرجێک کە لە خۆیان بەدەسەڵاتتر نەبن، جا تاقییان دەکەنەوە و خۆ بزر دەکەن و دیسان پەیدا دەبنەوە تا بزانن ئایا بیریان دەکەن یا نا. کەواتە دەبێ ژنەکان خۆ لە بەرچاویان بەستەزمان بکەن ئەوها دڵیان رادەکێشرێ.

## ئافرەتی مار

چینییەکان خۆزگە بەو ماڵە دەخوازن کە ئافرەتێکی ئەم بورجەی هەیە، ئەگەر کچیان بێ یان بووک یان دایک، ئەو ماڵە بەبەختەوەر دەزانن. با بزانین بۆچی وایە؟ ئافرەتی مار مۆرکی مێیەتی و نەرمایەتی و میهرەبانی پێوەیە. هەستێکی نەرم و ناسکیان هەیە و وێڕای قسەی نەرم و هەستی گەرم. شارەزاییەکی باشیشیان لە ژیاندا هەیە و ئەگەرچی ناسک و خەوناوین و هەندێک جار بەتەمبەڵیان دەزانی کە دەبینی خۆ بەلاوە دەنێن و نوقمی خەیاڵاتی خۆیان دەبن، بەڵام لە راستیدا ئیشکەر و بەرپرسن، بەتایبەتیش بۆ ئیشی دەرەوە.

کەواتە ماڵی باوکیان بەبنکەی حەسانەوە و خەونی پەمەیی داناوە و لەوێوە روو دەکەنە مەیدانەکانی دیکەی ژیان و تێ دەکۆشن. بەڵام بەشێوەیەکی مێیانە چونکە بەڕاستی

مێیەتی لەم ئافرەتانەدا خۆ دەنوێنێ.

لە ئەویندا نەرم و ناسک و (چاو لێکەرن). چونکە ورد بین و حەزیان لە دیاری و قسەی ناسک و لاواندنەوەیە و ئەگەر لە دەستیاندا بایە نەیاندەهێشت خۆشەویستەکانیان یەک هەنگاو لێیان دوور بکەونەوە بەهۆی دڵە کرمێییەکانیان بەرانبەر بەخۆشەویستەکانیان کە دەیانەوێ بەخۆیانەوە بنووسێن و بیر لە هیچ کەسی دیکە نەکەنەوە.

## پیاوی مار لەگەڵ . . .

ئافرەتی مشک: هۆگری مارە و رەنگە ئەوینداریشی بێ، بەڵام هەمیشە لێی وریایە.

ئافرەتی گامێش: دەتوانێ ئەم پیاوە ببەستێتەوە و دڵبەندی بکا واتە پێوەندییەکی یەکاویەکە.

ئافرەتی پڵینگ: باکلکی بانەدات چونکە هەرگیز خیانەتی مار لە بیر ناکات. کەواتە دەبێ کابرا لەگەڵی ڕاست و رەوان بێ دەنا... پڵینگ گۆشتخۆرە.

ئافرەتی پشیلە: هەردووک حەزیان لە هونەر و جوانکارییە و لە زۆر بواری تریشدا هاوبەشن؛ کەچی لە ناخدا جودان. چونکە کابرا نابەسترێتەوە و ئافرەتەکەش حەزی لە ئارامی و دامەزرانە.

ئافرەتی ئەژدیها: کەس وەک ئافرەتی ئەژدیها دڵبەندی ناکات. پیاوی مار دڵسۆزی ئەو ئافرەتە رەنگاوڕەنگەیە.

ئافرەتی مار: لە کار و گوزەراندا ڕێکن بەڵام لە ئەویندا لێک نابوورن. دەبێ کێیەیان سەرکەوێ؟

ئافرەتی ئەسپ: پێوەندییەکی سەختە چونکە ئافرەتەکە لە هەموو بوارێکی ژیان ئازادە تەنیا ئەوین نەبێ. کابراش تاکە مەبەستی ئەوەیە کە ئازادی لە ئەوین هەبێت دەنا لە هەموو بوارەکانی دیکەدا ڕەند و ژیرە.

ئافرەتی بزن: بزنی هونەرمەند و ماری زیرەک ئەگەر ماوە بەیەکتر بدەن و دوور بەدووری

تێک بگەن، ئەوسا پێوەندییەکی توند دێتە ئارا.

ئافرەتی مەیموون: بەرەبەرە کابرا شارەزای فێڵەکانی دەبێ، ئیتر یان ئەوەتا پەسندی دەکات و یان بە یەکجاری لێی دەکشێتەوە.

ئافرەتی کەڵەباب: لە سەرەتادا کێشە و گرفتیان زۆرە، بەڵام دواتر دەکرێ کە لەسەر زۆر خاڵ و بابەت رێک بکەون.

ئافرەتی سەگ: حەز لەو ئافرەتە دڵسۆزە دەکات بەڵام لەسەر هەندێک رەفتاری رۆژانە و شتی وردەواڵە رێک ناکەون.

ئافرەتی بەراز: هەمان جۆری پێوەندییە لەگەڵ ئافرەتی سەگدا هەیەتی، بەڵام لێرەدا پارە و خەم و خەفەتی زۆرترە.



## ئەسپ

١٨١٠
١٨٢٢
١٨٣٤
١٨٤٦
١٨٥٨
١٨٧٠
١٨٨٢
١٨٩٤
١٩٠٦
١٩١٨
١٩٣٠
١٩٤٢
١٩٥٤
١٩٦٦
١٩٧٨
١٩٩٠
٢٠٠٢
٢٠١٤
٢٠٢٦
٢٠٣٨

ئەحمەد شەوقی، ئەبو مەسعەب ئەلزەرقاوی، ئەنوەر سادات، ئیزاک نیووتن، بیلّی گراهام، جانێت جاکسۆن، جبران خلیل جبران، حافز ئەلئەسەد، زکرا، شێخ رەزا تاڵەبانی، رۆزفلت، ستیڤ ماکوین، سوڵتان هاشم، سوعاد ئەلسەباح، سەڵاحەدینی ئەیوبی، شۆن کۆنری، شوبان، شیشرۆن، عەبدولڕەحمان قاسملوو، عەبدوڵڵا ئاگرین، عەبدوڵڵا غەیس، علی عەبدوڵڵا ساڵح، فەرید شەوقی، کۆندۆلیزا رایس، کارل زایس، کلینت ئیست ود، شێخ لەتیفی شێخ مەحموود، لیۆنید برێجینێڤ، مارف خەزنەدار، مەلا بەختیار، مۆلەر، معەمەر ئەلقەزافی، موردەخای ڤانوونوو، نێچیروان بارزانی، نێلسۆن ماندیللا، نیوتن، لویس پاستۆر، هاریسۆن فۆرد، هایدە، هیلمۆت شمیت، هیلمۆت کۆل.

# ڕەوشتی گشتی

ئەسپ نموونەی مرۆڤی چالاک و ئیشکەرن، بەری ڕەنجی خۆیان دەخۆن و ناخوازن منەت لە کەس هەڵگرن. لەناخی دڵیاندا فەریکە شۆڕشگێڕێک خۆی حەشار داوە کە ڕۆژێک لەڕۆژان، لە قۆناغی گەنجیدا بێت یان لە پیری، سەراوبنکارییەک دەنێتەوە *"ئی بن بەرێ دەخاتە سەر بەرێ"*.

ئایا هۆکاری هەبوونی ئەو شۆڕشگێڕە چییە و ئایا شۆڕش و کودەتا دژی کێ دەکات؟ دژی حوکمەت؟ دژی داگیرکەر؟ باشە ئەگەر ڕۆڵەی وڵاتێکی ئازاد بێت و هیچ داگیرکەر لە ئارادا نەبێ ئەوسا بەگژ کێدا بچێتەوە؟

ئەگەر بمانەوێ بەشێوەیەکی باشتر لە ناوەڕۆکی ئەم بورجە بگەین با وێنەی برای هەفتەم بخەینە بەرچاومان. ئەو کوڕە کە دەبینێ وا برایەکانی کێشەیانە و بەتایبەتی برای شەشەم (مار) ئەوها خۆ دەسەپێنێت، کوڕی هەفتەم لەو خزم و برایانە بێزار دەبێت و مەراقێکی نهێنی لە دڵیدا دەورووژێ کە خۆ لە قەرەباڵغی و ئاڵۆزیی نێو خزمان دوور بخاتەوە. تەنیا بۆ چەند ئەرکێکی پێویست نەبێ کە ئەوانیش بەساردی ئەنجام دەدات، دەنا ئەگەر بەدەستی بێ هەرگیز ڕوویان تێ ناکاتەوە. بۆیەش وای لێ دێ کە بە خۆپەرست و بەفیز بناسرێت و وەک دیتمان لە کۆڕەکەی بوودادا زۆر بەساردی هاتە ژوور و بەلاوە دانیشت.

بەم کورتە باسە دەتوانین بنەمای سەرەکیی بورجی ئەسپ بزانین. ئەسپ مرۆڤی ئاسایین بەڵام هێزیان لەوە دایە کە خاوەن مەبەست و مەراقی ئاسایین وەکو کار و کەسابەت و ماڵێک و هاوسەرێک و هاوڕێیەک بەبێ خزم و قەرەباڵغایی، وێڕای خاڵێکی گرینگ کە حەز لە چارەی خەڵکی خۆ سەپێن و عاشقە دەسەڵات ناکەن؛ بگرە لە ناخیاندا سووکایەتی بەو شتانە دەکەن و دەزانن کە مەرجی سەرەکی ئەوەیە سەربەخۆییەکی مادی دابین بکەن بۆ ئەوەی دووچاری دەستی کەس نەبنەوە. هەروەها ڕووخۆش و چالاک و گورجن و دەیانەوێ دیمەنێکی تایبەتی و ناسراویان هەبێ تا لە نێو خەڵکیدا بناسرێنەوە. جا سەیر نییە کە هەندێکیان بێ ئەندازە پۆشتەن و جلی زۆر جوان لەبەر دەکەن، کەچی هەندێکیان جلی زۆر شڕ یاخۆ سەیر لەبەر دەکەن، لە ڕاستیشدا مەسەلە ئەوەیە کە لە هەردووک باردا دەیانەوێ دیار بن چ بەپۆشتەیی، چ بەشڕی.

باوەڕیان بەخۆیان و بەتینی کەسایەتی خۆیان زۆرە و، لە پێناو پێگەیشتن و گوزەراندا نە خۆ سووک دەکەن و نە خۆ دەسەپێنن، بگرە پشت بەرەنجی دەست و بازووی خۆیان دەبەستن. هەروەها قسەزان و بەپەللاریشن و ئامادەن بۆ هەر جۆرێک مشتومڕ تەنانەت ئەگەر شارەزاییەکی مسۆگەریشیان لەو بابەتەدا نەبێت کە باس دەکرێ، جا زۆر جار خەڵکەکە بەناچاری بێدەنگ دەبن کە دەزانن مشتومڕ لەگەڵیاندا سوودی نییە. لە مەیدانی هاوڕێیەتیدا رووخۆش و دەستکراوە و میوانداری زۆر باشن. گاڵتەبازن بەڵام هەستیارن، گاڵتەی برادەرانە لە پەللاری بەتەوس جودا دەکەنەوە و پێی پەست دەبن. واش هەر دواتر ئاشت دەبنەوە چونکە ناتوانن ماوەیەکی زۆر لە کۆڕی هاوڕێیەکانیان دابڕێن کەچی بۆ بۆنەی کۆمەڵایەتی و شوێنی قەرەباڵغ بەساردیی رەفتار دەکەن و ئامادەن کە لێی دابڕێن.

زۆربەی ئەسپەکان مرۆڤی گەڕۆکن تەنانەت بەهۆی گەڕان و دنیا دیتن زیاتر لە ژیان دەگەن. لە ژیانی رۆژانەشدا هەمیشە خەریکی ئیش و کارێک دەبن و لەم خاڵەدا خۆپەرستن چونکە لە پێناو کار و گەڕانی خۆیاندا ئاوڕ لە کەس نادەنەوە. قۆناغەکانی ژیانیشیان هەمان شت دیار دەخات کە وا لە گەنجیدا چەندە بزێو و گەڕۆک بن، دواتر لە پیریدا تووشی بێزاری دەبن. هەروەها ئەو کەسەی شارەزایی لە گەردوونزانی هەبێ دەتوانێ بەوە بورجی ئەسپ بناسێتەوە کە خەفەتێکی گەورە دروست دەکەن بۆ هەر کەسێکی تەمبەڵی خۆسەپێن. دیاردەیەکی لەوەش گرینگتر هەیە لە رەوشتی ئەسپدا کە بەئاسانی دیار ناکەوێ، ئەمەیان لە مەیدانی ئەویندایە، وەکو ئێستا باس دەکرێت.

لە ئەویندا بە چەشنی ئەسپی کێوی رەفتار دەکەن کە دەبینن ئەسپی چەمووش لەو دەشتە بەخۆیان دەنازن و خۆ بەدەستەوە نادەن و بەو دیمەنە جوانەیانەوە بێ ئەندازە سەربەخۆ و کاریگەر دێنە بەرچاوت. کەچی هەمان ئەسپ کە دەستەمۆ دەکرێ ئەوسا شل و بێ دەسەڵات دەبێت. ئیتر سەبارەت بە ئەوین و پێوەندیی سۆزداری و مارەیی و ئەو شتانە، هەمان راستی لەگەڵ بورجی ئەسپ دووپات دەبێتەوە کەوا دەیانبینی لە سەرەتادا زۆر بێ باک و را لەخۆن، کەچی دواتر خۆیان بۆ هەستی دڵیان بەجۆرێک شل دەکەن وەک بڵێی هەرگیز ئەو سەربەخۆیەی جاران نین.. کەواتە ئامۆژگاری ئەوەیە کە لە سەرەتادا هەندە دووره پەرێز و بێ باک و ڕا لەخۆ و چەمووش نەبن بۆ ئەوەی دواتر ئیشەکە هەندە سەراوژێر نەبێتەوە کوردی گوتەنی "نە وا و نە واش".

## دوازده جۆر ئەسپ



### ئەسپ - کاوڕ



هەردووک بورج خوێنگەرم و گەنجانەن، ئیتر مرۆڤێکی چاونەترس و بدەر هەڵدەکەوێ کە لە کاتی شادیدا یەک بەخۆ سەما دەکات و دەگەشێتەوە بەڵام ئەگەر بەدڵی نەکەن یەکسەر پشت لە هەموان دەکا. واتە بەپەلەیە، وا دەزانێ ئەگەر تێکڕای ئومێدەکانی وەدی نەهێنێ ژیانی بەفیڕۆ چووە. بەئاسانی دان بەهەڵەکانی نانێت و لە مشتومڕدا هەندێک چیڕدرێژە، بەڵام لە ناخدا چاکەخوازە و ڕەوشتێکی خانەدان و دەستێکی پاک و دڵێکی زێڕینی هەیە، ئیتر گومان نییە کە ئەو هەموو چاکانە وردە عەیبەکانی بزر دەکەن.

کار و کاریر: ئەم دەست و بازووە لە هیچ بوارێکدا پەکی ناکەوێ. تاکە تێبینییەک ئەگەر هەبێ ئەوەیە کە لە قۆناغە زووەکاندا بیر لە ناوبانگ دەکەنەوە نەک لە پارە و لایەنی ئابووری، کەچی دواتر مەسەلەکە سەراوبن دەبێ. کەواتە ئەگەر لە سەرەتاوە فێریان بکەن بیر لە پارە بکەنەوە باشترە، مەبەست ئەوەیە کە ڕاستبێن بن دواتر ناوبانگیش مسۆگەر دەکەن وێڕای لایەنە ئابوورییەکە.

گونجان: شێر بەگشتی پێش هەموو کەسێک دێن و بەتایبەتیش هیساڵی پڵینگ و سەگ، ئەوانە یەکاو یەکن. هەمانە بزنەکانی تیرەنداز و سەتڵ، هەروەها جمکەکانی ساڵی پڵینگ و سەگ، تێکڕا لە هیچیان کەم نییە. بەڵام با وریای سەتڵەکانی ساڵی مشک و مەیموون بێت و لەوانەش ترسناکتر گیسکەکانن بەتایبەتی گیسکەکانی ساڵی مشک و بەراز.

ناودارەکان: ‹عەلی عەبدوڵڵا ساڵح، ستیڤ ماکوین، مارف خەزنەدار، مۆلەر، هیلمۆت کۆل.



## ئەسپ - گا



جموجۆڵی کەمترە و هەندە خۆشتێکەڵ نییە. جوان و بەهرەمەندە، بەڵام چاوی لە دەسەڵات و لە ریزی پێشەوەیە. بەپێچەوانەی بورجی پێشوو ئەوانە لە منداڵیدا ژیر و بێدەنگ و بەهرەمەند بن بەڵام رەنگە تووشی جۆرێک نامۆیی بن لەو جیاوازییە گەورەی نێوان منداڵی و کەشی ماڵێ لەگەڵ گەنجایەتی و ژیانی راستەقینە. لێرەدا زۆر گرینگە کە باوانی ئەم بورجە بەسەر ئەم تەگەرەی بخەن بۆ ئەوەی وەکو هەموو ئەسپەکانی دیکە سەربەخۆ بێ و بەری رەنجی خۆی بخوا. با بەهرەکانی سەردەمی منداڵی لە زەمینە راستی و بازاڕی ژیان خورد بکاتەوە. کە ئەم خاڵە مسۆگەر کرا، ئیتر هیچ تەگەرەیەکی نامێنێ.

کار و کاریر: وەک باس کرا دەسترەنگینییەکی زگماکیی هەیە و رەنگە لە زۆر بواری مەیدانیدا هەڵداتەوە هەر لە پیشەسازی و کاری دەستەکی تا هزر و هونەر. هەناسەی درێژە و بەرگەی رۆتین دەگرێ تەنانەت دەتوانین بڵێین کە خۆی حەز لە رۆتین دەکات نەک جموجۆڵی کتوپڕ.

گونجان: مەیدانێکی فراوانی هەیە، لە زادەکانی ساڵی پڵینگ، ئینجا کەڵەباب، ئەوجار بزن، با لەوانە بەبێ دوودڵبوون روو بکاتە قرژاڵ و رەبەن و گیسکەکانیان، هەموویان (ئۆکەی) وێڕای نەهەنگەکانی پڵینگ و بزنیش کە زۆر باشن بەپێچەوانەش، با وریای شێر و دووپشک و سەتڵەکانی ساڵی مشک بێ وێڕای شێرەکانی مەیموون و سەتڵەکانی گامێش و بەراز، لە هەمووشیان بڤەتر بەراز-دووپشکە.

ناودارەکان: هایدە.



## ئەسپ- جمک



پێی بڵێن (هێواش) چونکە ئەم هەیکەلە گورجە و ئەو هەموو زیرەکایەتی و زمان و بەهرەیە وا دەکا کە ببێتە دوژمنی خۆی بەتایبەتیش زمانەکەی. مەسەلەی ئەم بورجە وەک چیرۆکی پێشبڕکەی نێوان کەروێشک و کیسەڵەکەیە کە ئەمەیان هەندە گورجە هەست دەکا زۆربەی خەڵکەکە وەکو کیسەڵ دەجوولێنەوە. ئیتر لە ئەنجامدا روو لە هەوەسبازی و خۆپەرستی دەنێ و سنوورێک بۆ خۆی ناکێشێ. ئارەزووەکانی زۆرن و هۆشی بۆ ئێرە و ئەوێ بڵاو دەکاتەوە و دەیەوێ چەندین رێگە بگرێتە بەر. هەروەها ئەمەیان لە زووێکەوە دەست بەئیش و کار دەکات و ماڵی باوکی بەجێ دەهێڵێت یان هەرنەبێ جۆرێک سەربەخۆیی بۆ خۆی دابین دەکا. واتە کەمێک هێواشی سەرکەوتنەکانی بۆ دەپارێزن.

کار و کاریر: لە ئیشدا وەک مەکینەیەکی ژاپۆنییە کە راوەستانی نییە. دەوروبەری خۆی ماندوو دەکات کە ئەوها گورج و لێزانە. تاکە شتێکی کە دەبێ رەچاو بکرێ ئەوەیە کە نەهێڵن بڕیاری تاکانە بدات و لە کاتی بێ کاریدا هەندە زوو بێزار نەبێ بگرە فێری پرس و ڕا و پشووگرتن بکرێ.

گونجان: پڵینگ و سەگەکانی شێر و سەتڵ پێش هەمووان دێن، ئینجا کاوڕ و تەرازووەکانی ساڵی بزن و ئینجا کاوڕەکانی ساڵی پڵینگ، با لە هیچیان سڵ نەکاتەوە. هەمانە رەبەن و دووپشک و تیرەندازەکانی ساڵی گامێش لەگەڵی ناگونجێن، لەوانەش خراپتر ئەوەیە کە خۆ لە رەبەن و نەهەنگ و تیرەندازی ساڵی مشک بدات، ئینجا لە هەموویان ترسناکتر، نەهەنگی ساڵی بەراز.

ناودارەکان: جانێت جاکسۆن، سوعاد ئەلسەباح، معەمەر ئەلقەزافی، کلینت ئیست ود>.



# ئەسپ- قرژاڵ



لە وەڵاشەکانی هێواشترە و هەندە خۆپەرست نییە، بگرە زۆر جار مرۆڤی خۆبەختکەر لەم بورجــە و لە بورجی "ئەسپ- دووپشک" هەڵدەکــەون بەتایبــەتیش بۆ مــاڵ و منداڵەکــانیــان ئەم کــەســایەتیــیــە زۆربەی هەست و هۆشی خــۆی بۆ ئەوین و بابەتە دەروونییەکان تەرخان کردووە. خۆی لە نێوان مەیلی ئەسپ بۆ سەربەخۆیی و، مەیلی قرژاڵ بۆ ماڵ و دایک و خزم و... هتد، لەم نێوانەدا سووکە گرفتێک پەیدا بووە کە زۆربەیان دەزانن چۆن چارەی بۆ بدۆزنەوە، چارەکەش بریتییە لە دۆزینەوەی ئەوینی راستەقینەی ژیانی خێزانی. بەرگەی تەنیایی ناگرێت و پاش دابینکردنی لایەنی ئابووری، ژیانێکی ئارامی گەرەگە.

کار و کاریر: رەنگە کرێکاری پێ نەکرێت وەکو ئەسپەکانی دیکە بەڵام ئەگەر فەرمانبەر و چاودێر و بانکەر و ژمێریار و دوکاندار و هتد بخوازین، ئەوەتا.

گونجان: لە لایەکەوە مەیلی قرژاڵی تێدایە بۆ کۆشی دایک، لە لایەکی دیکەوە مەیلی ئەسپ کۆنترۆڵی دەکات بۆ سەربەخۆیی و دوورکەوتنەوە لە خزم و باوان، کەواتە سەیر نییە کە بەدوای ئەوینێکدا بگەڕێ کە مۆرکێکی دایکانەی پێوە بێ. بۆیە دەبێ پێش هەموو کەسێک روو بکاتە گا و رەبەن و دووپشک نەهەنگەکانی ساڵی پڵینگ و بزن. ئینجا گا و دووپشکی ساڵی سەگ. رەبەن و گای ساڵی سەگیش مەیلەو باشن. بەپێچەوانەش، با خۆی لە کاوڕ و تەرازوو و گیسکی ساڵی مشک نەدات و لەوانەش ترسناکتر کاوڕ و تەرازووی گامێش، لەوانەش بەدتر ئەوەیە کە تووشی کاوڕ و گیسکی ساڵی بەراز بێ، نەکەی نەکەی.

ناودارەکان: نێلسۆن ماندێللا>، هاریسۆن فۆرد>.



## ئەسپ - شێر



ئارەزوومەندێکی ئاگرینە و بەوە رازی نابێ کە وەکو هەر مرۆڤێکی ئاسایی بژییێت بگرە مەراقی ئەوەیە کە بەلانی کەم جۆرێک دیاربوون و باڵادەستی بۆ خۆی مسۆگەر بکات. ئەسپێکی براوەیە و لە هەر مەیدانێکدا پێشبڕکەی هەبێ، تۆ پارەی خۆتی لەسەر دانێ. پشت بەخۆی دەبەستێت و کۆڵ نادا تا رۆژی وەدەستهێنانی ئامانج. دەیەوێ هەمیشە بەرێز و بەرچاوی بمێنێ چونکە خۆپەرست و بێ منەتە و لە کاتی نشوستیدا دەشێوێ چونکە بەجۆرێک لە جۆرەکانی بەزینی دەزانێ و بۆ ماوەیەکی درێژ ئەو هەستە لە دڵیدا دەمێنێ تا تۆڵەی خۆی دەکاتەوە. بایەخ بەخۆی دەدات و ئاوڕ لە هەستی کەس ناداتەوە، هەروەها دۆستایەتییەکی لەگەڵ ئاوێنە هەیە.

کار و کاریر: چ شتێک پێویست بێ ئەوە پێش خۆت و پێش هەموو کەسێک بیری لێ کردووەتەوە دەستی گەیاندووەتێ و کراوە و براوەتەوە. واتە لە ئیشدا تا خەڵکەکە دەڵێن "بسم الله" ئەو دەمێکە گوتوویەتی "الحمد لله". گومانیش نییە کە بۆ رابەرایەتی و کارگێڕی باشە.

ئەوین و گونجان: ژیانی دوور لە گرفت و سەرئێشە لەگەڵ کاوڕ و جمک و تەرازوو و تیرەندازەکانی ساڵی پڵینگ "ئینجا سەگ" مسۆگەر دەکات. کاوڕ و گیسکەکانی ساڵی بزن هەست و شادمانییەکی سەیری پێ دەبەخشن. لە بەرانبەردا ئەگەرچی مەیلی بۆ گا و دووپشک و سەتڵەکانی ساڵی مشک و مەیموون دەچێ بەڵام تووشیان نەبێ باشترە.

ناودارەکان: فەرید شەوقی، ئیزاک نیووتن.



## ئەسپ - رەبەن



بەکێش و درەوشاوەیە و بەئاسانی جینسی بەرانبەر رادەکێشێ وەک بڵێی "جگە گورگ"ی پێیە، کەچی خۆ لە پێوەندیی سۆزداری نادات وەک بڵێی خەڵکی تاقیی داکاتەوە کێ بۆی دەرمێت و کێ وەکو خۆی خۆ ڕاگر و بەرێزە؟ جا لێرەدا سەیر نییە کە بەخۆپەرست و لووتبەرزی بناسن، دووکەڵیش بەبێ ئاگر نییە، بەڵام دەبێ ئەم راستییەش رەچاو بکەین کە خۆپەرستییەکەی ئەم بورجە تەنیا لەم خاڵەدایە و دەیەوێ رێزی خۆی بسەپێنێت و ئیش و کاری خۆی پێش هەموو شتێک داناوە، دەنا لە بوارەکانی دیکەدا راست و رەوایە.

کار و کاریر: ئاست و رەوایی ئەم بورجە لێرەدا دیار دەبێ کە چۆن ئیشکەرێکی گورج و دەستپاک و بێ فێڵە. بۆ پێوەندی گشتی، گۆڕینەوەی زانیاری، هونەر و راگەیاندن و هەماهەنگی باشە وێڕای کارە ئاساییەکانی دیکە.

گونجان: ئەو هەموو کێشە ئەگەر بۆ بەستنی پێوەندی نەبێ بۆ چییە؟ با نەبێتە مایەی پەرێشانی بۆ عاشقەکانی ئەو بەژن و بالایە. لەباتی ئەو دوورەپەرێزییە با بەبێ ترس روو بکاتە گا و قرژاڵ و دووپشک و گیسکەکانی ساڵی سەگ ئینجا پڵینگ، ئەوانە دڵئارامییەکی مسۆگەری پێ دەبەخشن، هەروەها بزنەکانی مانگی قرژاڵ و دووپشک، ئەوانەش یەکاو یەکن. مەیلی دەبێت بۆ جمک و تیرەنداز و نەهەنگەکانی ساڵی مشک بەڵام گونجانی لەگەڵیاندا سەختە، کەواتە با تووشیان نەبێت و لەوانەش بەدتر ئەوەیە کە خۆ لە نەهەنگەی ساڵی مەیموون بدات، ئەمەیان قەدەغەیە.

ناودارەکان: ‹مەلا بەختیار، ‹شۆن کۆنری، کارل زایس، زیکرا›.



## ئەسپ - تەرازوو



هەردووک بورجی هەفتەمن و هەردووک بەدیمەنی گەشی خۆیانەوە دەنازن، ئیتر سەیر نییە کە کێشێکی تایبەتی هەبێ. بورجی تەرازوو توانای دەربڕین بەئەسپی شۆڕشگێڕ دەبەخشێت و رادەی تێپەڕاندنیشی هێمن دەکاتەوە بەمەش ئازادیخوازێک هەڵدەکەوێت کە ئازادی و مافی بڕیاردان بەمەرجی سەرەکی بۆ هەموو پێوەندییەکان داناوە، واش هەر ئاشتیخوازە و حەز لە ئاژاوە ناکات. بیسەر و وەرگرێکی زۆر باشە، گوێ هەڵدەخات بەڵام زۆر قووڵ نابێتەوە بگرە پێوەرێکی گشتی بۆ سەرانسەری مەیدانەکە وەردەگرێت و پێت دەسەلمێنێ چونکە توانای دانوستانی هەیە.

کار و کاریر: مێشکی ئەم بورجە وەک ئەرشیف وایە و هەمیشە خۆی لە جەرگەی پڕۆژەکاندا دەدۆزێتەوە. هەندە بایەخ بەوە نادا کێ سەردەستەیە و کێ فەرمان دەدا، گرینگ ئەوەیە بەرهەم و قازانج مسۆگەر بێت و تەگەرە نەخرێنە سەر رێی پێشکەوتن و گەشانەوە و جموجۆڵ.

گونجان: کەم کەس چاوی تێر دەکات، لە چاوەکەشی گرینگتر، عەقڵ و هۆشی، کەواتە با روو بکاتە پڵینگ، بەتایبەتیش بورجەکانی جمک و شێر و تەرازوو و تیرەنداز. هەروەها سەگەکانی تیرەنداز و سەتڵ، ئینجا بزنەکانی جمک و شێر، تێکڕای ئەوانە زۆر باشن. بەڵام با خۆی لە مشک نەدات بەتایبەتیش کاوڕ و قرژاڵ و گیسک، هەروەها بزن- گیسک، ئەوانە لەگەڵی ناگونجێن.

ناودارەکان: ‹نێچیروان بارزانی، حافز ئەسەد، موردەخای ڤانوونوو، ئەحمەد شەوقی›.



## ئەسپ - دووپشک



چینییەکان ناوی لێ دەنێن ئەسپی کێوی و دەڵێن ئەمەیان بەهێزترین ئەسپە. ڕەند و ئیشکەر و خاوەنی کەسایەتییە و، تاکە ئەسپێکە کە مەرج نییە لە خزمەکانی هەڵگەڕێتەوە یان خۆی جودا بکاتەوە تەنانەت ڕەنگە خزم پەرستیش بێ. پۆشتە و لێزان و بەزمانە و، لە خەڵکی قووڵ دەبێتەوە. توانای ئەم بورجە لە دوو بواری زۆر جودادا دیار دەبێ، یەکەم وەکو هەر ئەسپێک خاوەن دەست و بازووی کاریگەرە، دووەم ئەوەیە کە وەکو هەر دووپشکێک لە دەروونی خەڵکی قووڵ دەبێتەوە و خاڵی لاوازیان دەگرێت. بەکورتی، پێشبڕکەکردن لەگەڵ ئەم بورجەدا قومارێکی دۆڕاوە و ئەگەر هەر ناچاری لێکخشان ببنەوە باشتر ئەوەیە برادەرایەتی و دانوستانی لەگەڵدا بکەن. خۆ ئەگەر بکرێتە برادەر ئیتر ئەمە دووشەشە چونکە ویڕای هەموو خۆپەرستی و بێ منەتیی، ئەم ئەسپە ئامادەیە ژیانی خۆ لەسەر دۆستەکانی بەخت بکا.

کار و کاریر: ئەم ئەسپە نەک هەر لێزان و چالاکە بگرە دروستکەرە و توانای پێکهێنان و بووژاندنەوەی کاری زلی هەیە.

گونجان: هەڵبژاردنی هاوسەری راستەقینە لە مەسەلە هەرە گرینگەکانە بۆ ئەم بورجە، پڵینگ و بزن باشترین هاونشینن، با لەوانە بورجی قرژاڵ و ڕەبەن و گیسک و نەهەنگەکانیان هەڵبژێرێ، هەروەها سەگەکانی ڕەبەن و نەهەنگ. بەپێچەوانەش، هەمانە گا و جمک و شێر و سەتڵەکانی ساڵی مشک، وێڕای سەتڵەکانی پشیلە، با تووشی ئەوانە نەبێ.

ناودارەکان: ‹ئەبو موسعەب زەرقاوی، *سوڵتان هاشم*، بیلی گراهام، کۆندۆلیزا رایس›.



# ئەسپ - تیرئەنداز



ئەگەر کەسێک هەبێ وێنەی Saggitarius بەرجەستە بکات ئەوە ئەمەیە و ئەگەر کەسێکیش هەبێ وەرگەڕان دژی ئینتیمای کۆن وەرگەڕێت ئەوە ئەم بورجەیە. ژیانی وەکو چیرۆکێکە لە سەرەتادا پڕە لە ئالۆزی و بەگژ کۆمەڵێک رەوتی کۆنەپەرستانەدا دەچێتەوە (کۆمەلایەتی و سیاسی) تا لەگەڵ رۆژگار بەئینتما و شێوەژیانی خۆی دەگات. رەنگە ئەم راستییانە بەڕۆنی دیار نەبن بەڵام شتێکی ئاساییە ئەگەر لە ماڵێ چیرەدرێژ بێت کەچی بۆ برادەران یاخود لە ئیشدا زۆر رووخۆش و نەرم بێ. ئاخاوتن و بڕیاردان و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی گشتیان بەپوختی دەکات و تەگەرەکان بەلاوە دەنێت و نایەوێ پشت بەکەس ببەستێ، بگرە دەست و بازووی خۆی و کەسایەتیی خۆی و بەس.

کار و کاریر: ماندوو نەناسە و بەو هەیکەلە پۆلاینەوە لە هەر بوارێک کار بکات ماسوولکەکانی وەک شۆفڵ رێی دەردەکا. لە کۆمەلایەتیدا چەندە رەق خۆ دەنوێنێت کەچی لە مەیدانی ئیشدا یەکجار نەرم و مرۆڤانە و هەستیارە. وەک بڵێی هەموو هەست و سۆزەکانی بۆ کارەکەی تەرخان کردووە نەک بۆ خزم و خوێ.

گونجان: ئینتیمای تازە بۆ وی ماڵی کۆتاییە، جا دەبێ بزانێ لەگەڵ کێ دەژێت و کێ هاونشینی راستەقینەیە. با روو بکاتە کاوڕ و تەرازوو و شێر و سەتڵەکانی ساڵی پڵێنگ یان کاوڕ و شێر و تەرازووی بزن، ئەوانە ماڵی خۆبنی. سەگەکانی تەرازوو و سەتڵیش یەکاو یەکن، بەڵام با لە رەبەن و جمک و نەهەنگەکانی ساڵی مشک وریا بێ.

ناودارەکان: لیۆنید برێجینێڤ›.



# ئەسپ - گیسک



هەموومان دەزانین کە گیسک لە هەرزەکاریدا بەبورجە هەواییەکان دەچێت کەچی لەگەڵ تەمەن دەبێتە بورجێکی خاکیی و مەراقی دەکەوێتە سەر پارە و دەسەڵات. جا ئەمەیان کە بورجی ئەسپە، قالب بەستنی کۆتایی پاش (شۆڕشەکەی ئەسپ) دێتە کا و درەنگ دەیناسن. هەندێکیان کراوە دەبن و هەندێکیان ئاڵۆز بەڵام هەموویان دووربێنن و دەزانن بۆچی ئەوها خۆ دەنوێنن. کە یەکێکیان دەبینی لە سەرەتادا وا دەزانی مرۆڤێکی سادە کەچی لە ناخدا پڕە لە هەست و مەبەست و ئامانج. هاوڕێیەتی و بەرژەوەندی لێک جودا دەکاتە و، هەروەها دان بەشکست نانێت و ئەو هەناسەدرێژەی وی کەم کەس هەیەتی.

کار و کاریر: زۆربەیان کاریری خزمەتگوزاری هەڵدەبژێن بە هەموو جۆرەکانییەوە و تێدا سەرکەوتووە. بەگوێرەی دەوروبەر رەفتار دەکەن و بەڕوویەکی خۆش و هەناسەیەکی درێژ پێ هەڵدەگەڕێن.

گونجان: بزن ئینجا پڵینگ و ئەوجار سەگ، لە نێوان بزنەکاندا با روو بکاتە زادەکانی گا و شێر و نەهەنگ، لە پڵینگ و سەگەکاندا هەمانە رەبەن و دووپشک و نەهەنگ، ئەوانە هەموویان زۆر باشن. بەپێچەوانەش، با روو لە ئەسپ نەکات چونکە ئەسپ بۆ ئەسپ باش نییە بەتایبەتیش کاوڕ و قرژاڵ و تەرازوو، هەروەها با خۆی لە قرژاڵ و تەرازووی ساڵی مەیموون نەدات.

ناودارەکان: ‹هیلمۆت شمیت، ‹ئەنوەر سادات، دانزڵ واشنتن، کاپتن جێمز وڵف، جبران خەلیل جبران.



# ئەسپ - سەتڵ



دروشم و مـۆرکی ئەم کەسـایەتیـیـە بریتـیـیـە لە ئازادیخـوازی و رەتکردنەوەی هەمـوو جۆرێک بارگرانی و خەڵکی خۆ سەپێن و، دروشمی دووەم بریتییە لە زانست و رۆشنبیری و بەرچاو فـراوانی و رەتکردنەوەی هەمـوو جـۆرێک خـۆنـواندن و شـێـوازی دیماگـۆگی (کـە زۆربەی جار لایەنی دینی پێرەوی دەکەن). باوەڕێکی بێ سنووری بەخۆی هەیە بەڵام ئەوە نەک بەواتای کە هەمیشە وەک مەکینەیەک کار دەکات. بگرە خەباتی ئازادیخوازانەی ئەم بورجـە رەنگە هەندێک جـار بەخـەیاڵ بیکات، جـا سـەیرت پێ دێ کـە دەبینی جـارێک تەمـبـەڵە و جارێکی تر زێدە گـورجە و هەندێک جـار بەپەرۆشـە کەچی هەندێک جـار بێ باکە؛ ئیتر ئەوهایە.

کـار و کـاریـر: دەیەوێ پێ بگات و لەو پێناوەدا ئامـادەیە هەر نرخـێک بدات و هەمـوو رێگەیەک دەگرێتە بەر و هەموو تاکتیکێک بەکار بێنێ. پێویستی بەکەسێک هەیە کە شتی وەبیر بێنێتەوە، چونکە بیری لەو باشانە نییە دەنا بێجگە لەم خاڵە، کار نییە سەری لێ دەرنەکات بەتایبەتیش کاری دەستەکی.

گـونجـان: با روو لە هەمـوو کـەسێک نەکـات چونکە مەیدانی گـونجـان بۆ وی هەندە بەرین نییە. هەمانە سەگەکانی جمک و تەرازوو، لەگەڵ بزن- تەرازوو، لەگەڵ پڵـینگ- تیرەنداز ئەوانە بەگەرەنتی بۆی باشن. مشک بۆی باش نین بەتایبەتیش گا و شێر و دووپشکەکانی مشک، هەروەها کەسێکی وەک مەیموون- شێر، ئەو نابێ خۆی لێ بدا.

ناودارەکان: ئەدیسۆن، رۆزڤێلت، یەلتسن، رۆماریۆ، کیم جۆنگ ئیل، ساینفێلد، جۆن تراڤۆلتا>.



## ئەسپ - نەهەنگ



تواناکانی ئەسپی شۆڕشگێڕ لێرەدا روو لە شۆڕشێکی بێدەنگ و زێدە هێمنی بواری دەروورنی و سۆزداری و میتافیزیک دەکا واتە شۆڕشگێرێکی بێدەنگی ئەو مەیدانانەیە. خۆی مەیلەو تەپە و حەز لە خەو و پاڵدانەوە دەکات بەڵام لە راستیدا ماوەیەکی زۆر تەمەنی لە پیلان داڕشتن و بیرکردنەوە بەسەر دەبات. بەوەشە بەهرەمەندێکی هەستە مرۆیییەکان دێتە کا وەک پەناگەیەکی نهێنی لێ دێ بۆ هەڵڕشتنی هەست و بیر کەوا لەگەڵیدا هەست بەئارمی و ئاسوودەیی دەکەی، بەتایبەتیش ئەگەر گرفتی دەروونی و خێزانیت هەبێ ئەوە سەری پێوە نییە.

کار و کاریر: کەس ئومێد نەکا کە وەکو ئەسپەکانی دیکە خاوەن دەست و بازوو بێ بەڵام ئەو نەرمییە دەیکاتە باشترین کەس بۆ کاری وەک مامۆستای سەرەتایی، پەروەردەکارێکی باش، هەروەها بۆ چیرۆکی منداڵان وێڕای جۆرەها هونەر و زانستەکانی کە پێوەندییان بەمەسەلە دەروونییەکانەوە هەیە.

گونجان: هەڵبژاردنی هاونشین و هاوسەری باش دەبێتە مایەی دامالینی تەمی تەمبەڵی لەسەر ئەم نەهەنگە زلە کەواتە با روو بکاتە قرژاڵ و تەرازوو و دووپشک و گیسکەکانی ساڵی پڵینگ، هەروەها گا و دووپشک و گیسکەکانی ساڵی سەگ، ئینجا گا و گیسکەکانی ساڵی بزن، ئەوانە لەگەڵی دەگونجێن و بەهەموو شێوەیەک بەدڵی دەبن. پێچەوانەش، با تووشی مشکەکانی جمک و تیرەنداز و رەبەن نەبێ وێڕای مەیموونەکانی تیرەنداز و جمک.

ناودارەکان: ‹سوعاد حوسنی، نەجوا کەرەم، عەبدوڵڵا ئاگرین، فریدریک شوویان.

# که ئەسپ باڵادەست دەبێ

سروشتی ئەم قۆناغە کە لە سایەی ساڵێک یاخۆ کەسایەتییەکی ئەسپدا دەژین وایە وەکو دەڵێن [دۆست دەبێتە دوژمن و دوژمن دەبێتە دۆست] واتە هەموو جۆرێک نەگونجانی نێوان خەڵکەکە و هەستە کپکراوەکان هەڵدەدەنەوە و، خەڵک لە نێو خۆیاندا هەڵوێستە جوداکانی خۆیان بەرەوڕووی یەکتر دەکەنەوە و ئەگەر لە ساڵی مشکدا خزم و حزب و دەوڵەتەکان توندتر بن دژ بە(تیرەکەی دیکە و حزبەکەی دیکە و دەوڵەتەکەی هاوسێ) لە سایەی ئەسپدا جیاوازییەکانی نێو یەک تیرە و یەک حزب و یەک دەوڵەت و یەک بەرە هەڵدەدەنەوە.

گەردوونی چینی سەرنجی داوەتە راستییەک کە ئەسپ (ساڵەکە و کەسایەتییەکە) زۆربەی بارە ئاساییەکان سەراوژێر دەکاتەوە، لە مەیدانەکانی رامیاری و هونەر و وەرزشدا پێشبڕکەیەکی توند دێتە کا و گۆڕانکاریی گەورە روودەدات. هەوڵی دیپلۆماسی و خێرخوازی و نابژیوانەکان، هەروەکو تاقی کراوەتەوە، هەڵچوون و پێکداداان تا قۆناغی دواتر دەوەستێنن ؛ دەنا هەر هەندە بزانن کە دەقەومێ.

سەرنج بدەن کە ئەو تلیشانەوەی ساڵی ١٩٦٦ کە کەوتە نێو کوردی عێراق، لە راستیدا گەردوونی چینی بە شتێکی زۆر ئاسایی دەزانێ چونکە ئەسپ هەموو پێوەندییەک و بەرەیەکی نەچەسپاو دەتلیشێنێتەوە. ساڵی ١٩٧٨ ئەو ساڵە بوو کە ئەمەریکا پشتی لە شای ئێران کرد. شای ئێران پێی دەگوترا "پۆلیسی کەنداو" کەچی لە ساڵی ئەسپدا (لەگەڵ کودەتای کۆمیونیستی لە ئەفغانستان) ئەمەریکا پشتی لە نزیکترین دۆستی خۆی کرد و لە راستیدا سەرانسەر خەریتە سیاسییەکانی ناوچەکە گۆڕان. هەر ئەو ساڵەش بوو کە سەدام خۆی وەکو بەدیلێک دیار خست بۆ وڵاتانی خۆرئاوا. بەڵی شەڕی ئەفغانستان و شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران و لادانی ئەحمەد حەسەن بەکر و لایەنگرەکانی لە عێراق و هەموو کارە خوێناوییەکان لە ساڵی پاشتر (ساڵی بزن) روویان دا بەڵام رەگی بزووتنەوەکان دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی ئەسپ.

ئەو کەسەی ساڵی ١٩٧٨ ی لە بیر نییە، با چاوێک بەساڵی ١٩٩٠دا بخشێنێتەوە. رابەرە کوردەکان لە دەزگاکانی راگەیاندنی جیهان دەپاڕانەوە کە بەنیو دێڕ باسی هەڵەبجە

و ئەنفال بکەن، بەڵام کەس نەیدەکرد. کەچی لە ٢-٨-١٩٩٠ کە کوێت گیرا و وەکو دەڵێن دنیا سەراوبن بوو، کورد بەیەک چرکە بوو بەهاوپەیمانی وڵاتانی خۆرئاوا و ئەورووپا. نەک کورد بەڵکو سەنگەرگۆڕین سەرتاسەری ئەم بەشەی جیهانی گرتەوە و کەس نازانێ ژمارەی ئەو دۆستانەی کە بوون بەدوژمن و ئەو دوژمنانەی کە بوون بەدۆست چەند بوون. شەڕ و پێکدادانیش وەک هەمیشە کەوتنە ساڵی پاش ئەسپ (١٩٩١ ساڵی بزن). دوا ساڵی ئەسپ ٢٠٠٢ بوو. کێ باوەڕی دەکرد ڕۆژێک لە ڕۆژان شەڕە جنێو لە نێوان کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی ئەمەریکی و فەرەنسیدا ڕوو بدات؟ ئەم شتە لە ئەنجامی ئەو تلیشانەوەی نێوان ئەورووپا و ئەمەریکا "ئەنگلۆ ئەمەریکا" رووی دا و بەیەکجاری ئاشکرایان کرد کە ئەوان (زۆربەی ئەورووپاییەکان بەتایبەتی فەرەنسا و ئەڵمانیا) هیچی تر لەگەڵ ئەمەریکا نین. بۆیە هێزە گەورەکەی ئەنگلۆ ئەمەریکی بەتەنیا بڕیاری جەنگی دا دژ بەعێراق و دیسان وەک هەمیشە جەنگەکە کەوتە ساڵی پاش ئەسپ (٢٠٠٣ ساڵی بزن).

ئەوانەی پێشتر چەند نموونەیەک بوون لە سروشتی ساڵی ئەسپ. بەڵام وەکو کەسایەتیی ناودار، هەمانە ئەنوەر سادات و موعەمەر قەزافی دوو نموونەی باشن بۆ ئەو ئەسپانەی کە باڵادەست دەبن و ڕەوتە ئاساییەکان سەراوژێر دەکەنەوە. ئەنوەر سادات گەورەترین شۆڕش و گەورەترین سەراوژێرکردنەوەی ئەنجام دا لە مێژووی وڵاتە عەرەبییەکان. بەشەو و ڕۆژێک دۆستی جارانی کردە دوژمن و دوژمنی جاران (ئەمەریکا و وڵاتە خۆرئاواییەکان)ی کردە دۆست. ئینجا موعەممەر قەززافی کە لە مانگی جمکدا لەدایک بووە ئەمەیان چەندین جار ڕێ گۆڕینی ئەنجام داوە. هەر لەو ساڵانەی دوایی بڕیاری دا کە واز لە دروشمی (یەکێتی عەرەبی) بهێنێت و ڕوو بکاتە (یەکێتی ئەفریقیا)!

لە کۆتاییدا و سەبارەت بەئیش و کار و گوزەرانی ڕۆژانە لە سایەی کەسایەتی ئەسپدا. پاش ئەوەی باڵادەست دەبن و خۆیان لە باری خزمایەتی رزگار دەکەن و مەرجە سەرەکییەکانی خۆیان بەدی دێنن، دیمەنی ژیان لە سایەیاندا وەکو دیمەنی کاروانێکە کە ڕێگەی دوور دەبڕێ. ئەسپ لە پێشەوەیە، بەگورجی دەڕوات، دەڕوا و دەڕوا و هەر دەڕوا، خەڵکەکەش لە دوایدا هەناسەبڕکە بوونە. ئیش دەکات، ڕۆژانە کاروانێک و دوو کاروان و سێ کاروان دەکات و وەستانی زۆر کەمە و ئاوەڕ لە خەڵکی تەمبەڵ ناداتەوە و دەڵێ ئەوەی فریام دەکەوێ باشە دەنا لەسەر کەس ناوەستم. بەختی ئێمەش لە سایەدا وا لەم لیستەی خوارێ نووسراوە.

## بەختت لە سایەی ئەسپدا

مشک لە سایەی ئەسپ: مشک کوا فریای کاروانەکانی ئەسپ دەکەوێ؟ کەواتە سەردەمێکی بەدە، زیانی مادی دەکات و رەنگە لە پێناو پڕکردنەوەیاندا تووشی گرەوبازی بێ. ئیتر کە ئیشی ئەوها بوو، کوانێ ئەوین؟

گامێش لە سایەی ئەسپ: بەڵێ گامێش لە کاروانی ئەسپدا خێرا نییە بەڵام عەرەبانەیەک رادەکێشێ بای ١٠ کاروانی ئەسپی لێ بار کراوە. پاشان ئەسپ بەشەو دەخەوێت کەچی گامێش بەشەو و بەڕۆژ وەستانی نییە. ئیتر ئەسپ دەیسەلمێنێ کە گامێش بەتوانایە. لە ئیشدا سەرکەوتووە و زۆری پێ دەبرێ. لە ئەوینیشدا شادە.

پڵینگ لە سایەی ئەسپ: پڵینگ لە ئەسپ بەغارترە بەڵام زوو ماندوو دەبێ، کەچی ئەسپ ڕاوەستانی نییە. ئیتر پێشبڕکە دروست دەبێت و لە پێناو "یەکەمبووندا" پڵینگ ناچار دەبێ زۆر تێ بکۆشێت و بڕەنجێ بۆ ئەوەی لایەنگرەکانی خۆی دڵنیا بکاتەوە کە خۆی لەپێشەوەیە. لە ئەوینیشدا دەبێ هیچ ئەولا و ئەملا نەکات، واتە هەر دۆستەکەی جاران باشترە[1].

پشیلە لە سایەی ئەسپ: کاروان پێویست بەکاروانسەرا دەکات، بۆیە ئەسپ نرخی دەزانێ و دەرفەتێکی زێرینی پێشکێش دەکا. کەواتە بەختی باشە، لە ئیش و کۆمەڵایەتیدا بەهۆی ڕەفتارە هێمنانەکانی بەرچاو دەبێ. لە ئەوینیشدا پێوەندی و دەرفەتی زۆرە.

ئەژدیها لە سایەی ئەسپ: لە کاروانی ئەسپدا بۆ ماوەیەکی درێژ بەجێ دەمێنێ تا ئیش دەگاتە دەماران ئەوسا نەک ڕۆیشتن و غاردان، بگرە ئەژدیها باڵدارە و دەفڕێت. ئیتر بەشێوەیکی سەیر بازێک بەرەو پێش دەدا و ئەسپ بۆی دەسەلمێنێ کە

(١) خوێنەر لێرە دەتوانێ بەراورد لە نێوان سەلاحەدین و ریچارد شێردڵ بکات هەروەها فەرید شەوقی (ئەسپ) لەگەڵ روشد ئەبازە بکات. ریچارد هێزێکی پێک دەهێنا و هێرشێکی سەرکەوتووی دەکرد، سەلاحەدین دوو هێندە. هەروەها تا روشدی ئەبازە فیلمێکی دەنواند فەرید شەوقی دوو فیلم و دوو زینجیرەی تەلەفزیۆنی ئەنجام دەدا. مەبەست ئەوەیە کە ئەگەر خوێنەر لە چەرخی گەردوونی بگات دەتوانێ بەراوردی و زانیارییەکی بێ سنوور بدۆزێتەوە.

ئەژدیها بەهێزە. لە ئیشدا ماندوو دەبێ بەڵام خۆشەویستی و ڕێز بۆخۆی مسۆگەر دەکات. لە ئەوینیشدا تریسکەی چاوەکانی شایەدی لێ دەدەن.

مار لە سایەی ئەسپ: کاروانی ئەسپ ناچاری دەکا بەرگی تەمبەڵی فڕێ بدات. لە ئیشدا ئەگەرچی ناگاتە ڕیزی پێشەوە بەڵام فێر دەبێ ئەنجامدانی کاری باش چۆنە. لە ئەویندا بەرامبەر تەلەسمی جوانی ئەسپدا دەستەو ئەژنۆ ناوەستێ بگرە عاشق دەبێت و خەریکە ئیشەکەی لەسەر دانێ بەڵام با نوقمی خەونەکانی نەبێ چونکە ئەسپ چاو لە کەس ناپۆشێ.

ئەسپ لە سایەی ئەسپ: هەموو کەس بەختی لە سایەی بورجی خۆی و وەڵاشەکانی خۆیدا باشە تەنیا ئەسپ بەختی نییە. شۆڕش دژە شۆڕشی بەدوادا دێت ئیتر لە ئیشدا دەتاسێت و تووشی بەرەنگاری و تاوانبارکردن دەبێتەوە. هەروەها لە بواری ئەویندا خەفەت و پەستی و بێ هەستیی تێدایە چونکە خەڵکەکەش ڕەوشتی ئەسپ دەگرن جا هەرکەس خۆی بەجوانتر و ئازادتر دەزانێ.

بزن لە سایەی ئەسپ: ئەسپ دڵی دەداتەوە و ڕێگەی بۆ خۆش دەکا تاکو بەئاسانی پێ بگات. لە ئیشدا بەرهەمی زۆرە و هەموو ئەنجامەکان باشن. لە ئەوینیشدا خولیای کەسێک دەبێت و ئارەزووەکانی بەسەریدا زاڵ دەبن.

مەیموون لە سایەی ئەسپ: دەبێ خۆ بچووک بگرێت و بەبێدەنگی بڕوا دەنا ئەسپ لێی خۆش نابێ. لە ئیشدا قازانجی مادی و دەروونی هەیە. بەڵام بەنهێنی و بەبێ ئاشکراکردن. لە ئەوینیشدا قۆناغێکی هێمنەو کەم کەمە ئەوین دەبینێ.

کەڵەباب لە سایەی ئەسپ: ئەمەش باڵادارە بۆیە باغرە و لەخۆباییبیە و لە سایەی ئەسپدا بارێکی سەیری هەیە کە بەشێوەیەکی گشتی بەختی باشە. لە ئیشدا بیر لە گۆڕین و گەشت و گەڕان دەکاتەوە و لە ئەویندا تەنیا ڕابواردن و بەس.

سەگ لە سایەی ئەسپ: ئەسپ پێی دەڵێ: *هەستە؛ دەی پێشکەوە مەترسە..* کەچی سەگ دوودڵە و ناڕوات. بۆیە ڕەنگە تووشی شکستێک بێ. لە ئیشدا ڕۆتین لە ئارادایە، بەڵێ هات و باتێک دەکات بەڵام بەبێ سوود. لە ئەوینیشدا دەیەوێ بڕیارێک بدات کەچی هەر دوودڵە و ئەگەر نەجوڵێتەوە ڕەنگە هەر ئەوها بمێنێتەوە.

بەراز لە سایەی ئەسپ: ئەسپ کات و کارەکانی بەراز ڕێک دەخا، بەڵام ناتوانێ بارێکی دەروونی باشی بۆ دابین بکات. لە ئیشدا هێرش دەبات و دەگەڕێتەوە و خەریکی دەبێ تا سەردەکەوێ، بەڵام لە ئەویندا باش نییە و مەگەر بەدرەنگەوە بەرەو باشی بڕوا.

# ئەوین پێوەندی

## پیاوی ئەسپ

خــوا بۆ جــووڵە و ئیش و کــاری داناون چونکە کــار پوخت و چالاک و بەزیپکن، وەرزشکارن، مێشک و هۆشێکی زیندوویان هەیە. باوەڕیان بە هاوکاری و دانووستانە بەچەشنی هەر پیاوێکی «عملی» لە هەمان کاتیشدا حەز دەکەن ناوبانگیان هەبێت دەتوانن نهێنییەکان و تایبەتمەندییەکانی خۆیان بشارنەوە. تواناشیان زۆرە بۆ بەڕێوەبردنی ئیش و کار؛ هەروەها توانایەکی گەورەشیان هەیە بۆ پێ سەلماندن و پینەکردنی هەر کارێکی نیوەچڵ تاکو ئیشەکان نەوەستێ و ئاڵۆزی پەیدا نەبێ.

لە ئەویندا سەرەتا بێ باک و باوەڕ بەخۆن. تەنانەت گاڵتەچین و تەلەسمی ئەوین و مێیەتی کاریان تێ ناکات. جا ئافرەتێکی وایان دەوێ کە خەریکی ماڵ و ماڵداری بێت و بەس کە ئەوەش بەشێکە لە رەوشتی خۆپەرستانەیان جگە لەوەی کە بەشێکە لە رەوشتی هەر پیاوێکی ئیشکەر کە دەیەوێ دەستی بۆ ئیش و کاری بکرێتەوە بەلام رەنگە دواتر بگۆڕێن هەروەکو پێشتر باس کرا. هەروەها لە بەرانبەر ئەوەدا ئەوان ژن و ماڵی خۆیان زۆر خۆش دەوێ و دڵیان زۆر کرمی دەبێت بەرانبەر بەژنەکانیان و دەیانەوێ بەهەموو شێوەیەک دڵبەندیان بکەن.

## ئافرەتی ئەسپ

دیمەن و بەژنێکی سەرنجڕاکێش و ورژێنەریان هەیە کە دەتوانن بەئاسانی پیاوان رابکێشن و ئەگەرچی خۆپەرستن بەلام هەر خۆشەویست و بەرچاون، پەرۆشێکی گەورەیان هەیە بۆ پارە و لایەنی ئابووری چونکە لە ناخدا دەترسن کە دەستکورتی و نەداری ببێتە هۆی نەمانی ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان. کەچی لە هەمان کاتدا دەسکراوەن، بۆیە هەمیشە بەئافرەتی تێر و دەوڵەمەندیان تێ دەگەی.

لە ئەویندا دەست و زمانیان دەبەسترێتەوە پێوەندییەکی گرژیان بەدڵداری و ئەوینەوە هەیە چونکە دەشێوێن بەتایبەتیش لە هەنگاوەکانی یەکەمدا. هەروەها بەزیرەکانە هەڵنابژێرن و نازانن باوەڕ و متمانە بە کێ بکەن.

سەیرن ئەم ئافرەتانە کە لەگەڵ باوانیاندا هەندە سەربەخۆن تەنانەت هەندێکیان چاوقایمیشن کەچی لەگەڵ هاوڕێیەکانیاندا هەندە راستگۆ و بەپەرۆشن. لەگەڵ خۆشەویست و مێردەکانیان سەرەتا هەندە دوورەپەرێز و سەربەرز و گرژن، کەچی دواتر هەندە نەرم دەبن. بۆیە چینییەکان دەڵێن ئافرەتی ئەسپ لە ئەویندا بەختیان کەمە، چونکە جام کە پڕ بوو لێی دەڕژێت. ئیتر با لە سەرەتادا هەندە گرژ و توند نەبن تاکو دواتر هەندە شل نەبن.

پیاوی ئەسپ لەگەڵ...

ئافرەتی مشک: مشک و ئەسپ بەپێچەوانەی یەکترن و با لێک دوور بن.

ئافرەتی گامێش: بۆ ئیش باشە نەک بۆ ئەوین، کەواتە با لێی دوور بێ چونکە دەسەڵاتی بەسەر ئەو ئافرەتەدا ناشکێت و ئەویش دەسەڵاتی ئەسپ بەسەر خۆیدا پەسند ناکا.

ئافرەتی پڵینگ: پێوەندییەکی باشە، ئافرەتی پڵینگ دەزانێ چۆن دڵی پیاوەکە بەند بکات و رێزی خۆی بەسەردا بسەپێنێ.

ئافرەتی پشیلە: پێوەندییەکی باشە بەڵام هیچ پێشهات و شتێکی تازەی تێدا نییە، وەک بڵێی ئاوازێکە بەیەک ریتم دووبارە دەبێتەوە.

ئافرەتی ئەژدیها: ئەم دووە بەئاسانی رێک ناکەون چونکە ئافرەتی ئەژدیها دەیەوێ پیاوەکە ئاگای لێ بێ کەچی کابرا بەدەگمەن ئاوڕی لێ دەداتەوە.

ئافرەتی مار: هاوڕێیەکی باشە و بەهەڵچوونی ئەسپ قەڵس نابێ. کەواتە هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا هەیە و رەنگە ئەوینیش پەیدا بێت.

ئافرەتی ئەسپ: هەردووک خۆپەرستن کەچی هەر ئەو خۆپەرستییە هاوبەشە رێککەوتن و ئەوین بەرپا دەکات.

ئافرەتی بزن: لە گشت ئافرەتێک باشترە چونکە بزن هەرگیز قەڵسی ناکات، بگرە دەیخافڵێنێت و خەمڕەوێنی لە دڵیدا دەکات.

ئافرەتی مەیموون: کابرای راستگۆ لەمەڕ ئەو فێڵانەدا دەتاسێ تەنیا مەگەر ئەوینێکی توند

کۆیان بکاتەوە دەنا هیچ.

ئافرەتی کەڵەباب: ئەسپ شانازی بەو ئافرەتە دەکا. کەواتە پێوەندییەکی گەرموگوڕە و پڕە لە ڕووداوی سەیر.

ئافرەتی سەگ: سەگ هانی دەدات بەرەو ئیش و کار و پڕۆژەی گەورە، ئەسپیش ڕێگەی بۆ خۆش دەکات و نایبەستێتەوە.

ئافرەتی بەراز: ئافرەتی ئەوها ساکار و دڵنەرم مەگەر بەدڵشکاوی لەگەڵ ئەم خۆپەرستەدا بمێنێ.



## بزن

| |
|---|
| ١٨١١ |
| ١٨٢٣ |
| ١٨٣٥ |
| ١٨٤٧ |
| ١٨٥٩ |
| ١٨٧١ |
| ١٨٨٣ |
| ١٨٩٥ |
| ١٩٠٧ |
| ١٩١٩ |
| ١٩٣١ |
| ١٩٤٣ |
| ١٩٥٥ |
| ١٩٦٧ |
| ١٩٧٩ |
| ١٩٩١ |
| ٢٠٠٣ |
| ٢٠١٥ |
| ٢٠٢٧ |
| ٢٠٣٩ |

ئەحمەد دڵزار، باجیۆ، بالزاک، بڕووک شیڵدز، بڵ گەیتس، بینیتۆ مۆسۆلینی، تۆماس ئەدیسۆن، پەرویز موشەڕەف، پێرێز دێکوێیار، جۆن مێجەر، جۆن وەین، جوولیا رۆبەرتس، جێمس کووک، حەسەن زیرەک، خاتەمی، دودی الفاید، روودۆڵف ڤالانتینۆ، رۆبەرت دی نیرۆ، عەلائەدین سەجادی، شەماڵ سائیب، شەرەفخانی بەتلیسی، شڤان پەروەر، ساڵح قەفتان، مەلا ئەفەندی، مەلیک فارووق، فاتح ڕەسووڵ، فاتن حەمامە، فەلەکەدین کاکەیی، کاترین دۆنۆف، گووتێ، لویس پاستۆر، لیخ فالینسا، مۆسۆلینی، مایکڵ ئۆون، مایکڵ ئەنجیلۆ، محەمەد رەزا شا، مەسعوود محەمەد، مڵ گبسۆن، میخائیل کلاشنیکۆف، میخایل گۆرباتشۆڤ، ناسر ڕەزازی، نەوال سەعداوی، نیکۆل کیدمان، هیند رۆستەم.

# رەوشتی گشتی

بزن ئاشتیخواز و شادیخوازن. ژیان بۆ وان بریتییه له رەنگی جوان و دەنگی بەسۆز و چێژی شیرن و هەوەسێکی ساکار کەچی ئەو هەموو کێشەی که له سایەیاندا روو دەدەن له ژمار نایەن. با تیشک بخەینه سەر کەسایەتی و هەڵوێستەکانی بزن ئەو هونەرمەندە سروشتییەی که دەیەوێ ژیان پڕ بکات له رەنگی پەمەیی.

که کوڕی هەشتەمی دوازده براکه تەڕاتێنەی براگەورەکان دەبینێ بەتایبەتیش (ئەسپ) که ئەوها له براگەورەکان هەڵگەڕاوەتەوە و هاوڕێیەکی بێگانه لەوان بەباشتر دەزانێ، ئەمەیان دەگاته باوەڕێک که رقایەتی و ئاژاوه بێ سوودن، جا هەوڵ دەدات که ئاشتیان بکاتەوە. دەچێ پێشنیازی زێده دیموکراسییانه و ئازادیخوازانه دەخاته روو که له رایەکانی ئەسپ ئازادترن بەڕادەیەکی وا که براگەورەکان بڵێن (خۆزگەم بەئەسپەکە، ئەویان دیموکراسی بوو بەڵام ئەمەیان ئەنارکییە)[1] ئیتر لەباتی ئەوەی ئاشتی بەرقەرار بێت کیشەکان تیژتر دەبن و دەبێته هەرا. ئەویش وەکو دوا هەوڵی ئاشتی دەست له هەموو مافەکانی هەڵدەگرێت و بەوە دەیسەلمێنێ که مرۆڤێکی بەتەماع نییه و له ئەنجامدا هەموو خۆشیان دەوێ، بەڵام مەرج نییه رایەکانی بسەلمێنن. بەم کورته باسه دەتوانین بناخەیەک بۆ تێگەیشتنی ئەو بورجه دابنێین له چۆنیەتی رەفتاریان له نێو کۆمەڵگەدا.

بزن دڵ نەرم و ئاشتیخوازن، بەشێوەیەکی گشتی هونەرمەندن؛ یاخۆ هەرنەبێ هونەردۆستن و بەگوێرەی هەوەسی خۆیان رەفتار دەکەن. ئەگەر مەسەله هەوەس بێت، دوور نییه بەشێکیان بەهۆی پەروەردەکردنێکی چەوتەوە هەوەسیان بچێ بۆ شەڕ و دڕندایەتی. بەڵام رێژەی ئەو جۆره بزنانه زۆر کەمه و له ناخدا هەموویان حەز له ئارامی و ئاشتی دەکەن بۆ ئەوەی روو بکەنه مەیدانەکانی ئەوین و هونەر و خۆشگوزەرانی و... هتد.

بزن هەوەسین. هەندێک جار دەبینی زۆر تەمبەڵ و بێ هێزن؛ کەچی هەندێک جار بەبێ وەستان کار دەکەن بەتایبەتیش بۆ ئەنجامدانی کارێکی ئەوها که دەسڕەنگینی و نەوژەنی بخوازێ، دەنا لەمەڕ کاری رۆتینیدا بێزار دەبن. مەرجی سەرەکی ئەوەیه که هەست

(١) ئەناکی «Anarchy» واته کەسێک باوەڕی بەهیچ حکوومەتێک نەبێت. عەرەب کردوویانەته (فوضوی) بەڵام تەرجەمەکەی عەرەبی ڕاست نییه.

بەئارامی و ئاسـوودەیی بکەن ئەوسـا دەسـتـیـان دەکـرێتـەوە بۆ داهێنان و نەوژەنی، بەپێچەوانەش، ئەگەر ئاسوودە نەبن ئەوا دەست و زمانیان دەبەسترێتەوە.

ئاشتـیـخوازن، بەڵام رێگە نادەن کە وەکو پشـیلە بەترسنۆک بناسرێن، بگرە لە سایەی گوێ هەڵخستن و چاوگێڕان دەتوانن بەکەمترین زیانی واتایی و مادی خۆیان لە گرژی و ئاژاوە لابدەن و مـەیدانەکـە بۆ ئەو کـەسـانە چۆڵ دەکـەن کـە حـەزیان لە دەسـەڵات و بەگژاچوونەوەیە. واتە وەک بلێی پێشـهـەستی دەکەن و هەر زوو دەزانن چۆن خۆ بەلاوە بنێن. درۆش ناکـەن مـەگـەر بەناچاری درۆیەکی سـپی بکەن. فـەرمـان بەکـەس نادەن و فەرمان لە کەسیشەوە پەسند ناکەن چونکە بیر و باوەڕێکی سەربەخۆیان هەیە و نایانەوێ بیدۆڕێنن. هەروەها زمان لووس نین، بۆیە بۆ بازرگانی و سیاسەت و زۆر بواری تری ژیان دەست نادەن تـەنیـا لە مـەیدانەکـانی داهێنان و هونەر و دەسـڕەنگینیـدا سـەر دەردەکـەن، وێڕای ئیشەکانی تایبەت بە خۆشگوزەرانی کە پێویست بەبەزەیی و نەرمی و جوانی بکەن توانایان لەوانەدا دەردەکـەوێ. کـەواتە لە نێـو چوارچێـوەی هونەر و نەوژەنی و ئەو تەرزە شتانەدا باشن: دەنا دەبن بەمرۆڤی سەغڵەت و دوودڵ.

لە ئەویندا ئەویندارێکی هەمـیـشـەیین چونکە هیچ نەبێ خـەیاڵێکی رەنگاوڕەنگ ئەوینێکی پەمەییـیان لە خەیاڵدایە و دڵە هەستیارەکەیان هەرجارە بۆ جۆرە ئەوینێک لێ دەدا. کەچی ترسێکی گەورەیان هەیە بەرانبەر بەپێوەندی مارەیی وەکو کە هەمان ترسیان هەیە بەرامبە بەهەرجۆرێک ئەرک و بەرپرسی و ئۆباڵ. ئەوەیە بورجی بزن، ئەو هونەرمەندە دڵ نەرمـەی کە لە ئەفسـانەکەی بوودا هاتە نێو کـۆڕەکـە وەک بلێی هاتبوو نیـگاریان بۆ بکێشێ.

گەردوونی چینی ئامۆژگارییان دەکات کە هەندە رەشبین و کەم باوەڕ نەبن، بەڵکو دەبێ هەمـیشـە باوەڕیان بەخۆیان پتەو بکەن و خۆیان بەگەڕ خەن بەرەو ئەرک و بـەرپرسێتی و بەرهەم و دەسڕەنگینی و باشتر ئەوەیە کە هەمـیشـە پرس بـکەن و هاوڕێی دڵسۆزی پەیدا بکەن.

# دوازده جۆر بزن



## بزن - کاوڕ



بزێو و چالاک و بەهەرایە. پۆشتە و جوانپەرستە، دڵی باشە، زوو هەڵدەچێت و زوو ئاشت دەبێتەوە و کەمێک تێرا دەمێنێ تا دەگاتە سەر هەڵوێست و بڕیاری پێویست. هەستێکی هونەرمەندانەی ناسکی هەیە. دەتوانین بڵێین "ئاوەدانە" چونکە ئەگەر تەنیا خۆت و خۆی بن وا دەزانی لە سینەما یان دیوەخانێکی قەرەباڵغ دانیشتووی پڕ لە قسە و باس و جووڵە. کاوڕ لە رادەی تەمبەڵی بزن کەم دەکاتەوە بەڵام هەبوونی ئاسوودەیی لە ژیانی ئەم بورجەدا مەرجێکی زۆر گرینگە چونکە بەبێ ژیانێکی کۆمەڵایەتیی ئارام ئومێد نەکەن مرۆڤێکی باش یان بڵێین سوودبەخش و شادی بەخش لەم بورجە هەڵکەوێ بگرە ئەو توانایە و ئەو دەستڕەنگینییە روو لە رەشبینی و تەنانەت لە تێکدەری و بەرەڵڵایی دەکا.

کار و کاریر: ئەمە ئاخیر کەسە مەراقی لە پارە و پایە بێ کەچی لەو کەسانەیە کە ئامادەیە شەڕ بۆ ئەو کەسانە بکات کە خۆی بەشایستەی پایە و پارەیان دەزانێ. یەکەم، بۆ ئەوەی لە سایەیاندا ناوبانگ دەرکات. دووەم، کە گرینگترە، بۆ ئەوەی لە سایەیاندا ئاسوودە بێت.

ئەوین و گونجان: بۆ دۆزینەوەی هاونشینی خۆی هەمانە سەتڵەکانیساڵی بزن و بەراز، ئینجا ساڵی ئەسپ، ئەوانە وەکو شەمێ و روون بۆی دەگونجێن. هەمانە ئەسپ- جمک و پشیلە- شێر، ئەم دووەش لە هیچیان کەم نییە. با وریای گیسکەکان بێ بەتایبەتیش ئەوانەی ساڵی سەگ و پڵینگ، هەروەها قرژاڵ و دووپشکەکانی ساڵی گامێش، ئەوانە بۆی ناشێن.

ناودارەکان: جۆن مێجەر، دوودی فاید>.



## بزن - گا



هونەرمەندێکی خەمناکە دەیەوێ سەغڵەتیی خۆی بەخەندەیەک و نوکتەیەک داپۆشێ. دەستڕەنگینێکی بێدەنگە چاوی بەوەدەستهێنانی هەموو شت و شمەکێکی جوان و تریسکەدار هەڵفڕیوە بەڵام چاوەڕێی ئەو کەسە دەکا بەهرەکانی بەگەڕ بێنێ بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بێ ژمارانە. باوەڕی بەخۆی کەمە بۆیە هەندە خۆ لە ئەرک و بەرپرسێتی نادات مەگەر لە سایەی کەسێکی وادا کە ئاسوودەیی بۆ دابین بکات. خۆی ئافرەتەکانی ئەم بورجە زێدە مێ و بەرچاون، بەڵام پیاوەکانیان ئەم وردە گرفتانەیان هەیە. واش هەر بەگشتی مرۆڤی خۆشەویست و گەشن و وەکو هەر بزنێک بەشداری لە کۆڕی بەزم و گاڵتەی هاوڕێکانیان دەکەن و، وەکو هەر گایەک لە قسەی خۆیان دانابەزن و بەبێ دڵگەرمی بەرێی خۆیاندا دەڕۆن، هەر نەبێ چونکە توانای لاساکردنەوەیان هەیە.

کار و کاریر: گرینگە کە باوان و بەرپرسانی ئەم تێکەڵە بورجە فێری ئەرک و بەرپرسێتییان بکەن، ئەوسا فەرمانبەر، یاریدەدەر، ڕۆژنامەوان، ئەکتەر، تەکنیکی و لە هەموو کارێکدا سەرکەوتوو دەبن.

ئەوین و گونجان: با روو بکاتە نەهەنگەکانی بەراز و ئەسپ هەروەها پشیلە- رەبەن ئینجا بەراز- رەبەن. هەمانە گیسک و قرژاڵەکانی مەیموون و ئەسپیش زۆر باشن. مەیموون گیسک هەندێک باشە بەڵام با خۆی لە شێرەکانیساڵی گامێش و سەگ نەدات، هەروەها دووپشکەکانی پڵینگ و گامێش، لە هەموویانیش بڤەتر سەتڵەکانی ساڵی سەگ و پڵینگ، ئەوانە لەباتی پتەوبوون گومڕاتری دەکەن.

ناودارەکان: ‹فاتن حەمامە، بالزاک، ڕوودۆڵف ڤالانتینۆ.



## بزن - جمک



دەنگ و دیمەنێکی بەرچاوی هەیە. پەللار بۆ هەمـووان دەهاوێت و هەرکـەس بەپێـشـیـدا ڕەت بێ قـسـەیەکی خۆشی بۆ دەکات. حەزی لـە شـادی و چاکە و خۆشگوزەرانـیـیـە وێڕای زانست و تێگەیشـتن لە جیـهـان و ژیان. مـرۆڤـێـکی شـیـرن و خـۆشـە و هەمـوو کـۆڕێک دەگەشێنێتەوە و وا دەزانی دڵی بەو شوێنە خۆشە کەچی زوو بێزار دەبێت و دەیەوێ بڕوا، ئیتر خەڵکەکە لە خۆیان بەشک دێن و دەڵێن: *"ئەو ڕوح سووکە بۆچی لێمان بێزار بوو؟"*. توومەز جۆرە پێشبینییەکی هەیە کە هەندێک ڕەشبینی دەکات وەک بڵێی هەست دەکا ئەم ژیانە ئەو شتە (هەرە باشە) نەبوو کە کاتی خۆی خەونی پێوە دەدیت. جا ئەو هەسـتـانەی نێـو دڵی ئەگەر بەنوکـتـە بێ یـان بە سـتـران و مـوزیک و بەهەر جـۆرێک لە هونەرەکـانی دەربڕین خورد دەکاتەوە.

کار و کاریر: بۆ هەموو کار و پیشە و هونەرێک باشە کە خافلاندن و ڕابواردن پێشکێش بەخەڵکەکە بکات وەکو ئەکتەری کۆمیدی، نیگارکێش، فەرمانبەری کۆمپانیـای گەشت و گوزار و بۆ هەر کارێکی نا ڕۆتینی باشە.

ئەوین و گونجـان: پێویستـە چەند بورجێک دەستنیشـان بکات کە لە ژیاندا بەهانای دێن ئەوانەش بریتین لە پشـیلە- کـاوڕ، تەرازووی سـاڵی ئەسپ و بەراز، سەتڵـەکـانی پشـیلە و بەراز لەگـەڵ ئەسپ- شـێـر. لەوانە بەولاوە ڕەنگە دڵی بۆ ڕەبەن و دووپشکی سـاڵی گـامێش ئینجـا ڕەبەن و تیـرئەندازی سـاڵی بەراز و سـەگ بچێ بەڵام با تووشیان نەبێ.

ناودارەکان: جۆن وەین، بڕووک شیڵدز، نیکۆل کیدمان>.



## بزن - قرژاڵ



دەستپاک و راستگۆ و چاکەخوازە، هێمن و خەندەدار و خۆپارێزە و، دەیەوێ هەموو شتێک بەرێکی و بەگوێرەی یاسا و نەریت بڕوات و هەموو گەش و دڵخۆش بن و کەس گرژ نەبێ چونکە دەزانێ کە زوو بریندار دەبێت و هەر ئەو "کەشە رێکە" ناسکییەکەی وی دەپارێزێ. رەوشتی منداڵیی و پەرۆش بۆ یادگارییەکانی سەردەمی منداڵی تا سەر تێیدا دەمێنێت و ئاخ هەڵدەکێشێ کە بۆچی زوو بەسەر چوو و... ئیتر ئەوها. پەرۆشی خۆی بەشێوەی ئەوین و خۆشەویستی بۆ ئەندامانی ماڵێ هەڵدەرێژێت لە رێی دابینکردنی باشترین دەرامەت و دەستکەوت بۆ ماڵ و منداڵ.

کار و کاریر: هونەر و پارە، یان بڵێین "پارە لە رێی هونەر و دەستڕەنگی" ئەمەیە دروشمەکەی ئیتر هەر لە بەرگدروویی و مۆدیلی جل و بەرگ تا هەر کارێکی گەشاوە و خزمەتێکی بەهادار بۆ خەڵکێکی بەهادار. بۆ ئەو کارانە باشە.

ئەوین و گونجان: باشترین هاونشین بریتین لە گا و رەبەن و دووپشکی ساڵی ئەسپ لەگەڵ گا و دووپشک و نەهەنگی ساڵی پشیلە. ئینجا هەمانە گا و رەبەن و دووپشک و نەهەنگی ساڵی بەراز، ئەوانەش زۆر باشن. بەپێچەوانەوە، با لە سەگ بەگشتی وریا بێ بەتایبەتیش کاوڕ و تەرازوو و گیسکەکانی ساڵی سەگ. لەوانەش نەشیاوتر کاوڕ و گیسکەکانی ساڵی گامێشن، لەوانەش ترسناکتر تەرازوو و گیسکی ساڵی پڵینگ، با تووشیان نەبێ.

ناودارەکان: ناسری رەزازی



## بزن - شێر



بزنی هەوەسی و شێری ئارەزوومەند مرۆڤێکی بەرچاو و مەیلەو سەیر پێک دێنن کە رەفتارەکانی مایەی دەنگدانەوە دەبن و خەڵکەکە لاسای دەکەنەوە. تاکە بزنێکە کە پێویست بەپشتیوان و رێنوێنی نەکات چونکە شێر باوەڕ و ناوبانگ بەبزن دەبەخشێت و لە بەرانبەرادا بزن چاوەکانی شێر بەهەستی ناسک دەرەنگێنێت و لە خەڵکی نزیک دەکاتەوە. رقی لە رەخنە و گلەیی دەبێتەوە و سەری خۆی پێ قاڵ ناکات بگرە راستەوخۆ بەرەو خاڵی مەبەست دەچێت و هەموو هەلێک و دەسکەوتێک بۆ بەرژەوەندی و شادمانیی خۆی دەقۆزێتەوە. فریشتە نییە بەڵام ئەگەر بۆ شتێک دروست کرابێ، بۆ ئەوە دروست کراوە پەردەی شەرم و چاولێکەری لە رووی خەڵکی دوودڵ و نەفام داماڵێت بۆ رووخاندنی قەڵاتەکانی کۆنەپەرستی و دوورڕوویی، ئیتر چ دەقەوێ با بقەومێ.

کار و کاریر: بێ لە توانا زگماکییەکانی خۆی کە یەکجار زۆرن، توانایەکی گەورەی هەیە بۆ لاساکرنەوەی کاری هونەری و لەبەرکردنی رۆڵی پێویست بۆ هەر کاروبار و هەلۆیستێک. واتە چ پێویست بێ ئەوهای لێ دێ.

ئەوین و گونجان: لە بورجەکانی بەرازدا با روو بکاتە کاوڕ و جمک و تیرئەنداز و گیسک، وە لە زادەکانی ساڵی ئەسپدا با روو بکاتە تەرازوو و تیرئەنداز و گیسک. هەمانە گیسک و تەرازووەکانی ساڵی پشیلە لە هیچیان کەم نییە. ئەوەی بریتین لە گا و دووپشک و سەتڵەکانی ساڵی گامێش و سەگ با تووشیان نەبێ.

ناودارەکان: بینیتۆ مۆسۆلینی، پەرویز موشەررەف، ساڵح قەفتان، رۆبەرت دی نیرۆ.



# بزن - ڕەبەن



دەستپاکی ئەم دوو بورجە وا لە مرۆڤەکە دەکەن هەرگیز لە بنەماکانی خۆی لا نەدا بەرادەیەک کە ئەگەر بەئاشکرا فێڵی لێ بکەن ئەو لەسەر هەمان ڕێ دەڕوا. حەزی هایلافە ئەگەر هەیبوو ئەوە تێر دەخوات و هەڵدەڕێژێت و، ئەگەر نەیبوو ئەوسا بەرگەی هەژاری دەگرێت و دەڵێ *"چ بکەین ئەمە کاری خوایە"*. دەست لە هیچ وەرنادات بەڵام شتێک بەبەرچاویدا ڕەت نابێ ئەگەر ڕەخنەیەک یان تێبینییەکی پێ نەڵێ چونکە یەکجار وردبینە و شارەزایی و زانیاریی لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا هەیە و چاکە و خراپەی هەموو شتێک و کەسێک مەزەندە دەکا. هەروەها حەزی لە قەرەباڵغایی و ئاوەدانییە و لە کاتی تەنیاییدا وەک مرۆڤێکی شێواوی لێ دێت.

کار و کاریر: ئەگەر لە کۆمەڵایەتیدا بەرگەی تەنیایی نەگرێ، لە ئیشدا بەپێچەوانەی ئەم ڕاستییەیە و دەبێ بەتەنیا کار بکات دەنا سەری بەهەر جۆرێک دەست تێوەردان دەشێوێت.

ئەوین و گونجان: جۆری پەروەردەکردنی ئەم بورجە چەند گرینگ بێت ، لەمە گرینگتر ئەوەیە هاوسەر و هاونشینی باشی بۆ بڕەخسێت. پێوەندی و با ڕوو بکات گا و قرژاڵ و دووپشک و گیسکی ساڵی پشیلە ئینجا بەراز، ئەوانە زۆر باشن. هەروەها قرژاڵ و دووپشکەکانی ساڵی ئەسپ. بەڵام با خۆی لە جمک و تیرئەنداز و نەهەنگەکانی گامێش و سەگ نەدا، لەوانەش بەدتر ئەوەیە ئەگەر خۆی تووشی پڵینگ- نەهەنگ بکات، ئەمەیان بڤەیە.

ناودارەکان: <مەسعوود محەمەد، گووتێ.



# بزن - تەرازوو



جوان و جوانپەرستە، ئاکارێکی شیرن کەچی زمانێکی تیژی هەیە یان هەر نەبێ بگوترێ کە وەڵامی هەر پەللار و رەخنەیەکی لە دڵدا ساز کردووە. واتە پارچە نوقڵێکی مەیلەو ترش پێک هاتووە لێرەدا. توانایەکی زۆر باشی هەیە بەڵام حەز لە خۆشگوزەرانی دەکات بەبێ ئاڵۆزی. هەروەها باوەڕی بەخۆی زۆر نییە، بەڵام هەرچۆنێک بێ لەگەڵ هاوڕێ و ناسیاراندا دڵێکی گەورەی هەیە و هەمیشە ئەوین و میهرەبانی گەرەکە.

کار و کاریر: بزنی هونەرمەند و تەرازووی قسەزان هونەرمەندی راگەیاندن پێک دێن بەدەنگ و رەنگ و هەموو شێوازەکانییەوە، بەڵام بەتەنیا هیچی پێ ناکرێت، بگرە دەبێ بەشێک بێ لە پرۆژەیەک یان سیستەمێکی رێکخراو و لە ژێر چاودێرییەکی باش ئەوسا تواناکانی وەبەر دێت و دەبێ چۆن کە وێڕای کارە ئاساییەکان، بێژەر و نووسەر و موزیکژەن و... هتد تەنانەت مرۆڤی کارگێڕیشیان لێ هەڵدەکەوێ.

ئەوین و گونجان: پشیلە باشترین هاونشینیەتی، با روو بکاتە جمک و شێر و تیرئەنداز و سەتڵەکانی پشیلە. لە هەمان کاتدا هەمانە ئەسپەکانی بورجی جمک و تیرئەنداز و سەتڵ، ئەوانە بەهەمان رادە بۆی باش دەبن و پاش ئەوانە، شێر و سەتڵەکانی ساڵی بەراز دێن. بەپێچەوانەش، با لە کاوڕ و قرژاڵ و گیسکەکانی ساڵی سەگ دوور بێ وێڕای قرژاڵ و گیسکەکانی ساڵی گامێش، ئینجا بەهیچ شێوەیەک خۆ لە پڵینگ- گیسک نەدا.

ناودارەکان: ‹شڤان پەروەر، لیخ ڤالینسا، لویس پاستۆر، کاترین دۆنۆف، خاتەمی، مەلیک فاروق.



## بزن - دووپشک



له هەمـوو وەلاَشەکانی چالاکتر و زیرەکترە. تێ ناکەوێت و له فێڵی نەیارەکانی دەگات و ئەگەر بزن بەگشـتی بەخشنده بن ئەمـەیان تۆڵەسـتێنه. خولیـای هێـز و پێشـبڕکـەیه و شانازییـان پێوه دەکات، بەلاَم تاکڕەوە و هەنده پابەندی یاسا و ڕێساکان نابێت و دەیەوێ زۆربەی دەسکەوت و ناوبانگ بۆ خـۆی بقـۆزێتـەوە. زۆر هەسـتـیـارە و لە ئەوین و هاوڕێیـەتیـدا ئەمـەکداره بەلاَم له هەردووک بواردا زۆرخـواز و بەمـەرجـه و خـۆ له زۆربەی بابەتەکـان هەڵدەقـورتێنێ، تەنانەت ئەگـەر بەخـراپەشی نەبێ، ئەو مـەیلی وەرگـرتن و تێگەیشـتنی هەر هەیه. هەروەها ئەگەر بەدەستی بێ مامـڵـەت لەگەڵ چین و ڕێزی هەرە بەرزی کۆمەڵگە دەکات نەک هەژار و پەککەوته بۆیه بایەخێکی گەورە بەدیمەن و پۆشتەیی خۆی دەدا.

کار و کاریر: خوێندن و پەروەردەکردنێکی باشیـان بۆ دابین بکەن ئەوسا دەزانن چ مرۆڤی بلیمەت و گورج و چالاک لێره پەیدا دەبێ.

ئەوین و گونجان: باشترین گونجانی لەگەڵ بەراز و پشیله هەیه، بەرازەکانی قرژاڵ و ڕەبەن و گـیـسـک و نەهەنگ وێڕای پشـیـلەکـانی ڕەبەن و گـیـسـک و نەهەنگ، ئینجـا ئەسـپـەکـانی ڕەبەن و نەهەنگ، ئەوانه هەمـوو زۆر باشن. بەلاَم با تووشی گـا و سـەتڵی سالّی گامـێش نەبێت و بەهیچ شێـوە خۆی له سـەگ- شێـر و پڵـینگ- سەتڵ نەدا.

ناودارەکان: ‹جوولیا ڕۆبەرتس، محەمەد ڕەزا شا، کاروان عەبدوڵلا، هیند ڕۆستەم، لیدڵ هارت، نەوال سـەعـداوی، بڵ گـەیتس (ئۆتیـزم بووه)، جێـمـز کـوک، مـیـخـائیل کلاشنیکۆڤ.



## بزن - تیرئەنداز



ئەگەر کەسێک هانی بدات و بەهرەکانی بگەشێنێتەوە و، لەمەش گرینگتر ئەوەیە کە هەستی ئاسوودەیی بۆ دابین بکا، ئەوسا توانایەکی پۆلاییینی لەم بورجە دێتە دەر بۆ هەموو بوارەکانی کە پێویست بەدەستڕەنگینی و نەوژەنی بکەن. دەنا دەبێتە مرۆڤێکی سڕ و لاساکەرەوە و ئەرکەکانی خۆی بەنیوەچڵی جێ دەهێڵێ. هەرچۆنێک بێ، تیرەندازی ساڵی بزن کەمتەرخەمیی تێدا نییە و هەرچەند بەداڵغە دیار بێت، لە کاتی پێویستدا خۆی بەگەڕ دێنێتەوە و دەستی یارمەتی پێشکێش بەناسیارەکان دەکات و ئەرکی بەجێ دەگەیەنێ. دەشزانێ چ شتێک بەسوودە و چ شتێک بێ کەڵکە و لە چاو وەڵاشەکانی خۆی گەشبینترە و هەندە لە ئاڵۆزی و نەدیوی ناترسێ.

کار و کاریر: لە بزنەکانی دیکە وریاترە بۆ کەسابەت و گوزەران و، پەرۆشێکی گەورەتریشی هەیە بۆ ماڵ و ماڵداری. هەروەها دەست و بازووشی چالاکترە. زمانی شیرنە و لە ئیشدا خۆ لە کەس تووڕە ناکات و دەیەوێ ئیش بەجوانی بڕوا.

ئەوین و گونجان: هەمانە شێر و تەرازوو و سەتڵەکانی ساڵی پشیلە و بەراز، با لەوانە هیچ دوودڵ نەبێ، ئینجا هەمانە ئەسپ- کاوڕ ئەمەش زۆر باشە. بەڵام با کەمێک لە سەگەکانی جمک و ڕەبەن و نەهەگ وریا بێ و، ئینجا هەرگیز خۆ لە پڵینگ- جمک و گامێشەکانی ڕەبەن و نەهەنگ نەدا.

ناودارەکان: مایکڵ ئۆون.



# بزن - گیسک



پشت بەخۆ بەستن و پەرۆش بۆ کاروباری گشتی لێرەدا لە چاو هەموو بزنەکان زۆرترە. پشووخۆش و رووخۆش و هێمنە بەڵام زۆر جیدی و زۆر ئارەزوومەندە و، سەرباری هەموو ئومێدە بەرزەکانی بۆ ژیانێکی تێر و بۆ دەوڵەمەندی و سەرباری توانای خۆ نواندن، واش هەر بێ فێڵە و دەزانێ چۆن بجووڵێتەوە و خۆ لە خەڵکی فێڵباز لادات. حەزی لە رابواردن و خۆشییە بەڵام هەر شتەو کاتی خۆی بۆ دادەنێ. هەروەها جیدییە بەڵام چاوی بەیەک ئیش تێر نابێ. لە چاو گیسکەکانی دیکە هەندە مادی نییە بگرە بەشێکی زۆریان روو لە بابەت و باوەڕی میتافیزیکی و دینی دەنێن بەتایبەتی لە قۆناغە درەنگەکانی تەمەندا کە رەنگە هەندێکیان بەیەکجاری تەرکی دنیا بکەن.

کار و کاریر: توانایەکی ماگناتیزمی هەیە بۆ راکێشانی خەڵک بۆ هەر پرۆژەیەکی کە تێدا بەشدار بێ. هەروەها وەکو فەرمانبەر، خاوەنی کتێبخانە، یاداشتنووس و ئەو جۆرە کاریرانە سەرکەوتنی مسۆگەرە.

ئەوین و گونجان: با هیچ دوودڵی بەرانبەر بەرازەکانی بورجی گا و شێر و رەبەن و دووپشک و نەهەنگ نەکات، ئینجا پشیلەکانی شێر و رەبەن و دووپشک و نەهەنگیش هەمان شتن. پاشان هەمانە ئەسپەکانی بورجی شێر و دووپشک و نەهەنگیش باشن. بەڵام با کەمێک وریای پڵینگەکانی کاوڕ و قرژاڵ و تەرازوو بێ وێڕای سەگەکانی کاوڕ و تەرازوو. ئینجا هەرگیز خۆی لە کاوڕ و تەرازووی گامێش، وێڕای ئەسپ- تەرازوو نەدا.

ناودارەکان: *ئیمام حەسەنی عەسکەری*، ئەحمەد دلزار، مڵ گبسۆن>، پیێریز دێکوێیار>.



## بزن - سەتڵ



گەش و بەرچاوە و لێی بێزار نابن. ئەندێشە و ئومێدی نا ئاسایی هەیە و حەزیشی لە ناوبانگە. سەربەخۆیە، ئەگەر لە ماڵێکی ١٥ کەسی بێ یان لە دەزگایەکی ١٠٠ کەسی، و ئەگەرچی دەوروبەر کاری تێ دەکا بەڵام لە کۆتاییدا بۆت دەردەکەوێ کە هەمیشە سەربەخۆ و تەنیا بووە و هەر وا دەمێنێ، تەنانەت ناتوانێ لە نێو کۆمەڵگەیەکدا بتوێتەوە. بۆ رۆژی خۆی دەژیێ ئیتر ئایا سبەینێ چ دەقەومێ؟ ئەمە ئیشی وی نییە مەرج ئەوەیە کە ئیشەکە "ئێستا" پێک بێت. ئەمەش لە لایەکەوە قازانجە چونکە توانای دەداتێ کە چارەی هەنووکەیی بۆ گرفتەکان بدۆزێتەوە. بەڵام لە مەودای دووردا رەنگە پێویست بەچاوخشاندنەوەیەکی گشتی بکات یان هەر نەبێ بزانێ چۆن هاوبەشی لەگەڵ خەڵکانێکی شارەزادا بکات ئەوسا سەرکەوتن و شادی دەبینێ بەبێ ئەوەی کە مەبەستی بێ.

کار و کاریر: توانای بڕیار و رابەرایەتی و رۆتین و ئەو شتە قورسانەی نییە بگرە دەبێ کار و بژێوێک پەیدا بکات، یان بلێیم بۆی پەیدا بکەن، کە سووکە مۆرکێکی هونەرمەندانەی تێدا بێ بەبێ ئاڵۆزی و قووڵبوونەوە.

ئەوین و گونجان: زادەکانیساڵی پشیلە لە هەموویان بۆی باشترن بەتایبەتیش جمک و تەرازوو و تیرئەندازەکان، ئینجا هەمان ئەو بورجانەی ساڵی بەراز. هەروەها هەمانە ئەسپ- کاوڕ لەگەڵ ئەمەش زۆر باشە. با لە گا و شێری ساڵی گامێش وریا بێ هەروەها خۆی لە شێر و دووپشکەکانی ساڵی سەگ نەدا، لەوانەش ترسناکتر دووپشکەکانی ساڵی مەیموون، با تووشیان نەبێ.

ناودارەکان: گالیلیۆ گالی>، باجیۆ>.



## بزن – نەهەنگ



لە هەمـوو وەلاّشـەکـانی خـۆی تەنکتـر و ناسکتـر تەنانەت لە سـەرانسـەری هەمـوو بورجەکانی دیکە (بزن و هەموو بورجەکان) هەستیارترە. بەلاّم لە هەمان کاتدا، لە چاو بورجەکانی دیکەی نەهەنگ، لە هەموویان توانای زۆرترە بۆ بەگەڕخستنی دەوروبەر بۆ ئەنجامدانی کاری هونەرمەندانە و شادیخواز. ئاکارێکی خەواڵووی هەیە و مەیلی هونەری بەشێوەیەکی زگماکی تێدایە. بەلاّم رەشبینە و مەگەر بەهۆی پارە و ژیانی بەرز و کەشی هونەری فریای خۆی بکەوێ چونکە ئەوانە هانی دەدەن بۆ رێکخستنی ژیانی خۆی. واتە دەبێ هان بدرێت و بەهرەکانی بخرێتە سەر رێی راست. هەروەها ئەم مرۆڤە پێویستییەکی زۆری بەپێوەندی کۆمەلاّیەتی و مرۆیی و بەتایبەتیش بەئەوین هەیە. تەنانەت ئەوین بەرەو سەرکەوتن و زیرەکایەتیشی دەبات.

کار و کاریر: تا رادەیەک بەبورجی پێشوو دەچێ بەلاّم ئەمەیان بۆ پێوەندییە گشتییەکان و بۆ کاری مرۆیی سوودی زۆرە.

ئەوین و گونجان: گا و قرژاڵ و دووپشک و گیسکی ساڵی پشیلە ئینجا ئەوانەی ساڵی ئەسپ، ئەوانە بەباشترین شێوە لەگەڵی دەگونجێن، هەروەها گا و دووپشک و گیسکەکانی ساڵی بەرازیش زۆر باشن. بەپێچەوانەش، ئەوەی کە پێویستە لێیان وریا بێ بریتین لە بزن– دووپشک، هەروەها کـاوڕ و جـمک و رەبەنی سـاڵی گامێش، ئەوجار نۆرەی رەبەنی ساڵی سەگ دێ کە هەرگیز تووش نەبێ باشترە.

ناودارەکان: ‹فاتح رەسووڵ، ‹*شەرەفخانی بەتلیسی*، میخائیل گۆرباتشۆڤ، مایکڵ ئەنجیلۆ، *شێخ مستەفای باقلان*›.

## کە بزن باڵادەست دەبێت

لێرەدا ناچارم هەندێک درێژە بەباسەکە بدەم چونکە هەمووومان دوو ساڵی خوێناویی بزنمان دیتووە (١٩٩١ و ٢٠٠٣) ئەوانە شیتەڵکردنێک دەخوازن، لە لایەکی دیکەوە من زۆربەی ژیانم لە سایەی بورجی بزندا بەسەر بردووە. یەکەم لە سایەی مەسعوود محەمەد کە باوکمە. دووەم لە سایەی بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی وەکو وەزیری رۆشنبیری کە من لەوێ کار دەکەم. پاشان بابەتەکە بۆ زۆربەی رۆشنبیرانی کورد گرینگە چونکە بەشێکی زۆر لە نووسەر و هونەرمەندی جیهان لەم بورجە بوونە و دەشبن.

یەکەم شت ئەوەیە کە خوێنەر هەست بەنەگونجانێک دەکات لە نێوان (رەوشتی کەسایەتیی بزن) لەگەڵ (سروشتی ساڵی بزن). بۆ نموونە ئەم دوو ناوبراوەی سەرەوە وێڕای گووتێ و مایکڵ ئەنجیلۆ و حەسەن زیرەک و فاتن حەمامە و بڵ گەیتس و... هتد، هەموو مرۆڤی ئاشتیخوازن، کەچی ساڵەکانی ١٩٩١ و ٢٠٠٣ یەک پارچە شەڕ و خوێنڕێژی بوون. ئایا مەسەلە چییە؟

با دوو نموونەی بچووک باس بکەین. یەکەم نموونە مایکڵ ئەنجیلۆ، کە جێ دەستی ئەو بلیمەتە تا ئێستا هونەر و جوانی بەسەر جیهاندا دەبارێنێ، بەڵام هاونشینەکانی دەگێڕنەوە کە چەند زوو هەڵدەچوو، لە هەر دەمەقاڵێیەکدا زوو دەستی بۆ خەنجەرەکەی درێژ کردووە و خەریک بووە بیوەشێنێ. بزنی دووەم میخائیل کلاشنیکۆڤە، ناوبراو وەکو هونەرمەندێک بەگوێرەی کە لێی داوا کرابوو نموونەیەکی دروست کرد بۆ چەکێکی سووک و پەک نەکەوتە و هەرزان و کاریگەر، ئیتر ئەو تفەنگەی دروست کرد کە لە عێراق پێی دەڵێن "کلاشینکۆف" لە باتی "کلاشنیکۆڤ" کە ناوی خۆیەتی. بەڵام تا ئێستا ملیۆنەها مرۆڤ بەو پارچە هونەرەی وی کوژراون، ئایا تاوانی خۆیەتی یان تاوانی کێیە؟

مەسەلە ئەوەیە وەکو گەردوونی چینی دەڵێ بزن بەگشتی مرۆڤی هونەرمەند و ئاشتیخوازن و، هانی هەموو جۆرێک دەستڕەنگینی دەدەن وێڕای زەماوەند و داوەت و رابواردن. بەڵام بۆ پارە و بەرپرسێتی و بەڕێوەبەرایەتی باش نین. ئیتر سەیر نییە کە باری ئابووری لە سایەی خۆیان و لە سایەی ساڵەکەیاندا (هەر وەکو چینییەکانیش زۆر تاکید دەکەنەوە و منیش هەمیشە تێدا کولاوم) بەرەو هەڵدێر بچێ چونکە بزن دەمارێکی شۆڕشگێڕانە یان بڵێین ئازادانەیان هەیە، کۆتەکانی رۆتین و بیرۆکراسیەت و نەریتی

کـۆنەپەرست دەشکێنن. هەروەها لە سـاڵەکـەیاندا ئەو تلیـشـانەوەی کـە ئەسپ بەرپای کردووە، بزن دێت و لێی زیاد دەکا. بەسیەتی کە لە ساڵی بزندا سەدام رووخا، بەڵام ئاخ لەو بەرەڵڵاییەی کە بەدوایدا هات. هەروەها بزن مرۆڤی کراوە و خۆشتێکەڵن، ماڵیان ئاواڵە دەکەن بۆ برادەر و ناسیار و بۆ بێگانەن ئیتر سەیر نییە کە ماڵیان بکرێتە کۆڕی یەکترناسین و تێکەڵاوی لە ئاشنابوون تەنانەت ساڵەکەی بزنیش هەمان سروشتی هەیە بۆ تێکەڵاوی و ناسـینی خەڵکی نوێ و برادەری تازە. بۆ نموونە لە ۱۹۹۱ کـە ئەو کـۆڕەوە مـەزنە ڕووی دا هەزاران هەزار پێـوەندی (مـارەیی، برادەرایەتی، بازرگـانی... هتـد) لە نێوان کوردیی عێراق و ئێران پەیدا بوو.

کە کێشەیەک روو دەدا لە نێوان دوو تیرە، دوو حزب، و هتد.. بورجی بزن پێش هەموو کەسێک هەوڵی ئاشتی دەدەن و زۆربەی جار دەبینین پێوەندییەکی گەرمیان لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا هەیە، بەڵام با بزانین چۆن ناوبژی دەکەن. لە ساڵی ئەسـپدا (۱۹۹۰) کوێت داگـیـر کـرا، عـەرەبەکـانی کـەنداو و زۆربەی وڵاتانی خۆرئاوا بە خـوێنی سـەری هەمـوو لایەنگرێکی سەدام تینوو بوون و، لە بەرانبەرادا سەدام بەهەموو جۆرێک جاڕی دەدا کە لە کـوێت ناکـشـێـتەوە و ناکـشـێـتەوە. کـەچی هەڵوێـستی لایەنەکـانی ئاشـتـیـخـواز (بێ لە هەندێک مـشـەخـۆری عـەرەب کـە لە بنەوە لایـەنگری سـەدام بـوون) ئەو کـەسـانەی کـە بەڕاسـتی حـەزیان لە جـەنگ و کـوشـتـار نەدەکـرد هەڵوێسـتـیـان بریتی بوو لەم قـسـانە "پێـویسـتـە بەهیچ جـۆرێک شـەڕ نەکـرێ"، "با کـۆنفـرانسـێکی نێـودەوڵەتی ببـەسـتین بەئامادەبوونی هەمـوو رێکخراوە مرۆییـیەکـانی جیـهان)، (با چەک و پترۆڵ لەسەر رووی زەمین نەمێنێ چونکە هەر شەڕ و کوشتارمان بۆ دەنێنەوە" وەک بلێی موزدەکییەکان بوون کە داوای جۆرێک مەشاعەتیان دەکرد[٥]. ئیتر ئەنجامی ئەو هەوڵانە بۆ ئاشتی ئەوەبوو کە لەباتی ئاگربڕی، پیسترین جەنگ و خوێناویترین راپەڕین روویان دا.

هەمـان شت لە ۲۰۰۳ دووبارە بووەوە. وەک بـاس کـرا لە ۲۰۰۲ تلیـشـانەوەیەک لە نێـوان ئەورووپا و هێـزە ئەنگلۆ - ئەمـریکـیـیـەکـان رووی دا و ئەوانەی دووەم نیـازی رووخاندنی سەدامیان هەبوو، کەچی ئەورووپایی و ئاشتیخوازەکان بەگشتی دیسان داوای چارەیەکی خەیاڵییان دەکرد. نە پێیان دەکرا کۆتایی بە سەدام بێنن، نە چارەیەکی بەدیل، دەستیشیان بەئاگرەکە نەدەسووتا وەکو ئەو گەلەی کە وای لێ هاتبوو مردن لە مانی سەدام

(٥) موزدەک، داهێنەری رێبازی موزدەکی لە سەردەمی ساسانیدا، بەڕاستی بەدووری نازانم لەم بورجە بووبێ؟

بەباشـتر بزانێ. ئیـتر دیسـان هەوەسی بزن رووی لە تۆڵەکاری و هەڵرشتنی رقی کپکراو کردەوە. جا وەک دیتمان (بەهونەرێکی سەربازی) بەغدا بە سێ هەفتە گیرا کەچی دیسان گـرفـتی بەرێوەبەرایەتی و نەبوونی بەرپرسـێـتی هاتەوە ئارا بەو شـێـوازەی کـە دیتـمـان و دیسان دووچاری فێڵێکی مەیموون بووینەوە کە لە ٢٠٠٤ بەپلانێکی سیاسی هەندێک لە بەرەڵڵاییەکانی ساڵی پێشووی پینە کرد.. مەرج نییە هەموو هەوڵێکی ئاشتییانەی بزن شەڕی بەدوادا بێ. ئەوەتا گەورەترین دیارده لەگەڵ میـخائیل گۆرباتشۆڤ سەری هەڵدا و هەر کە دەسەڵاتی گرتە دەست گەورەترین دەوڵەتی داپڵۆسێنەری جیهانی هەڵوەشاندەوە و پشتی لەو هەموو دەسەڵاتە کرد وەک بڵێی قونچکە جگەرەیەکی کۆن و بۆگەنی فڕێ داوە. بەڵام ئەگەر بۆی نەچووبایە سەر، دوور نەبوو جەنگێکی ئەتۆمی ڕوو بدات؟

با مـەسعـوود مـحەمـەد بکەین بەنموونەیەک کە هەمـوو دەزانین چەند ئاشتـیـخـواز بووە. ناوبراو لە ١٩٩٧ ناوبژی لە نێوان یەکیەتی و پارتیدا کرد. لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەک داوای دەکرد "*یەکـیـەتی و پارتی ببنەوە یەک حزب*". ئەگەر لە روانگای گەردوونزانیـیـەوە سەیری بکەین ئەوە هەمان بۆچوونی گۆرباتشۆڤە. کەچی لێرەدا سەری نەگرت و ئەنجامەکە ئەوەبوو کە شەڕێک رووی دا. خۆشبەختانە شەڕەکە لە ساڵی گامێش رووی دا، دەنا ئەگەر لە ساڵی بزن یان پڵێنگ یان سەگ بایە، ئەوسا هەر خوا دەیزانی چ دەقەوما؟

لە راسـتـیـدا ئەگەر لە قـۆناغـەکـانی ژیانی مـەسعـوود مـحەمـەد بکۆڵینەوە دەبینین لە زۆربەی هەوڵەکانی ئاشتی نێوان حوکمەتەکانی بەغدا و کورد بەشدار بووە، کەچی زۆربەی جار ئەنجامەکە بەپێچەوانەی مەبەستی مەسعوود محەمەد و هەمـوو ئاشتـیـخوازێکی نێـو عـێـراق دەهاتەوە. تەنانەت هەمـوو رەوتەکـانی ئاشتـیـخوازی لـە عـێـراقـدا قـۆناغ بەقـۆناغ بەرانبەر (گامێشەکانی خۆماڵی) پشتگوێ دەخران تا ٢٠٠٣ کە بزنێکی گەردوونی هات و ئەو گـامـێـشـەی بەغـدای لادا. شـایانی گـوتنیـشـە کـە گـامـێش و بزن دوو بورجن بەپێچەوانەی یەکتر و گونجانیان زۆر کەمە. هەروەها هەموو بورجێکیش بەپێچەوانەی ئەو بورجەیە کە شەش ساڵی لە خۆی گەورەترە یان بچووکتر. بۆ نموونە ئەژدیها بەپێچەوانەی سەگە، بەراز بەپێچەوانەی مارە، مشک بەپێچەوانەی ئەسپە و،... ناڵێم ئەوانە دوژمنن، بەڵام ئەوەیە کە دوو رەوت و دوو کەسایەتی و دوو شێوازی پێچەوانەن. سەیریش نییە کە سـەدام "بورجی گـامـێش" لە ١٩٩١ و لـە ٢٠٠٣ تووشی سەرشـێـوانێکی گـەورە هاتووە. هەروەها مـەبەست ئەوە نییـە کـە لـە سـاڵی بزندا تەنیـا گـامێش تـووشی ئەو سـەرشـێـوانە دەبێت. نەخێر، ئەوەتا شای ئێران کە خۆی بزن بوو کەچی لە ساڵی بزندا "١٩٧٩" تاج و

تەختی لێ تێک چوو چونکە هەمان هەوەسی دەسەڵات کە خۆی چاندبووی، ئەو هەوەسە بەپێچەوانە بۆی گەڕایەوە و رایماڵی. ئیتر وا بزانم ئێستا وێنەکە بۆ خوێنەران رۆنتر بووەتەوە کە مەسەلەی بزن چییە و لەسایەی بزندا دەبێ چ بکەین و چ نەکەین؟.

هەر کەسێک بەهەرجۆرێک لەگەڵ بزنێک بژیێت یاخۆ ئەگەر لە ساڵی بزندا بژیێت بێ پێویستە بزانێ کەوا لەگەڵ بیرە نەفتێک دەژیێ. نەفتەکە بریتییە لە کانیاوێکی هونەر و جوانی و بۆ ئازادی و خۆشی و بۆ توانای بەدیهێنانی مەراق و هەوەس، چەکوشێکی مایکڵ ئەنجیلۆ و جێ پەنجەیەکی بڵ گەیتس بەملیۆن پارەیان باراندووە هەروەها ڕەنگی دەنگی شڤان پەروەر لە خودی عەبدوڵڵا ئۆجەلان کاریگەرتر بووبێت. بەڵام گرفتەکە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو بەرهەمانە و ئەو ئازادییە و ئەو پارەیە.

## بەختت لە سایەی بزندا

مشک لە سایەی بزن: لە چاو قۆناغی پێشوو باری سووکترە و هەندێک هێز پەیدا دەکاتەوە. لە مەیدانی ئیشدا با هەندێک خەریکی بێ تاکو بەرەو باشی بڕوا لە ئەوینیشدا با هاوسەنگی پێڕەو بکات.

گامێش لە سایەی بزن: ناگونجێن و لە سایەیدا سەغڵەت و رەشبین دەبێت. لە ئیشدا گرژی و دەمەقاڵێ و نەگونجان لە ئارادایە و هەرگیز رایان وەک یەک نییە و لە ئەویندا رێگە بەستراوە و دەڵێ: *کوانێ ئەوینی گەورە و بە چی گەشبین بم؟*

پڵنگ لە سایەی بزن: بەختی لە گەشت و گەڕاندایە. کۆمەڵێک دەرگە بۆی ئاواڵە دەبن و رێبازی نوێ فێر دەبن. لە ئەوینیشدا مەگەر خۆشەویستەکەی لەگەڵ خۆی بگێڕێ، دەنا دامەزرانی کەمە.

پشیلە لە سایەی بزن: رێگەی خۆش کراوە و کەشێکی پڕ لە ئاسوودەیی و ئاشتی بۆ رەخساوە و بەبێ ترس و خەم قازانج دەکا. لە ئەوینیشدا گرفتێکی ئەوتۆی نییە، ناو بەناو لەگەڵ خۆشەویستەکەی تووشی دەمەقاڵێ دەبن، بەڵام دڵداری وایە و بەبێ ترشی شیرناتی نرخی نییە.

ئەژدیها لە سایەی بزن: بەجۆرێک پێش دەکەوێ کە تەنانەت بزنیش بەم پێشکەوتنە توندەی ئەژدیها سەغڵەت دەبێ. کەواتە با لە ئیشدا وریای دەماری تووڕەیی بێت

و له ئەویندا هەستی دڵی له دەست خۆیدایە تەنانەت ئەگەر بەپێچەوانەشی تێ بگا.

مار له سایەی بزن: بزن ماوە دەدا کە مار بەئاسانی بجوولێتەوە چونکە له دەروونی دەگات. له ئیشدا بڕیار دەدات و دەست دەکا بەئەنجامدانی بڕیارەکە. و له پێناو پاراستنی ئەوینەکەی خۆی هەڵدەستێ دانوستان و ژیری و ڕۆنکردنەوە دەخاتە کار.

ئەسپ له سایەی بزن: تۆزی بەدبەختی دادەتەکێنێت و زیانەکانیش تێ دێنێتەوە و هەڵدەستێتەوە و ناهێڵێ دووبارە خەم له دڵیدا بنیشێت. دەشگەڕێتەوە سەر ڕێگەی ئەوین و لەم مەیدانەدا خۆ ڕادەگرێ.

بزن له سایەی بزن: بورجی خۆیەتی و تێدا دڵشادە و هەموو کەس بە میهرەبانییەوە ئاگەداری دەبن. له ئیشدا دەسەڵات و ناوبانگی و پایەداریی دێتە بەر دەستی. جا یان ئەوەتا پێیان ڕازی دەبێ، یان ئەوەتا ڕەتیان دەکاتەوە بەهەوەسی خۆی. و له ئەویندا زۆر جنسی دەبێت ئەوەش مایەی ژیانیەتی.

مەیموون له سایەی بزن: له سایەی ئەم ساکارەدا رادەبوێرێت و هەڵدەپەڕێ. له ئیشدا بەلاواندنەوە و قسەی لووس خۆی پێ دەگەیەنێ و فێڵی زۆرە. کەچی له ئەویندا نایەوێ یاری بەهەستی خەڵکی بکات بگرە ڕۆن و ئاشکرایە. بەراستی سەیرە.

کەڵەباب له سایەی بزن: خەونی شادی دێتە دی. له ئیشدا پایەی بەرز وەدەست دێنێ بەسەربەرزییەوە. کەچی له ئەویندا کەس نازانێ بۆچی وا نائارامە.

سەگ له سایەی بزن: بزن گوێ له هاواری سەگ ناگرێت و ناچارە کە بەگۆشەگیری بوەستێ، ئاشکراشی ناکا کە ماندووە. له ئیشدا هەر ئومێد و چاوەڕوانی هەیە؛ چونکە سەگی خۆپارێز بڕیاری پێ نادرێت. بۆیەش بەدوای ئەویندا دەگەڕێ، ئایا دەیدۆزێتەوە؟

بەراز له سایەی بزن: بەزەیی بەحاڵی بەرازدا دێت و هانی دەدا. له ئیشدا سەرکەوتن دەستکەوتەکانی پێشوو دەپارێزێ و لێی زیاد دەکا. بەڵام له ئەویندا پاش شەوێکی درێژ و تاریک ئینجا ڕۆژ دەبێتەوە.

## ئەوین و پێوەندی

### پیاوی بزن

ژیانیان بریتییە لە هەوەس و هێمنی و میهرەبانی و ئاسوودەیی، جا ئەگەر ئەوانەیان دابین کرد، ئەوسا بەرهەمێکی زۆرتر و بەسوودتر پێشکێش بەکۆمەڵگە دەکەن دەنا سەغڵەت و شێواو دەبن. هەندێک نامۆ و لێڵن ئەمەش وا دەکات سام و شکۆ پەیدا بکەن؛ تەنانەت هێزی کەسایەتییان لەوەدایە.

ئەو پیاوانە لە ژیانیاندا هەمیشە یەک کار ئەنجام دەدەن و دەدەنەوە هەرجارە بەجۆرێکی جودا دیار دەدات بەڵام لە راستیدا هەموویان یەک شێوازیان هەیە.. هەوەسین جا کات و ساتیان دیار نییە و دوور لە ئاسوودەیی و ئارامیدا شپرزە و توورە و تەنگاو دەبن. ئەوەش سەیرە کە وێرایی هەموو ئەم راستییانە، دەبینی توانایەکی گەورەیان هەیە بۆ پێ سەلماندن.

توانای پێ سەلماندنیشیان لە ئەویندا دوو هەندەیە کە لەو مەیدانەدا وەکو دۆست و خۆشەویست و دڵدار باشترن نەوەکو مێرد و باوک و سەرەک خێزان چونکە ئەوەش یەکێکە لەو ئەرکە گرانانەی کە لێیان دەترسن، سەرباری ئەوەی کە ئەویندارێکی هەمیشەیی و دەمەکین. کەواتە دەبێ ئەم راستییانە رەچاو بکرێن تاکو ئاڵۆزییەکان تەشەنە نەکەن.

### ئافرەتی بزن

خەمرەوێن و شیرین و تەلەسماوی و گەشن و، سەرنجت بۆ رووە خۆشەکەیان رادەکێشرێت. ئەگەرچی لە مەیدانی کار و ماڵداریدا لە هەرە باشەکان نین، تەنانەت بیرێکی تیژیان نییە و شتان لە بیر دەکەن هەروەها بەهۆی هەوەس و خەیاڵاتە پەمەییەکانیانەوە دڵێی لە خەونێکدان، واش خۆشەویست و لەبەر دڵانن و مێیەتییەکی شیرن بێ تاوانیان لێ دەبارێت.

رقایەتی و چاو لێکردن و بەدکاری نازانن، بگرە حەزیان لە خۆشەویستی و ئاشتی و میهرەبانی و خۆشگوزەرانییە. ئیتر سەیر نییە کە هونەر دۆستی ئەوها مۆرکی مێیەتی و خەمرەوێنی و گەشایی بەسەر دەوروبەردا بسەپێنن.

دەست کراوەن کە لە هەندێکیاندا دەگاتە رادەی دەستبلاوی؛ بەڵام ئەوە شتێکی سەیر نییە بۆ ئافرەتی دڵ نەرم و خەیاڵاوی و هونەر دۆست. بایەخێکی گەورەش بەپۆشتەیی و خۆشگوزەرانی دەدەن تەنانەت دیمەنە جوانەکەیان دەکەنە پردێک بۆ ئەوەی خەڵکی دیکە بەسەریدا بپەڕنەوە تاکو لە کاکڵی ئەو توێکڵە رەنگینە بگەن. ئەوینێکی بێ فێڵ و بێ گەردیان گەرەکە و مێردێکی ئەوهایان دەوێ کە ئاسودەیی و ئەوینیان بەسەردا ببارێنێت بەوەش دەبن بەسەرچاوەیەکی لە بن نەهاتوو بۆ خۆشەویستی و میهرەبانی.

## پیاوی بزن لەگەڵ...

ئافرەتی مشک: ئەم پەیوەندییە سەختە. چونکە ئافرەتەکە بە یارێکی هەوەسی و ناسکی دەزانێ.

ئافرەتی گامێش: کابرا عاشقی دەبێ. ئافرەتەکەش هەستە ناسکەکانی رەچاو دەکات؛ بەڵام هەرگیز رای لە پیاوی تەمبەڵ نییە.

ئافرەتی پڵینگ: رۆژ بەرۆژ هاوڕێیەتی دەبووژێتەوە. کابرا دەیەوێ ئەرک و ئۆباڵەکان بەئەستۆی ئافرەتەکەدا بدا، ئافرەتەکەش بەوە رازی نییە.

ئافرەتی پشیلە: ئەو ئافرەتە باشترین هاونشینی بزنە بۆ خۆشگوزەرانی و هەستی ناسک و هونەر دۆستی. واتە پێوەندییەکی زۆر باشە.

ئافرەتی ئەژدیها: مەگەر لە ئیش و کاردا سوود لە زیرەکایەتی ئەو ئافرەتە وەربگرێ، ئەوینیش پەیدا دەبێ بەڵام لە ماڵداریدا هەرکەس دەیەوێ کە ئەوەی دیکە ئاگای لە ئەرکە پێویستەکان بێ. ئیتر کەس نازانێ کێ بەرپرسی ماڵەکەیە.

ئافرەتی مار: ئەگەرچی حەز لەم پیاوە دەکات، بەڵام نازانێ چۆن دڵی رابگرێ. لە ئەنجامدا مار لەم پیاوە بێزار دەبێ.

ئافرەتی ئەسپ: کەڵکی زۆرە بۆ ئەم پیاوە هونەرمەندە چونکە لە تەنگانەدا بە هانای دێت و کەش و هەوایەکی خۆش بۆ کابرا دابین دەکات. ئەویش عاشقی ئەوەیە.

ئافرەتی بزن: پێوەندییەکی «سووریالییە». بەڵێ خۆشی و هەوەسی تێدایە بەڵام تێدا

گومڕا دەبن و ڕەنگە ڕوو لە بەرەڵڵایی بکەن و هەرگیز تا سەر ناخایەنێ.

ئافرەتی مەیموون: ئەگەر لە فێڵەکانی وریا بێ، ئەوە دەبێتە پێوەندییەکی باش چونکە مەیموون هانی دەدا تاکو بەهرەکانی بەشێوەیەکی باش و زیرەکانە بەکار بێنێ.

ئافرەتی کەڵەباب: ڕێککەوتنی ئەو دووە شتێکی سەختە.

ئافرەتی سەگ: ڕای لە ڕەوشتی ئازادیخوازانەی کابرا هەیە، بەڵام ئەو تەمبەڵییەی پەسند ناکات.

ئافرەتی بەراز: شەڕ و گێچەڵ و جۆرەها بەگژداچوونەوە لە کۆڵ ئەم پیاوە دەکاتەوە. بۆیەش کابرا ئازایەتی بەراز بەچاکی هەڵدەسەنگێنێ. واتە پێوەندییەکی زۆر باشە.



## مەیموون

ئەحمەد چەلەبی، ئەحمەدی نەژاد، ئەسکەندەر، ئەلیزابێت تایلەر، ئیڤ مۆنتان، *ئیبن تەیمیە*، ئیبراهیم حەسبون، *ئیبن خەلدون*، ئەیمەن زێدان، تۆم هانکس، تەحییە کاریۆکا، پاتیستووتا، جۆن پۆڵی دووەم، پلاتینی، جاک شیراک، جورجی زیدان، کاپتن جێمس کوک، دارا محەمەد عوسمان، رۆناڵدینۆ، رەفیق حەریری، سەردار میران، سمیر سەبری، سەمیرە سەعید، سوهێر زەکی، سید زەیان، سیلین دیۆن، حوسێن سنجاری، چارلز دیکنز، عومەر حەریری، عومەر شەریف، لیۆناردۆ داڤنشی، لیندۆن جۆنسن، مەلا کرێکار، محەمەد عەوەز، نەبیلە عوبێد، نەوشیروان مستەفا، هاری تروومان، وڵ سمس، یۆڵ براینر، یۆلیۆس قەیسەر.

١٨٠٠
١٨١٢
١٨٢٤
١٨٣٦
١٨٤٨
١٨٦٠
١٨٧٢
١٨٨٤
١٨٩٦
١٩٠٨
١٩٢٠
١٩٣٢
١٩٤٤
١٩٥٦
١٩٦٨
١٩٨٠
١٩٩٢
٢٠٠٤
٢٠١٦
٢٠٢٨
٢٠٤٠

# ڕەوشتی گشتی

ئەگەر هاونشینێکی رووخۆش دەخوازیت کە لەگەڵیدا هەست بەبێزاری نەکەیت و قسەیەکی ناخۆشت پێ نەڵێ، فەرموو لەم بورجە هەڵبژێرە؛ هەر وەکو لە ئەفسانەکەی بوودا باس کرا چۆن مەیموون لەگەڵ هەمووان خۆی کرد بەبرادەر، ئەم قسە لە هیچەوە نەهاتووە.

تۆ بڵێی بۆچی مەیموون هەندە خۆشەویست و لە بەردڵان بن؟ با بورجی نۆیەم بەوێنەی کوڕی نۆیەم بچوێنین، ئەو کوڕە کە ئەسپ و بەتایبەتیش بزن دەبینێ وا لە براگەورەکان هەڵگەڕاونەتەوە، دەچێ گوزارشتیان لێ دەدا دەڵێ: *فریا بکەون ئەوانە ئیشەکانیان تێک داوە و بەقسەتان ناکەن.*. کەچی لەباتی سزا و سەرباری هەموو شتێک براگەورەکان ڕێز و خۆشەویستییەکی تایبەت بۆ بزن دادەنێن چونکە دەزانن مەبەستێکی خۆپەرستانەی نییە. ئیتر ئەم کوڕە (مەیموون) مەراقێک دەگرێ کە ئەویش خۆشەویست بێت و براگەورەکان بۆی بسەلمێنن و پێش براکەی بکەوێت، لەو پێناوەدا هەموو شێواز و ڕێگەیەک دەگرێتە بەر. بەم کورتە باسە دەتوانین بنەما سەرەکییەکانی بورجی مەیموون بزانین.

بێ لە پایە و پارە کە ئامانجێکی سەرەکین بۆ زۆربەی بورجەکان، مەیموون مەراقیان ئەوەیە خۆشەویست بن. لە دەماری خەڵکی دەزانن، بۆیە بەزیرەکایەتی و زۆرزانی دەتوانن خۆ لەگەڵ هەر کەسێک بگونجێنن و ئەگەر ژیان دابەش بکەین بۆ دوو ڕەوت (ستراتیجی و تاکتیکی) مەیموون باشترین تاکتیکی هەیە. چینییەکان دەڵێن مەیموونێک نییە ئەگەر فێڵ نەکا، هەندێک جاریش کە دەبینی مەیموونێک وا خۆ بچووک دەگرێت و بەهەموو شێوەیەک خزمەتت دەکات، یەکسەر گومان دەکەیت و دەڵێی: *بەخوا ئەو هەموو ڕووخۆشییە بەبەلاش نییە*. جا ڕەنگە هەندێک جار لە هیچەوە بەفێڵباز بناسرێن. بەڵام دەبێ شتێک ڕەچاو بکەین کە ڕەنگە مەیموون فێڵ لە هەرکەسێک بکەن، گرینگ ئەوەیە فێڵ لە خۆیان ناکەن. بۆ نموونە کە ئیشێک ئەنجام دەدەن تاکە مەبەستیان بۆ ئەوەیە ئیشەکەیان سەرکەوتوو و خەڵک و براگەورەکانی کۆمەڵگە رازی بکەن. ئەوەش

بەپێـچـەوانەی زۆر بورجی دیکەیە کـە حـەز لە سنگ دەرپەڕاندن و دەسـەڵات دەکـەن و دەڵێن: *یان خـۆمـان یان کـەس*. لە لایەکی دیکەوە مـەیموون بەپارە و پایەداری ناگـۆڕێن تەنانەت بایەخ بەم تەرزە مـەراقـانە نادەن. بەڵام ئەوەیە کـە هەندێک جـار تووشی چاولێکەری دەبن بەتایبەتی ئەگەر لە خۆشەویستی و پایەی کۆمەڵایەتی بێ بەش کران یان کـە هەندێکیـان لە رادە بەدەر خـۆ لە بیـر دەکـەن و وا دەزانن زمـانلووسی چارەیەکی هەمیشەییە بۆ هەموو گرفتێک.

مەیموون مـرۆڤی دیپلۆماسین، رایەکانیـان بەشـێوازی نەرم دەردەبڕن، چالاکن و هەرگـیز تووشی تەمبەڵی نابن بەتایبەتیش تەمبەڵبوونی مێشک. تەنانەت رایان لە زیرەکایەتی و زۆرزانی خۆیانە. لە لایەکی دیکەوە تینووی زانست و تێگەیشتن و لێکۆڵینەوەن، ئەمەش نەک لە پێناو بەڵگەنامـە (شـهـادە) و پایەی زانسـتی. نەخـێر، بگرە دەیانەوێ لە ژیان بگەن.

گەردوونی چینی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دەبێ لە خۆشەویستی بێ بەش نەکرێن چونکە خـۆشـەویسـتی و لاواندنەوە ئاوی ژیانیـانە و دەبێـتـە هاندەرێکی گـەورە بۆیان بەرەو پێشکێشکردنی خزمەت و یارمەتی و شادی. هەروەها دەبێ تووشی ئیش و کاری رۆتینی نەکرێن چونکە رۆتین بۆ مەیموون دوژمنێکی کوشندەیە و بەرگەی ناگرن و هەرهەندە دەبینی دەردەپەڕن بەرەو هەوا گـۆڕین و بەرەو مـەیدانەکـانی دیکەی ژیان. تەنانەت بەدووری مـەزانن کـە لە هەر بەڵێنێک و پێـوەندییـەک پاشگەز ببنەوە ئەگـەر هات و تێـدا تووشی رۆتین بوون. کـەواتە دووبارە دەبێ وریا بن کـە لـە خۆشـەویسـتی بێ بەش نەبن و تووشی رۆتینیش نەکـرێن. رەنگە هەر بەو هۆیەوە بێت کـە بەشـێکی زۆر لـە بورجی مـەیموون لە جارێک پتر پێوەندی مارەیی دەبەستن.

گەردوونی چینی ئامۆژگارییان دەکا کە هاورێیەتی لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا بەکار نەهێنن نەباتا رۆژێک لە رۆژان خـۆ بەتەنیـایی لەو ژیانەدا بدۆزنەوە کـە ئەوانیش بەرگەی تەنیایی ناگرن.

# دوازده جۆر مەیموون



## مەیموون - کاوڕ



یەک جار ببیینی هەرگیز لە بیرت ناچێتەوە چونکە ئەو شێوازە و ئەو پەرۆشە بۆ خزمەت و خەمرەوێنیی تۆ و ئەو هەموو شارەزاییەی هەیە لە زۆربەی بابەت و بوارەکاندا، ئیتر رەوشتی ئەوها بەدەگمەن لە خەڵکی دیکەدا بەدی دەکرێن. ئینجا لە خۆت دەپرسی کە: *ئایا هیچ خەریکی کار و بەرژەوەندیی خۆی دەبێ؟* بەڵێ ئەمە خاوەن ویستێکی پۆڵایین و ئارەزوویەکی ئاگرینە و چەندی بۆ تۆ هەیە دووهەندەشی بۆ خۆی داناوە و ئەگەر زۆربەی کاوڕەکان مەیلەو ساکار بن ئەمیان فێڵی لێ ناکرێ. پاشان ئەو خەڵکی هەڵدەسەنگێنێت و دەزانێ کێ شایستەی رێز و خزمەتە. هەروەها لە ژیاندا هەندە مەبەستی پارەی نییە بگرە ژیانێکی گەش و شاد و بەجوولەی دەوێ و بێگومان دەیکات و پێی دەگات.

کار و کاریر: بەختێکی گەورەی هەیە و توانای بۆ کار و بەرپرسێتی گەلێک زۆرە. دەبێتە کارگێڕ و سەرکاری سەربەخۆ، پۆلیس، ئاسمانگەڕ، فڕۆکەوان، ئەکتەر و گۆرانیبێژ... هەموو شتێک.

گونجان: شێرەکانی ساڵی ئەژدیها، ئینجا ساڵی مشک، ئەم دووە پێش هەموو کەسێک دێن. هەروەها گونجانێکی زۆر باشی لەگەڵ جمک و سەتڵ و ئینجا تیرەندازەکانی ئەو دوو ساڵەی پێشوو دەبێ. ئەوانەی کە پێویستە لێیان وریا بێ بریتین لە قرژاڵ و گیسکەکانی ساڵی پڵینگ و بەراز، ئینجا تەرازووەکانی ساڵی مار، با تووشی نەبێ.

ناودارەکان: ‹رۆناڵدینۆ، عومەر شەریف، تەحییە کاریۆکا، سیلین دیۆن، لیۆناردۆ داڤینشی›.



## مەیموون - گا



مرۆڤی زیرەک و گەش و خەندەدارن. تامەزرۆبوونی ئەم بورجە بۆ خۆشەویستی و هاوسۆزی و تێکەڵاوی شتێکی سەیرە. چەندە حەزی لە دەوڵەمەندییە و بەفێڵ و بەبێ فێڵ بۆی دەچێ، هەندەش دەیەوێ بیسەلمێنێ کە خۆشەویستە و لە کەشێکی هەمیشە گەشدا دەژی. جا بە هەموو جۆرێک خەریکی داوەتکاری و بۆنەکان دەبێ کە ئامادەیە سەر و ماڵی بۆ تەرخان بکا. تەنانەت هەندێکیان وەک چۆن پەرۆشی پارەکەیان نییە، پەرۆشی هاونشین و خەڵکەکەشیان نییە ئەگەر بگۆڕێن، واتە مەراقیان لە خودی ئەو رەنگاوڕەنگییە و ئەو داوەتکارییە و ئەو ژیانە تێرەیە. واش زۆربەیان دەستی چاکەیان گەیشتووەتە زۆربەی خەڵکی دەوروبەر و حەز لە خراپەی کەس ناکەن.

کار و کاریر: مامۆستای کەسابەت و پارە پەیداکردنە. شەق لە زەوی بدا، زێڕی لێ دەردێنێ، کلیلەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زمانە شیرنە و ئەو داناییە، یان بڵێین پسپۆڕییە، لە بواری پێوەندییەکان، پێوەندی کۆمەڵایەتی، بازرگانی، سیاسی، تەنانەت سۆزداریش، هەموویان بۆ وی یەکن.

گونجان: ئەوین و دڵئارامی شتێکی یەکجار گرینگن بۆ ئەم بورجە، ئەژدیها باشترین هاونشینن ئینجا مشک دێن، با لەو دوو بورجە روو بکاتە قرژاڵ و رەبەن و دووپشک و نەهەنگەکان، هەموو یەکاو یەکن بۆی. مەیلی دووپشکەکانی پڵینگ و مار دەچێ بەڵام با لەوانە و لە ئەژدیهای سەتڵ وریا بێ. ئینجا با تووشی شێرەکانیساڵی گامێش و پڵینگ و ئەسپ نەبێ.

ناودارەکان: جۆن پۆڵی دووەم، دارا محەمەد عوسمان، *سەردار میران*.



# مەیموون - جمک



ئەم دوو بورجە دەگونجێن و مرۆڤێکی خۆشەویست پێک دێنن. بەگوێرەی ناوەکان دەبایە (خوانەخواستە) تەڵەکەباز بێ، کەچی لە راستیدا ئەگەر هەژاریش بێ کەسایەتییەکی خانەدانی هەیە. خۆشتێکەڵە و قسەکانی خۆشن و بێزارت ناکات، پاشان بێ لە هەموو شتێک، ئەمە خزمەتگوزارێکی خەمرەوێن و چالاکە. بزێوە بەڵام درِ و رکەبەر نییە و قەڵست ناکات، وەک بڵێی خولیای میهرەبانییە و نایەوێ یەک تۆز گرژی روو بدا. خۆی وەکو هەر مەیموونێک دەتوانێ فێڵ بکات و ئەگەر زانی کەسێک شایستەی تەڵکێکە ئەوسا تەڵکێکی لێ دەوەشێنێ کە لە مەرهەمی زیرەکایەتی باشتر بێ بۆ بەهۆشهێنانەوە و دەستی لێ ناپارێزێ بەڵام نەک بەواتای کە درۆزنە یان مەراقی لە فرت و فێڵدایە، نەخێر، مەراقی راستەقینەی لە ئەویندایە.

کار و کاریر: هیچ گرفتێکی نییە تەنانەت بەرگەی رۆتینیش دەگرێ بەڵام دەبێ کارەکە نەوژەنی و داهێنانی تێدا بێ ئەوسا دەگەشێتەوە.

ئەوین و گونجان: ئەوینی باش و هاونشینی باش بەئامۆژگاریی چینییەکان دەدۆزێتەوە کە دەڵێن دەبێ روو بکاتە کاورِ و تەرازوو و سەتڵەکانیساڵی ئەژدیها، شێر و تەرازووی ساڵی مشک، ئینجا مەیموون- کاورِ، ئەوانە دووشەشەکانن. رەبەنەکانی پڵێنگ و مار سەرنجی رادەکێشن بەڵام با لێیان دوور بێ، هەروەها تیرەندازەکانی ساڵی گامێش و مار و ئەژدیها، ئەوانەش بەکەڵکی نایەن و بەهیچ شێوە خۆی لە مار- گیسک نەدات (نەکەی).

ناودارەکان: ‹ئیبن خەلدوون، پاپا جۆن پۆڵ، محەمەد عەوز، عومەر حەریری›.



# مەیموون - قرژاڵ



مرۆڤێکی بەرچاو فراوان و میهرەبان و بەدڵە بەڵام جۆرە سوربوونێکی هەیە کە دەیەوێ هەموو شتێک لە ژیان و گوزەران و دەوروبەری خۆی سەدا سەد بەو گوێرە بێ کە مەراقی لێ داوە، جا لە یەکەم تەگەرەدا سەغڵەت دەبێت و لە بابەتی هەستیاردا پێچ و پەنا دەکا بۆ داپۆشتنی هەست و نیازەکانی خۆی. مەسەلە ئەوەیە کە سووکە نەگونجانێک هەیە لە نێوان ئارەزووەکانیدا کە مەیلی زۆرە بۆ سۆزداری، ئەوین، ناوبانگ، دەسەڵات،... هتد، لەگەڵ ئەو شەرمەی قرژاڵ. واتە ترسێکی هەیە کە ئەگەر کۆنترۆڵیان نەکا رەنگە بە توندی هەڵبکوڵێن، ئەوسا گرینگترین ئامانجی لە دەست دەچێ کە بریتییە لە خۆشەویستبوون. تەنیا ئەم خاڵەی هەیە بەڵام چارەکردن بۆ کەسێکی وەک خۆی دووربین و ئاسانە.

کار و کاریر: ئەگەر لە ئەوین و کۆمەڵایەتیدا وردە گرفتی هەبێ لە ئیش و کاردا یەکاو یەکە. لە نووسین و رەخنە، لە بژار و بازرگانی، لە کارگێری و بەرێوەبەرایەتی و لە زۆر بواردا تواناکانی دەسەلمێنێت و گوڵ دەدەن.

ئەوین و گونجان: مەیموون دەگونجێت بەڵام چونکە قرژاڵە کەواتە دەبێ خۆ بەهەموو کەسێکدا نەدات. هاونشینەکانی سروشتی دیار و ئاشکرایە کە بریتین لە گا و رەبەن و دووپشک و نەهەنگی ساڵی ئەژدیها و مشک. مەیلی هەندێک بورج دەکات وەکو کاور و تەرازووی ساڵی ئەژدیها و گامێش وێرای ئەژدیها- گیسک بەڵام دەبێ لەگەڵیان پەلە نەکات. ئینجا بەهیچ جۆرێک خۆی لە ئەسپ- گیسک و بەراز- کاور نەدات.

ناودارەکان: <پلاتینی، یۆلیۆس قەیسەر، تۆم هانکس، حوسێن *سنجاری*، ئەحمەد چەلەبی، مەلا کرێکار، ئەسکەندەر>.



## مەیموون - شێر



مرۆڤێکی زێدە بەرچاوە و ئاخ ئەگەر بەرچاو نەبوو یان ئەگەر بەهۆی کەشی نێو ماڵ و بەهۆی پەروەردەکردنی بێ ناز هەستی کرد لە خۆشەویستیی کەمە، ئەوسا شادمانیی لە دەوروبەری خۆی دەبڕێ چونکە ئەگەر هەست بەهیچ نەکا هەست بەڕادەی قسە خوێندنەوەی خۆی لە نێو دەروبەردا دەکات. ئەمەیان وەکو بورجەکەی پێشوو شەرم ناکات و خەفەتەکانی خۆی قووت ناداتەوە بگرە کەسایەتییەکی بەدەسەڵاتی هەیە خۆی دەست بەقسەکە دەکات و هەر خۆی دەیبڕێنێتەوە و لە کاتی تەنگانە و لە هەڵوێستی ناسکدا ناشێوێ، بگرە بەخەندەیەکی گەشەوە چاو لە چاوت دەچەقێنێت و دەڵێ: "*باشە، فەرموو با باسی بکەین*". بەگشتی، دابینکردنی ڕێز و خۆشەویستی بۆ ئەم بورجە ئەنجامی زۆر باش دەداتەوە.

کار و کاریر: خاوەن خەیاڵێکی بەرفراوانە و مەیلی میتافیزیک و خەیاڵی زانستیی هەیە. کەواتە دەتوانێ بیرۆکەی خەیاڵی خورد بکاتەوە بۆ سەر زەمینەی ڕاستی بیانکاتە پرۆژەی سوودبەخش و بەقازانج.

ئەوین و گونجان: دڵی شاد هەست بەخۆکردن لە ڕێی هەڵبژاردنی هاونشینی ڕاستەقینەوە دێ. ئیتر ئەگەر هاوسەر بێ یان برادەر با لە مشکەکانی جمک و تەرازوو و تیرئەنداز و گیسک هەڵیان ببژێرێ، هەروەها ئەژدیهایەکانی کاوڕ و جمک و تیرئەنداز و گیسک، ئەوانەی پێشوو بۆ وی یەکاو یەکن. بەپێچەوانەش با تووشی گا و سەتڵەکانی ساڵی ئەسپ نەێت ویڕای گایەکانی ساڵی بەراز، ئەوانە لە بەدبەختی و پەژارەبوون بەولاوە هیچیان بۆی نییە.

ناودارەکان: سەید زەیان



# مەیموون - ڕەبەن



ڕەبەن هەندە بایەخ بەجینس و ئەوین نادات و بەبەلاش ناویان لێ ناون "ڕەبەن". باشە ئەگەر لە ساڵی مەیموون بێ کە دەیەوێ بەهەمـوو شێوە خۆی خۆشەویست بکات، ئایا ئەنجامی ئەم نەگونجانە چییە؟ وەڵام ئەوەیە کە خوو بەدەسەڵات و پایەوە دەگرێت، لەمەش سەیرتر ئەوەیە کە ئافرەتەکانیان تامەزرۆترن بۆ دەسەڵات و پایە. هەر لە هەڵسوکەوتەوە تا قسە و هەڵوێست هەمـوو بۆ دەسەڵات و خۆ پێگەیاندن تەرخان کراوە، بەڵام ئەوەیە کە درەنگ هەستیان پێ دەکەن. هێمنە، توانایەکی بێ سنووری هەیە و هەرچی بەخەیاڵتدا دێ ئەو پێش تۆ بیری لێ کردووەتەوە. خۆ ڕەنگە رایەکانی ڕاست بن بەڵام هەموو شتێک کە لە سنووری دەرچوو کێشە دروست دەکا.

کار و کاریر: ئیشکەر و هەناسەدرێژ و کارامە و زیرەکە، تاکە مەیموونێکە کە نەک هەر بەرگەی ڕۆتین و یاسای ئاڵۆز بگرێ بەڵکو خۆی حەزی لێیە و بەسەر خۆی و هاوکارەکانیشیدا دەسەپێنێ.

ئەوین و گونجان: هاونشینی بێ گەرد و گرفت بریتین لە گا و قرژاڵ و دووپشک، ئینجا بەپلەی دووەم گیسکیش دێ بەمەرجێک کە هەموویان لە ساڵانی مشک و ئەژدیها لە دایک بووبن. بەپێچەوانەشەوە با وریای جمک و تیرەنداز و نەهەنگەکانی ساڵی پڵینگ بێت، لەوانەش ئاڵۆزتر ئەوەیە ئەگەر پێوەندی لەگەڵ جمک و تیرەندازی ساڵ بەراز ببەستێ. لەوانەش ترسناکتر ئەوەیە کە خۆی لە بەراز- جمک و گامێش- تیرەنداز بدات، ئەوانە قەدەغەیەکی تەواو قەدەغەن.

ناودارەکان: ئەیمەن زێدان.



## مەیموون - تەرازوو



رووخۆشی و ئەتیکێت لێرەدا بەرجەستەبوونە و ئەگەر لە ئیش بێ یان لە ژیانی رۆژانە، ئەم بورجە ئێزگەی ئومێد و خەمڕەوێنی ئاواڵە کردووە. لە کاتی خەمدا خۆشترین هاونشینە و لەکاتی تەنگانەدا لووسترین زمانی هەیە بۆ پاساو و بۆ پینەکردنی بارەکە. تامەزرۆی خۆشگوزەرانییە و دەزانێ چۆن کار لە خەڵکی بکات لەو پێناوەدا.

کـار و کـاریر: چاو دەگـێـڕێت و گـوێ هەڵدەخـات و دەیەوێ شـارەزای هەمـوو رووداو و گـۆڕانکاریـیـەکی کـۆمـەڵایەتی بێ بۆیە سـەیر نیـیـە کـە لە هەر بوار و رەوتێکی نەوژەندا بەشـدار بێ. شـێـوازی لە ئیـشـدا، وەک هەمـوو تەرازووێک، لە بواری ناوبژیوانی و واستە و پێوەندییە گشتییەکاندا گوڵ دەدات.

ئەوین و گـونجـان: تەرازوو لە ترسی گلەیی دەیەوێ هاوسـەنگییـەکە رابگرێ. مـەیموونیش پەلەیەتی بۆ ئەوین، کەواتە سەیر نییـە کە زوو تووشی پێوەندی مـارەیی بێ. بۆیە ئەم بورجـە و بەتایبـەتی گـەنجـەکـانیـان دەبێ لە هەمـوو کـەسێک پتـر گـوێڕایەڵی ئامۆژگاریـیەکانی گەردوونی چینیی بێ. ئامۆژگارییەکەش پێی ڕادەگەیێنێ کە روو بکاتە ئەژدیهاکانی جمک و شێر و سەتڵ و تیرەنداز، ئینجا مشکەکانی شێر و سـەتڵ و تیـرەنداز، ئەوانە دەروازەی ئەوین و تێکگەیشـتنی بۆ دەکـەنەوە. هەمـانە کـاوڕ و قـرژاڵەکـانی سـاڵی ئەسپ چاوی هەڵدەفـڕێنن بەڵام ئەو بەخـتـەی بۆ دابین ناکـەن. بەدبەخـتـیی گـەورە لەوەدایە گـیـسکەکـانی پڵـینگ و گـامـێش و ئینجـا قرژاڵەکانی ساڵی بەراز، با خۆیان تووش نەکەن.

ناودارەکان: ئیڤ مۆنتان، ئیبراهیم حەسبوون، وڵ سمس>.



## مەیموون - دووپشک



کەسایەتییەکی کاریگەر و چالاکی هەیە. هەندێک لە بورجی "مەیموون- قرژاڵ" نزیکە بەڵام ئەمەیان هەندە دوودڵ نییە، تەنانەت بەپێچەوانەی زۆربەی مەیموونەکان ئەمیان لایەنگری دەسەڵات نییە بگرە رەخنەی هەیە و مەیلەکانی بۆ خۆسەلماندن بەشێوەی دژایەتیکردنی دەسەڵاتدارەکان هەڵدەداتەوە. هەست دەکەیت نائارامە و خۆی بەلایەکدا ساغ ناکاتەوە، تۆش بەم شتە سەغڵەت دەبی کە لە خۆت دەپرسی ئایا رۆژێک نایەت هەمان رەخنە لە من بگرێت؟ بەڵێ راستە، بەڵام لەم گرفتە بچووکە بەولاوە دووپشکی ساڵی مەیموون یەکێکە لە داینەمۆکانی کۆمەڵگەی خۆی و وەک بلێی چاودێری هەموو مەیموونەکانە بۆ ئەوەی بزانن کە هەموو شتێک سنووری خۆی هەیە.

کار و کاریر: ئیش یەکێکە لە رێبازەکانی ئەم بورجە بۆ خۆ سەلماندن. واتە نەک هەر ئیشکەرە بەڵکو رەنجدەر و تێکۆشەر. کارەکان هەر چییەک بن لێیان سڵ ناکاتەوە و هەم توانای دەست و بازوو، هەم مێشک و وردبینی هەیە وێرای خەیاڵێکی هونەرمەندانە.

ئەوین و گونجان: هاوسەر و هاونشینی خۆت لە مشکی مانگەکانی قرژاڵ و رەبەن و گیسک و نەهەنگ هەڵبژێرە وێرای ئەژدیهاکانی قرژاڵ و گیسک و نەهەنگ، ئەوانە هاونشینێکی بێ پەشیمانین. شێرەکانی ساڵی پڵینگ و ئەسپ و بەراز وێرای گایەکانی ساڵی پڵینگ ئەوانە خۆشەویستن بەڵام دەسەڵاتت بەسەریاندا ناشکێت کەواتە لێیان وریا بە هەموو جۆرێک لە گامێش- سەتڵ باشترن چونکە ئەمەیان لە تۆ قەدەغە کراوە.

ناودارەکان: رەفیق حەریری، ئەحمەد چەلەبی، ئەحمەدی نەژاد.



# مەیموون - تیرەنداز



هەردووکیان بورجی نۆیەمن، تیرەنداز بەقسە و پەللارە کەچی مەیموون دەیەوێ خۆی خۆشەویست بکات ئیتر سەیر نییە مرۆڤێک هەڵکەوێت نوکتەباز. بەنوکتە و پەللار و قسەی خۆی بەخەڵکی دەسەلمێنێت و توانای رابەرایەتی هەیە بەڵام نەک بۆ هەڵوێستێکی سەربەخۆ بگرە بەگوێرەی دەوروبەر و بەگوێرەی رۆژگاری خۆی. مەرج نییە لەو زیرەک و پسپۆڕانە بێ، بەڵام رێزی لێ دەگرێ چونکە رووخۆش و ئارامە. هەروەها حەز لە ناوبانگ دەکات و لە پێناو خۆ پێگەیاندندا ئازادیخوازە و بەگژ هەر جۆرێک کۆت و بەندی کۆمەڵایەتیدا دەچێتەوە.

کار و کاریر: لە پێناو ئەوین و ماڵێکی ئارامدا ئامادەیە کە وێڕای تواناکانی قوڕکاریش بکات. خۆی بۆ گشت مەیدانێک باشە وەکو وەرزێری و پیشەسازی و دەتوانێ لە هەر مەیدانێکدا بدرەوشێتەوە تەنانەت توانای زۆرە بۆ رابەرایەتی.

ئەوین و گونجان: تاکە گرفتی ئەم بورجە لە پێوەندی مارەبییدایە چونکە مەیموون حەزی لە ئاڵوگۆڕە، کەچی تیرئەنداز دەیەوێ دابمەزرێ جا لەم خاڵەدا هەندێک سەری دەشێوێ. بەڵام ئەگەر هاونشینی راست هەڵبژێرێت ئەم سەرشێوانەشی بەلاوە دەنرێت، بۆیە دەبێ روو بکاتە مشکەکانی کاوڕ و تەرازوو و سەتڵ، ئینجا ئەژدیهایەکانی شێر و تەرازوو و سەتڵ، ئەوانە لەگەڵی یەکاو یەکن. هەمانە جمک و نەهەنگی ساڵی بەراز و گامێش هەروەها رەبەنەکانی پشیلە و پڵینگ و بەراز، با تووشی ئەوانە نەبێ. ئینجا لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە با تخوونی مار-نەهەنگ نەکەوێ، نە بەشەو و نە بەرۆژ، نە بەڕاستی و نە بەخەیاڵ.

ناودارەکان: جاک شیراک.



## مەیموون - گیسک



سووکە خەمناکییەک ئاڵوودەی ئەم کەسایەتییە بووە. لە گەنجیدا زۆر بەبورجی پێشوو دەچێ بەڵام وەکو هەر گیسکێک توانای دەربڕینی نییە و دەیەوێ خەڵکەکە لەخۆڕا تێی بگەن و لەگەڵ تەمەن کەمدوێتر دەبێ، ئیتر ئەم گرفتە لە زۆر بواردا هەڵدەداتەوە بەتایبەتیش ئەگەر لە گەنجییەوە فریای خۆی نەکەوتبێت بۆ دابینکردنی پارە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی باش. زۆر زیرەک و زۆر تێگەیشتووە بەڵام خۆی هەڵناکێشێ. شادیخوازە و لە سەرەتادا زۆر کراوەیە کەچی سووکە دەمارێکی شەرمنانەی هەیە وا دەکا شێوازی "فەرمی" پێڕەو بکا تەنیا مەگەر لەگەڵ خزم و دۆستی نزیکدا بێ ئەوسا لایەنە گەشەکانی دیار دەبن.

کار و کاریر: ئەمەیان بەزگماکی توانای هەیە بۆ لاساکردنەوە، خۆنواند، ئەکتەرایەتی... هتد. سەربار و بنبار توانای بژار و کارگێڕیشی، توانای ناوبژیکردن و پێوەندییەکانی هەیە. تەنیا ئەوەیە کە دەبێ لە منداڵییەوە ئاستێکی رۆشنبیری و ئەکادیمی دابین بکات ئیتر دەبێتە پسپۆڕی هەموو کاربرێک دەنا هیچ.

ئەوین و گونجان: شادمانی ئەم بورجە لەگەڵ مشکدایە لە مانگەکانی شێر و رەبەن و دووپشک و نەهەنگ. لەگەڵ ئەژدیها ئەوین دەچێژێ بەتایبەتی مانگەکانی گا و رەبەن و نەهەنگ، ئەوانە وێڕای بزن- گا و پڵینگ- دووپشک هەموویان زۆر باشن. با کەمێک لە پڵینگ- کاوڕ وریا بێت و خۆی لە قرژاڵی ساڵی ئەسپ و تەرازووی ساڵی مار و بەراز نەدات.

ناودارەکان: <نەوشیروان مستەفا، <سەمیر سەبری، جورجی زێدان، سەمیرە سەعید، سوهێر زەکی.



# مەیموون - سەتڵ



ئەمەیان لە قسە و دەربڕیندا مامۆستایە و بەو زمانە هێمنە دەسەڵاتێکی شیرن پەیدا دەکا. ڕۆشنبیر و دووربینە، خۆ هەڵکێشانی نییە بگرە توانای بۆ هاوڕێکانی و بۆ کاری گشتی تەرخان کردووە، ئیتر ئەوین و رووخۆشی بە بەسەریدا دەبارێ بەڕادەیەک ئەگەر مەیموونەکانی دیکە لە شوێنی بان ئەوان (تلّپی تەریان لێ دەبڕی) کەچی ئەمەیان هەر خەریکی هاوباوەڕی و هاوبەرژەوەندی و برادەرایەتییە و هەندە ئاوڕ لە دڵداری ناداتەوە. مەسەلەکە لە ناخدا بریتییە لە دوو خاڵ. یەکەم ئەوەیە کە نایەوێ پایە و دەسکەوتەکانی (مادی و واتایی) بفەوتێن. دووەم ئەوەیە کە ترسێکی زگماکیی هەیە لە تەنیایی و لە نەبوونی برادەر و هاوسۆز و پشتیوان.


کار و کاریر: ئەگەر لە هەرە هەژارەکانیش بێ، ئەم بورجە بەخت و چارەنووسی لەگەڵ چینی دەوڵەمەند نووسراوە. یان وەکو هاونشینێک بۆ چینی دەوڵەمەن و وەکو دەوڵەمەندێک و خاوەن پایەیەکەی دیار، شتێکی هەمەجۆر.

ئەوین و گونجان: دڵی کەم دەخرپێ بەڵام ئەگەر بگاتە هاوسەری راستەقینە ئەوسا خۆی دەبینێتەوە کە لە چ ئەوینێکدایە. لە زادەکانی ساڵی مشک هەمانە جمک و تەرازوو و تیرەنداز و، لە ساڵی ئەژدیها هەمانە کاوڕ و تەرازوو و دووپشک و تیرەنداز، تێکڕای ئەوانەی پێشوو هاونشین و هاوسەری سروشتیی ئەم بورجەن. سەبارەت بەساڵی بەراز دڵی بۆ گا و شێر و دووپشکەکانی لێ دەدا بەڵام لەو باشانە نین، هەروەها گا و شێرەکانی ساڵی پڵینگ ئەوانە ئاڵۆزتریش دەبن و، لە هەموو شتێک چەوتتر ئەوەیە کە خۆ لە مار- دووپشک بدات.

ناودارەکان: ‹نەبیلە عوبێد، ‹*ئیبن تەمیمییە*، پاتیستووتا.



## مەیموون - نەهەنگ



چارەسازێکی نموونەییە کە ئاڵۆزترین گرفت بەرگەی پلان و تاکتیکەکانی ناگرێت و کە داڵغەی لە شتێک دا، ئیتر بزانن کە دەیگاتێ. هێمنە، بەو زمانە شیرنە دەبێتە هاورێ و هاونشینی ژمارەیەک خەڵکی پێگەیشتوو. دەرمانی دەروونی هەموو دەوروبەری خۆی پێیە، بەڵام خۆپەرستە و ئەگەر دەردی دڵی خۆی چارە نەکردبێ ئەوسا لەباتی چارە رەنگە ئیشەکان تێک بدا. توانای خۆنواندنی زۆرە و بایەخێکی گەورە بەدیمەن و ناوبانگ و پایە و پۆشتەیی خۆی دەدات. لە راستیدا ژیان بۆ وی بریتییە لە یەک پرسیار کە هەموو بەیانییەک لە خۆی دەکات و دەڵێ: *"ئەمرۆ چ شتێک پێویستە تا بیکەم؟"* ئیتر گرینگ نییە دوێنێ دنیا چۆن بوو، مەرج ئەمرۆیە، پلانی بۆ دادەرێژێ و بریاری خۆی دەدات و ئیتر تەواو.

کار و کاریر: دەشێ ببێتە ئەستێرەیەکی زیوین لە ئاسمانی هونەر و دەسترەنگینیدا. وێرای کارە ئاساییەکانی مەیموون کە پێوەندی گشتی دەگرێتەوە.

ئەوین و گونجان: هایدە دەڵێ: "*من عاشقی عاشق شودنم*" دیارە باسی ئەم بورجە دەکات کە دەڵێی تەلەسمی کردووە ئەوها دڵڕفێنە. هاونشینی و هاوسەری سروشتی بریتین لە گا و قرژاڵ و گیسکی ساڵی ئەژدیها و مشک وێرای ئەژدیها-دووپشک و مەیموون-گا، ئەوانە OK. بەڵام با وریای رەبەن و تیرەندازەکانی ساڵی پڵینگ بێ لەگەڵ جمک و تیرەندازەکانی ساڵی مار، ئەوانە بەکەڵکی نایەن. هەروەها نابێ تووشی ئەسپ- رەبەن بێ نە بەراستی و نە بەخەیاڵ، نە بەرۆژ و نە بەشەو.

ناودارەکان: ئەلیزابێت تایلەر.

## کە مەیموون باڵادەست دەبێ

گەردوونی چینی دەڵێ کە دەکەوینە بەر تینی مەیموون پێشهات و رووداوی سەیر زۆر دەبن. مەیموون رێگە لە گشت مەترسییەکان دەبڕێت، کەللەڕەقی و چەک و دەست و بازوو ئەو نرخەیان نامێنێ، بگرە کات کاتی تاکتیک و رابواردن و زۆرزانییە.

کودەتاکەی ١٩٦٨ کە بەعسی لەسەر حوکمی عێراق چەسپاند نموونەیەکی باشە بۆ ئەوەی لە سروشتی ساڵی مەیموون بگەین. پلانەکە بەچەند تانکێک و چەند دەمانچەیەک ئەنجام درا، کەچی بەعس بە"شۆڕش" ناویان دەبرد و ئەو پینەیەی کە لەو ساڵەدا کرا تا ٢٠٠٣ هەڵنەوەشایەوەی و هەر کە بەدەستی بزن (٢٠٠٣) هەڵوەشایەوە یەکسەر لە ٢٠٠٤ مەیموون پینەیەکی تری بۆ عێراق کرد بەگوێرەی "موحاصەصە" و ئەم بەزمەی کە ئێستا لە ئارادایە، جا نازانم چەند ساڵی دەوێ تا ئەو پینەیەیان هەڵدەوەشێتەوە و ناشزانم تاکەی عێراق بەپینە و فێڵ و "درۆی مەسڵەحەت" بەڕێوە دەچێ؟

هەروەها لە ساڵی ١٩٨٠ ئەو خەڵکەکە روویان لە هەڵپەڕ و داپەڕ کرد. من لە بیرمە کە کەبت و بێزارییەکی گەورە لە نێو گەنجانی بەغدا تەشەنەی کردبوو. بەعسییەکانیش درێغییان نەکرد، هەستان خەڵکیان بۆ نزیک باڵوێزخانەی ئێرانی رادا، ئینجا نارنجۆکیان تەقاندەوە گوایە ئێرانییەکان هاویشتوویانە. خەڵکەکەش هەموو دەیانزانی درۆیە بەڵام هەروا حەزیان لەو هەرایە دەکرد. ئیتر ئەوها جەنگی عێراق- ئێران دەستی پێکرد و ئەو گەنجانەی کە بەدوا هەڵپەڕ و داپەڕ کەوتبوون زۆربەیان بوون بە"جیش شعبی" و تا زستانی ١٩٨٠-١٩٨١ شەوانە کوڕ و کچ لە خێوەت دەنووستن "گوایە بەرگری لە نیشتیمان دەکەن" کەچی لە راستیدا عاشقایەتی و هەرایەک لە ئارادا بوو، هەر خوا بیزانێت!.. بەڕاستی مایەی پەرۆشە کە گەنجی عێراق لە زۆربەی قۆناغەکانی مێژوودا تووشی ئەو کەبتە جینسییە بکرێن (بە دەستی کەس نا بە دەستی خۆیان) بەڕادەیەک کە ئامادە بن جەنگێکی کاولکاری بەرپا بکەن تەنیا بۆ هەڵڕشتنی جینس و ئەوین و کەلێنێک بۆ ئازادی و هەوا گۆڕین. بەڵام هەمان ئەو گەنجانەی کە بەچەقەوانە لێدانەوە خەریک بوون، دواتر پۆل بەپۆل بەبەر دەراسەی جەنگەکە کەوتن، واش هەر دەیانگوت *"چ بکەین، جەنگەکە بەملماندا هاتووە"*. ئیتر نازانم ئایا مەسەلەکە تاوانی مەیموونە یان

تاوانی سەدامە یان تاوانی ئەو دەروونەیە کە پڕ بووە لە ئیزدیواجییەت؟

سەبارەت بەکوردستان، هەڵبژاردنەکانی ۱۹۹۲ و ۲۰۰٤ هەردووک لە ساڵی مەیموندا بوون و من تەنیا ئەوە دەڵێم با یەک پەرلەمانتاری کورد بدۆزینەوە کە دەنگی سەد هەزار کەسێکی بەدەستەوە هێنابێ (بۆ کەسایەتیی خۆی نەک بۆ حزبەکەی). ئەگەر کەسێکی وا هەبێ دیارە گەردوونی چینی درۆیە. بەداخەوە ئێمە وا دەزانین ئەو هەموو بۆیباغ و سپلیت و مەڕمەڕ و ئەو بریقە و باقە دەمانکەنە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی، نازانین وا مەیموونێک لە ئاسمان دەخولێتەوە و فێڵ لە هەموو نەفامێکی فشۆڵ دەکات.

خوێنەر دەبێ بزانێت کە مەیموون (هەم وەکو کەسایەتی و هەم وەکو ساڵ) فێڵ لە کەسێک ناکەن ئەگەر شایستەی ئەو فێڵە نەبێت و چاوی بەبریقە و باقێک یان بەشتێکی لاچەپ هەڵنەفریبێت. واتە وەک دەڵێن (خوا ئیشی نابەجێ ناکا - کێو نەبێ بەفری تێ ناکا) بۆیە فێڵەکان تەنیا لە کۆمەڵگەی دواکەوتوو و خۆبەخۆدا پەرەدەستێنن، دەنا لە کۆمەڵگەی ڕێکوپێکدا سیاسەتس مەیموون لەسەر شێوەیەکی جودا دیار دەکەوێت وەکو زمانشیرینی و میهرەبانی. خەڵکەکە لەباتی ئەوەی فێڵ لە یەکتر و لە خۆیان بکەن مەیلەکانی دڵیان بەئاشکرایی هەڵدەڕێژن. ئەگەر مەراقیان ئەوین بێت ڕوو لە ئەوین دەکەن و دەبڕێتەوە.

## بەختت لە سایەی مەیمووندا

مشک لە سایەی مەیموون: لە سایەی مەیمووندا ڕادەبوێرێ، بەڵام تەمبەڵ نییە و کاری خۆی فەرامۆش ناکا؛ بۆیەش ڕەنج بەخەسار نابێ. لە ئەویندا مەیموون هانی دەدات بەرەو مارەکردن و دامەزراندن.

گامێش لە سایەی مەیموون: مەیموون لەگەڵ بیر و باوەڕەکانی گامێش کوجا مەرحەبا. ئەو گاڵتە بەو شتانە دەکات بۆیە گامێش بەختی باش نییە. دەست لە ئیشەکان دەکێشێتەوە چونکە هەست بەمەترسی و ناڕێکی دەکات. هەروەها ماوەی کەمە بۆ ئەوین و دڵداری.

پڵینگ لە سایەی مەیموون: گاڵتە بەپڵینگ دەکا بەڵام پڵینگ بە ڕێگەی خۆیدا دەڕوات و پیلان دادەڕێژێ بۆ پاشەڕۆژ. لە ئەوینیشدا چەند پەڵەهەورێک لە ئارادایە، بەڵام

بەشێوەیەکی گشتی ئاسمان ڕوونە.

پشیلە لە سایەی مەیموون: ئاگای لە هەموو فێڵەکانی مەیموون هەیە. بەڵام لە ترسی قسەی ڕەق دەنگ ناکات. کەواتە دەبێ چاوەڕوانی ڕۆژگارێکی دیکە بێ تاکو بەختی دەبێتەوە. لە ئەوینیشدا لە ترسی پەلارەکانی مەیموون بەنهێنی دەجووڵێتەوە.

ئەژدیها لە سایەی مەیموون: مەیموون چاو لە ئەژدیها دەکات و دەیەوێ گاڵتەی پێ بکا، بەڵام ئەژدیها توندە بەرگە دەگرێ. لە ئیشدا هەر لە پێشەوەیە بەڵام خۆ توند دەکا بۆ ئەوەی ئیشەکانی لێ تێک نەدەن. لە ئەوینیشدا ڕێگەکە سەختە و کەم کەمە بۆی دەلوێ.

مار لە سایەی مەیموون: مرۆڤی ژیری وەک مار بەبەزمەکانی مەیموون قەڵس دەبێ کەچی خۆی پێ ڕاناگیرێت و دەیەوێ لەو هەرایە بەشداری بکات چونکە لە ناخدا تامەزرۆی ئەو بەزمەی مەیموونە بۆ ئەوین و عاشقایەتی و ڕابواردن. لە ئیشدا نازانێ چ بکات، مەگەر بەهەر جۆرێک کاتەکە بەسەر بەرێ. لە ئەوینیشدا دەیەوێ هەستێک بزوێنێ کەچی مەیموون ناهێڵێ.

ئەسپ لە سایەی مەیموون: مەیموون سەغڵەتی ناکات، بەڵام دەبێ وریای فێڵەکانی مەیموون بێت و هەندە بەباوەڕ و شانازییەوە ڕەفتار نەکا. هەروەها لە دڵداری و لە دەربڕینی هەستەکانیدا بەختی باشە.

بزن لە سایەی مەیموون: دیسان ئەو بایەخەی پێ نادرێ. بەڵام بزن خەریکی بەهرەکان و ئارەزووەکانی خۆیەتی. کەواتە لە ئیشدا دوا دەکەوێ بەڵام بەهرەکانی دەبووژێنەوە. ئەوینیشی لێ دەبێتەوە پێداویستییەکی ڕۆژانە، بەڵام با وریا بێ کە نەیکاتە پیشەیەکی هەمیشەیی.

مەیموون لە سایەی مەیموون: لە سایەی بورجی خۆیدا بەرەڵڵایە، هەڵدەپەڕێت و ڕادەبوێرێت، تەنانەت ئەگەر تووشی ئیشێکیش بێ ئەوە هەر دەیکاتە هەرا و دەیشێوێنێ و دەردەپەڕێ بەرەو ڕابواردن. لە ئەوینیشدا کاتی ڕابواردنە.

کەڵەباب لە سایەی مەیموون: بەدەرفەتی دەزانێ کە ڕایەکانی جاڕ بدات و دەسەڵاتی

بســەپێنێ. لە ســایەی مــەیموونــدا ســەرکــەوتووە و دەســەڵاتداریشــە و بۆ دڵداری پێشمەرگەی مەیدانە.

سەگ لە سایەی مەیموون: بەچەشنی پڵینگێک رایەکانی جارِ دەدا. تاسەش دەکات بەڵام بەخۆدا دێتەوە و هەرنەبێ ئاستی هەرە کەم لە سەرکەوتن وەدەست دێنێ. هەروەها رێز لە کـردەوە باشـەکـانیـشی دەگـیـرێت، بەڵام بەختـی لە ئەوین و دڵداریدا باش نییە.

بەراز لە سایەی مەیموون: مەیموون بەدڵە چاکەکەی بەراز رانابوێرێ؛ بگرە هانی دەدا بەرەو خـۆشـەویسـتـی و ژیان. لە ئیـشـدا شـتـێکی نموونەییـیـە و لە ئەویندا گـونجـان و تێگەیشتن پەرە دەسێنێ.

# ئەوین و پێوەندی

## پیاوی مەیموون

بەرچاو و لەبەردڵانن. چالاک و بزێون و کۆڕی بەزمی برادەران بەخەندەی جوان و ڕەفتاری خۆش دەگەشێننەوە، تواناشیان هەیە کە لە کاتی خەمباریشدا پێبکەنن و خەندە لەسەر لێوان بنەخشێنن. هەروەها خۆ بچووک دەگرن و هەرگیز خۆ سەپاندن و سینگ دەرپەڕاندنیان نییە. بەڵام هەمیشە بۆ یەک شت سەغڵەتن کە دەیانەوێ بسەلمێنن کە خۆشەویستن. جا ئەگەر لە مەیدانی کۆمەڵایەتیدا بێ یا لە مەیدانەکانی دیکەی ژیان، خۆشەویستی مەراقی هەرە گەورەیانە.

لە بواری ئەوین و دڵداریدا مەترسییەکی زۆریان لەسەرە بەتایبەتیش لە قۆناغەکانی لاوێتی و گەنجیدا چونکە مەراقەکەیان بەرێگەی ئاڵۆزیاندا دەبات. کە وا دیار دەخەن گوایا رادەبوێرن، کەچی لە راستیدا بە دوای ئەو ئافرەتانەدا دەگەڕێن کە شایستەی ئەوە بێ دڵبەندی بن. ئافرەتێکی زیرەک و ئازا و سەربەخۆ و ڕەنگاوڕەنگ کە بتوانێ بەبێ بەستنەوە و بارگرانی پابەندیان بکات.

## ئافرەتی مەیموون

تەماشایان دەکەیت وا دەزانی منداڵەکەی دوێنێن کە ئەوها خەیاڵ خۆش و دڵنەرمن و بایەخ بەپارە و پایە و دەسەڵات نادەن. ئافرەتی مەیموون فرت و فێڵیشیان لە چاو پیاوانی مەیموون کەمترە چونکە دەیانەوێ خەڵکی رابکێشن و ئەگەر لەو جوانانەش نەبن ئەوسا لە رێی پێشکێشکردنی خزمەت و یارمەتی خۆیان خۆشەویست دەکەن بەرادەیەک کە هێندێکیان ئەوپەڕی دڵسۆزی و خۆنەویستی دەنوێنن هەر لەو پێناوەدا. جا ئەگەر بتوانن، ئەوە باشە دەنا تووشی چاولێکردن و خەفەت دەبن بەرانبەر بەوانەی کە توانیویانە خۆشەویست و بەرچاو بن. چاویان هەندە بەپارە و زێڕ هەڵنافرێت وەکو ئافرەتەکانی دیکە کەچی حەزیان لە قسەلۆک و دەنگ و باسە و، بەزمانیشن، جا ئەگەر بیانەوێ دەتوانن پەلاری تیژ و تاسێنەر لە خەڵکی بگرن بەڵام دەستبەجێ بەخەندەیەکی نەرم و قسەیەکی شیرن و ڕەفتارێکی پڕ لە میهرەبانی پەلارە تیژەکانیان لە دڵی خەڵکیدا دەسڕنەوە چونکە

نایانەوێت کەس رقیان لێ هەڵبگرێ.

خۆشتێکەڵ و خزمەتگوزارن و هونەر دۆستیشن کەوا هەموو هەواڵی هونەر و هونەرمەندان دەزانن و دڵ و دەروونێکی رۆمانسییان هەیە کە بەدوای هەستی گەرم و نیگای نەرم و رەفتاری ئەوین بەخشدا دەگەڕێ. بۆیەش تەنیا بۆ ئەوینی رەنگاوڕەنگی دوور لە رۆتین دڵسۆز دەبن دەنا پشتی تێ دەکەن بەرەو ئەوینێکی دیکە یاخۆ هەرنەبێ بەخەیاڵ تێدا دەژیێن.

## پیاوی مەیموون لەگەڵ...

ئافرەتی مشک: رێز لە یەکتر دەگرن. مەیموون خەمڕەوینی لە دڵی مشکدا دەکات. ئەویش لە بەرانبەردا نوقمی ئەوینی دەکات واتە پێوەندییەکی زۆر باشە.

ئافرەتی گامێش: پێوەندییەکە لە سەرەتادا ئاسانە. بەڵام دواتر گامێشی توندڕەو بەفێڵەکانی مەیموون رازی نابێت و لێی دوور دەکەوێتەوە.

ئافرەتی پڵینگ: مەگەر چاو لە فێڵەکانی بپۆشێت ئینجا مەگەر بتوانێ لەگەڵی رێک بکەوێ دەنا رێیان بەستراوە .

ئافرەتی پشیلە: حەزی لەم پیاوەیە و ئامۆژگارییەکانیشی وەردەگرێ. هەروەها کابرا یارمەتی دەدا بۆ ئەوەی چارەیەک بۆ گرفتەکانی خۆی بدۆزێتەوە؛ کەواتە ئەوین هەیە بەڵام واش هەر برادەرایەتی لێرەدا بەهێزترە.

ئافرەتی ئەژدیها: ئەم ئافرەتە بەرچاوە لە هەموو کەسێک باشتر بەرگەی ئەو پیاوە دەمەکییە دەگرێت. کابراش لەگەڵ ئەژدیهادا هەرگیز بێزاربوونی نییە و لە هەموو کەس باشتر گەمەی (دەسەڵات و شادی) لەگەڵدا دەکات.

ئافرەتی مار: هەڵەکانی مەیموون دەبینێت و بەشێوەیەکی هێمنانە و ژیرانە لە رووی دەداتەوە. ئیتر کابرا هەڵوێست و بڕیاری کۆتاییی خۆی بەبوون و نەبوون یەکلا دەکاتەوە.

ئافرەتی ئەسپ: ئەسپ ئەوینێکی راست و رەوانی گەرەکە نەک فێڵ. مەیموونیش هەستی بەو بەژن و باڵایە دەورووژێت؛ بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت.

ئافرەتی بزن: ئەگەر بتوانێ لە ئاستێکی بەرزدا بیژینێت، ئەوسا شادی پێکەوە دەبینن دەنا هەرکەس بەرێگەی خۆیدا بڕوا باشترە.

ئافرەتی مەیموون: پێوەندییەکی شیرین و ئاساییە. دەخافلێن و تێک دەگەن و پێشبڕکەیان تەنیا لەسەر ئەوە دەبێ کە چۆن دڵی خەڵکی رابکێشن و کە کێهەیان رووخۆشترە.

ئافرەتی کەڵەباب: بەچاوی سووکایەتی دەڕوانێتە بەزمی مەیموون. کابراش بەزمی خۆی هەر دەکات و دەیەوێ فێڵێک لە کەڵەبابیش بکات.

ئافرەتی سەگ: ئافرەتی رەشبین لە ژیانی کابرای گاڵتەچی و گەشبیندا بەشدار نابێ.

ئافرەتی بەراز: تەفرەی دەدا چونکە لە دەمارەکانی ئەو ئافرەتە خۆشباوەڕە دەڕوانێ. کەچی لە ئەنجامدا هەر ئەو رەوشتە ساکارەی بەراز وا دەکا کە مەیموونی فێڵباز لەگەڵیدا راستگۆ بێ.

## کەڵەباب



| |
|---|
| ١٨٠١ |
| ١٨١٣ |
| ١٨٢٥ |
| ١٨٣٧ |
| ١٨٤٩ |
| ١٨٦١ |
| ١٨٧٣ |
| ١٨٨٥ |
| ١٨٩٧ |
| ١٩٠٩ |
| ١٩٢١ |
| ١٩٣٣ |
| ١٩٤٥ |
| ١٩٥٧ |
| ١٩٦٩ |
| ١٩٨١ |
| ١٩٩٣ |
| ٢٠٠٥ |
| ٢٠١٧ |
| ٢٠٢٩ |

ئاکیهیتۆ، ئەمەل ساپین، ئوسامە بن لادن، ئەساڵە نەسری، حاکم بیئەمریللای فاتیمی، ئەیاد عەللاوی، بەشارە خوری، برتنی سپیرز، بیۆنسێ، جەلال تاڵەبانی، جەنەراڵ پاتۆن، پاپا پۆلسی شەشەم، جۆزێف گووبلز، جان پۆل بلمۆندۆ، جەنیفەر لۆپێز، جواد سلیم، حامد کارزای، *ئیمام حوسێن (دخ)*، خەسرەو جاف، دورەید لەحەام، رەوشەن بەدرخان، رۆجەر فێدێرێر، ریمۆن ئۆلیڤێ، سەوسەن بەدر، سێرینا ولیەمز، چارلز برۆنسن، چارلز دیکنز، گۆگۆل، گاریبالدی، ڤاگنەر، عەبدولسەلام عارف، عەبدولمونعم مدبولی، علی دائی، شاژن ڤیکتۆریا، قەناتی کوردۆ، کاترین زێتا جۆنز، کارۆلین دۆ مۆناکۆ، لاڤۆنتین، لوبلوبە، ماری دی میدسیس، مامە ریشە، مایکڵ شوماخەر، محەمەد پاشا جاف، محەمەد فاید، محەمەد عەلی عەونی، مەحمود عەبدولعەزیز، حوسێن میسری، *موسا کازم*، نازم غەزالی، نەژاد عەزیز سورمێ، نووری گەرمیانی، هاوار مەلا محەمەد، هەژار، هێمن.

## ڕەوشتی گشتی

بورجی کەڵەباب بەپێچەوانەی بورجی پێشووە. کەڵەبابی گەرۆکی زمانتیژ و را لە خۆ، ئەگەرچی ئەویش دەیەوێ شادی بچێژێت بەڵام لەو پێناوەدا هەرگیز سەری شۆڕ ناکا، تەنانەت بەرگەی ئەوە ناگرێت کەسێک بەچاوی بەزەیی یان سووکایەتی سەیری بکات.

با بورجی دەیەم بەوێنەی کوڕی دەیەمی دوازدە براکان بچوێنین، ئەم کوڕە کە براگەورەکەی دەبینێ (مەیموون) خۆ بەستەزمان دەکا و خەریکی دڵ راکێشان و خاترانەیە، ئەمەیان مەراقێک پەیدا دەکا کە سەربەرز بێت و بۆ کەس دانەهێنێ. جا ئەگەر بەرژەوەندی و پایەی خۆی لە نێو برا گەورەکاندا مسۆگەر کرد ئەوە باشە دەنا واز لە هەموو براکانی دێنێت و روو دەکاتە شوێنێکی دوور بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکی دیکەدا خۆ بسەلمێنێت و سەربەرزی بۆ خۆی دابین بکات. بەڵێ راستە کە لە ناخدا دڵی بەماڵ و براکانیەتی، بەڵام خۆ بەرانبەر بەمەراقی گەڕان و هەوا گۆڕین و سەربەرزی راناگرێت.. بەم کورتە باسە دەتوانین لە بناغەی بورجی کەڵەباب بگەین. هەر وەکو لە ئەفسانەکەی بووداش باس کرا چۆن سەیری پێش خۆی دەکرد بەبێ ئاوڕدانەوە بۆ ئەملاو ئەولا وەکو ئەفسەرێکی سەر بڵند و را لەخۆ دەڕۆیشت.

بورجی کەڵەباب راستگۆن و دەیانەوێ هەمیشە رایەکانی خۆیان بەبێ پێچ و پەنا جار بدەن. هەروەها خۆهەڵکێشانیان تێدایە، دەگەڕێن و دەدۆزنەوە و بەوە لە ژیان دەگەن. لە ناخدا دڵیان بەباوان و خزمانەوەیە بەڵام مەراقی سەربەرزی و گەڕان و دنیا دیتن لێیان ناگەڕێت هەندە پابەندی خانەوادە و باوانیان بن. سەربەخۆن و پشت بەکەس نابەستن و ئەگەر هەست بکەن چاکەی کەسێکیان لەسەرە ئەوسا گۆشەگیر دەبن تا ئەو کاتەی کە منەتەکە لەسەر خۆیان لادەبەن و سەرکەوتنێک تۆمار دەکەن کە مایەی شانازی و سەربەرزی بێ، تەنیا ئەو کاتە دەگەڕێنەوە بۆ نێو کۆمەڵگەی کۆن بۆ ئەوەی بەخۆیانەوە بنازن.

خۆپەرستن، هەوەس و بەرژەوەندیی خۆیان پێش هەموو شتێک داناوە و رەخنە و گلەیی ناسەلمێنن و بەبێ منەت پشتی تێ دەکەن و، ئەگەر وەڵامیشت بدەنەوە بەپەللار دەیدەنەوە و هەندە بایەخ نادەن ئایا هەستی کەسێکیان زەردە کردووە یان نا؟ تەنانەت ئەگەر

هەستیان پێ کرد، ئەوسا داوای لێبوردن ناکەن و هەرگیز پەشێمانی دەرنابڕن، ئەوپەڕی مەگەر خۆ مات بکەن دەنا "ببووره سەهوو بووم" لە لایان نییە بەتایبەتیش ئەگەر هەڵەیەکی گەورەیان کردبێ.

کەڵەباب پۆشتەن و کەسایەتییەکی بەکێشیان هەیە، قسەزانن بەتایبەتی ئەگەر باسی را و سەرکەوتن و بەسەرهاتەکانی خۆیان بکەن یاخۆ ئەگەر بە شان و باڵا و کردەوەکانیان هەڵگوترێت ئەوسا زمانیان بەشێوەیەکی باشتریش دەکرێتەوە. هاوڕێیەتی لەگەڵ جینسی بەرانبەر دەکەن نەک لەگەڵ جینسی خۆیان. هەروەها ئەگەرچی دڵسۆز و بەئەمەکن، بەڵام لە پێناو یارمەتیدان و چارەکردنی گرفت و کێشەی ناسیارەکانیان ئەو هەناسە درێژەیان نییە چونکە هەر ڕۆژێک بەدواڕۆژی ژیانیان دەزانن و دەیانەوێ بەپەلە باشترین سوود و خۆشیی لێ وەربگرن تەنانەت هەندێکیان رقیان لە خەوە چونکە بەنیمچە مەرگێکی دەزانن و لە ماوەی ژیان و رابواردن و گەڕانیان کەم دەکاتەوە. شاگەشکەی هەر شتێکی تازە و جوان دەبن، بایەخ بەتوێکڵ و دیمەن دەدەن ئینجا لە قۆناغی دووەمدا بیر لە کاکڵ و راستییەکان دەکەنەوە، بەڵام لە ئیش و کاردا چالاک و بەرپرسن و لەمەڕ شکستدا کەللەیان رەق دەبێ، پێدا دێنەوە و هەر دەبێ سەربەرزی (یان بێ منەتی) بسەلمێنن.

چینییەکان سەرنجیان داوەتە راستییەک کە لە ساڵی کەڵەبابدا زادەکانی کاتی بەیانی کەڵەبابێکی بانگدەر دەبن. واتە رەوشتی کەڵەباب زیاتر لەواندا دیار دەبێت و ڕووداوەکانیش لە کاتی بەیانیدا تیژتر دەبن بەچاکە و بەخراپەش. هەروەها گەردوونی چینی ئامۆژگارییان دەکات کە لە کارەساتی ڕێگە و بان و سەیارە و تیژڕۆیی و ئەو تەرزە شتانە وریا بن چونکە چاویان بۆ پێشەوەیە و لایەکانی دیکە ناخوێننەوە. کەواتە دووبارە دەبێ وریا بن و بەیەک چاو سەیری ئەم ژیانە نەکەن.

# دوازده جۆر کەڵەباب



## کەڵەباب – کاوڕ



خۆشتێکەڵ و نوکتەبازە، دڵێکی زێڕین و زمانێکی شڕ چونکە نازانێ کەی بانگ بدات و کەی بێدەنگ بێ ئیتر ئەگەر ناچار بوو ئەوسا بەدرۆیەکی سپی خۆ لە هەموو ئاڵۆزییەکان دەدزێتەوە. یەکجار بدەرە، عاشقی ژیان و شادی و گەڕانە، وەک منداڵێکی خوێنگەرمە کە زوو هەڵدەچێت و زوو ئاشت دەبێتەوە و هەرچەندە مۆن بێ لە ناخدا هەر ساکارە. برادەرایەتی پێش خزمایەتی دەخات بەڵام ئەگەر پابەندی ماڵداری بوو ئەوسا مۆرکی پیاوماقووڵانە دەپۆشێت و (بەکەمترین بارگرانی و ئاڵۆزی) پابەندی ئەرکەکان دەبێ.

کار و کاریر: گورج و چالاکە بەڵام سەربەخۆیە، فەرمان نادات و فەرمان وەرناگرێ. ئەم ڕەوشتەش بەئاسانی بۆی ناچێتە سەر، پاشان چەندە چالاک بێت ڕەنگە کەسانی چالاکتر هەبن بۆیە دەبێ مێشک و زمانی کۆنترۆڵ بکات. بە هەرحاڵ با روو بکاتە کاریری سەربەخۆ وەکو بوارەکانی یاسا و پزیشکی و وەرزش و لە هەموویان گونجاوتر (سەربازی) بەڵام بەشێوازێکی زانستییانە.

گونجان: جمکی ساڵی مار و گامێش، ئەو بورجانە وەک چێکی بانکی سویسران. هەروەها شێرەکانی گامێش و مار ئینجا سەتڵەکانی ساڵی مار و ئەژدیها، هەموویان لە هیچیان کەم نییە و OK. مار- تەرازوو شیرنن بەڵام دەبێ کەمێک لێی وریا بێ. بەپێچەوانەش، با لە قرژاڵی ساڵی پشیلە و شێری ساڵی سەگ دوور بێ. ئینجا نۆرەی تیرەندازی ساڵی سەگ دێ کە بەدە و لەمەش بەدتر گیسکەکانی ساڵی سەگ، نابێ خۆیان لێ بدات بەهیچ شێوە.

ناودارەکان: ‹عەبدولسەلام عارف، ‹خەسرۆ جاف، ‹عەلی دائی، نووری گەرمیانی، جەنەراڵ پاتۆن، جان پۆل بلمۆندۆ، گۆگۆل.



# کەڵەباب - گا



گا لە رادەی پەلەکردن و زمانتیژیی کەڵەباب کەم دەکاتەوە، واتە مەند و زمان پارێزی دەکات. لە بەرانبەردا کەڵەباب لە رادەی تەپی و کەللەرەقیی گا کەم دەکاتەوە، بەمەش مرۆڤێک هەڵدەکەوێ کە لایەنە باشەکانی هەردووک بورجی وەرگرتووە. لە منداڵییەوە بایەخێکی زۆر گەورە بەخۆی دەدات و کە بڕیارێکی دا ئیتر هەر دەبێ بیهێنێتە دی. کەسایەتییەکی دیاری هەیە کە بەئاسایی دەگاتە رێزی پێشکەوتووی کۆمەڵگە، کەچی ئەگەر ئەورووپاییش بێ ئەم بورجە دەمارێکی خۆرهەڵاتیی "یان بڵێین شەعبی" هەر تێدایە. ئیتر هانی خەڵکی بەستەزمان و داماو دەدا، بەڵام نەک بە واتای کە زۆر لەسەریان دەوەستێ چونکە وەکو هەر کەڵەبابێک رێز لە کەسانی لاواز و بێ ورە نانێت.

کار و کاریر: توانای سەربازی و رێکخستن و کارگێڕی و بەڕێوەبەردنی پرۆژەی گەورە بۆ ئەم بورجە شتێکی ئاساییە. بەڵام گرفتێکی هەیە لەگەڵ مەسەلەی فەرمانبەری و وەرگتنی فەرمان و نەبوونی توانا بۆ پێشنیازکردن. بۆیە دەبێ وەکو بورجەکەی پێشوو کاریرێکی مەیلەو سەربەخۆ هەڵبژێرێت.

گونجان: مەیدانی بۆ کراوەیە و پێش هەموو کەسێک گامێش ئینجا ئەژدیها و مار دێن. با لەوانە روو بکاتە قرژاڵ و رەبەن و گیسک. هەروەها نەهەنگەکانی گامێش و ماریش لە هیچیان کەم نییە. بەپێچەوانەش، با لە شێرەکانی ساڵی پشیلە و کەڵەباب وریا بێ، لەوانەش نەشیاوتر سەتڵ و دووپشکەکانی ساڵی سەگ و پشیلە، با تووشیان نەبێت.

ناودارەکان: *جەلال تالەبانی.*



## کەڵەباب - جمک



کەڵەبابێکی پۆشتە و بەرچاوە، دەمەقاڵی و پێ سەلماندن بەشێوازێکی مامۆستایانە وەبەر دێنێت و بەهەر ڕێگەیەکدا بڕوات و چەندی بکەوێ هەر هەڵدەستێتەوە. بەئەمرە و باوەڕی بەقسە و رایەکانی خۆی هەیە، حەزی لە رۆشنبیری و گەڕانە بۆ ناسینی فەرهەنگ و شارستانیەتی ئەم جیهانە و ئەگەر توانای گەشت و گەڕانیشی نەبێ کەس ئومێد نەکا ژیانێکی یەک ڕیتم و یەک هەنگاو بەسەر ببات بگرە هەردووک بورجەکانی پڕن لە ئاڵوگۆڕی و جموجۆڵێکی زۆر، جا سەیر نییە کە لە شکست و بێ دەسەڵاتییەوە بازێک بدات بەرەو لووتکەی گەشانەوە. تاسەیەک دەکات هەنگاوێک دەکشێتەوە بەڵام و دیسان باز دەداتەوە. واتە بۆی نەنوسراوە کە هەمیشە لەسەر لووتکەدا بێ واش هەر لە ڕیزی سەرکەوتووەکاندا دەمێنێ.

کار و کاریر: توانایەکی یەکجار باشی هەیە بۆ سەربازی و ئەوەی هەماهەنگی لە نێوان خەڵکیدا ساز بکات و هەر یەک بخاتە سەر کارێکی کە لە تواناکانی بوەشێتەوە. کەموکوڕییەکانی هەر یەکیانیش بەدەستی خۆی پڕی دەکاتەوە.

گونجان: باشترین هاوسەر و هاونشین بریتین لە کاوڕ و تەرازووی ساڵی مار، ئەژدیها- شێر، گامێش- سەتڵ، لەگەڵ ئەوانەدا نە پەرۆش و نە پەشیمانی دەبینێ. با لە پشیلە بەگشتی وریا بێ و بەتایبەتیش پشیلەکانی رەبەن و تیرەنداز و گیسک و نەهەنگ. هەروەها ئەگەر دەیەوێ ژیانی خۆی تاڵ بکات با خۆی لە تیرەنداز و نەهەنگەمانی کەڵەباب بدا وێڕای بەراز- تیرەنداز و سەگ- نەهەنگ، ئەوانە قەدەغەن (نەکەی نەکەی).

ناودارەکان: 〈شاژن ڤیکتۆریا ، چەتۆ حەسەن〉.



# کەڵەباب - قرژاڵ



کەڵەبابی سەربەرز و قرژاڵی کاسب دروشمێک هەڵدەدەن دەڵێ «پارە سەربەرزییە». ئەم مرۆڤە لە قۆناغی لاوێتییەوە دەست بەپارە پەیداکردن دەکات. زیرەک و نوکتەبازە، لێزان و پۆشتە و خۆشەویست و بەپەرۆشە و دەیەوێ دەستی یارمەتی بۆ ناسیارەکان درێژ بکات، کەچی خەفەتەکانی ڕابردوو لە مێشکیدا ماون کە ئەگەر دەستی تۆڵەش نەوەشێنێ، چێژ لە پەژارەبوونی کۆنە نەیارەکانی وەردەگرێ. بەڵام با لە خۆی بپرسێ ئایا کێ ماوەیەکی زۆرتر لە بەندیخانە بەسەر دەبات، پۆلیسێک کە هەموو هەست و هۆشی خۆی لە بەندیخانەکە زیندان کردووە یان بەندییەکی کە شەوانە بەبێ خەم دەنوێ؟ چارەی ئەوەیە کە ئاستی ڕۆشنبیری بەرز بکاتەوە دەنا ئەگەر خۆی بۆ ئەم گرفتە بچووکە شل بکات کەواتە ئاگای لێ نییە کە ئەو کەسایەتیە شیرنە و دڵە گەشەی خۆی بەفیرۆ داوە.

کار و کاریر: دیارە کە بوارێک نییە ئەگەر سەری لێ دەرنەکات هەر لە سیاسەت و سەربازی تا بازرگانی بەڵام لێرەشدا پێویستە هەمان پرسیار لە خۆی بکات کە ئایا کار و یاسا بۆ خودی کار و یاسایە یان بۆ شادمانیی خۆی و خەڵکەکەیە؟. با باری خۆی و خەڵکەکەش سووک بکات بەدۆزینەوەی هاوسەر و هاونشینی ڕاستەقینە وەکو کە لە خوارێ نووسراوە.

گونجان: با ڕوو بکاتە ئەسپ- گا، ئەمەیان زۆر (سپێشەڵە). ئینجا ڕەبەن و دووپشک و نەهەنگەکانی ساڵی گامێش و ئەژدیها و مار، هەروەها مار- گاش عەیبی نییە. بەڵام با خۆی لە کاوڕ و تەرازوو و گیسکی ساڵی پشیلە نەدا، هەروەها کاوڕ و گیسکی سەگ و تەرازووی ساڵی کەڵەباب، ئەوانە قەدەغەن.

ناودارەکان: ڕەوشەن بەدرخان، ئەساڵە نەسری، گاریباڵدی، محەمەد پاشای جاف>.



## کەڵەباب - شێر



(کەڵەشێر) دووهەندی کەڵەبابەکان مەراقی سەربەرزیی هەیە و دووهەندەش خۆپەرستە. بەبورجەکەی پێشوو دەچێت و نەبوونی پارە و دەسەڵات کاری زۆر خراپی لەسەر دەکەن. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو هەندە بایەخ بەپارە نادا هەندی کە مەراقی لەوەدایە ئایا خەڵک چۆنی تێ دەگەن و چۆن تەماشای دەکەن؟ ئیتر زۆربەی هەست هۆشی خۆی ئالوودەی ئەم خاڵە کردووە و ئاخ ئەگەر هەستی کرد کە پشتگوێ کراوە. بەراستی ئەم بورجە پێویست بەپەروەردەکردن و بەئاستێکی ڕۆشنبیری زۆر زۆر زۆر بەرز و کراوە دەکا دەنا دەبێتە تێکدەرێکی بێ چەشن، بەپێچەوانەش، دەبێتە چرایەکی گەشی کۆمەڵگە.

کار و کاریر: لێرەدا بەگشتی گرفتیان زۆرە بەڵام با ڕوو بکەنە سوپاپەروەری و یاسا. ئەمەش نەک بەواتای چەکداری و خۆ بادان بگرە بۆ بەرپەرچدانەوەی فێڵ و دزی و واستە تەنانەت ئەگەر گلێنەی چاوی دزی بکات ئەمە دەستی دەبڕێت. ڕێی دووەم ئەوەیە کە بەهونەر دەتوانێ ببێتە ئەستێرەیەکی بەرز و، پێی دەکرێت، چونکە بەهرە و هێز و توانا و چێژێکی بەرزی هەیە.

گونجان: ئەو هەموو ئاگرە پێویست بەخامۆشکەرەوەیەکی باش دەکات، بۆیە دەبێ هاونشینی خۆی لە ساڵی گامێش و مار و ئەژدیها هەڵبژێرێت بەتایبەتی کاوڕ و تەرازوو و تیرەنداز و گیسک، ئەوانە چاوی تێر دەکەن و چاویان لێی تێر دەبێ. بەڵام با تووشی پشیلە و کەڵەباب نەبێ بەتایبەتیش گا و دووپشک و سەتڵ، ئەوانە وێڕای سەگ- سەتڵ دەبن بەمایەی پەرێشانی.

ناودارەکان: ‹حوسێن میسری، ‹جەنیفەر لۆپێز، حاکم بیئەمریللا فاتیحی، ڕۆجەر فێدیرێر.



# کەڵەباب - رەبەن



قسەی هەندێک رەقە بەڵام خۆی کۆنترۆڵ دەکات و هەناسەی درێژترە لە بورجی پێشوو. لە چاو رەبەنەکان گەڕۆکترە و، لە چاو هەموو کەڵەبابەکانی دیکە بایەخێکی گەورەتر بەدیمەنی خۆی و ناوبانگی خۆی دەدا و دەیەوێ بەبەرزترین پایەی کۆمەڵایەتی بگا. مەسەلە ئەوەیە کە ئەم کەسایەتییە لە هەموو کەڵەبابەکان پتر خەریکی تۆڵەکردنەوە و پڕکردنەوەی کەموکورییەکانی سەردەمی هەرزەکاری دەبێ، ئەگەر لە پارە بێ بەش بووبێت مەراقی دەخاتە سەر پارە و، ئەگەر لە ئەوین و دڵداری بێ بەش بووبێت دواتر زۆر خەریکی دڵداری دەبێ. زۆربەی جاریش دەبینین ڕوو دەکاتە ئەوەی کە لە کۆمەڵگەدا خۆی بسەلمێنێت و مۆرکێکی ئەریستۆکراتیانە دەگرێتە بەر بەڵام نەک بەواتای ئەوەی کە ببێتە واستەچی و سفرەلێس، نەخێر ئەمەیان وەکو هەر کەڵەبابێک سەربەخۆیە و هەندێکیش سەرەڕۆیە، کەواتە دەبێ لە خەڵکی فێڵباز وریا بێت.

کار و کاریر: بۆ سەربازی و یاسا باشە بەڵام لە فەرمانبەریدا زۆر باش نییە، بگرە بۆ کاری ئازاد باشترە تاکو هەمیشە ئاغای خۆی بێت بەتایبەتیش کە بەختی لە سەودای بازرگانیدا هەیە.

گونجان: مار لە هەموو بورجەکان بۆی باشترن بەتایبەتیش گا و قرژاڵ و دووپشک و گیسک، ئینجا گا و گیسکەکانی ساڵی گامێش دێن وێڕای ئەژدیها- گیسک کە لە هیچی کەم نییە بۆی. با هەندێک لە جمک و تیرەنداز و نەهەنگەکانی ساڵی پشیلە وریا بێت و سەبارەت بەکەڵەباب- تیرەنداز و سەگ- نەهەنگ، با تووشی ئەو دوو بورجە نەبێ.

ناودارەکان: بیۆنسێ، نەژاد عەزیز سورمێ، هاوار مەلا محەمەد.



## کەڵەباب - تەرازوو



تەرازوو دیپلۆماسییە، کەڵەبابیش بەپەللارە. تەرازوو نەرمە و دەیەوێ دەستی بگاتە سەرتوێژی خۆشییەکانی ژیان کەچی کەڵەباب نایەوێ سەر دابێنێ جا لە نێوان ئەو دوو رەوتە نەگونجاوەدا مرۆڤێکی دەمەکی هەڵدەکەوێ. خوّی زێدە بەرچاوە و دەتوانێ هەوایەکی گەش بخوڵقێنێت و لە زیرەکایەتیی و دەربڕین و تێگەیشتنی کەم نییە، هەروەها پێشبینی ڕاستی هەیە، بەڵام ئەم بورجە کێشەی زۆرە، هەنگاوێک بەرەو پێش و هەنگاوێک بەرەو پاش و لە لووتکەی شادی دەگەڕێتەوە بۆ حاڵی پەشێمانی چونکە هیچ کام لەم دوو بورجە سنوورێک بۆ حەز و مەیلە توندەکانی یەکتر دانانێن و هەردووکیان درەنگ بەهۆش دێنەوە و درەنگ دەپەرژێنە سەر ڕێی ڕاست. بەڵام ئەگەر لە منداڵییەوە لەباتی نازکێشان فێری ئەرک و بەرپرسێتی بکرێن ئەوسا گرفتی ئەوتۆیان نامێنێ.

کار و کاریر: بۆ کاری دوور لە ڕۆتین باشە وەکو پۆلیس و سەربازی و بە رادەی سەرەکی وەکو هەر تەرازوویێک بۆ ڕۆڵی ناوبژیوانی و پێوەندییەکان باشە، هەروەها بۆ دەزگای وەکو باڵوێزخانە، دەزگای ڕاگەیاندن، هۆتێل.

گونجان: گامێش و مار لە هەموو کەسێک بۆی باشترن بەتایبەتیش جمک و شێر و تیرەنداز و سەتڵ، نە کەمتر و نە زیاتر. بەڵی مەیلی بەراز- کاوڕ و کەڵەباب- قرژاڵ و پشیلە- گیسک دەکات بەڵام ئەو پێوەندییانە لە زیان بەولاوە هیچیان لێ شین نابێتەوە.

ناودارەکان: ‹کاترین زێتا جۆنز، جۆزێف گووبلز، سێرینا ولّیەمز.



# کەڵەباب - دووپشک



دەربڕینێکی کلاسیکیی هەیە کە لە هەندێک کۆمەڵگەی تایبەتدا دەبن بەئاوازێکی دڵڕفێن بەڵام لە کاتی ئاساییدا کە ئەوها قسەکانی دەڕازێنێتەوە وا دەزانی بەفیزە، تا دواتر تێی دەگەی کە مەسەلە فیز نییە بگرە دەمارێکی نموونەپەرستانەی هەیە دەیەوێ سەردەمی "هارون رەشید" زیندوو بکاتەوە. واش ئەگەر رەخنەت لێ گرت ئەوسا زمانە تیژەکەی بەگەڕ دەخات و دەبێتەوە کەڵەبابەکەی خۆمان. بەهەرحاڵ قسەی نێو دڵی ناشارێتەوە و تا قسە هەبێ بۆی دێت و دەیڵێت کە ئەمەش بە پێچەوانەی زۆربەی دووپشکەکانە. هەروەها بەپێچەوانەی زۆربەی کەڵەبابەکانە چونکە مەرج نییە واز لە مەفتەنی خۆی بێنێت و کۆچ بکات بەرەو دوور.

کار و کاریر: بۆ ڕاگەیاندن و ڕێکلام، ئەرشیف و مێژوو، هەروەها بۆ پارێزەری باشە. لە هەمووشیان باشتر ئەوەیە کە ڕێی سەربازی بگرێتەبەر.

گونجان: لە دڵداریدا سەرەڕۆیە و هەستەکانی کۆنترۆڵ ناکا، کەچی بۆ پێوەندیی مارەیی دوودڵ دەبێ. با بزانێ کە ئەو خۆشەویستی و شادیەی مار پێشکێشی دەکات بەهیچ کام لە بورجەکانی دیکە ناکرێ. با لە زادەکانی مار ڕوو بکاتە قرژاڵ و رەبەن و گیسک و نەهەنگ. هەمانە گامێشەکانی گیسک و نەهەنگ ئینجا ئەژدیهاکانی گیسک و نەهەنگ، ئەو چوار بورجە لە هیچیان کەم نییە و گونجانێکی باشی دەبێ لەگەڵیان. لە بەرانبەردا با خۆی لە گاکانی ساڵی بەراز و شێرەکانی ساڵی پشیلە و کەڵەباب نەدا، ئەوانە نێزەیان لە نێزەی دەخشێنن، لەوانەش تاڵتر ئەوەیە کە تووشی مشک سەتڵ بێ، ئەمەیان قەدەغەیە.

ناودارەکان: چارلز برۆنسن، نازم غەزالی، ئەمەل سایین، *موسا کازم*.



## کەڵەباب - تیرەنداز



شادیخواز و کراوەیە، لە هەموو وەڵاشەکانی گەڕۆکترە و ئومێدی هەرە گەورەی، بەتایبەتی لە گەنجیدا، ئەوەیە کە سەرتاسەری جیهان ببینێ چونکە چاوی بەناوبانگ و شتی نەدیتراو هەڵدەفرێ، وەک دەڵێن: «گڵی دوور دەرمانە» وا دەزانێ شتێکی خۆش هەیە هێشتا دەستی نەکەوتووە تەنانەت رەنگە خۆ بەخەڵکی بەخێو بکا بۆ ئەوەی دەرفەتی زۆرتر بێت بۆ هەوەس و ڕابواردن و گەڕان. هەروەها بێ باکە و قسەی نێو دڵی بەئاسایی هەڵدەدات جا گرینگ نییە دواتر چ دەقەومێ؟ کەچی لە هەندێک بواردا دەبێتە مرۆڤێکی زێدە ئاسایی و نموونەپەرست ئەگەر نەڵێین کۆنەپەرست. واتە مەبەستی نییە ئازاری کەس بدا، تەنیا ئەوەیە کە حەزی لە گەشت و گەڕان و هەواگۆڕینە.

کار و کاریر: ئەم لەش و ماسوولکانە بۆ سەربازی دانراون و خۆی لە ئەسڵدا تەرازوو ئەو ناوبانگەیان هەیە کە توانایان لە زمانیاندایە، بەڵام سەبارەت بەکەڵەبابەکان ئەمەیان زمان و لەشی هەیە. زمانەکەی دەرد و دەرمانە و دەتوانێ بیکاتە مایەی سەرکەوتن. بەڵام با پەلە نەکات، چونکە ئەم بورجە زۆربەی جار لە تەمەنی کاملیدا سەرکەوتووتر دەبێ.

گونجان: با ڕوو بکاتە مار و گامێشەکانی شێر و تەرازوو و سەتڵ لەگەڵ مار- کاوڕ، ئەوانە بەبێ ترس و دوودڵی بۆی باش دەبن. هەمانە ئەژدیهاکانی شێر و تەرازوو، ئینجا کەڵەبابی رەبەن و جمک، ئەوانە لە هیچیان کەم نییە. ئەوەی تووشی ژانەسەری دەکات بریتین لە سەگی ساڵی رەبەن لەگەڵ پشیلەی رەبەن و نەهەنگ، با تووشیان نەبێ.

ناودارەکان: برتنی سپیرز.



# کەڵەباب – گیسک



هەردووکی بورجی دەیەمن، گیسک دەیەوێ لەخۆڕا ئیشی بۆ بکرێت، کەڵەبابیش سەری بڵند دەکا تا لەخۆڕا و (بەسپاسەوە) ئیشی بۆ بکەن. کەواتە توانای ماگناتیزم ئەگەر هەبێت ئەوە لێرەیە. مرۆڤێکی پۆشتە و هێمن و ژیرە، دیمەنێکی سارد و خوێنێکی گەرم، نەرم دیارە کەچی بەرنامەی بۆ خۆی داناوە و یەک میللیمەتر لێی ناکشێتەوە. بێ باک دیارە کەچی ئارەزووەکانی لە ئاسمان تێپەڕیوون و مەراقی دیتن و تێگەیشتن دەیکاتە لێکۆڵەرەوە و گەڕۆکێکی بێ هوودان. لە کۆمەڵایەتیدا زێدە ڕووخۆش و لێزانە، خەمڕەوێنی و ئامۆژگاریت دەکات تا دەبینی لەخۆڕا ئەو شتەت بۆ کردووە کە خۆی دەیویست بەبێ ئەوەی یەک قسەی کردبێ، بەڵام ئاخ ئەگەر بۆی نەرم نەبی چۆن لە خەفەتان خۆی دەخواتەوە.

کار و کاریر: ڕۆتین دوژمنیتی مەگەر خودی کاریرەکە گەڕان و گۆڕینی تێدا بێت وەکو سەربازی و وەرزش و شتی ئەوها. هەروەها بۆ زمان و ئەتیکێت باشترە نەک بۆ کارێکی کە پێویست بە دەست و بازوو بکا.

گونجان: تاقمێک بورجی مانگانەمان هەیە لە ساڵی مار بریتین لە شێر و دووپشک و تیرەنداز و نەهەنگ، ئەوانە یەکاو یەکن. پاش مار گامێش دێن لە بورجەکانی گا و دووپشک و نەهەنگ، ئەوانەش لەهیچیان کەم نییە. هەمانە قرژاڵەکانی ساڵی ئەسپ ئەوانەش زۆر باشن بەڵام با لە قرژاڵ و تەرازووی ساڵی پشیلە وریا بێ و بەهیچ جۆر خۆ لە بەرازەکانی مانگی کاوڕ و قرژاڵ نەدا.

ناودارەکان: ‹شا ئاکیهیتۆ، ‹حامد کارزای، مایکڵ شوماخەر، مەحموود عەبدولعەزیز.



# کەڵەباب - سەتڵ



باڵدارێکی خەندەدارە کە ئەگەر لە زیندانیش بێ ڕۆژ نییە گەشتێک نەکات یان ئومێد و مەراقێکی نوێ نەگرێتە بەر. لە (کەڵەباب- تەرازوو) باشترە هەرنەبێ ئیشکەرە و هەندە تامەزرۆ نییە، بەڵام سەرکەوتنێک نابینێ ئەگەر نشوستێکی بەدوادا نەیەت هەم لەبەر پەلەپەل، هەم لەبەر دابڕانی لە دەوروبەر و لە پێوەندی و هاوسۆزیی قووڵ، هەم لەبەرئەوەی کە ڕوح سووکیی سەتڵ خۆ هەڵکێشانی کەڵەبابی لێ ناوەشێتەوە، ئیتر سەیر نییە کە لە خزمایەتیدا دوورەپەرێز بێت و هاوڕێیەتییەکی زێدە تەنک بکاتە بناخەی پێوەندییەکانی. هەندە باوەڕی بەخۆی نییە، بۆیەش هەندە دەپرسێتەوە تاکو دڵنیا بێ. کەواتە ئەگەر بەگوێرەی ئامۆژگارییەکان بکات و تۆزێک خۆ بچووک بگرێ دەشێ ڕەگی سەرکەوتنەکانی قایم بکات و وردە وردە گەورە بێ.

کار و کاریر: وەکو هەر کەڵبابێک بۆ سەربازی باشە، هەروەها زمانێکی شیرن و چالاکی هەیە کەواتە بۆ نووسین و رەخنە و تاوتوێکردن زۆر باشە وێڕای بازرگانی و کاری دەستەکی.

گونجان: ئەگەر وا دەزانێ برادەرایەتی لە ئەوین و دڵداری گرینگترە، با ڕوو بکاتە مار ئەوسا خۆشەویستی و برادەرایەتیشی پێ دەبڕێت بەتایبەتیش مارەکانی کاوڕ و جمک و تەرازوو و تیرەنداز. ئینجا نۆرەی گامێش دێت کە لەگەڵیاندا پەشێمانی نابینێ بەتایبەتیش جمک و تەرازوو و تیرەنداز. ئەوەی بەکەڵکی نایەن بریتین گاکانی ساڵی پشیلە و بەراز وێڕای پشیلە شێر چونکە دەنگی دەهۆڵ لە دوورەوە خۆشە.

ناودارەکان: چارلز دیکنز، محەمەد ئەلفاید.



# کەڵەباب - نەهەنگ



ئوسامە بن لادن نموونەیەکی زۆر زەقە بۆ ئەم بورجە، نەک بەواتای کە هەموو پیاوکوژن (حاشا) خۆ هەر بن لادن ئەوها نییە بگرە بووداش هەمان «انزلاق طبقي» کردووە و دوور نییە هەمان بورج بووبێ. مەسەلە ئەوەیە کە کەڵەباب- نەهەنگ لەگەڵ هەموو بارێک دەگونجێ. ئەگەر لە شیراتۆنەوە سواری هەلیکۆپتەرێکی بکەیت بۆ نێو رەشماڵی کۆچەران، پێی ئاسایی دەبێ چونکە سەربەرزی خۆی لە خۆ بچووکگرتندا دەدۆزێتەوە واتە بەپێچەوانە زۆربەی کەڵەبابەکان ئەمەیان لەگەڵ خەڵکێکی هەژارتر یان بێ دەسەڵاتتر خۆی رێک دەخات و سەربەرزی و دەسەڵاتی خۆی لەوەدا دەدۆزێتەوە. بەڵام لە ناخدا مەسەلەکە هەر سەلماندنی سەربەرزییە و ئەم راستییە زۆر ناشاردرێتەوە.

کار و کاریر: وێرای سەربازی هەر کاریرێک بۆ ئەم بورجە رۆڵ و چیرۆکێکە، و خۆ گۆڕینێک و خۆ سازکردنێکی تایبەتی بۆ دەکا، دەرسی دەکا، خۆی بۆ ساز دەکات و ئینجا جێبەجێی دەکات، هەر لە کاری دەستەکی، تا هزر و نووسین، تا بازرگانی و ناوبژیوانی، تا کاری کۆمەڵایەتی.

گونجان: ئەگەر بەختی هەبێ خوا تووشی گامێشێک یان مارێکی قرژاڵ و دووپشک و گیسکی دەکات، ئەوانە و گاکانی ساڵی مار و ئەژدیها وێرای ئەژدیها- گیسک، تێکرا دووشەشن. هەمانە جمک و رەبەن و تیرەندازی ساڵ پشیلە سەرنجی رادەکێشن بەڵام با لێیان دوور بێ باشترە و ئینجا بەهیچ شێوە خۆی لە جمکەکانی ساڵی کەڵەباب و بەراز نەدا.

ناودارەکان: ‹بارزان مەلا خالید، بەشارە خوری، ئوسامە بن لادن، *ئیمام حوسێن (د. خ)*، جەواد سلیم›.

## که کەڵەباب باڵادەست دەبێ

گەردوونی چینی دەڵێ کە دەکەوینە بەر تینی کەڵەباب، واتە لە ساڵەکانی کەڵەباب هەروەها ئەگەر لە سایەی کەڵەبابێک بژین وەکو دەکەوینە قۆناغێکی مەیلەو سەخت. کەڵەباب ئاڵۆزی دەخاتە نێو ئیشەکان، خەڵکەکەش ئاڵۆز دەبن و ناسەلمێنن و هەرکەس دەیەوێ سەربەرزی خۆی مسۆگەر بکات. ئەم ڕ استییە دەکشێتەوە بۆ پێک هەڵچوون کە تەنانەت لایەنە بەزیوەکانیش بەسەربەرزی دەبەزن و کۆڵ نادەن و دان بە بەزین نانێن. هەرکەس جۆرە میداڵێک بۆ خۆی دادەنێ بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنە. لە بواری کۆمەڵایەتی و رامیاری و سەربازیشدا هەرکەس دەسکەوت و پایە و پاداشتی خۆی بەتوندی دەگرێت. واش هەر ماوە زۆرە بۆ تێکگەیشتن و ڕێکخستن و چارەسازی.

دەتوانین چاوخشاندنێک بەساڵانی کەڵەبابدا بکەین بۆنموونە ساڵی ١٩٨١ عێراق بەشێکی خاکی ئێرانی داگیر کرد و یەکەم جار بوو دیاردەی "نوط الشجاعە" پەیدا بێ. کەچی ئێران کە گوایە بەزیبوو و خاکی داگیر کرابوو بەڵام بەسەربەرزی مایەوە و دانی بەبەزین نەنا بگرە خۆی بۆ خولێکی نوێ ساز دەکرد. ئەمەیە سروشتی کەڵەباب کە تەنانەت لایەنی بەزیویش بە سەربەرزی ڕەفتار دەکات.. هەمان راستی لە ساڵی ١٩٩٣ دووپات بووەوە لە شەڕەکانی نێوان حزبە کوردستانییەکان «پارتی بەرانبەر سۆشیالیست و یەکیەتی بەرانبەر بزووتنەوەی ئیسلامی» کە تەنانەت لایەنە بەزیوەکانیش بەسەربەرزی دەردەچوون و کۆڵیان نەدەدا.

قۆناغی کەڵەباب پڕە لە جێگۆڕکە و گەشت و ماڵ بارکردن، خەڵکێکی زۆر ئەو هانگاوانەی ژیانیان دەنێن وەکو «ماڵ بارکردن، سەنگەر گۆڕین، هەڵگەڕانەوە لە ڕەوتی ئاسایی» کە شەڕیش ڕوو دەدا ڕەوشتی شەڕە کەڵەبابی هەیە کە قیڕە و هەرایەکی زۆری تێدایە بەڵام زوو بەلایەکدا ساغ دەبێتەوە و لە ساڵی سەگ باشترە کەوا ڕەوشتی شەڕەکان شێوازی شەڕەسەگ دەگرن و تا مردن واز ناهێنن. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە هەر جۆرێک خۆپەرستی و چەواشەکردن (بەتایبەتیش ئەگەر لایەنی سەرکەوتوو بینوێنێت) ئەوا لە ساڵی دواتردا (ساڵی سەگ) بەشێوەیەکی گژ بەد و کاردانەوەیەکی دوو هەندەیی دەگەڕێتەوە.

## بەختت لە سایەی کەڵەبابدا

مشک لە سایەی کەڵەباب: کەڵەباب نرخی مشک دەزانێت و بەگەڕی دەخات، جا ئەویش هەموو دەرفەتەکان بەسەرکەوتوویی دەقۆزێتەوە. هەروەها چێژ لە ئەوین وەردەگرێت و چاوەکانی تێر دەبن لە جوانی و شادی.

گامێش لە سایەی کەڵەباب: یەڵا بەرەو ئیش و هیچ خەم لە رابردوو مەخۆ. لە ئیشدا ڕەنج دەدات و پایەکەی جاران وەدەست دێنێتەوە. لە ئەوینیشدا یان پێوەندییە کۆنەکە دەژیێنێتەوە یان ئەوەتا پێوەندییەکی تازەتر و باشتری لە پێشدایە.

پڵنگ لە سایەی کەڵەباب: بەختت نییە چونکە کەڵەباب دەیەوێ سنوورێکت بۆ دیار بکات و هەوەست بگۆڕێت. لە ئیشدا تاسەکردن و شکست و ڕەنجدانە و کەس نازانێ ئایا بە چی دەگەیی و لە ئەویندا بەگژ دڵی خۆتدا دەچییەوە، کەچی لێرەشدا کەس نازانێ ئایا دەتوانی یان ناتوانی.

پشیلە لە سایەی کەڵەباب: وەک بڵێی سیستەمی سەربازی پێڕەو دەکات ئیتر پشیلەی ئاشتیخواز لە سایەیدا هێڕ دەبێ؛ مەگەر پەنا بۆ ئەوین ببات دەنا لە ئیشدا تاساوە و نوقمی چەمێکی چروپڕ بووە.

ئەژدیها لە سایەی کەڵەباب: کەڵەباب پێویستی بەزیرەکایەتی و ژیری ئەژدیهایە. جا ئەویش دەیەوێ خۆ دیاربخات بەڵام بەبێ پەلە. لە ئیشدا چاوەڕێی ئیشی خۆی دەکا تاکو بەشانازی بدرەوشێتەوە و لە ئەویندا شتێک هەر پەیدا دەکا.

مار لە سایەی کەڵەباب: بانگ و هەرای کەڵەباب گوێیەکانی تەپ دەکەن جا قۆناغێکی سەخت بەسەر دەبات. لە ئیشدا تەمبەڵ و لاوازە. هەر ئەوەش وای لێ دەکات لە شەوانی دڵداریدا تەمبەڵ و خەواڵوو بێ.

ئەسپ لە سایەی کەڵەباب: کەڵەباب لەگەڵی دەحەسێتەوە؛ بۆیە سەغڵەتی ناکات. لە ئیشدا با بوێرێت و پێشکەوێ چونکە ڕێگەکە ڕاستە و هیچ مەترسی تێدا نییە. با دڵداریش بکا چونکە لەوەشدا بەختی باشە.

بزن له سایەی کەڵەباب: کەڵەبابی سەرباز ڕێگە له هونەرمەندێکی ئەوها ناگرێ بەڵام تووشی ژیانێکی بۆهیمی دەکات. له ئیشدا شادی ناچێژێ. جا ڕوو دەکاته خەون و خەیاڵی تەنیایی. له ئەوینیشدا مەگەر کەسێک بدۆزێتەوە کە تێی بگات دەنا لێرەشدا هەر تەنیایە.

مەیمون له سایەی کەڵەباب: ئەو بەختەی نییە و با وریا بێ چونکە کەڵەباب بەم بەزمە ڕازی نییە و چاو له هەڵەکانی ناپۆشێت. له ئیشدا ناگاتە ئامانج؛ بەڵام واش هەر ڕەنجی بە فیرۆ ناچێت. له ئەوینیشدا مەگەر پێوەندی مارە و دامەزراندن هەبێ بۆ ئەوەی بەئێرە و ئەوێدا نەڕوا.

کەڵەباب له سایەی کەڵەباب: ئەویش تووشی ئاڵۆزی دەبێ له سایەی بورجی خۆیدا؛ بەڵام بەهۆی ئاسوودەیی و ڕێکی دەشێ وەک سەربازێکی بەرچاوی لێبێ. له ئیشدا شادە و له ئەویندا تووشی ئەوین هەر دەبێ تەنانەت ئەگەر دەرگە لەسەر ئەوین دابخات ئەوسا له پەنجەرەوە بۆی دێ.

سەگ له سایەی کەڵەباب: قۆناغێکی سەختە بۆ سەگ؛ چونکە دەسەڵات و بڕیارەکانی کەڵەباب پەسند ناکات و دەیەوێ بەرگری لێ بکات بەڵام بەبێ سوود. له ئیشدا دەبێ پشووی خۆش بکات تا قۆناغێکی ئاینده. له ئەوینیشدا دەستی دەبەسترێتەوە بەڵام دڵی سارد نییە چونکە له کاتی ژواندا دەست و هەستێکی گەرمی هەیە.

بەراز له سایەی کەڵەباب: کەڵەباب خاتری بەرازی دەوێ. کەواتە قۆناغێکی باش بەسەردەبات و ڕەنگە سەرکەوتنی گەورەی تێدا بێ و بگەشێتەوە. له ئەوینیش دان پێدا دەنێ و هەوەسێکی ئارامی هەیە.

# ئەوین و پێوەندی

## پیاوی کەڵەباب

ئەگەرچی خەون بەژیانێکی ئارامەوە دەبینن بەڵام گەڕان و سەرەڕۆیی و دڵداری و هەواگۆڕین بەشێکی گرینگ و پێویستی ژیانیانە و خۆیان پێ ڕاناگیرێ.

پیاوی کەڵەباب بەفیزن و خۆ هەڵدەکێشن بەتایبەتیش ئەگەر ئافرەتیان لێ دیار بێ. دەستبڵاون، بەڵام لە ئیشدا ڕەند و چالاکن چونکە خەون بەدارایی و پایەداری و هەر شتێکەوە دەبینن کە مایەی سەربەرزی بێ. هەر چەندە ئیشکەرێکی وردبین و چالاک بن بەڵام دەیانەوێ پاش ئەنجامدانی کارەکانیان خۆ لە نێو کۆڕێکی گەرمی دۆست و ناسیاراندا بگرنەوە. لە ئەویندا هەندێک سەیرن چونکە وێڕای ئەو هەموو سەرەڕۆیی و ئاڵوگۆڕ و کۆمەڵێک ئەزموونی جودا، بەڵام کە ژن دێن دەگۆڕێن و خۆ قورس دەکەن وەک بڵێی هەرگیز ئەو سەرەڕۆیە گەڕۆکەی جاران نین. لە ڕاستیدا ئەم خاڵەش هەر بەشێکە لە مەراقی سەربەرزی. ئەمەکیان بۆ ئەو تەرزە پێوەندییە کورتانە نییە تەنیا پێوەندی مارەیی بەگرینگ دەزانن و دەیانەوێ پابەند و دڵبەندی بن (ئەگەر پێیان بکرێت) چونکە جوانپەرستن و لە زۆر کۆمەڵگەدا دڵداری و "نەقش هێنان" یەکێکە لە مەیدانەکانی خۆ سەلماندن و سەربەرزی. هەروەها دەبێ بزانین کە دوو کەڵەباب پێکەوە ناگونجێن بەتایبەتیش ئەگەر مریشکیان لێ دیار بوو.

## ئافرەتی کەڵەباب

باوەڕیان وایە کە ژیان واتە ڕەنج و تێکۆشان و ئیش و کار و سەرکەوتن نەک ماڵ و ماڵداری و بەس. ئافرەتی ئازاد و ئیشکەرن تەنانەت لە مەیدانی ئیش و کاری دەرەوەی ماڵدا «فەرمانبەرایەتی، خوێندن، بەڵگەنامە و پایەی زانستی...» دەبن بەنموونە بۆ ئافرەتانی دیکە. هەروەها ئەگەرچی خەریکی ئیشەکانی دەرەوەی ماڵ دەبن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ماڵیان بەگوێرەی ئارەزووی خۆیان ڕێک دەخەن و هەڵی دەسووڕێنن کە مۆرکی دەستی خۆیانی پێیەوە بێ تاکو بیکەن بەلانەیەکی زێڕین کە بۆ حەسانەوە و خۆ گرتنەوە تەرخان کرابێ.

له کۆمەڵایەتیدا شارەزای ئەتەکێت و هەڵسوکەوت و ئاخاوتن، پۆشتەشن چونکە بەرچاوبوون بەشێکە له سەلماندنی سەربەرزی خۆیان. ئافرەتی سەربەرز و سەربەخۆن کەچی حەزیش دەکەن پیاوێک رێنوێنیان بکات و بەرەو سەرکەوتن هانیان بدات. ئەم راستییەش له مەیدانی ئەویندا باشتر دیار دەکەوێ کە دەیانەوێ هەندێک ماوەیان بدرێتێ و نەبەستریێنەوە. کەچی له هەمان کاتیشدا مەراقیان ئەوەیە مێردیان بیر له کەسی دیکە نەکاتەوە و هەمیشە بەچاوی پڕ له رێزەوە تەماشایان بکات.

## پیاوی کەڵەباب لەگەڵ...

ئافرەتی مشک: هاورێییەکی باش و دڵسۆزە. کابرا گەشت و گەڕانی زۆرە و ئەمەکی ئەو ئافرەتە رەچاو دەکات.

ئافرەتی گامێش: گونجانێکی راستەقینەیان هەیە. کابرا خۆ قورس دەکات. ئافرەتەکەش ئامادەیە کە چاوەڕوانی بێ تاکو کەڵەباب لە گەشتەکانی دێتەوە.

ئافرەتی پڵینگ: هاورێ و هاونشینێکی باشن؛ بەڵام هەستیان جودایە. بۆیەش بەدەگمەن ئەگەر ئەوین پەیدا بێ.

ئافرەتی پشیلە: مەگەر پێوەندییەکی کورت و بەس؛ دەنا هەوەس و رایەکانیان جودایە. هەروەها پشیلە بەرگەی پەللارەکانی کەڵەباب ناگرێ.

ئافرەتی ئەژدیها: شانازی پێوە دەکات، ئافرەتەکەش بەخت و خێر و خۆشی بۆ کابرا دێنێ.

ئافرەتی مار: پێوەندییەکی رێک و گونجاوە.

ئافرەتی ئەسپ: ئەم پیاوە بزێوەو بەهەرایە، ئافرەتەکەش ئەوینێکی هێمن و دڵسۆزانەی گەرەکە. بۆیە ئەم پیاوە پەسند ناکا.

ئافرەتی بزن: مەگەر شەیدای یەکتر بن، دەنا پێوەندییەکی سەخت لە نێوان کەڵەبابی دەنگ بەرز و بزنی هونەرمەنددا هەیە.

ئافرەتی مەیموون: با لە نێوان دوو شتدا یەکێکیان هەڵبژێرێ: یان کابرا و یان فرتوفێڵ.

ئافرەتی کەڵەباب: نەکەن دوو کەڵەباب لە جێیەک دانێن دەنا قیرە و هەرا نابرێتەوە.

ئافرەتی سەگ: کابرایەکی دەمەکییە؛ بۆیەش ئافرەتی ئەوها دوودڵ پەسندی ناکات.

ئافرەتی بەراز: بەرازی نموونەپەرست هەرگیز لەگەڵ کابرای دەمەکی ناگونجێ و لە سایەیدا ئاسوودە نابێ.

## سەگ



١٨٠٢
١٨١٤
١٨٢٦
١٨٣٨
١٨٥٠
١٨٦٢
١٨٧٤
١٨٨٦
١٨٩٨
١٩١٠
١٩٢٢
١٩٣٤
١٩٤٦
١٩٥٨
١٩٧٠
١٩٨٢
١٩٩٤
٢٠٠٦
٢٠١٨
٢٠٣٠

ئەدريانۆ، ئەلڤس پرسلی، ئیسحاق رابین، ئەحمەد بدێر، ئەمینە رزق، بریجیت باردۆ، بڵ کلینتۆن، بن گۆریۆن، بنجامین فرانکلین، تالیران، تیبیریۆس، پییێر کاردان، تاهیر تۆفیق، جۆرج بوشی دووەم، جاک کۆستۆ، جەنگیزخان، خدێوی عەباس، دالیدا، راسپۆتین، رەفیق حیلمی، سۆفیا لۆرین، سۆنیا گاندی، سامیە جەمال، سلڤستەر ستالۆن، سوقرات، سیبەل جان، شاژن رانیە، شارۆن ستۆن، شێرزاد عەبدولڕەحمان، ڤۆلتێر، فۆن کاکا، کامل ژیر، کۆکۆ، کازم ساهر، کلۆدیا شیفەر، لامارتین، لویسی شازدەم، لینین، مۆلیێر، مادۆنا، مایکڵ جاکسۆن، مەهەستی، مەحمود مەلیجی، مەدیحە کامل، میرفت ئەمین، مەروان بەرغوسی، مسعود بارزانی، مستەفا کامل، مەی زیادە، نازک ئەلمەلائیکە، نوری شەریف، هەیفا وەهبی، ونستن چێرچڵ، یووری گاگارین.

## ڕەوشتی گشتی

گەر دەپرسی من لەبەر چی کەم دەخۆم
من بەبرسی قەت مەزانە خەم دەخۆم

ئەم هۆنراوەی نالی بۆ ئەوین و دڵداری گوتراوە، بەڵام بۆ بورجی سەگ زۆربەی مەیدانەکانی ژیان دەگرێتەوە. ئایا کەس دەناسن وەک پێشمەرگەیەکی نەناسراو پەرۆشی بۆ خەڵکی دیکە هەبێت و لە هەمان کاتدا هەست بکا مافی خوراوە و دەیەوێ کە هەر نەبێ بەچاکەی بزانن؟

مرۆڤی ئەوها لە زادەکانی ساڵی سەگدا دەدۆزینەوە و بۆ ئەوەی باشتر لە دەروونیان بگەین، با وا بزانین کوڕی یازدەهەمی ئەو خانەوادەیەیە کە باسمان کرد. ئەم کوڕە کە برا گەورەکانی خۆی دەبینێ وا هەرکەس بۆ لایەک ڕادەکێشێ بەتایبەتیش ڕەوشتی خۆپەرستانەی برایە گەورەکەی خۆی (کەڵەباب) کە بیر لە کەس ناکاتەوە تەنیا بەرژەوەندی و سەبەرزیی خۆی، ئەم کوڕە بەر چاوی ڕەش دەبێت و کاردانەوەیەک دەگرێ کە کەڵەباب چەندە خۆپەرستە ئەو هەندە خۆ بەختکەر بێ. دەیەوێ جێگەیەکی دیار و بەرچاو بۆ خۆی دابین بکا بەڵام تاکە ڕێگەیەکی کە مابێت ئەوەیە کە لە هەموان فیداکارتر بێت و ئەگەر ئەمڕۆ نرخی قوربانییەکانی نەزانن، لە پاشەڕۆژدا هەر دەیزانن.

بەم سەرگوزەشتە دەتوانین ڕەوشتە سەرەکییەکانی زادەکانی ساڵی سەگ بزانین کە هەندە دڵسۆزن، لە ناخیشیدا جۆرێک پەرۆش و ڕەشبینی کۆنترۆڵیان دەکات و ئەگەر لە دەستیان دەهات ئەوا تێکڕای کێشەکانی ئەم جیهانەیان چارە دەکرد ئەوسا دڵیان ئۆقرە دەبوو.

بورجی سەگ بەگشتی مرۆڤێکی هێمنە و لە بوارەکانی ئیش و کۆمەڵایەتی و ئەو شتانەدا کەسایەتییەکی زۆر ئاسایی هەیە، بەڵام ئەگەر لە قۆناغێکی ژیانیدا تووشی گرفتێک هات یاخۆ باوەڕی بەڕێبازێک هێنا (باش و خراپ) ئەوسا بۆی دەبێتە پێشمەرگەیەکی دڕ. کە ستەم و جەنگ و ئاژاوە دەبینێ، ئەوانە دەبن بەمایەی پتر ڕەشبینی بۆ بورجی سەگ و هانی دەدا کە لەسەر ڕایەکانی سوورتر بێ، بەتایبەتیش چونکە حەزی لە دەسەڵاتە و هەستێکی قووڵی تێدایە کە مافی خوراوە و لە چاو خەڵکی

دیکە شایستەترە.

سەگ لەمەڕ کاری گشتی و کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەرەو پێش دەچن و بۆی دەجەنگن، تەنانەت ئەگەر کەس بەو ڕەنجانەیان نەزانێ ئەوانە لەسەر ئەو خەباتەی خۆیان سوور دەبن. دەنا لە باری ئاساییدا خۆ بەبچووک دەگرن چونکە شەرمن و ترسێکی نهێنییان تێدایە بەرانبەر نەدیوی و تاریکی و پاشەڕۆژی نادیار. هەروەها دڵناسکن، ئەگەر ڕەخنە و پەللار و گازاندە ئاراستەیان بکرێت دەشێوێن و نازانن چۆن وەڵامی بدەنەوە و چۆن ڕەفتاری دیپلۆماسییانە بنوێنن. ئەمەش لەبەر هەستی مافخوراوی وا دەکا هەڵەکانی خۆیان نەزانن و نەیسەلمێنن. کەواتە توانایەکی زۆریان نییە بۆ گونجاندن و بەتایبەتیش لەگەڵ خەڵکی نەناسراودا ئیتر زۆربەیان خۆ لەگەڵ کۆنە هاوڕێ و خزمی نزیک دەهێڵنەوە.

جا بەم هۆیانەوە دەتوانین بزانین بۆچی سەرکەوتنی بورجی سەگ لە مەیدانەکانی ژیانیاندا ئاسان نییە. بایەخێکی ئەوتۆ بەپارە نادەن، تەنانەت ڕەنگە شەرم لە خۆیان بکەن بەجۆرێک خۆپەرستی بزانن ئەگەر هەندێک پەرۆشیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەبێت – کە ئەوەش مافێکی ڕەوایە – بەڵام ئەوان لەخۆ بەگومان دێن. لە لایەکی دیکەوە مرۆڤی ماف پەروەریان لێ هەڵدەکەوێت. تەنانەت پاڵەوانی مێژووییش لەم بورجە هەڵکەوتوون، لەوانە کە شادی خۆیان لە فیداکاری و شادبوونی خەڵکی دیکەدا دۆزیوەتەوە. گرینگ ئەوەیە ئەمەکیان بۆ ڕێگەی ڕاست بێت و شادی و بەرژەوەندی مرۆڤ بە شتێکی بەد نەزانن؛ دەنا ئەگەر ڕێبازێکی چەوت بگرنە بەر، ئەم زادانە گەڕانەوەیان نییە و هەر دەیانەوێ خۆیان لە پێناویدا بەخت بکەن. هەروەها دەبێ ئەوەش ڕەچاو بکەین کە «ئاژەڵی سەگ» دڵسۆزییەکەی بۆ خودی سەگ نییە. بگرە بۆ مرۆڤە کە زیندەوەرێکی دیکەیە. کەواتە پێویستە دڵسۆزی خۆیانیش بن کە مافێکی ڕەوایە و بەهیچ جۆرێک مایەی خۆپەرستی و سەرشۆڕی نییە ئەگەر بێتو مرۆڤێک پەرۆشی خۆی بێ.

# دوازدە جۆر سەگ



## سەگ - کاوڕ



سەیر نییە ئەگەر کەسایەتییەکی نەسرەوتەی وەک لینین لەم بورجە هەڵکەوێت چونکە هەردووک بورج بۆ بەگژداچوونەوە و دژایەتیکردنی ستەم خولقاون. مرۆڤێکی ڕاستگۆ و گورج و دادپەروەرە، دەستپاکە و ئەگەر هەژاریش بێ خانەدانێتی هەر هەیە. باوەڕی بەچاکە و مرۆڤایەتی هەیە و دەیەوێ هەموو وەک خۆی بن. جا بەبۆنەی ئەوەی کە شتی وا لە ژیاندا نییە و نابێ، دڵی لە خەڵکەکە دەکەوێتە گومان بەڵام گلەیی ناکا و لە دڵی خۆیدا دەهێڵێتەوە بێزاریی خۆی لە مەسەلەی دیکەدا دەردەبڕێت کە چۆن چاکەی بەخراپە دراوەتەوە. خاڵی گرینگ و ترسناک لێرەدا ئەوەیە ئەگەر باوەڕی بەشتێک هێنا بەتوندی دەیگرێت و تێ دەپەڕێنێت و تا سنووری شکست خواردن کۆڵی لێ نادا.

کار و کاریر: وێڕای سەربازی و پۆلیس و یاسا، فەرمانبەرێکی زیرەک و ڕەند و کارپوختە، پزیشکێکی زانا و بەپەرۆشە، بەرهەڵستکارێکی سیاسیی کۆڵنەدەرە بەڵام دیبلۆماسی نییە.

گونجان: ئەگەرچی نرخی نازانێ بەڵام هاونشین و هاوسەری باش زۆر گرینگن بۆ ئەم کەسایەتییە. با ڕوو بکاتە جمکەکانی پشیلە و پڵینگ، لەگەڵ شێرەکانی پڵینگ و ئەسپ، ئەوانە بەخت و شادمانیی بۆ دابین دەکەن. تیرەندازەکانی پشیلە و پڵینگ لە هیچیان کەم نییە و سەتڵەکانی ساڵی پڵینگ بار سووکی و گەشایی بۆ دێنن. بەپێچەوانەش، هەمانە قرژاڵەکان بەتایبەتیش هی ساڵی پشیلە و ئەژدیها و کەڵەباب ئەوانە زیانیان لە قازانجیان زۆرترە. ئینجا نۆرەی ئەژدیها- گیسک دێت و لەمەش بەدتر بزن- گیسک، ئەوانە قەدەغەن.

ناودارەکان: لینین>، ئەمینە رزق>.



## سەگ - گا



زۆر چالاک نییە وەکو بورجەکەی پێشوو بەڵام لێزان و خاوەن شێوازە و، توانای پێسەلماندنی هەیە. و زێدە دڵسۆزە، بەهرەمەندە و ئارەزووەکانیشی زۆرن و ویستێکی توندی هەیە. بەڵام گرفتێکی هەیە کە ئینگلیز پێی دەڵێن Perfectionist واتە دەیەوێ هەموو شتێک (ویرای هەموو کەسێک) سەدا سەد بەو جۆرە بن کە ئەو بەهەرەباشی دەزانێ، کەللەرەقیشە، ئیتر سەیر نییە کە رەخنە و گلەیی زۆربن. خۆی گوڵی نێو کۆڕی خزم و ناسیارانە و توانای سەرنج راکێشانی زۆرە بەڵام لە ناخدا ئەو باوەڕەی بەخۆی نییە و هێشتا ئومێدێک نەهاتووەتە دی ئەو پەرۆشی بۆ ئەوەیە کە نەوەکو سەدا سەد (پوختە، Perfect) نەبێت. ئەم مەراقەش دوودڵی دەکات و لە منداڵییەوە لەگەڵی دەمێنێت و هەر خۆی دوا دەخا وا دەزانێ هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە هەنگاو بۆ بەدیهێنانی هەر هەموو خەونەکانی خۆی بنێ. کەواتە با بجوولێتەوە چونکە ژیان نە سبەینێیە نە دوێنێ بگرە ئەمڕۆ و ئێرە و ئێستایە.

کار و کاریر: دوودڵە بەڵام دەستپاک و هەناسەدرێژ و قسەزانە. کەواتە ئەگەر هاوبەش و هاوکاری کراوە و چاونەترسی هەبێت، کەواتە Perfect. هەروەها وەکو هەر سەگێک بۆ سەربازی و یاسا و پۆلیس باشە.

گونجان: مەیدانێکی گەورەی لەپێشە بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر و هاونشینی سروشتیی خۆی، ئەوانەش بریتین لە قرژاڵ و رەبەن و گیسک و نەهەنگەکانی ساڵی پشیلە و ئەسپ و پڵینگ. بەپێچەوانەش، با تووشی شێر و دووپشک و سەتڵەکانی ساڵی پڵینگ و ئەژدیها و بزن نەبێ چونکە ئەوانە مەیل و بۆچوونێکی زۆر جودایان هەیە.

ناودارەکان: ‹نووری شەریف، فۆن کاکا، مەروان بەرغوسی.



## سەگ- جمک



ئەم بورجە ڕقی گەورەی بەرانبەر بەدوو شت هەیە، هەوای گرژ و مرۆڤی تووڕە، ئەگەر تووشیان هات مەراقی دەسەڵات و (چاوشکاندن) پەیدا دەکات و دەبێتە مرۆڤێکی دیکە کە باوەڕ بەچاوی خۆت ناکەیت چۆن ئەم دڕندە ئەو مرۆڤە هێمن و رووخۆشە وای لێ هات؟ بێ لەم خاڵە، جمکی ساڵی سەگ مرۆڤێکی خانەدان و خەندەدار و زێدە دڵسۆز و بەخزمەتە. ویستێکی پۆڵاینی هەیە و عەقڵێکی کۆمپیوتەرانە کە بۆ زانست و نەوژەنی و خێرخوازی تەرخان کردووە و هەندە دوودڵ و وریا نییە و وەکو بورجەکەی پێشوو ئیتر شتێکی ئاساییە کە لە بازاڕی ژیاندا تێکەڵ بەهەمەوو رەوتێکی نەوژەنی و بۆنە و پێداویستییەکی کۆمەڵایەتی بێت. کەواتە دابینکردنی رۆشنبیری و خۆشەویستیی بۆ ئەم بورجەی دەیکاتە پێشمەرگەیەکی دادپەروەری داد و ڕاستی و زانست.

کار و کاریر: زانست زانست ئینجا زانست، بەهەموو جۆرەکانییەوە هەر لە زانستی دینی و مرۆیی تا زانستە مادییەکان وێڕای بوارە ئاساییەکەی سەگ کە زانستی سەربازی و یاسا و پۆلیس دەگرێتەوە.

گونجان: شادمانی لەگەڵ هاوسەر و هاونشینی ئەم بورجانە دەبینێ کە بریتین لە کاوڕ و شێر و سەتڵەکانی ساڵی ئەسپ. هەمانە شێر و تەرازووەکانی ساڵی پشیلە لەگەڵ تەرازوو و سەتڵەکانی پڵینگ ئەوانەش دووشەشن. ئەوەی کە دەبێ لێی وریا بێ رەبەن و تیرەنداز و نەهەنگەکانی ساڵی بزن و ئەژدیهان، مەیلیان دەکا بەڵام مەترسیی خەفەت و پەشێمانی لێرەدا هەیە.

ناودارەکان: جاک کۆستۆ.



# سەگ - قرژاڵ



ئەم کەسایەتییە دەبێ لە قۆناغی منداڵییەوە هەست بەئاسوودەیی و ئارامی بکات «ئارامی مادی و دەروونی پێکەوە» دەنا ترس و دڵناسکی و هەستیاریی ئەم بورجە لە سنووری شەرمنی و زمانپارێزیی رەت دەدا بەرەو سنووری ڕەشبینی و لەمەش ئاڵۆزتر. مەرج نییە درِ بێ، بەڵام ڕەنگە خوانەخواستە شپرزە و تووڕە و دڕدۆنگ هەڵکەوێ. سروشت و کەشی هێمن و کۆمەڵگەیەکی ئاشنا بۆ وی زۆر گرینگن. هەروەها پێویست بەهێزێکی دەرەکی دەکا بۆ ئەوەی ئەو پرۆش و ئەو هێزە گەورەی کە لە نێو دەروونیدا حەشار دراوە بێتە دەر و ئەوسا بەچەشنی شالاوێک پەرۆش و میهرەبانی و دڵسۆزی و مشوورخۆری، تەنانەت بەشێوەی فیداکاریش دەردەکەوێ. گرینگە بزانێ کێ فیداکاری بۆ کێ دەکات.

کار و کاریر: وێرای سەربازی و یاسا و پۆلیس بۆ بانک و کارگێڕی و ژمێریاری و بازرگانی باشە، کارەکانی بەوپەڕی ڕێکی ئەنجام دەدا و ناهێڵێ یەک گلەیی بێتە سەر.

گونجان: ئەم دڵناسکە دەبێ زۆر وریا بێ لە هەڵبژاردنی هاوسەر و هاونشیندا. با روو بکاتە گا و ڕەبەن و نەهەنگی ساڵی پشیلە لەگەڵ گا و دووپشک و ئینجا ڕەبەنەکانی ساڵی پڵینگ، ئەوانە یەکاو یەکن. گاکانی ساڵی مشکیش زۆر باشن بەڵام با خۆی لە کاوڕ و تەرازوو و گیسکەکانی ساڵی ئەژدیها و بزن نەدا و لەوانەش بەدتر ئەوەیە کە خۆی تووشی بەراز- کاوڕ بکات کە لە خەفەت بەولاوە هیچی لێ شین نابێتەوە.

ناودارەکان: جۆرج بوشی دووەم، سلڤستەر ستالۆن، شێرزاد عەبدولڕەحمان، پیێر کاردان، د. عەباس وەلی، خدێوی عەباس.



## سەگ - شێر



ئازایەتی و خۆڕاگری لێرەدا کۆبوونەتەوە لەگەڵ کەمێک دوودڵی، بەڵام ئەم دوودڵییە وای لێ دەکا کە زۆر بیر بکاتەوە پێش ئەوەی بڕیارێک بدا. واتە لە شێرەکانی دیکە دووربینترە و لە چاو سەگەکانی دیکە هەندە دوودڵ نییە و لە بڕیارەکانی پاشگەز نابێتەوە. دڵسۆزبوونی سەگ بۆ کۆنە ناسیارەکان هەندێک جار ناچاری دەکا بەلای ئەواندا بشکێنێتەوە کەچی خۆی پێش هەموو کەس پێی سەغڵەت دەبێت و دەزانێ کە لەم خاڵەدا بەخۆی ناوێرێت. هەندێک سووکە خۆ هەڵکێشانێکی هەیە و لە کاتی سەرکەوتندا دەشێوێ، دەنا بەگشتی مرۆڤێکی زێدە ڕەند و ڕاستە و دەیەوێ خەڵکەکە بەهەمان شێواز و بۆ هەمان مەبەست ڕەفتار بکەن. کەواتە نموونەپەرستە بۆیە زوو دڵی دەڕەنجێ.

کار و کاریر: بۆ سەربازی و پۆلیس و یاسا و بۆ سیاسەت زۆر باشە بەڵام با خۆی لە بازرگانی نەدا. لە هەر مەیدانێکدا بێ ئەم بورجە و ئەرکەکانی خۆی بەوپەڕی پوختی ئەنجام دەدات و دیسان دەیەوێ خەڵکەکە وەک وی بن.

گونجان: هەستکردنی بەئەوین مایەی گەشانەوەیەتی و لەباتی گەدا دەبێتە شا بۆیە دەبێ ڕوو بکاتە کاوڕ و جمک و تەرازوو و تیرەنداز و گیسکەکانی ساڵی پشیلە و پڵینگ. هەروەها جمکەکانی ساڵی ئەسپ لە هیچیان کەم نییە. بەپێچەوانەش، با لە گا و دووپشک و سەتڵەکانی ساڵی ئەژدیها و بزن وریا بێ، ئەوانە بۆ بەختەوەری و بۆ مێشک ئارامیی وی باش نین.

ناودارەکان: سیبەل جان، مادۆنا، مەدیحە کامیل، شاژن رانیە، مستەفا کامل>، مەسعوود بارزانی>، بیل کلینتۆن>.



# سەگ - ڕەبەن



پێشـــمـــەرگـەیەکی هەژار چۆن خـۆ بگەیەنێـتـە کـۆمـەڵگەیەکی بەرز و چۆن چاوی دەوڵەمـەندەکـان بۆ دەردی هەژاران ڕابکێـشـێت؟ وەڵام لە لای ئەم بورجـەیە کـە شـێـوازی دەربڕینی خۆنواندنێکی تێدایە و لە ڕاستیشدا ئەتیکێت مەیدانی ڕاستەقینەی خۆیەتی و دەیەوێ وای دیار بخات کە کاتی نییە بۆ قسە، ئیـتر تۆ بەلووتبەرزی دەزانی بەڵام خۆی حەز لە خـۆهەڵکێـشـان ناکـات و لە نـاخـدا ئاشـتـیـخـواز و دوورەپەرێزە. بەڵام ئەوەیە کـە هەڵەچنێکی زۆر تیـژە. مـەرج نیـیـە قـسـەی ڕەق بکات بەڵام هەڵە لە کـونی دەرزی دەدۆزێتـەوە و ئەگـەر بەنەرمی بێ یان بەڕەقی، ئەو بەچاوی خـەڵکیـدا دەداتەوە. کـەچی دەیەوێ خـۆی لە گلەییی خـەڵکی دیکە رزگـار بکات بەتایبـەتیش کـەوا هەڵەکـانی خـۆی دەناسێت و دەشزانێ کە بەرگەی ئەوە ناگرێ بەچاوی دادەنەوە؟ بۆیە ئەو ڕێبازانە دەگرێتە بەر یان خۆخەریکی کارێکی "ئاست بەرز" دەکا. مەرجیش نییە کارەکە هەندە چەور بێ، مەرج ئەوەیە کە لە ئاستێکی پایەدار و لەگەڵ خەڵکی پایەدار بێت.

کار و کارێر: ئەندازیار، بژێریار، نەخشەکێش، ڕێکخەری هەماهەنگی، هونەر و ئەتیکێت وێڕای سەربازی و یاسا.

گـونجـان: لە زادەکـانی ساڵی پڵـینگ هەمانە گـا و دووپشـک و گـیسـک و، لە زادەکـانی ساڵی پشیلە هەمانە قرژاڵ و گیسک و دووپشکەکان و، لە زادەکانی ساڵی ئەسپ هەمـانە دووپشـک و گـیسـک، ئەوانە هاوتای سروشـتـیی خـۆینی. لە بەرانبـەردا هەمانە جمک و تیرەنداز و نەهەنگەکانی ساڵی بزن، لەوانەش ترسناکتر تیرەنداز و نەهەنگەکانی ساڵی ئەژدیها، نەکەی نەکەی.

ناودارەکـان: ‹نازک ئەلمەلائیکە، کلۆدیا شیـفـەر، سۆفیـا لۆرین، کـازم سـاهیـر، مـایکڵ جاکسۆن، *تاهیر تۆفیق*›.



## سەگ - تەرازوو



لە سەگی دڵسۆز و لە تەرازووی دادپەروەر پێشمەرگەی داد و ڕاستی هەڵدەکەوێ. بەخشندە و خۆشەویستە و یەکجار دیبلۆماسی و یەکجاریش بێ لایەن و دادپەروەرە. ڕەوشتی وەکو "سەگ- جمک"ە کەوا بەدیتنی ستەم و ئاژاوە تێک دەچێ و ئەگەر کار بگاتە دەماران یەکجار دڕ دەبێ. بەڵام جیاوازیی ئەوەیە کە لەباتی زانستی مادی، ئەمیان خووی بەبابەتی مرۆیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی گرتووە. وەکو هەر تەرازوویێک مامۆستای زمانشیرنی و زمانلووسی و ڕاگەیاندنە، ئینجا وەکو هەر سەگێکیش بەبۆڵە و گلەیییە بەرانبەر بەختی خۆی. ئەمەکدار و شەرمنە، ئەمەش دەبێتە مایەی تەفرەدان و هەڵخەڵەتاندنی، کەواتە دەبێ پێی بڵێین لەسەرەخۆ بە کاکە، دەروونت ڕاستە و لە سەری بڕۆ.

کار و کاریر: مەرج نییە سەربازێکی زۆر باش بێت بەڵام گومان نییە کە لە بواری یاسا و پۆلیسدا یەکاویەکە. هەروەها بۆ کۆمەڵێک کاریری مرۆیی باشە وەکو پێوەندی گشتی، ئاین و کۆمەڵایەتی، پزیشکی و تیمارچەتی و هەر شتێک کە خزمەتی دڵسۆزانەی تێدا بێ.

گونجان: جمک بەگشتی لە هەموو کەسێک باشتر لەگەڵی دەگونجێن بەتایبەتی ئەگەر لەساڵی پڵینگ و پشیلە و ئەسپ و مار بن. ئینجا هەمانە تیرەنداز و سەتڵەکانی ساڵی پڵینگ، شێر و سەتڵەکانی ساڵی پشیلە لەگەڵ شێر و سەتڵەکانی ساڵی ئەسپ، هەموویان دووشەشن. لە بەرانبەردا هەمانە ئەژدیها بەگشتی لەگەڵ سەگ ناگونجێن بەتایبەتیش کاوڕ و قرژاڵ و گیسکەکان کە لە بۆچوونەکانی تۆ دوورن. لەوانەش ئاڵۆزتر بزنەکانی قرژاڵ و گیسک، ئینجا لە هەمووان نەگونجاوتر قرژاڵی ساڵی مەیموونە کە بەهیچ شێوە خۆتی لێ نەدەیت.

ناودارەکان: مەی زیادە، بریجیت باردۆ، بن گۆریۆن>.



# سەگ - دووپشک



مرۆڤێکی چاونەترسە، نقورچ و ڕەخنەکانی قورسن، هەڵوێستەکانیشی دیار و ئاشکران کەوا یەک ڕایە و نابێتە دوو. لە منداڵییەوە دەیەوێ جۆرێک گۆڕانکاری بەرەو باش و باشتر لە ژیاندا بەرپا بکات، بەڵام ئایا تێ دەگا (واتای ڕاستەقینەکەی چاکە) چییە؟. پێویست نییە باسی کەسایەتی و کاریزما و تواناکانی ئەم بورجە بکرێ کەوا لە هەموو بوارەکاندا لە هەرە پێشەوەیە و لە زیرەکایەتی و تیژبینیدا کەم کەس دەیگاتەوە. بەڵام هەردووک بورج پڕن لە مەیل بۆ خەبات و بەرەنگاری و «تەنانەت بۆ بەزاندن و چاوشکاندنی نەیاران» کە دوور نییە بکێشنەوە بۆ سادیزم و دڕندەیی بەتایبەتی ئەوانەی کە بەچەوتی پەروەردە کراون یاخۆ باوەڕیان بەئایدیۆلۆجیایەکی توندڕەو هێناوە وەکو مارکسیزم و دینپەرستی و... هتد. بۆیە دەبێ خۆی و کەسانی خۆی زۆر زۆر وریا بن کە ئایا ڕووی «ئەم شەست تیرە» لە چی کراوە؟

کار و کاریر: دادوەر- شاعیری هەجوو- ڕەخنەگری ئەدەبی و وێڕای بوارە ئاساییەکانی سەگ کە بریتین لە سەربازی و یاسا و پۆلیس.

گونجان: بۆ ئەوەی تووشی دڵپیسی و دڵشکستی نەبێ با ڕوو بکاتە قرژاڵ و ڕەبەن و گیسک و نەهەنگەکانی ساڵی پڵینگ لەگەڵ قرژاڵ و گیسک و نەهەنگەکانی پشیلە و ئەسپ. دەنا ئەگەر حەزی لە ژانە سەرە با ڕوو بکاتە ئەژدیهاکانی جمک و سەتڵ ئەوانە لەگەڵی ناگونجێن، لەوانەش ئاڵۆزتر گاکانی کەڵەباب و بەراز کە بۆی داناهێنن، ئینجا نۆرەی بزن- سەتڵ دێ کە زێدە کراوەیە و گوێی ناداتێ، کەواتە با بەهیچ شێوە لە هەموو ئاڵۆزتر.

ناودارەکان: کۆکۆ، ئیمپراتۆر تیبرییۆس، مەهەستی>، ڤۆلتێر>.



# سەگ - تیرئەنداز



مرۆڤێکی جیدییە، قسەی لابەلا و بێ مەبەست ناکات و لە بنەما ئەخلاقییەکانی ژینگەی خۆی لا نادا. واتە پاڵەوانی مەیدانی کێشە مرۆییەکانە، تەنانەت نموونەپەرستە و تێ دەپەڕێنێت و قسەی بەرانبەر ناسەلمێنێ. هەروەها لە کاتی بەرەنگاریدا بێ ئەندازە قسە لە ڕوو و هەق و ڕەقە. بەکورتی، ڕەوشتی دادوەرێکی هەیە کە هەموو بەڵگەکان کۆ دەکاتەوە و ڕاستەوخۆ لە ڕووی لادەرەکان «ئەوانەی ئەو بەلادەریان دەزانێ» دەداتەوە. ئەم خاڵەش نەگونجانێک لەگەڵ دەوروبەر پەیدا دەکا چونکە هیچ شتێک لەم جیهانەدا نییە کە بەرەهایی ڕاست بێ یان بەرەهایی چەوت بێ واش هەر شێوازەکەی مایەی ستایشی دۆست و دوژمنانە.

کار و کاریر: لە ئیشدا وەکو هەر تیرەندازێک ئەوها نموونەپەرست نییە. بگرە ئەگەر نووسەر بێ یان دادوەر، ئەگەر بازرگان بێ یان ئەندازیار، ئەوە توانای هەیە بیرۆکە و پلانی نەوژەن لەسەر زەمینەی ڕاستی خورد بکاتەوە بۆ پرۆژەی سەرکەوتوو. واتە وێرای یاسا و سەربازی توانای بازرگانی و پێوەندی گشتی هەیە.

گونجان: باشترین گونجانی لەگەڵ پڵێنگ هەیە ئینجا ئەسپ، بەتایبەتیش شێر و تەرازوو و سەتڵەکانی ئەو دوو ساڵە. هەروەها دڵی لەگەڵ شێرەکانی ساڵی پشیلە دەکرێتەوە. مەیلی بۆ ئەژدیها هەیە بەڵام با تووشی نەبێ بەتایبەتیش جمک و شێر و ڕەبەن و نەهەنگەکان، ئەوانە و هاوتاکانیان لە ساڵی بزن کەڵکیان بۆ وی نابێ. بەڵام هێشتا لە مەیموون- جمک باشترن کە نابێ تخوونی بکەوێ.

ناودارەکان: ‹میرفت ئەمین، ونستن چێرچڵ، سۆنیا گاندی.



## سەگ - گیسک



دڵنەرم و ئەمەکدارە و حەز لە تێکەڵاوی و کۆمەڵایەتی دەکا. ترسێکی هەیە بەرانبەر بەنەدیوی و پێشهاتی نەزاندراو، بۆیە حەزی لە میتافیزێک و بابەتە دەروونییەکانە. ڕووخۆش و بێ فیزە بەڵام مەسەلەی "خۆدەربڕین" بەڕاستی گرفتێکە بۆ ئەم بورجە کە هەستە گەرمەکانی نێو دڵی خۆی دیار بخات. خۆ توند دەکات و بەبێ باکی دەجووڵێتەوە کەچی هەر خۆی دەزانێ کوێی دێشێ، جا کە کاتی بڕیاردان دێ ئەوسا بەتوندی «بەڵام بەساردی و بەخەندەیەکی هێمنەوە» لەسەر ڕا و بنەما توندڕەوەکانی خۆی سوور دەبێت و بەهەموو شێوازێک قسە دەکات و هەست و مەبەستەکانی دەردەبڕێ، بە ستران، بە نووسین، بە کردار تەنیا بە وشە و قسەی ڕاستەوخۆ نەبێت.

کار و کاریر: وێڕای سەربازی و یاسا و پۆلیس، ئەو کەسەی کە مرۆڤێکی پێویستە کارێکی لەخۆ بوردووانەی بۆ ڕێک بخات و لە بازاڕ و لەسەر زەمینەی ڕاستی بۆی خورد بکاتەوە بۆ پرۆژەیەکی پیشەیی یان بازرگانی، با ڕوو لەم بورجە بکا.

گونجان: گا و شێر و ڕەبەن و نەهەنگی ساڵی ئەسپ ئینجا گا و دووپشک و ڕەبەن و نەهەنگی ساڵی پڵینگ. مەیلی بۆ کەڵەبابەکانی قرژاڵ و کاوڕ دەکات، ئەوانەش هەر باشن. بەڵام هەمانە کاوڕ و قرژاڵ و تەرازووی ساڵی بزن کە دەبێ لێیان وریا بێ ئینجا قرژاڵ و تەرازووی ساڵی ئەژدیها کە بەکەڵکی نایەن ئینجا مەیموون قرژاڵ کە نابێ تووشی بێ.

ناودارەکان: ‹مەحمود مەلیجی، ئەلڤس پرسلی، ئەحمەد بدێر، دالیدا›.



# سەگ - سەتڵ



هەردووکیان یازدەمین بورجن، هەردووکیش بەپەرۆشن. پەرۆشی سەگ بریتییە لە خەم بۆ رابردوو، کەچی پەرۆشی سەتڵ بۆ پاشەڕۆژێکی گەشە. جا لە نێوان «ئاخ دوێنێ» و «بژی سبەینێ»دا مرۆڤێک پێک دێت پڕە لە جۆرەها پەرۆش و دڵەڕاوکە. لایەنگری کێشە مرۆییەکانە و سەیر نییە کار بۆ ڕێکخراوە مرۆییەکان بکەن چونکە لەوێدا پەرۆشی مرۆڤانە و زانستی مادی و... دەسەڵات تێک دەکەنەوە. وێڕای پایە و پارە حەزی لە ڕۆشنبیری و فەلسەفە و زانستە. خۆش تێکەڵە بەڵام قسەزان و دیپلۆماسی نییە. بەگشتی، زانست پەروەرێکی چاکەخوازە بەڵام مەیلەو وشکە یان با بڵێین شێوازێکی مەیلەو فەرمیی هەیە.

کار و کاریر: وێڕای کارە ئاساییەکانی سەگ، ئەمان خەمخۆری تێگەیشتن و پارە و پایە و چاکەیە. بەهەبوونی ئەو مەرجانە لە کاریرێکدا ئامادەیە خەو لە خۆی ببڕێت. هەروەها لە ئیشدا بەرچاوی روونە و بەپێداویستییەکانی دەزانێ بەڵام کاری خۆی بەتەنیا دەکات.

گونجان: هەندە پەرۆشی بۆ ئەوین و هاوسۆزی و جوانپەرستی نییە واش حەز دەکا هاوسەر و هاونشینی خۆی لە جینسی بەرانبەر بێ. کەواتە با روو بکاتە پلێنگەکانی کاوڕ و جمک و تیرەنداز ئەوانە پشتیوان و دەرمانن. ئەسپەکانی جمک و تەرازوو و تیرەنداز بۆ وی مەرهەمن، ئینجا هەمانە مشک- کاوڕ هاونشینە و پشیلەکانی تەرازوو و تیرەنداز هاوڕێن. بەپێچەوانەش، مەیلی ئەژدیهاکانی گا و شێر و دووپشک دەکا بەڵام با لێیان وریا بێ و هەرگیز خۆ لە شێرەکانی ساڵی پشیلە و کەڵەباب نەدا.

ناودارەکان: ئەدریانۆ›.



## سەگ - نەهەنگ



هەمـوو نەهەنگێک دڵناسکە، ئەمـەیان وێڕای دڵناسکی نائارام و شـپـرزەیە. سـەگی خەمخۆر لێرەدا مۆرکی ماسۆشیی پێوەیە، واتە چێژ لەو ماندوویەتی و ئازارە وەردەگرێت کـە لەمـیـانـی بەگژداچوونەوە و ڕقـایەتیکردنی سـتـەمـدا «ئەو شـتـەی کـە ئەو بە سـتـەمی دەزانێ» بەبەر لەش و هۆشی وی دەکەون. لە ڕاسـتـیدا خۆی کەسێکی پێ دەوێ کە ئازای بکات و بەهرەکانی وەبیر بێنێتەوە، کەچی هەر خۆی ناهێڵێ کەس لێی بکۆڵێتـەوە یان ئامـۆژگـاری بکات و زۆربەی چاکـەکـان بەخـراپە و "مـوئامـەرە" لە قـەڵەم دەدا، ئەوەش بەشێـوەی پەللار و ڕەخنە و «تا ڕادەیەک سووکایەتیکردن بەڕای بەرانبـەر» هەڵدەداتەوە. واتە یەکـێک گـوایە چاکـەیەکی خـۆی بۆ دەگـێـڕێتـەوە، کـەچی ئەو پێی دەڵێ: *پف، ئەو چاکـەی تۆشم بەزیاد نەکـرد*.. ئیـتـر باکی نیـیـە ئەگـەر لەسـەر قـسـەیەکی ئەوها تووشی ڕقایەتی و ئازار بێ، وەک بڵێی پێی خۆشە.

کار و کاربر: ماسۆشیزم لە مەیدانی ئیش و کاردا دەبێتـە هاندەرێک بۆ چێژ وەرگرتن لە ماندوویەتی و ئازار و قوربانی، بۆیە ئەم بورجە پێشـمەرگە و خۆ فەوتێنەرە بۆ ئەو کار و هاوکارانەی کە خۆی پەسندیان دەکا، هەر لە هونەر و پزیشکی و خزمەت تا بوارە ئاساییەکانی سەگ کە بریتین لە یاسا و پۆلیس.

ئەوین و گـونجان: گا و تەرازوو و گیسکی ساڵی پڵنگ ئەوانە هەرە باشـەکانن، ئینجا دووپشکەکانی پشیلە و ئەسپ و لەگەڵ پشـیلە- گیسک، یەک بەیەک باشـترن. بەڵام با خـۆی لە جـمک و ڕەبەن و تیـرەنداز نەدا ئەوانەی لە سـاڵی ئەژدیهـا و کەڵەباب و بزن لە دایک بوون.

ناودارەکـان: ‹سـامـیـە جـەمـال، هەیفـا وەهبی، ئیـسـحـاق رابین، شـارۆن سـتـۆن، یووری گاگارین.

## که سەگ باڵادەست دەبێ

ساڵی سەگ یەکێکە لە ساڵە هەرە ترسناکەکانی چەرخەکەمان و لە ڕاستیدا من لە ١٩٩٤ ساڵی سەگ بوو کە دەستم بەنووسینی ئەم کتێبە کرد، بۆ ئەوەم بوو خەڵکەکە بزانن لە چ قۆناغێکدا دەژین و بۆچی ئەوها تێک بەردەبین؟

کێ لە بیریەتی کە لە زستانی ١٩٩٤ بازاڕ شێوا و نرخی دۆلار گەیشتە ٩٠٠٠ دیناری سویسری و نرخی یەک سەیارەی بەرازیلی گەیشتە چارەکە ملیۆنێک دینار، ئاخر توخوا بۆچی؟. ئینجا لەپڕ بازاڕ بەلایەکی دیکەدا سووڕا و لە ناکاو وای لێ هات کەس یەک فلسی بەهیچ نەدەدا و دەیان هەزار کەس ماڵیان لەسەر دانا. ئینجا لە گەرمەی بەهاری ١٩٩٤ "سەردەمی سەگ-کاوڕ" لەسەر چەند دوکانێک و چەند قسەیەکی دوو کەس تێک بەردەبن و شەڕەکە تەشەنە دەکات و لەپڕ هەموو پەلاماری یەکتریان دا و ئەوجار سەرو ماڵیشیان لەسەر دانا، ئاخر من دەپرسم توخودا ئەوە چ ناوێکی لێ بنێین؟

ئەوسا تاکیدم لەسەر ئەم ڕاستییە کرد کە گەردوونی چینی دەڵێ لە ساڵی سەگ، یان لە سایەی سەگدا بەگشتی، خەڵک لەخۆڕا دڵگەرم دەبن و خەفەتەکانیان دێتەوە بیر و خۆ بەشایستە و مافخوراو دەزانن. جا کە شەڕ ڕوو دەدا بێ ئەندازە خوێناوی دەبێ، بەدبەختییەکەش لەوەدایە کە بە پێچەوانەی ساڵی وەک کەڵەباب و ئەژدیها، شەڕ لە ساڵی سەگدا بڕاندنەوە و سەرکەوتووی تێدا نییە تەنانەت کەس سوودی لێ نابینێت و ئەسڵەن براوەی تێدا نییە. تاکە شتێکی کە بۆ خەڵکەکە دەمێنێتەوە بریتییە لە کۆمەڵێک گۆڕستان و تازیە و دوژمنکاری و ڕووبارێک پەشیمانی.

هەروەها ئەو کاتە کە دەمنووسی تەئکیدم لەسەر ئەوە کرد کەوا تازە ساڵی ١٩٩٤ لە دەستمان چوو و هەرچی خراپەکانی ساڵی سەگە بەئەستۆماندا هات، بەڵام تکایە با لە ٢٠٠٦ وریا بین و تووشی هەمان دڵگەرمی و هەڵچوون نەبینەوە. لە خوا بەزیاد بێ ساڵی ٢٠٠٦ کوردستان ئارام بوو بەڵام وەک دیتمان خوێناویترین ساڵ بوو کە بەسەر عێراقدا هات لە سایەی ئەو شەڕەی ناوەخۆی شیعە و سوننە. ئێستاش ئومێد دەکەم گەلی کورد شارەزایی لە چەرخی گەردوون پەیدا بکەن و لە ساڵی سەگی داهاتوودا ٢٠١٨ و لە هەموو ساڵێکی سەگدا زۆر زۆر وریا بین و یەکتر هێمن بکەینەوە دەنا...؟؟؟

شایانی گوتنە کە هەر کوردستان نەبوو بگرە لە ١٩٩٤ ڕواندا و بۆسنە و چەندین شوێنی دواکەوتوو و نائارام خوێنڕێژی و ماڵوێرانییان بەخۆوە دیت. کەچی لە وڵاتی

پێشکەوتوودا سالّی سەگ دەبێتە هاندەرێک نەک بۆ خوێنڕێژی بگرە بۆ بانگی ئازادی و بەرپەرچدانەوەی خەلّکی لووتبەرز و دز و سەرپێچیکار کەوا گەردوونی چینی دەلّێ ئەو خەم و ڕەشبینی و سەغلّەتییەی کە خەلّکەکە دادەگرێت و دلّگەرم دەبن ڕەنگە ڕقیان بەیەکتر هەلّدەڕێژن بەلاّم ماوە زۆرە بۆ چاکە خوازی و ئاشتبوونەوە و بانگەشە بۆ ئازادی بەشێوازێکی هێمنانە. ئەوسا قۆناغ دەبێتە قۆناغی بانگی ئازادی و دەسەلاّت لە دەست حوکمەتە گەندەلّەکان "تەنیا گەندەلّەکان" و ستەمکارەکان دەردەچێ بۆ لایەنەکانی بەرهەلّستکار.

با سەرنج بدەینە هەلّچوونە خوێناوییەکەی تەمموزی ١٩٥٨، لە ڕاستیدا ئەمە بەشێکە لە سروشتی سالّی سەگ و ئەگەر بەپێوەرێکی "سیاسی- ئەسترۆلۆجی" لێی بکۆلّینەوە، لە سەرەتادا دەبێ سەیرێکی ڕەوشتی ئەو بورجە بکەین "سەگ- قرژالّ" ئینجا بۆمان دەردەکەوێ کە لە ڕاستیدا عێراق بەگشتی لەو ڕۆژەوە خێری لە خۆی نەدیتووە و تا ئێستا «قۆناغەکانی عەبدولکەریم قاسم و عارف و سەدام و... هتد» هەر لە سایەی هەمان بورجی دلّگەرمدا دەژین چونکە تا ئێستا مێشکمان پابەندی هەمان قۆناغی سیاسی کردووە و کامەی لە هەموو کەسێک پتر زیانی کردووە «کورد پێش هەموو کەسێک» هێشتا هەر هەلهەلە بۆ ڕۆژی ١٤-٧-١٩٥٨ لێ دەدات. من دەپرسم ئەرێ بەس نەبوو؟ ئەرێ پەشیمان نەبوونەوە؟ ئەرێ تێر خوێن نەبوون؟ برام، سەگ- قرژالّ پەرۆشێکی زۆر گەورەی هەیە بۆ هەندێک شت بەلاّم ئەو پەرۆشە ناچاری دەکات کە چاو لە زۆر ڕاستی دیکە بپۆشێت ئەوەتا ئەمریکا وا هەشت سالّە لە سایەی جۆرج بۆش (سەگ - قرژالّ) دەژێت ئیتر فەرموون بزانن چییان بەسەر هات و ئەو پەرۆشە کوێرانەی جۆرج بۆش ئینتیحا تەسکەکەس خۆخریکە ئیفلاس بەدەولّەمەندترین ولاّتی جیهان بکات کەچی ئێمە وا ٦٠ لە سایەی بورجی ١٩٠٨/٧/١٤ دەژین بۆیەش لەباتی ئەوەی کە ١٠ هەندی کوێت و سعودییە دەولّەمەند بین، خوێن و دەرۆزە و دوژمنایەتیمان بۆ مایەوە ڕۆژ بەڕۆژ هەستی شایستەیی و مافخورای لە وەچەکانماندا دەبوژێنینەوە. ئەرێ بەس نەبوو و کاتی ئەوە نەهات ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدارەکان دان بەگەورەترین هەلّەی خۆیان بنێن؟

## بەختت لە سایەی سەگدا

مشک لە سایەی سەگ: مشک ڕایەکانی سەگ پەسند دەکات. سەگیش ڕێگەی راستی پێ نیشان دەدا. کەچی لە ئیشدا هێز و توانایەکی ئەوتۆی نییە چونکە هەموو

تواناییەکانی بۆ ئەوین تەرخان دەکات.

گامێش لە سایەی سەگ: حەسانەوەی نییە. دڵگەرم و سەغڵەت و ڕەشبینە و بەهیچ ڕازی نییـە. کـار و بەرژەوەندییـەکـانی لە ژێر تـەمـدا گـوم دەبن. کەواتە مـەگـەر واز لە بەرژەوەندییەکانی بێنێ؛ ئینجا بەچاکی ئامادەی ئەوین دەبێ.

پڵێنگ لە سایەی سەگ: پڵێنگ ئازایەتی و خەباتی سەگ بۆ بەرژەوەندی خۆی دەقۆزێتەوە. لە ئیـشـدا نموونەی مـرۆڤی چالاکـە و پابەندی پرۆژەی گـەورە دەبێ چونکە لـە کـاری هەمەجۆردا سەرکەوتووە. هەروەها بەدوای ئەوینێکی ڕاستەقینەدا دەگەڕێ.

پشیلە لە سایەی سـەگ: سەیرە کە سـەگ برادەری پشـیلەیە و لە سایەیدا پرۆژەی گەورە بەئەستۆوە دەگرێت و دڵنیای سەرکەوتنیشە. کەچی بەختی لە ئەویندا نییە، تەنیا هاوڕێیاتی و بەس.

ئەژدیها لە سایەی سەگ: شادیپەرست لە سایەی پێشـمەرگەدا دەبێ کارزان و زۆرزان و ئامادەشبێت. شێوازێکی تایبەتی پێڕەو دەکات و ناشترسێت و سەردەکەوێت و لە ئەویندا دەستکراوەیە و بێ ئەندازە هەستی ناسک هەڵدەڕێژێ.

مار لە سایەی سەگ: دڵگەرم و سەغڵەتە چونکە سەگ نەک بەچاکە و نەک بەخراپە ئاوڕ لە مار دەداتەوە. لە ئیشدا تەمبەڵە و هەستی مرۆڤایەتی تێدا نامێنێ، تەنانەت سـەری خـۆی ناخـوڕێنێ. لە ئەوینیـشـدا هەسـتـەکـانی هەڵدەڕێژن کـەچی باوەڕ بەهەستەکانی خۆی ناکا.

ئەسپ لە سایەی سەگ: ئەسپ ڕایەکانی سەگ پەسند ناکات و بەشێوەیەکی خۆپەرستانە کار و بەرژەوەندییەکانی خۆی جودا دەکاتەوە. لە ئیشدا خەڵکی زویر دەکات و ئاوڕ لە خـەڵکی ناداتەوە و خـۆ پێ دەگـەیەنێت و لە ئەویندا چاو قـایمانە دەجووڵێتەوە و هەستێکی بێ پایانی هەیە.

بزن لە سـایەی سـەگ: سـەگ ئاوڕ لە بزن ناداتەوە؛ چونکە خـەریکی کـێـشـە و خەمەگەورەکانی خۆیەتی. جا لە ئیشدا ئەگەرچی ئاوڕی لێ ناداتەوە، کەواش هەر شادە. لە ئەوینیشدا سەیرت پێی دێ کە کێی خۆش دەوێ و کێی خۆش ناوێ.

مەیموون لە سایەی سـەگ: کـاتی هەڵپـەڕین و جـووڵە و خۆهەڵکوتان نییـە، بگرە کـاتی

تەماشاکردن و چاوەڕوانی و گوێ هەڵخستنە. لە ئیشدا ئەگەر وریا بێ پێ دەگات و دەگەشێتەوە و، لە ئەویندا چاوی لە گەشتی دوورە؛ دەیەوێ بەئەوینێکی دوور بگات.

کەڵەباب لە سایەی سەگ: واز لە فۆلکلۆر و توێکڵە گەندەکانی داوونەریتی کۆن و لاساکردنەوە بێنە چونکە خۆت باش دەزانی ئەوانە تشتێکی هیچن. لە ئیشدا تووشی شکست و پەشیمانی دەبی. حەسانەوەش نییە و، لە ئەویندا بایەخ بە«دراما» نادەی بگرە خۆ دەڕازێنیتەوە و خۆ پیشان دەدەی.

سەگ لە سایەی سەگ: سەرکەوتنی ڕاستەقینەی تۆ لەوە دایە کە خۆ بەبچووک دەگری. بورجی خۆتە و مافی خۆتە کە سەربکەوی؛ بەڵام نەک بەهۆی بەخت بگرە بەهۆی ڕەنج و کۆشش و بەس. لە ئەوینیشدا هەستەکانت وەک هەمیشە کۆنترۆڵ دەکەیت.

بەراز لە سایەی سەگ: بەراز سەگ بەنموونەی پێشمەرگەیەکی دادپەروەر دادەنێت و ڕایەکانی پەسند دەکات. بۆیەش لە ئیشدا پارەی بەسەردا دەبارێ و لە ئەویندا هەستێکی ئارامی هەیە و چۆن حەز دەکات ئەوهایە.

## ئەوین و پێوەندی

### پیاوی سەگ

مـاف پەروەر و هێـمن و خـانەدانن کـەچی دوودڵن. پیـاوی ڕاسـتگۆن و لە پێناو بیـر و باوەڕەکـانیـاندا دەبنە پێـشـمەرگـە جـا چاوان دەچەقـێنن و هەنگاوی پڕ لە باوەڕ دەهاوێن، کەچی لە ناخدا لە هەمـوو پیاوەکانی دیکە دوودڵـتر و وریاتر و گومـاناویـترن و لە هەمـوو پیاوەکانی دیکە زیاتر پێویـستییـان بەلاواندنەوە و ڕەچاوکردن و هاندانە. مەسـەلە ئەوەیە کە دەزانن ئەو پرسیارەیان لێ دەکەن *«کـاکە تۆ هەقت چییە؟ ئیشی تۆ نییە»* جا لە دڵی خـۆیـاندا هەمـیـشـە وەڵام و بەڵگە سـاز دەکـەن و ڕایەکـانیـان بەتوندی جـاڕ دەدەن. واتە هەمیشە بەبەرەنگاریی شتێک یان کەسێکدان.

لە میوانداری بێ ئەندازە خزمەتگوزار و دەستکراوەن. بەڵام ڕەفـتاری دیپلۆماسی و نەرم بەباشی نـانوێنن. هەروەها بۆ هاوڕێ و ناسـیـاری کۆن بێ ئەندازە ئەمـەکدارن و هەمـیـشـە بەئومـێـدی پەیداکـردنی دەسـەڵاتەوە دەکـۆشـن لە ڕێگەی فـیـداکـاری و خـۆ بەخـتـکردن و خزمەت.

لە ئەویندا ڕۆمانسی نین بەڵام ڕاستگۆن. جا ئافرەتی ئەوهایان گەرەکە هانیان بدا بەرەو سەرکەوتن و کرانەوە و دڵفراوانی؛ نەک بیـانتاسێنێ و دەست و زمانیان ڕەقـتر بکات یان ڕقایەتییان تێدا ببووژێنێتەوە.

### ئافرەتی سەگ

پیـاو کە بیـر لە کەسـایەتییـەکی وەک بربجیت باردۆ و هەیفـا وەهبی دەکـاتەوە لەخۆی دەپرسێ ئایا چ شتێکی ئەوهایان لێ دەکا کە بیر لە مێرد و مـاڵێک نەکەنەوە و ڕووبکەنە ئەو (کارەی) کە تا ئێستـا کردوویانە؟ بەڵام کە دەزانی بورجی سەگن ئەوسا تێدەگـات کە لە ناخیـاندا ئەوانە جۆرە تەحەدایەک و بەگژداچوونـەوەیەک پەیڕەو دەکـەن نەک ئیـغـرایەکی سـووک. ئەگـەر دەپرسن بۆچی؟ وەڵام ئەوەیە کە بورجی سـەگن. سـەگ بەگـشـتی ئافـرەتی ڕاسـتگۆ و خـزمـەتگوزار و خـانەدانن. ئیـشـکەر و ئارەزوومـەندیشـن حـەزیان لە دەسـەڵاتە بەڵام دوودڵن جا دەبێ کەسێک هانیان بدات ئەوسا خۆ دەخەنە ڕیزی پێشەوەی کۆمەڵگە.

له ئەویندا پێـویست بەلاواندنەوە و دەست بەسـەرداهێنان دەکـەن و بەدوای ئەوینێکی ئاسوودەبەخشدا دەگەڕێن تاکو هەندە خەمی لێ نەخۆن و ئاوڕ لە ئەوینە گەورەکەی خۆیان بدەنەوە کە بریتییە لە مافپەروەری و خەمخۆری بۆ خەڵک و نیشتمان و ئەو باوەڕ و شتـەی کـە بەپەرۆشی سـەرەکی خـۆیانی دەزانن. ڕەنگە بریجـیت باردۆ نموونەیەکی لە هەموویان زەقتر بێت بۆ ئافرەتانی بورجی سەگ. ئێمە ڕەنگە وا بزانین کە لە رابواردن و خۆ جوانکردن بەولاوە هیچ نەزانێ کەچی کەم کەس ئاگای لەوەیە بریجید باردۆ هەمیشە خـەریکی تێکۆشـانێکی سـەیرە بۆ پاراسـتنی مـافی ئاژەڵ. ئیـتـر ئەوەیە تێکۆشـانی (مێینانەی) ئافرەتی سەگ.

## پیاوی سەگ لەگەڵ...

ئافرەتی مشک: هەستی ناسک پێشکێش بەسەگ دەکات و چاوی بەسەر ڕاستییەکانی ژیاندا دەکـاتەوە. بەڵام سـەگ ئارەزوومەندە و دوور دەڕوانێ و حـەز لە ڕەخنەکـانی مشک ناکات.

ئافرەتی گامێش: ئەگەر چی بۆ ماڵداری باشە، بەڵام پێوەندییەکەیان بەشێوەیەکی سارد و ئاسایی دەمێنێتەوە.

ئافرەتی پڵـینگ: ڕەنگە بەشـێوەیەکی شێتـانە یەکتر ڕابکێشن و ئەویندار یەکـتربن و نوقـمی دڵداری بن بەڵام کـابرای شـەرمن و خـانمی ئازاد دەبێ لێک ڕابێن ئینجـا پێوەندییەکە سەقامگیر دەبێت.

ئافرەتی پشیلە: ڕێکن: پشـیلە هێمناتی سەگی بەدڵە و لە سایەیدا باوەڕی بەخۆی پتەو دەبێ. پێوەندییەکی هێمنانەیە و مۆرکی فکری پێوەیە.

ئافـرەتی ئەژدیهـا: پێوەنـدییـەکی سـەختـە. سـەگ ناتوانێ وەک پێـویست ئەوینی بۆ دابین بکات. ئەژدیهاش بەبێ ئەوین ناژی.

ئافرەتی مار: ژنێکی زۆرخوازە و ئیشەکان لە کابرا ئاڵۆز دەکات.

ئافرەتی ئەسپ: مەرج نییە کە لەگەڵ هەموو ڕایەکانی ئەم پیاوە ڕێک بێ، بەڵام واش هەر پێوەندییـەکی باشە چونکە ئەسپ سەربەخۆیی سەگ دەپارێزێت و ڕای لە ڕەوشتی

ئازادیخوازانەی سەگە.

ئافرەتی بزن: سەگ بەسەرەڕۆیی و ڕایەکانی بزن قەڵس دەبێ؛ کەواتە پێوەندییەکی زۆر سەختە.

ئافرەتی مەیموون: لە مەیدانی خەمڕەوێنی و هاوڕێیەتیشدا باشن، دەنا ڕێگەی ئەوین بەستراوە.

ئافرەتی کەڵەباب: هەمان پێوەندی پێشوو.

ئافرەتی سەگ: هیچ تەگەرەیەکی ئەوتۆیان لە پێشدا نییە. دەشێ هاوڕێ بن و دەشێ ئەوینداریش بن. ئیتر پێوەندییەکی زۆر ئاسانە.

ئافرەتی بەراز: بەراز یارمەتی سەگ دەدا کە هەندە دوودڵ و وریا نەبێ. هەروەها هەردووکیان نموونەپەرستن؛ کەواتە پێوەندییەکی باشە.



## بەراز

١٨٠٣
١٨١٥
١٨٢٧
١٨٣٩
١٨٥١
١٨٦٣
١٨٧٥
١٨٨٧
١٨٩٩
١٩١١
١٩٢٣
١٩٣٥
١٩٤٧
١٩٥٩
١٩٧١
١٩٨٣
١٩٩٥
٢٠٠٧
٢٠١٩
٢٠٣١

ئالان دیلۆن، ئەرنۆڵد شوارتزنیگەر، ئەفلاتوون، ئەمیناغای ئەختەر، ئەندرێ ئاگاسی، ئیمیل لحوود، برایەن ئادەمز، بسمارک، تۆفیق دقن، جۆرج پۆمپیدۆ، جیراڵد فۆرد، حەماغای گەورە، حەمدی غەیس، خالید سەرکار، خوان کارلۆس، عەدنان پاچەچی، رۆبن هۆ، سەلمان روشدی، سوڵتان سولەیمانی قانوونی، شا حوسێنی ئوردن، چیان کای چیک، مولازم عومەر، فەیرۆز، فریدریک پۆرش، قوبیلای خان، مۆنتگمری، ماجدە رۆمی، مارییا کلاس، محەمەد موکری، سوڵتان مزەففەر گۆگبەری، محەمەد حەسەنێن هەیکەل، مەحموود عەباس، نانسی عەجرم، نەجیب مەحفوز، نزار قەبانی، همفری بۆگارت، هنری فۆرد، هنری کیسینجەر، هیلاری کلینتۆن، وڵ رۆجەرز.

# ڕەوشتی گشتی

زادەکانی دوا ساڵی چەرخی گەردوونی چینی لە سەرەتادا بە مرۆڤی گرژ و دڵڕەقیان دەزانی، کەچی لە ڕاستیدا دڵنەرم و خەندەدار و لە بەردڵانن. بورجی بەراز ڕووخۆش و ئیشکەرن، پابەندی داوونەریتی کۆمەڵگەکەیان دەبن. ئەگەر کۆمەڵگەکەیان سەربازی بێ وەکو ئەڵمانیای سەدەی هەژدەم، ئەوسا وەکو بسمارک (پیاوە پۆڵاینەکەی ئەڵمانیا) هەڵدەکەون، کەچی ئەگەر ڕەوتی گەنجانە بەسەر کۆمەڵگەکەیاندا زاڵ بووبێ، ئەوسا وەکو نانسی عەجرەم هەڵدەکەون، تەنانەت نازانن بۆچی وا دەکەن، هەر ئەوە دەزانن کە خەڵکەکە وایە، ئیتر ئەوانیش بەگوێرەی ڕەوتی گشتی دەڕۆن.

بۆ ئەوەی دیمەنێکی ڕۆنتر بخەینە بەرچاومان، با وا بزانین برای دوازدەمە، واتە پاشەبەرە، ئەمەیان کە دەبینێ هەریەک لەو براگەورانە رایەکی جودای هەیە، نازانێ باوەڕ بە کێ بکات. جا ڕەنگە باوەڕ بەهەمموویان بکا بەتایبەتی ئەوانەی چاوی بەدەسەڵات و پایە هەڵدەفڕێنن. ئیتر ئەویش حەزی دەچێتە دەسەڵات و دەیەوێ شان لە شانی ئەو براگەورانە بدا. بەڵام کە دەکەوێتە نێو هەراکە و چاوی بەحاڵی براکەی پێش خۆی (سەگ) دەکەوێ کە تووشی چ خەفەتێک بووە، ئەوسا بەهۆش دێتەوە و بە خۆی دەڵێ: *نەخێر وا ناکەم، با بەرێگەی خۆمدا بڕۆم و لەگەڵ هەمووان ڕێک بم باشترە.* بەم کورتە باسە دەتوانین لە ڕەوشتی بورجی بەراز بگەین.

بەراز وەکو سەگ خۆیان بەمافخوراو دەزانن و واز ناهێنن تا تووشی تەگەرە و شکست دەبن ئەوسا پەشێمان دەبنەوە و چاکەیان لەوەدایە کە دان بەهەڵەی خۆیان دەنێن و یەقەی کەس ناگرن بگرە پێدا دێنەوە بەئومێدی ئەوەی کە هەڵەی جاران دووبارە نەکەنەوە. ئەمەش بەپێچەوانەی ڕەوشتی هەندێک بورجی دیکەیە کە لە کاتی شکستدا یەقەی خەڵکی دەگرن و پێیان دەبژێرن و ئۆباڵی خۆیان بەئەستۆی خەڵکی دیکە دادەدەن.

بەراز ناتوانن خۆ بەجۆرێک پێشان بدەن یاخۆ خەندەیەکی ساختە لەسەر لێویان دابنێن، بگرە قسەی نێو دڵیان یەکسەر لەسەر زمان و ڕوخساریان دیار دەبێ. واتە ئەوانیش دیپلۆماسی نین و لە ئەنجامدا بەمرۆڤی توندڕەو و کەللەڕەق دێنە بەرچاوت. کەچی لە ناخدا مرۆڤی ساکار و خۆشباوەڕ و بێ فێڵن تەنانەت ڕێگە بۆ خەڵکی زۆرزان خۆش

دەکەن کە تەفرەیان بدەن بەتایبەتیش کە حەزیان لە دەسەڵات و پایەدارییە، بۆیە زۆرزانەکان دەتوانن چاوی بەراز بەپایە و پارە و دەسەڵات هەڵبفرێنن و تواناییەکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان وەبەر بێنن و لە کۆتاییدا بیانکەن بەکۆچی قوربان. ئەوانیش بەخیانەت شێت و هار دەبن و لە خەفەتان خۆ دەخۆنەوە و ڕەنگە لە کاتی هەڵچووندا ئاگر لە تەڕ و وشک بەربدەن بەڵام پاش چی؟ کار لە کار ترازاوە.

بەراز حەزیان لە خوێندنەوە و زانست و تێگەیشتنە تەنانەت بەئەرکێکی دەزانن بەڵام داهێنان و نەوژەنیان هەندە زۆر نییە بگرە هەمیشە لەسەر هێڵی گشتی دەڕۆن و پلە بەپلە پێ هەڵدەگەڕێن. ئەم ڕاستییەش لە مەیدانی بازرگانی و سەودای بازرگانیدا پتر دیار دەبێ کەوا بەختێکی زێڕینیان لە سەودادا هەیە. ڕەنگە بپرسن چۆن مرۆڤی ساکار و خۆشباوەڕ لە مەیدانی بازرگانیدا بەختی دەبێ؟ لە وەڵامدا دەڵێم چونکە وەکو خەڵکی دیکە کۆڵ نادەن، بگرە لە ئەنجامی هەر هەڵەیەک و زیانێک بەخۆیاندا دێنەوە و ئۆباڵ بەئەستۆی خۆیان دەگرن و دیسان هەمان ڕێگە دەگرنە بەر؛ بەمەرجێک کە هەڵەی ڕابردوو نەکەنەوە. بۆیەش ئەگەر بەراز لە هێڵی گشتی لانەدەن و هەمیشە لەسەر یەک کار و یەک ڕێگە بڕۆن، ئەوە بەختێکی زێرینیان دەبێ وەک بلێی خوا پاداشتی ئەو دڵە باشەیان دەداتەوە.

گەردوونی چینی ئامۆژگارییان دەکات کە دەبێ بەشێوەیەکی دیبلۆماسییانە ڕەفتار بکەن. هەروەها چاویان بەدەسەڵات هەڵنەفرێت و لە هێڵی گشتی لانەدەن؛ دەنا کەوڵیان پێش هەموو کەسێک بۆ دەباغخانە دەچێ. سەرباری ئەوەش دەبێ ئامۆژگاری وەربگرن و لەمەش گرینگتر ئەوەیە کە ڕەخنە و گلەیی پەسند بکەن.

تێبینی: چینییەکان دەڵێن زادەکانی سەرەتای ساڵی بەراز دەبن بەنێچیرێکی ئاسانتر بۆ مرۆڤی زۆرزان. بەپێچەوانەش، زادەکانی پایز زیرەکتر و دووربینتر هەڵدەکەون.

# دوازده جۆر بەراز



## بەراز - کاوڕ



جێی باوەڕی هەموو ناسیارەکانیەتی و لە هەموو بەرازەکان «ئەگەر نەڵێین لە هەموو بورجەکان» ڕاستگۆتر و ساکارتر، زووتریش دەکەوێتە دەست ڕاوکەران. کەچی هەر ئەو دڵە پاکەیە وا دەکا برادەر و خەمخۆری زۆر بن و ڕزگاری بکەن چونکە لەگەڵ ناسیاران ڕەوشتێکی مەیلەو لادێیی هەیە واتە حەز لە خزمایەتی و برادەرایەتی و قەرەباڵغایی دەکا و بۆ هەمووان بەخزمەتە. کاریزمایەکی گەشی هەیە کە لە هەستی ئاشنایی لە دەوری خۆیدا دەوروووژێنێ. هەڵوێستەکانی زۆر ئاشکران، جاڕیان دەدات و پاشگەز نابێتەوە تا سەری بەدیوارێک دەکەوێ، دەڵێ *"ببوورن سەهوو بووم"* وەک نە بای بێ نە باران.

کار و کاریر: ئەگەر لە کۆمەڵایەتیدا مەیلەو لادێیی بێ، لە ئیشدا پێشەنگ و داهێنەرە، دوا مۆدیل و باوی بازاڕ پێڕەو دەکات. گرینگ نییە چ کارێک دەکات، گرینگ ئەوەیە کە ئیشکەرێکی زێدە چالاکە.

گونجان: ئەوین مەیدانی هات و هاری ئەم بورجەیە، نایشارێتەوە و شانازیی پێوە دەکا بۆیە دەبێ بزانێ دڵی بە کێ دەدا. هەمانە جمک و شێرەکانی ساڵی ئەژدیها و پشیلە وێڕای پشیلە- تیرەنداز، هەروەها سەتڵەکانی پشیلە ئینجا ئەژدیها، ئەوانە دووشەشەکانن. بەپێچەوانەش، با لە مار وریا بێ، هەروەها قرژاڵەکان بەتایبەتیش هی ساڵی مەیموون و سەگ و ئەسپ، ئینجا تەرازووی ساڵی کەڵەباب و قرژاڵی ساڵی پڵینگ و کەڵەباب ئەوان سەرهێشەن، لە هەموویانیش بەدتر بۆ وی پڵینگ- تەرازووە.

ناودارەکان: ‹نزار قەبانی، مەحموود عەباس، سوڵتان مزەففەر گۆگبەری، بسمارک.



# بەراز - گا



ســالآنە یەک دوو تەقــینەوەی هەیە کــە دار و بەرد پێی دەهەژێن، بەلآم لەوە بەولاوە جوانی و گەشاییەیە ساکارەکە و مەیلە خۆشەکە بۆ کۆڕی برادەران یەک ڕیتمی هەیە. هەردووک بورج زۆرخـۆرن یان بلـێن زۆرخـوازن، کـەواتە مـرۆڤـێک دروست دەکـەن بۆ دەوڵەمەندی و پارە پەیداکردن دروست کراوە. لە ناخدا خـۆ بەمافـخوراو دەزانێ، بۆیە زۆرینە هەژارەکـەی ئەم بورجە تووڕە هەڵدەکـەون و تەقـینەوەی گـەورەیان هەیە. کـەچی دەوڵەمەند و پێگەیشتووەکان یان بلێین چاوتێرەکان نەک هەر گەشن، بگرە پارە و تێری جوانیشیـان دەکات، جا لە حاڵەتی دەوڵەمەندیدا تێر دەخوات «مەبەست لە پارەیە» و دەوروبەری خۆیشی فێرە خواردن و ژیانی چەور دەکات. لە ماڵداریشدا "بیرنجییە".

کار و کاریر: بۆ بازرگانی گشتی. واتە کەڵکی ئەوەی نییە دووکانێک دانێ و بەتەنیا کاری تێدا بکات بگرە بۆ کۆمپانیایەکی بازرگانی باشە کە بەهاوکاری کۆمەڵێک ناسیار و هاوبەش بگێردرێت، بۆ ئەمە یەکاو یەکە.

گونجان: دەنگ بدە بەقرژاڵ و گیسکەکانی ساڵی پشیلە و ئەژدیها و بزن، ئینجا ڕەبەن و نەهەنگی ساڵی بزن، ئینجا قرژاڵ و ڕەبەن و گیسک و نەهەنگی ساڵی پشیلە و ئەژدیها. بەپێـچـەوانەش خـۆت لە شـێـرەکـانی مـار و مـەیموون مـەدە و، لە دووپشکەکانی پڵینگ و کەڵەباب و سەگ دووربە و، هەرگیز تخوونی سەتڵەکانی مار و کەڵەباب و مەیموون نەکەوی.

ناودارەکان: هنری کیسینجەر، سوڵتان سولەیمانی قانوونی، وریا ئەحمەد، ئەندرێ ئاگاسی، نانسی عەجرەم.



## بەراز - جمک



هەندێک خاوە و هەندە خۆ ڕاناپەڕێنێ بەڵام لە هەمـوو وەڵاشـەکـانی دیبلۆمـاسـیـتـر و قسەزانترە و دەزانێ چۆن سەرنجت ڕاکێشێ. خەڵکەکە لە دەوری کۆ دەبنەوە هەندێکیان بە چاکەیانە و هەندێکیشیان بەنێچیرێکی ئاسانی دەزانن، بەڵام هەمـوو جمکێک دوو دیوی هەیە و با کەس بەدیوە نەرمەکە تێ نەکەوێ چونکە ئەمـە نێـچـیـرێکی ئاسان نیـیـە و خۆ بەکەس نابەستێتەوە، تەنانەت کەڵلەڕەقە و قسەیەک ناسەلمێنێ ئەگەر خۆی ڕای لێ نەبێ. مرۆڤێکی ئازاد و سەربەخۆیە بەڵام ئەوەیە کە ناتوانێ داواکاری کەسێک ڕەت بکاتەوە، دەڵێ: «عەیبە، دەبێ بۆی بکەم» و لە بەرانبەردا دەیەوێ خەڵکەکەش بەهەمان شێوە بن و کە داوای شتێکی کرد یەکسەر بۆی بکەن دەنا مێشکی تێک دەچێ. کەواتە نوقلێکی شیرن و چیرە.

کار و کاریر: گوتمان کە ئەم بورجە خۆ بەکەس نابەستێتەوە، ئەم قسـەش لە ئیش و گوزەراندا دیارتر دەبێ کەوا خۆژییە و دەتوانێ کارێکی سەربەخۆ بۆ خۆی پەیدا بکا.

گونجان: خاڵی لاوازیی و «بوون بەنێچیر» لێرەدا دیار دەبێ و خۆی دەزانێ کە لەم بوارەدا لاوازە بۆیە ئەوها دوورەپەرێزە. بەڵام ئەگەر بێتو بەقسەی گەردوونی چینی بکا مەسەلەکە زۆر ئاسانە. برام، خوشکم، هەمانە کاوڕ و تەرازوو و سەتڵەکانی ساڵی پشیلە و ئەژدیها و بزن، ئەوانە مەیدانی خۆتن، مەترسە و برۆ. هەروەها مشکەکانی تەرازوو و سەتڵ. لە بەرانبەردا وریای گا و ڕەبەن دووپشکەکانی ساڵی سەگ و ئەسپ و مەیموون بە.

ناودارەکان: ‹ئەفلاتوون، ‹تۆفیق دقن، سەلمان روشدی›، عەدنان پاچەچی›.



# بەراز - قرژاڵ



*"لە ئاوی مەند بترسە"* چونکە ئەم چاکەخوازە هێزێکی گەورەی تێدایە و هەندێک جار دەتەقێتەوە و دەمێک دەبا تا گۆمە ئاوەکە ڕۆن دەبێتەوە. کەس وەک وی توانای تەنیایی نییە، لە ئیشەوە تا دەگاتە ماڵداری تا کاتی ڕابواردن دەتوانێ هەمووی بەتەنیا بکا و بەسەر بەرێ، مەرج ئەوەیە کە ماڵێکی گەش و خۆش لەگەڵ دەرامەتێکی باش یان بلێێن زۆر باشی هەبێ ئیتر تەقەی سەری دێ. واتە خوو بەکۆکردنەوەی پارە و نێوماڵ و زیوەر و شتی ئەنتیک دەگرێ. دوور بەدووری هەست دەکا کە ڕەخنەیەک ئاراستەی دەکرێ یان وا خەریکە پەلاماری بدەن جا هەر زوو بەرگری دەکات و هێرشەکان پووچەڵ دەکاتەوە و دیسان ژیانە هێمنە تێرەکەی خۆی پێڕەو دەکاتەوە.

کار و کارێر: ئەمەیە ڕەوتە ئەسڵییەکەی ژیانی و سەیر نییە ملیۆنێر لەم بورجە هەڵکەون. شایانی گوتنە ئەوانەی هاوسەنگی لە نێوان خوێندن و بازاڕ ڕادەگرن دەوڵەمەندتر دەبن بەتایبەتیش کەوا خوێندن بووەتە شتێکی دەرخی.

گونجان: وەک چۆن پرس بەشارەزایەک بۆ کڕینی سەیارەیەک، با پرس بەم زانستە بکا پێش هەڵبژاردنی هاوسەر و هاونشین. با ڕوو بکاتە گای ساڵی پڵینگ، ئینجا گای ساڵی پشیلە و بزن. هەمانە ڕەبەن و گیسک و نەهەنگی ساڵی پشیلە و بزن، ئینجا گای ساڵی مشک و ئەژدیهاش مەیلەو باشن بەڵام با تووشی مار نەبێ ئینجا خۆی لە زۆربەی بورجە هەواییەکان دوور بگرێ وێڕای بورجە ئاگرینەکانی پڵینگ و ئەسپ و مەیموون.

ناودارەکان: ‹خالید سەرکار، جۆرج پۆمپیدۆ، جیراڵد فۆرد.



# بەراز - شێر



که ئەم دوو بورجە لێک دەدەنەوە مرۆڤێکی شیرن و بەدڵ و دەروون دروست دەکەن. لە چاو شێرەکان بێ فیزە و لە چاو بەرازەکان ئازا و بدەرە. راستگۆ و بێ گرێیە و خەندە جوانەکەی لە کاتی تەنگانەشدا بزر نابێ بەرادەیەک کە زۆر کەس بەساکاری دەزانێ، بەڵام مەسەلە ساکاری نییە بگرە ئەوەیە ئەگەر بورجەکەی پێشوو خووی دابێتە پارە، ئەمەیان خووی داوەتە مەبەستی کۆتایی لە پارە «واتە خۆشی و شادی و نەبوونی ژانەسەر». ئەمەش نەک بەواتای کە خۆ بۆ پارە و رابواردن سووک دەکات. نەخێر، شێر هەر شێرە و شادی بەزەبری دەست و بازوو دەخولقێنێ. خۆی ئەو رەوشتانە هەندێک تەمبەڵی دەکەن، بەڵام هەمان "شادیپەرستی" بەهەبوونی نموونەپەرستی لە بەرازدا و دەستپاکی و چاوتێری لە شێردا دەبێتە هاندەر بۆ بەگەرهێنانی ئەم "تراکتۆرە" بۆ زەوی کێڵان و بۆ باراندنی خێر و خۆشی بەسەر خۆی و دەوروبەردا.

کار و کاریر: گرفتێکی هەیە بەرانبەر گوێڕایەڵی و فەرمانبەری، و تەنیا بەهەبوونی برادەر و هاونشینی باش پارەی بۆ دێ. کەواتە با بزانێ هاوسەر و هاونشینی باش کێیە. ئەمەیە کلیلی کار و کاریر بۆ شێرەبەراز.

گونجان: کلیلی شادی لێرەیە و با خۆی لەگەڵ ئەوانە رێک بخات، جمک و شێر و تەرازوو و تیرەنداز و گیسکەکانی ساڵ گامێش و پشیلە و بزن. مار پارەی بەسەردا دەبارێنێ بەڵام تەندروستیی لەنگ دەکەن. ئیتر با خۆی لە کاوڕ و گا و دووپشک و سەتڵەکانی مار نەدا، هەروەها سەگ- جمک قەدەغەیە.

ناودارەکان: ئارنۆڵد شوارتزنیگەر، مولازم عومەر، ناسر حەسەن، سابیر عەبدولرەحمان، لووسی (کۆمیدییەکە).



## بەراز - ڕەبەن



یەکەم جار کە دەیناسی وا دەزانی خۆی بۆ هەموو مەیل و هەوەسێک شل کردووە و گوێ ناداتە کەس. بەڵام دواتر وێنەکە دەگۆڕێ چونکە هەردووک بورج نموونەپەرستن، هەردووکیش دەستپاک و راستگۆن، ئیتر دەستپاکی و دامەنپاکی و تەنانەت شادی پەرستیش لێرەدا کۆ بوونەتەوە بەڵام ئەوەیە کە وەکو بورجەکەی پێشوو دەستبڵاو و بەدەنگ نییە و هەندە بەرچاو نییە. مرۆڤێکی خاوەن دڵ و دەروونە، بەڵام دوورەپەرێز و بەلاوەیە. هەموو کەسێک و هەموو شتێک بەچاک دەزانێ، تەنانەت باسی تیرۆریستێکی بۆ بکە، دەڵێ: *کوڕی چاکە بەڵام بەختی نییە*.. ساکار و بێ تاوانە و هەر ئەم ڕەوشتە چاکەیە وا دەکا چاکەی بدرێتەوە و خێری بەسەردا بباریێ.

کار و کاریر: دەستڕەنگینی لەم بورجەدا بەهەبوونی ئەو هەناسە درێژە و ئەو توانایە بۆ بەڕێوەبەرایەتی وای لێ دەکا سێ هێڵ تێک ببەستێتەوە (زانست، هونەر، بازرگانی) ئیتر سەیر نییە هنری فۆرد لەم بورجە هەڵکەوێ.

گونجان: گامێش- کاوڕ هاوتایەکی سپێشەڵە بۆ وی. ئینجا هەمانە گا و قرژاڵ و دووپشک گیسکی ساڵی پشیلە و بزن. ئینجا گاکانی پڵینگ و بەراز لە هیچیان کەم نییە. ئەوەی کە دەبێ لێی وریا بێ بریتییە لە مارەکانی جمک و تیرەنداز نەهەنگ، ئینجا جمک و نەهەنگی ساڵ مەیموون کە بۆی نابێ و لەوانەش نەگونجاوتر ئەژدیها- نەهەنگ، با تووشی نەبێ.

ناودارەکان: فریدریک پۆرش، هنری فۆرد.



## بەراز - تەرازوو



خانم هایده دەڵێ: «من عاشقی عاشق شودنم» ئەم بورجەش زۆربەی هەست و هۆشی خۆی خستووەتە سەر مەسەلە دەروونییەکانی و پێوەندییەکانی هاوسۆزی. بێ لە ڕەوشتە گشتییەکانی بەراز و تەرازوو هەر یەک بەجودا، ئەم کەسایەتییە دەیەوێ بگاتە ئەو جۆرە لە دڵداری و هاوسەرایەتیی کە سەدا سەد باش بێ. ئاشتیخواز و ئەمەکدارە، عاشقی ژیان و شادییە و لە دڵی خۆیدا خەونی پەمەیی هەیە و نازانێ چۆن ئەو ئومێدانە بێنێتە دی. دەتوانین بڵێین کە لەش و هۆشی لە دوو شوێنی جودان. هەندە باسی ئومێدەکانی ناکات بەڵام زۆربەی کات لەگەڵیاندایە جا سەیر نییە هەندێک جار کە قسەیەکی لەگەڵ دەکەن، ڕادەپەڕێت و وەڵامێکی مەیلەو و ڕەق دەداتەوە، بەڵام ئەو هیچ مەبەستێکی خراپی نییە.

کار و کاریر: کاروباری کۆمەڵایەتی بواری خۆیەتی. ئەگەر وەکو پیشە بێ «نووسین، سیاسەت،... هتد» یان وەکو ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی، ئەم بورجە بۆ ئەو بوارە دروست کراوە.

گونجان: بەبۆنەی ئەوەی کێ لە هەموو بورجێک پتر بیر لە هاوسەر و هاونشینی هەرە باش و نموونەیی دەکاتەوە. کەواتە با بزانێ کێ هاوتای ڕاستەقینەیەتی. هەمانە پشیلە و بزن بەگشتی هاوتای بەرازن، با ڕوو بکاتە جمک و تیرەنداز ئینجا شێر و سەتڵەکانی پشیلە و بزن. مەیلی بۆ مار دەبێ لە مانگەکانی کاوڕ و قرژاڵ و گیسک بەڵام بەختەوەری ناکەن، هەرچی دەشیکات با بیکات بەس تووشی مەیموون-گیسک نەبێ.

ناودارەکان: ‹محەمەد حەسەنێن هەیکەل، هیلاری کلینتۆن.



## بەراز - دووپشک



بەدەم و زمــانە و داواکــاریی زۆرن و، لە مــەیدانی هێــز و توانادا تۆڵەی هەمــوو وەلآشەکانی خۆی کردۆتەوە. ئارەزوومەند و زیرەک و ئازا و قووڵە، توانایەکی گەورەشی هەیە بۆ پێ سەلماندن، تەنانەت ئەگەر ناچار کرا دەتوانێ فێڵ بکات نەک فێڵی لێ بکرێ وەکو وەلآشەکانی خۆی. هەروەها لەمەڕ تەگەرە و کۆسپدا دڕ دەبێ بەلآم نەک بەواتای کە زۆر لێڵ و لە بنەوە بێت یان خوا نەخواستە دەستی نامەردانە بوەشێنێ. نەخێر، ئەم بورجە چاکــە و خــراپی دیارن و پێی ناشــاردرێنەوە. هەر چۆنێکیش بێ، گــەردوونی چینی ئامــۆژگــاریی دەکــات پێی لە قــەدەر بەرِی خــۆی درێژ بکا و لە زەمــینەی ڕاســتی دوور نەکەوێتەوە. گومانیش نییە کە زۆربەیان لە ژیان فێر دەبن و دەزانن هەنگاوی هەرە باش چییە.

کار و کاربر: ئارەزوومەندێکی تیژە و دڵی بەدەرامەتی کەم و ژیانێکی هەژار فەرامۆش نابێ. بۆیە تا قۆناغە ناوەندییەکانی تەمەنی خەڵک لێی وریا دەبن.

گونجان: ئەگەر بورجی پێشوو خووی دابێتە ئەوین و هاوسۆزییەکی زۆر باش، ئەمەیان جوانپەرستە و مەیلێکی زۆر زۆر توندی هەیە بۆ دڵداری و جینس. کەواتە با ئامۆژگاری لە گەردوونی چینی وەرگرێ و ڕوو بکاتە قرژاڵ و ڕەبەن و گیسک و نەهەنگەکانی ساڵی بزن، ئینجا قرژاڵ و ڕەبەن و نەهەنگەکانی ساڵی پشیلە. شێر و گای ساڵی مار خشۆن بەلآم با وریا بێ، هەروەها گای ساڵی ئەسپ باش نییە و لە هەمووی نەشیاوتر بۆ وی بورجی مەیموون- سەتڵە.

ناودارەکان: فەیرۆز، ماجیدە ڕۆمی، محەمەد موکری، ئالان دیلۆن، چیان کای چێک، شا حوسێنی ئوردن، برایەن ئادەمز، مۆنتگمری>.



## بەراز - تیرەنداز



ناو و ناوبانگی خۆی بەگرینگترین شت دەزانێ. چاو دەگێڕێت و گوێ هەڵدەخات و وردەکارییەکانی هیچ قسە و ڕووداوێک لە یاد ناکا و هەر هەڵوێستێک بێتە پێش یەکسەر وردەکارییەکانی دەگێڕێتەوە و قسەی خۆی دەسەلمێنێ. بەم پێیە، تیرەندازی ساڵی بەراز مرۆڤی خاوەن ناوبانگێکی شیرن و ڕەفتارێکی ڕێکە، دەست و دامەنپاک و ڕوویەکی خۆشی هەیە. هەق و ڕەق و قسە لە ڕوو بەڵام شێوازەکەی گرژ نییە، پاشان ئەوە مرۆڤێکی بەپەرۆشە و خاوەن دڵ و دەروونە و هەموو دەزانن کە لە چاکە بەولاوە هیچ مەبەستێکی نییە، ئیتر سەیر نییە کە دۆست و ناسیاری زۆر بن.

کار و کاریر: بۆ کاری فەرمی دروست کراوە بەتایبەتیش بوارەکانی کە پێویست بەیاسا و لێکۆڵینەوەی و بڕیاردانی گشتی و ڕاوێژکاری دەکەن. بەپایە و پارە ناشێوێن و ئەگەر شا بن یان گەدا لە هێڵی بیروباوەڕەکانی خۆیان لا نادەن.

گونجان: ژیانی هێمن لەگەڵ کەس نەبێ لەگەڵ پشیلە دێتە دی، با ڕوو بکاتە کاوڕ و شێر و تەرازوو و سەتڵەکانی ئەو ساڵە وێڕای بزنەکانی شێر و سەتڵیش، ئەوانە هیچیان لە هیچی کەم نییە. لە بەرانبەردا هەمانە جمک و ڕەبەن و نەهەنگەکانی ساڵی مار ئەوانە لەگەڵی خۆشن بەڵام باشتر ئەوەیە کە لێیان دوور بێ و لەوانەش ئاڵۆزتر ئەوەیە ئەگەر تووشی کەڵەباب- جمک یاخۆ مەیموون ڕەبەن بێ، ئەوانە قەدەغەن

ناودارەکان: نەجیب مەحفووز.



## بەراز - گیسک



پۆشتـەیە و خـاوەن چێـژێکی بەرزە و ئەگـەر هەژاریش بێ ئاکـارێکی دەوڵـەمـەند و خـانەدانی هەیە. سـەیریش نیـیـە کـە دواتر دەوڵەمـەند و پایەدار بێ چونکە سنووری ئارەزووی دەگاتە ئاسمان بەڵام ئومێدەکانی بەفێڵ ناهێنێتە دی بەڵکو بەئیش و رەنج و کۆشش. بەراز- گیسک پابەندییەکی تەواوی هەیە بەیاسا و داوونەریتی کۆمەڵگەی خۆی و لەو سنووره لا نادا، بەڵام هەرچی ڕێی دەچێـتێ و کـۆمـەڵگە ڕێی پێ دەدا یەکـسـەر دەیکا. مرۆڤێکی بدەر و گرەوی خۆی بەوە دەباتەوە کە درێغی لە یارمەتی ناکا بۆ هەموو ناسیـار و هەندێک جار بۆ بێگانەش تا دەگاتە سنوورێک کە خزمەکانی بەخۆشباوەڕی بناسن.

کار و کاریر: ڕوو لەو بوارانە دەکات کە زۆربەی خەڵکەکە ملیان لێ ناوە و تێدا دەبێتە مامۆستا. ئەگەر بازرگانی باو بێ لە گەنجییەوە رووی تێ دەکات و، ئەگەر هونەر پارە بکات، ئەو دەبێتە هونەرمەند. هەروەها لە ئیشدا ڕوخسارێکی جودا دەگرێت چونکە لە وێدا جیددی و مەیلەو مۆن دەبێت و قسەکانی کەم پوختن وەک بڵێی بە زێڕ و گەوهەریان دەزانێ.

گونجان: پشیلە هاونشینی هەرەخۆشن بۆ تۆ، لە پشیلەدا روو بکە گا و شێر و ڕەبەن و دووپشک و نەهەنگ ئینجا پڵینگ- گا شیرنن و مەیلیان دەکات هەروەها شێر و ڕەبەن و دووپشک و نەهەنگی سـاڵی بزن. لە مـار وریا بە بەتایبـەتیش قـرژاڵ و تەرازوو. کاوڕ و قرژاڵەکانی ئەسپ بۆ تۆ باش نین، (نەکەی)

ناودارەکان: ‹قوبیلای خان، همفری بۆگارت، سەرۆ قادر، مارییا کالاس، خوان کارلۆس، حەمدی غەیس، ئیمیل لحوود، وڵ رۆجەرز.



## بەراز - سەتڵ



بەراز لە ڕادەی سەرەڕۆیی سەتڵ کەم دەکاتەوە و سەتڵ یارمەتی بەراز دەدات بۆ فێربوون و ڕۆشنبیری و چاوکرانەوە. مرۆڤێکی تێکۆشەر و ئارەزوومەندە بەڵام بەپەلە و قسە لە ڕووە، مەسەلەش ئەوەیە کە سەتڵ خەونبینێکی هەمیشەییە، بەرازیش خۆش باوەڕە، ئیتر مرۆڤێک هەڵدەکەوێ (باوەڕ بەخەونەکانی خۆی دەکات جا کە دوا دەکەون ئەو تووڕە دەبێ). تەنانەت هەندێک جار تەقینەوەی هەیە بەبێ هۆیەکی دیار. بەڵام لەمە بەولاوە سەتڵی ساڵی بەراز برادەر و ناسیارێکی گەلێک زۆری هەیە و یەکێکە لە ڕووە شیرنەکانی کۆمەڵگەی خۆی. چەند چالاکە، هەندەش بیری خەراپە، چەندە زیرەکە، هەندەش بێ تاوانە.


کار و کاریر: حەز لە سەردەستەیی و پایەداری دەکات و توانایەکی زۆر گەورەی هەیە بۆ فەرمانبەری و پێ هەڵگەڕان لە پایەی بچووک بۆ پایەی بەرزتر. نەک تەنیا لە فەرمانبەریدا بگرە لە شاگردێک خۆی دەکاتە سەرکار و، لە سەپانێک دەبێتە مڵکدار، تەنانەت وەکو ڕۆناڵد ڕێگن کە لە ئەکتەرییەوە گەیشتە سەرۆکایەتیی ئەمەریکا ئەوها پێ هەڵدەگەڕێ.

گونجان: بۆ واز لە خەونی نابەجێ ناهێنێ و ڕوو ناکاتە مەیدانی ڕاستەقینە بۆ شادی و دڵئارامی؟ برام، خوشکم، هەمانە پشیلە و بزن هاونشینی ڕاستەقینەی بەرازن، ئیتر ڕوو بکە کاوڕ و جمک و تەرازوو و تیرەنداز. هەمانە پڵینگ- کاوڕ پێوەندییەکی سپێشەڵت لەگەڵدا دەبێ. بەپێچەوانەش، خۆت لە گاکانی مار و ئەسپ مەدە وێڕای مارەکانی شێر و دووپشک، ئیتر تەواو.

ناودارەکان: ‹ڕۆبن هۆ، ڕۆناڵد ڕێگن، فەرەح فاوست، ڕەئووف دەنکتاش.



# بەراز - نەهەنگ



هەردووکـیـان دوازدەمین بورجن و هەردووک دواترین بورجن. بەراز پاشـەبەری بورجـە چینییەکانە کەچی نەهەنگ "پیری بورجەکانە"، واتە هەردووک نەرم و سۆزدارن. هەست و هۆشی ئەم زادەیە لە دەست و بازووی چالاکترە. بەرازێکی خێرخوازە، بەزەیی بەمنداڵ و ژینگە و هەموو بوونەوەرێکی بێ دەسەڵاتدا دێ و هەوڵی خزمەتیان دەدا. سەیر نییە کە لە مـەیدانەکـانی پزیشکی، ژینگەپارێزی، منداڵپـارێزی، دین و کـۆمـەڵایەتی هەر بوارێکی خێرخوازی و خزمەتگوزاری کار بکا یان هەر نەبێ خەریکی خزمەتکردنی منداڵ و گوڵ و هەر شتێک دەکات کە وەکو دڵەکەی خۆی ناسک بێ.

کار و کاریر: هەست و نەستی هەیە نەک هۆش و دەست و بازوو. زامنێکی نەرمی هەیە و دەشێ لە بواری دیپلۆمـاسـیـدا کـار بکا وێڕای هەر بوارێکی کـە خـێـر و خزمـەت بگەیەنێ وەکو پزیشکی و دەروونزانی و دیکۆر و بوارە مرۆییـیـەکان. مـەرج نییـە ڕێکخـەر و سـەردەسـتـە بێ بەڵام توانای زۆرە بۆ گـونجـاندنی خـەڵکەکـە و خـۆ تەرخانکردن بۆ ئەو جۆرە مەبەستانە.

گونجان: با ڕوو بکاتە گا و قرژاڵ و دووپشک و نەهەنگەکانی ساڵانی پشیلە و بزن، هەر چۆن هاتن قازانجە. هەمانە پلێـنـگ- قرژاڵ کە هاونشـینێکی خۆشەویستە بۆ وی. مـار بەگشـتی و ڕەبەن و تیرەندازەکانی مار بەتایبەتی سەرنجی ڕادەکێشن بەڵام با هەندێک وریا بێت. ئینجا نۆرەی ئەسپ- جمک و مەیموون- تیرەنداز دێن کە لە وی قەدەغە کراون و نابێ تووشیان بێ.

ناودارەکان: شا فەیسەڵی یەکەم، گراهام بڵ.

## که بەراز باڵادەست دەبێ

لە ساڵی ١٩٩٥ لە کوردستان بەردەوامی بەشەڕی ناوەخۆ درا، کەچی ناوچەکانی بەر دەستی میری ئارام بوون. نموونەی دووەم ئەوەیە کە لە ٢٠٠٧ «بەپێچەوانەوەی ١٩٩٥» ئێرە ئارام بوو کەچی ناوچەکانی عێراق شەڕی ناوەخۆیان هەبوو. ئێمە با سەیری ئەوە نەکەین شەڕ لە کوێ بووە و ئاشتی لە کوێ بەرقەرار بووە بگرە دەبێ ئەوە بزانین کە ئەوەی لە ساڵی پێشتر (ساڵی سەگ) لە ئارادا بووە هەمان شت لە ساڵی بەراز بەردەوام بووە. واتە بەهەرحاڵ بەردەوامی بەڕەوتی ساڵی پێشتر درا و ئەو شوێنەی کە شەڕی لێ هەبوو شەڕەکە بەردەوام بوو و ئەو شوێنەی ئاشتی و بووژانەوەی تێدا بوو، ئەوا هەر لە ئاشتی بووژانەوەدا مایەوە، تەنانەت پرۆژەکان زۆرتر بوون بۆ سەرمایەدارەکان.

مەسەلەی "سوودی سەرمایەدارەکان" هەردووک بوار دەگرێتەوە، سەرمایەدارانی ئاشتی و سەرمایەدارانی جەنگ. واتە لە کاتی ئاشتیدا سەرمایەدارەکان لە سایەی بەرازدا دەوڵەمەندتر دەبن. کەچی لە کاتی جەنگیشدا هەمان شت ڕوو دەدا چونکە بازرگانەکانی جەنگ دەوڵەمەندتر دەبن و خەڵکەکەش وەکو خۆیان دەمێنن ئەگەر نەڵێین بەرەو هەژاری دەڕۆن، چونکە مەسەلەکە بۆ بەراز بریتییە لە بازرگانی و پەرەپێدانی ڕەوتی ئاسایی و دەرنەچوون لە داوونەریت. لە ڕاستیدا بەراز لایەنگری دەسەڵاتن، یان سەرمایەدار و فەریکە سەرمایەدارن، یان ئەوەتا لایەنگری سەرمایە و ژیانی نەرم و دەوڵەمەندین. پابەندییەکی تەواویان هەیە بەداوونەریت و یاسا و کولتووری باو و ئەو ڕەوتەی کە هەیە ئەوان لەسەری دەڕۆن. قۆناغەکەش قۆناغی پارە پەیداکردنە جا سەرمایەدارەکان وێڕای مرۆڤی نەوژەن و بیرکەرەوە کە لە سایەی بەرازی هێمندا بەهرەکانیان دەپشکوێ و ئەوانیش سوودی گەورە دەبینن.

ئەگەر سەیری هەر باوکێک و هەر دایکێک و بەرپرسێک بکەین لەم بورجە دەبینین دەرامەتی خۆیان و دەوروبەریان زۆرە. پرۆژەکان سەردەگرن و ژیانیان لە سایەی بەرازەکەدا بریتییە لە ئیش و کار و پارە. کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە هەندێک ئاڵۆزی دەکەوێتە نێو ڕەوتی بەڕێوەبردن و هەڵسووڕاندنی ئەرک و ئیشەکان، ئەمەش لەبەر دڵە نەرمەکەی بەراز ڕوو دەدا کە حەز لە بەرەنگاری و ئاژاوە ناکا، دەنا بخوازین و نەخوازین پارە زۆر دەبێت و ڕەنگە کەڵاشە بکات و دیسان هەمان مەسەلەی (پلێنگ پاش گامێش) دێتەوە کایێ کە دەڵێن: *"نانی نان نەخۆر لەبۆ چەکمەسۆر"* واتە کە لە ساڵی پاش بەراز "مشک" پارەیەکی

زۆر خەرج دەکرێ ئەوە کاردانەوەیەکە بۆ ساڵی بەراز کەوا هەر پارە کۆ دەکرێتەوە و خەڵکەکە نازانن چۆن بیخۆن تا ساڵی مشک دادێت و ئەو تەقینەوە ڕوو دەدا لە مەسەلەی پارە کێشانەوە و گرانی. بۆ نموونە ئەگەر بێتەوە بیرمان لە ساڵی ۱۹۸۳دا کۆمپانیا بیانییەکان عێراقیان کردبوو بەمەیدانێکی گەورە بۆ پرۆژەی جۆراوجۆر، دوای ساڵێکیش بوو کە عێراق لە بارێکی ئابووری تێردا بژی. بەڵام دواتر کە ساڵی مشکی هات ۱۹۸٤ یەکسەر بۆنی گرانی پەیدا بوو. واتە چەرخێکی نەپساوەیە و هەر ئەوها دەڕوات بەمەش چەرخی گەردوونی چینی خولە هەمیشەییەکەی خۆی تەواو دەکات.

## بەختت لە سایەی بەرازدا

مشک لە سایەی بەراز: بەئارەزووی دڵی خۆی دەبێت و لەوپەڕی شادیدایە. لە ئیشدا کۆمەڵێک پرۆژە و ئارەزوو هەیە و سەرکەوتووش دەبێ. لە ئەوینیشدا شادە؛ چونکە تریسکەی ئەوین تەنانەت لە کاتی دڵساردیشدا هەیە.

گامێش لە سایەی بەراز: بەراز نە سەغڵەتی دەکات و نە ڕێگەش لە بەراز دەگرێ؛ کەواتە دەتوانێ کە لەوە سەرکەوتووتریش بێ ئەگەر خۆ خەریک بکات. با لە ئیشدا بەگوێرەی توانا بجووڵێتەوە بەڵام با سنووری خۆی نەبەزێنێت و هەر لە جێوە. ئەگەر چی ئەوینێکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە هەر باشە.

پڵنگ لە سایەی بەراز: لە سایەی بەرازدا ئامادە و بەتوانایە و دەنەڕێنێ. لە ئیشدا دەگەشێتەوە و ئەزموونی سەختیش بەنموونەیی دەبڕێت و نایەوێ قۆناغی ئێستا لە دەستی بچێت. لە ئەوینیشدا نیگایەکی پڕ لە واتای هەیە.

پشیلە لە سایەی بەراز: بەرازی خێرخواز پشیلە هان دەدا تاکو بۆ گەشبینی کە ئومێد بەئایندەیەکی باشتر بکات. لە ئیشدا دەبێتە شێر و لە کاری گشتیدا بەشدار دەبێ. لە ئەوینیشدا خۆ دڵنیا دەکا، ئینجا بڕیار دەدات.

ئەژدیها لە سایەی بەراز: ئەژدیها جێی باوەڕیەتی، بۆیەش کلیلی دەروازەی سەرکەوتنی دەداتێ تاکو لە سەر پشت بیکاتەوە. لە ئیشدا قازانج دەکات و «پارە پارە ڕادەکێشێ» و لە ئەویندا دەیەوێ سەرنجی دەوروبەر ڕابکێشێ مسۆگەریشە کە دەتوانێ.

مار لە سایەی بەراز: کەمێک کیفی تەمبەڵی لە خۆ دادەماڵێ؛ چونکە مار باوەڕ بەبەراز دەکا. ئەگەرچی ئیش و کارەکانی هەندە بەدڵی نین، بەڵام مار ژیرە جا خۆ دەگونجێنێ. لە ئەویندا ڕۆتین لە ئارادایە بەبێ هیچ جۆرێک نەوژەنی.

ئەسپ لە سایەی بەراز: دوودڵ مەبە و فەرموو هەموو ڕێگەکانی ئاواڵەن بۆ تۆ. لە ئیشدا قازانج زۆرە و جگە لە هەندێک ئومێدی نوێ هەندێک ئومێدە کۆنەکان دێنە دی. لە ئەویندا تێکەڵاوی نێوان خەون و ڕاستی ئەوینێکی شیرین دروست دەکا.

بزن لە سایەی بەراز: لە پێناو شادی خەڵکی دیکە کار دەکا ئیتر ئەوەیە هونەرمەند و هەر وایە. لە ئیشدا قازانجی واتایی هەیە. دەنا قازانجی مادی باش نییە. لە ئەوینیشدا شیرینە و ئەگەر بەخەون بێ یان بەڕاستی بزن هەر ئەویندارە.

مەیموون لە سایەی بەراز: لە سایەی ئەم ساکارەدا فێڵبازتر دەبێ. واش هەر لەگەڵ یەکتر برادەرن. کەواتە هیچ مەترسییەکی لەسەر نییە. لە ئیشدا جووڵە و بزواندنی کار و چاوەڕێکردن و سەرکەوتن و ئەم شتانە لە ئارادان لە ئەوینیشدا وا دەنوێنێ کە گوایە ئاگای لە هیچ نییە. کەچی ئەوینەکەی وەک ڕۆژ دیارە.

کەڵەباب لە سایەی بەراز: هەردووکیان نەریتی گشتی دەپارێزن و لێی لانادەن. لە ئیشدا ئەرکی زۆرە، بەڵام ڕێگە ئاواڵەیە. لە ئەویندا لە لایەکەوە سەرەڕۆیە و لە لایەکی دیکەوە خۆ توند دەکا بەچەشنی پیاو ماقووڵان.

سەگ لە سایەی بەراز: مەگەر سوودی خۆی لەم قۆناغەدا مسۆگەر بکا؛ دەنا لە ئایندەدا بەختی نییە. لە ئیشدا پاشەکەوت کۆ دەکاتەوە. یەکەم جاریشە سەگ بیر لە ئەوین و دڵ و دەروونی خۆی بکاتەوە و بەدوای ئەویندا بگەڕێ.

بەراز لە سایەی بەراز: بورجی خۆیەتی و هەر دەبێ شاد بێ. لە ئیشدا بەهۆی میراتێک یان دەستکەوت و سەودایەک قەڵەو دەبێ. لە ئەوینیشدا بەوپەڕی شادییەوە ئاهەنگی شادی دەبێژێ.

# ئەوین و پێوەندی

## پیاوی بەراز

بێ ئەندازە چاکەخواز و دڵنەرمن بەتایبەتیش بۆ ماڵ و منداڵی خۆیان. زوو دەهێندرێنە سەر باری پێویست و ڕایان پێ دەگۆڕن بەڕادەیەک هەندێک کەس بەنەفام و خۆشباوەڕیان دەزانن، بەڵام مەسەلە هەرگیز نەفامی نییە بگرە ئەوەیە کە لە باوکە هەرە باشەکانی کۆمەڵگان و بەدەگمەن خانەوادەیەکی پیاوی بەراز هەیە منداڵەکانیان بێ ناز بن.

لە کۆمەڵایەتیدا هەندێک جار ڕەفتاری نادیبلۆماسی نانوێنن چونکە نازانن درۆیەکی سپی بکەن و خەندەیەکی ساختە بکەنە سەر ڕوخساریان و لە زۆر هەڵوێستدا ڕێگەی تێکگەیشتن لەگەڵیاندا دەبڕێتەوە کەوا قسان ناسەلمێنن. مەگەر بەباشی بناسرێن، ئینجا دەروونە سافەکەیان دیار دەبێ.

لە ئەویندا هەندێک ئاڵۆزییان تووش دەبێ؛ چونکە بەئاسانی لە دەروونی ئافرەت و ڕەفتاری نەرم نازانن. بەڵام کێشی کەسایەتییە شیرینەکەیان و دڵە گەورەکەیان و ڕووە خۆشەکەیان دەبێتە مایەی سەرکەوتن لە مەیدانی ئەویندا.

## ئافرەتی بەراز

دیاردەی سەرەکی لە رەوشتی ئەم ئافرەتانە ئەوەیە لە سەرەتای هەر قۆناغێکی نوێدا (سەرەتای رۆژ، سەرەتای خوێندن، سەرەتای شووکردن... هتد) دەیانبینی لە سەرەتادا زۆر گورج و چالاک و خوێنگەرمن، کەچی پاش ماوەیەک هەست دەکەن وەک بڵێی ژیانیان بەفیڕۆ چووە و دەکەونە نێو تەمی نائومێدی. واتە ماوەیەکی باشیان پێویستە تا لەگەڵ گۆڕان و باری رادێن.

ئافرەتی خزمەتگوزار و بەدڵ و بێ فێڵ و خۆشباوەڕن. وەسواسییەکی سەیریشیان هەیە بەرانبەر بەهەر جۆرێک چڵک و نارێکی کە لەو بوارەدا بەگژ هەموو تەمبەڵی خەڵکی تەمبەڵدا دەچنەوە تاکو پاکوخاوێنی و رێکی ژینگەیان بپارێزن.

لە کۆمەڵایەتیدا هەندێک جار شەرمن و دوودڵن؛ کەچی لە نێو دۆست و ناسیاراندا

دەگەشێنەوە و لەوپەڕی خزمەتگوزاری و رووخۆشیدا بن. دەستکراوە و بدەرن، بەڵام دەستبڵاو نین. لە کاتی تەنگانەشدا پەنا بۆ باوان و خزمەکانیان دەبەن کە ئەوانە باشترین پیشتیوانن بۆ ئەم ئافرەتانە. بەشێوەیەکی گشتی میانگیر نازانن و یان ئەوەتا زۆر خۆشت دەوێن یان رقیان لێ هەڵدەگری. لە ئەوینیشدا هەمان شتیان هەیە و لێرەشدا سەرەتا زۆر گورج و رووخۆش و خوێن گەرمن؛ کەچی پاش ماوەیەک بێزار دەبن و هەست دەکەن ژیانیان بەفیڕۆ چووە و بێ ئەندازە پشت بەمێردەکانیان دەبەستن و دەبێ زۆر بلاوێندرێنەوە و هەوا بگۆڕن؛ دەنا لە خەفەتان خۆ دەخۆنەوە.

## پیاوی بەراز لەگەڵ...

ئافرەتی مشک: هاوڕێیەتی بۆ ئەوانە ئاسانترە و کێشەی کەمترە. بەڵام دەشێ بۆ یەک بن، چونکە لە زۆر شتدا هاوبەشن.

ئافرەتی گامێش: ئافرەتەکە پشتی دەگرێ و یارمەتی دەدا تاکو بەباشی بیر بکاتەوە؛ بەڵام بەراز حەزی لە ڕەوشتی توندڕەوانەی گا نییە.

ئافرەتی پڵینگ: ئەگەر پڵینگێکی خانەدان بێ، ئەوا رێگەی بەخۆی نادا کە ئەم پیاوە ساکارە تەفرە بدا. کەواتە ئەگەر لەگەڵ یەکتر راست و رەوان بن ئەوە دەبێتە پێوەندییەکی باش.

ئافرەتی پشیلە: دەتوانێ کە لە هەموو ئافرەتێک باشتر لەگەڵ ئەم پیاوە رێک بکەوێ؛ بەتایبەتیش ئەگەر ماوەیەک پێکەوە بەسەربەرن.

ئافرەتی ئەژدیها: مەترسی لەو پیاوە دوور دەخاتەوە و دەیپارێزێ. کابراش نازی ئەژدیها دەکێشێ و هەموو سۆز و میهرەبانی پێشکێش دەکا.

ئافرەتی مار: ئافرەتەکە خەریک دەبێ کە دڵی بەراز نەرم بکات و رایکێشێ، بەڵام کابرا بەئافرەتێکی ڕاڕا و نەچەسپاوی دەزانێ و لێی دەکەوێتە گومان. جا مەگەر خێرا مار فریا بکەوێ ڕاستییەکان رۆن بکاتەوە ئەوسا دڵی بەراز خاوێن دەبێتەوە.

ئافرەتی ئەسپ: کابرای نموونەپەرست لەگەڵ ئافرەتی خۆپەرست ناگونجێن. ئیتر وا رێک دەکەون کە سنوورێک بۆ خۆیان دابنێن و ڕێزیان لە نێواندا بمێنێ.

ئافرەتی بزن: ئەوەندەیە کە کابرا بەڕەوشتی هەوەس و خەیالاوی ئەو ئافرەتە پەست دەبێ، دەنا پێکەوە باشن چونکە بەراز بەختی لە پارەدا هەیە بزنیش حەزی لە خۆشگوزەرانی و ژیانی نەرمە.

ئافرەتی مەیموون: کابرا دەخافڵێنێ و کەشێکی خۆش و گەشی بۆ دابین دەکا بەڵام ئەوینەکەیان زۆر ناخایەنێ، تەنیا وەک برادەر و هاوکار دەمێنن.

ئافرەتی کەڵەباب: پێوەندییەکی باش نییە، گەڕان و دەنگی بەرز و تەڕاتینە بۆ بەراز دەست نادا.

ئافرەتی سەگ: لەسەر مەسەلە سەرەکییەکان و هێڵە پانەکان ڕێک دەکەون. بەڵام رایان بەرانبەر شتی وردەواڵە و ڕۆژانە جودایە. بەراز دڵی باشترە کەچی سەگ دەروونێکی هاوسەنگتری هەیە.

ئافرەتی بەراز: نموونەی ژن و مێردێکی ئاساین و لە چاکەدا یەک لە یەک باشترن.

# تەلەسمی شادی

کێ باوەڕی بەتەلەسم هەیە؟ زۆربەی ناسیارەکانم باوەڕ بە تەلەسم و هێزی میتافیزیک دەکەن و، کە باسی گەردوونزانی دەکرێ یەکسەر بادەدەنەوە بۆ (فنجان و دەست خوێندنەوە و سیحر) و ئەو جۆرە شتانە. تۆ بلێیی سیحر و تەلەسم و ئەو شتانە راست بن؟

من باوەڕم بەتەلەسم نەبوو، بەڵام ئێستا باوەڕێکی تەواوم هەیە بەهەبوونی توانای هێنانە دی کاری نەبووده و گۆڕینی چارەنووس، تەنانەت گۆڕینی رابردووش «ئەگەر بێتو بەچەواشەیی لە رابردوومان نەگەین ئەوسا تێ دەگەین کە خوا ئیشی نابەجێی نەکردووە و نایکات». باوەڕم بەتەلەسم لەوەش قووڵترە و دەگاتە رادەی ئومێد بە گۆڕینی سیمای خۆت کەوا پیاو بتوانێ تەلەسمێک بکا بۆ ئەوەی کوڕان لە جۆن تراڤۆڵتا و کچان لە برووک شیڵدز جوانتر بن.

چەند خۆشە ئەگەر بەیەک تەلەسم دەوروبەرت ببێتە زێڕ و ئاوریشم؟ چەند خۆشە ئەگەر هەواکە فێنک بێ، دەشت و دەرت پڕ بێ لە سەوزە و گوڵزار و، حۆریەکەی خەیاڵت لە پەنای تۆدا بێ و دوو سێ منداڵی پەری رووی ماڵەکەت پڕ بکەن لە فرتوفێڵی بێ تاوان؟

بەڵێ، تەلەسم هەیە بۆ شادمانی بەڵام بەداخەوە ئەگەر تەلەسمەکەش بخوێنین ئەوا تەلەسمێکی توندتر هەیە پێی دەڵێن تەلەسمی حەسوودی، ئەمەیان تەلەسمەکەی شادی بەرباد و بەتاڵ دەکا. حەسوودی بەهۆی هەستی مافخوراوی پەیدا دەبێت و ئەمەش بەهۆی هەستی شایستەیی پەیدا دەبێ. ئێمەش کتێب و رۆژنامەی کوردی پڕ دەکەین لە ماسۆشیزم "خەفەتپەرستی". مێشکی خەڵکەکە بەو قسانە پڕ دەکەین گوایە «ئێوە شایستەن، ئێوە مافخوراون» ساڵ دوازدە مانگ ئەو رەوتانە دەبووژێنینەوە، ئیتر کە یەکێک وا دەزانێ مافی خوراوە، وا دەزانێ کە هەر خۆی شایستەی هەموو شتێکە و ئەمەش هەر لە خۆیدا کانگایەکە بۆ حەسوودی. لە ئەنجامدا وای لێ دێ کەس بەهیچ رازی نەبێت و کەس هەست بە کەموکورییەکانی خۆی ناکا. بچووکترین کەموکوڕی لە تۆ دەبینێ بەڵام هی خۆی، هیچ. سەدام و هەڤاڵەکانی نموونەیەکی زەق بوون بۆ ئەم نەخۆشییە دەروونییە، لە دادگەکەدا بەهەموو باوەڕێکەوە خۆیان بەگەورەترین مافخوراوی ئەم جیهانە دەزانی. برام، ئەو قیرەی سەدام و بارزان تکریتی درۆ نەبوو، بگرە بەهەموو باوەڕێکەوە وایان دەزانی ئەوان شایستەن و ئەوان مافخوراون. ئەوە نەخۆشییەکی

کۆمەلایەتییە کە لە دایک بۆ کوڕ دەمێنێ چونکە شەو و ڕۆژ پێی دەڵێ: «کوڕم هەر *خۆمان مرۆڤی باشین دەنا هەموو دنیا خەراباتە»*. باشە ئایا ئێمەش هەمان شتمان لە دایکەکانمان نەبیستووە؟

ئافرەت گانگای هەموو چاکە و خراپەکانی کۆمەڵگەیە، بەوە نییە کە لە کونی ژووری دادەنیشن و خۆ بەستەزمان دەکەن، ئەوەی کە لە ناکاو لە زاری ئافرەت دەردەپەڕێ منداڵ لەسەری دەڕوا و لە پاشەڕۆژدا وەکو بەعسییەکان کار لە ڕاڕەوی ژیان دەکەن. نازانم ژنی ڕەشپۆش و خەمپەرست ئەگەر دایک بێ یان مامۆستا یان خەسوو، ئەوانە چۆن دەتوانن وەچەیەک بخەنە سەر رووی زەمین کە دەوڵەت کۆمەڵگەیەکی گەش و شاد دروست بکەن؟ راستە کە زۆربەی قسە و رەفتاریان بۆ چاکەیە، بەڵام بۆ چاکەی بازنەیەکی تەسک دەبێ لە خزمی خۆیان دەنا زۆربەی خەڵقی خوا بەبێگانە و نامۆ و "پیاوی خراپ" دەزانین. جا ئەگەر دایک بن وەچەیەک پەروەردە دەکەن مێشکیان بە"شەو لەبان و موئامەرات" ئاخنراوە کە هەموو شتێک بەعەیب و حەرام و خراپ دەزانن. و ئەگەر مامۆستا بن وەچەیەکی دەرخچی و واستەچی پێ دەگەیەنن کە مێشکیان بەهیچ نەجووڵێتەوە. و ئەگەر خەسوو بن ئەوسا دەیانبینین چۆن کوڕیان دەکەنە داپلۆسێنەری بووک (خەفەتی گەورەش لەوەدایە کە دەزگاکانی مافی ئافرەت یەقەی پیاوان دەگرن).. واش مەزانن تەنیا عەرەب ئەو نەخۆشییەیان هەیە، بەڵکو ئافرەتی ڕەشپۆش و خەمپەرست و خاوەن ئینتیمای تەسک لە نێو کورددا زۆرترە «ڕێژە نەک ژمارە» ئیتر بەم حاڵە هەزار تەلەسمی شادی لەگەڵ کورد سوودی نابێت.

ئایا هیچ چارەیەک هەیە؟. بەڵێ چارە هەیە و هەر ئێستا هونەرێکتان بۆ باس دەکەم کە چۆن زەمینە هەموار بکەین بۆ ئەوەی تەلەسمەکە بە خاک و هەوای کوردستان وەر بکەین. تەلەسمێکە لە وڵاتی چین و ژاپۆن هاتووە کە شەرم و دوودڵی و چاولێکەری لە دڵمان پاک دەکاتەوە. تەلەسمێکی تایبەتە، دەتوانین ناوی لێ بنێین "تەلەسمی زانستی" وەک چۆن خەیاڵی زانستی Scinse Fiction هەیە، ئەمە تەلەسمێکی زانستییە. با ڕێخۆشکەرییەک بۆ ئەو تەلەسمە بخەمە روو:

هەموو خەڵکێک پێویستە بزانن لەسەر چ خاکێک دەژین. سەبارەت بەئێمە، کوردستان بریتییە لە کۆمەڵێک هێڵ. هەندێک لە هێڵەکان بریتین لە زنجیرە چیا و هەندێک لە هێڵەکان بریتین لە دۆڵی سەوز لە نێوان ئەو زنجیرە چیایانەدا و هەموویان لە باشووری خۆرهەڵات بەرەو باکوری خۆرئاوا دەڕۆن. کەچی ڕووبارەکانی کوردستان بەنێو ئەو دۆڵانەدا

نارۆن بگرە چیا و گردەکان بەئەستوونی دەبڕن و بەرەو خۆرئاوا شۆڕ دەبنەوە تا دەگەنە دیجلە. ڕێوبانەکانیش هەمان شتن، بەنێو دۆڵە سەوزەکاندا نارۆن بگرە بەرەو بەغدا و مووسڵ شۆڕ دەبنەوە.

جارێک تووشی هەندێک پسپۆڕ و بازرگانی چین و ژاپۆن بووم هاتبوونە کوردستان، کە ئەو دۆڵانەیان دیت یەکسەر تێ گەیشتن بۆچی کورد ئەوها نەفرەت لە یەکتر دەکەن و بەختیان لە مێژوودا نەبووە. گوتیان هەمان حاڵەت لە تیبێت دەستنیشان کراوە چونکە نەبوونی هاتوچۆ بەنێو دۆڵە سەوزەکاندا بۆ ماوەی هەزاران ساڵ ئافرەتی ئەو جۆرە نەتەوانەی لێک دابڕیوە. واتە مەسەلەکەیان دایەوە پاڵ نەبوونی تێکەڵاوی لە نێو ئافرەتانی کورد. گوتیان چارەی ئەم گرفتەش لەوەیە ئەگەر پێتان دەکرێ نەهێڵن ژنهێنان لە نێوان خزمدا زۆر بێت و تا بکرێ ژن بەبێگانە بدەن و ژنیان لێ بهێنن، گرینگ ئەوەیە خەڵکی یەک ئاوەدانی نەبن. ئینجا گوتیان ئەگەر ئەم پلانەشتان پێ ناکرێ، دەبێ ڕێگەی گەورە و ئاوەدان بەنێو ئەو دۆڵانەدا بەرن. ئەوان دۆڵی خەلەکان و بنارەکانی سەفین و دۆڵی بالیسانیان باس دەکرد چونکە هەر ئەوانەیان دیتبوو. گوتیان دەبێ ئەو جۆرە دۆڵانەی کە لە باکور بەرەو باشوور دەڕۆن هەموویان پڕ بکەن لە ڕێگەی بەرین (دوو سایدی و سێ سایدی و چوار سایدی) بەدرێژایی ئەو دۆڵانە و بەبێ وەستان لەوسەر تا ئەوسەری کوردستان.

من باسی ئەوەم بۆ کردن کە چیای سەخت و ڕووباری گەورەمان هەیە کە ئیشەکە ئاڵۆز دەکەن. پاشان خەڵک و حوکمەت هەر بیر لە کارەبا و پارە و مووچە دەکەنەوە. کەچی ئەوان پێکەنین و گوتیان یەکێک لە مەسەلە هەرە گرینگەکان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی "ئەمنی قەومی" هەر نەتەوەیەک ئەوەیە کە دەبێ هەر نەتەوەیەک چیاکانی وڵاتەکەیان کونبەدەر بکەن دەنا وڵاتی چی و نەتەوەی چی؟ گوتیشیان نەخۆشییەک هەیە ئێوە نایزانن، ئەو نەخۆشییە لە ئێدز و شێرپەنجە پیسترە، لەو حاڵەتە پەیدا دەبێت کە کۆمەڵێک ئافرەت (خوشک و پوور و ئامۆزا) ئەوانە کە مێرد ناکەن جا هەمیشە پێکەوە دادەنیشن باسی خەڵکی دەکەن بەخراپە و یەکتر فێری لووتبەرزی و حەسوودی دەکەن ئەوە لە وڵاتی خۆمان بەهەمووجۆرێک بەرەنگاری دەبینەوە و تەنانەت ناهێڵین کچ بەبێ مێرد بێت و ناشهێڵین خوشکی مێردنەکردوو پێکەوە بژین.

کە بەوردی بیرم لێ کردەوە، بۆم دەرکەوت کە دەردە کورد لێرەدا خۆی حەشار داوە چونکە ئێمە بەدرێژایی مێژوو تێکەڵ بەیەکتر نەبووینە، هەر ناوچەیەک و ئاوەدانییەک

خۆیان لەوانی دیکە دابڕاندووە. وەکو خەونێک بیرم لەوە کردەوە کە ئەگەر ڕێگەیەک هەبایە لە هەورامانەوە ڕاستەوخۆ بۆ شارباژێڕ و ئینجا بۆ قەڵادزە و ئینجا بەبناری قەندیلدا ڕاست بەرەو باڵەکایەتی و ئینجا بۆ ئامێدی و ئینجا زاخۆ یان ئەگەرڕێگایەکی دووسایدی لە هەڵەبجەوە بۆ سلێمانی و بەمیرگەپاند بەرەو دووکان بڕوات ئینجا بۆ بناری خۆرهەلاتی کۆسرەت ڕاستەوخۆ بەرەو خۆشناوەتی و بادینان. یاخۆ ئەگەر ڕێگەیەکی چوار ساید هەبایە لە دهۆک ڕاستەوخۆ بۆ هەولێر هاتبایە ئینجا بۆ دەشتی کۆیە ئینجا چەمچەماڵ و بازیان و بەرەو گەرمیان شۆڕ بووبایەوە تا خانەقین، ئایا دەزانن ئێستا چ کولتوورێک دروست دەبوو؟ ئیمپراتۆریەتی ئاشوور ماوەی ٥٠٠ ساڵ سەرانسەری جیهانی کۆنیان کۆنترۆڵ کردبوو تەنیا لە سایەی ئەو هێڵە بازرگانییە کە بەمووسڵدا دەڕۆیشت، واتە ئەگەر خەڵکی زاگرۆس هێڵێکی بازرگانیی ئاسوودەیان هەبایە دوور لە مووسڵ ئیستا ئوممەتێکی زاگرۆسی دروست بووبوو.

ئەرکی ئەم وەچەی خۆمان بریتییە لە کونکردن و شەقاڵکردنی ئەو چیا و ڕووبارانەی کە ئێمەیان بەش بەش کردووە. کە هاموشۆ پەیدا بوو ژنهێنان و خزمایەتی دەبووژێتەوە، ئینجا ئاشنایی لە نێو ئافرەتان پەیدا دەبێ، کە ئافرەت لەو کیفە بۆگەنەی شەرم و کۆنەپەرستی دەرچوون و کە سنوورێک بۆ ئەو جۆرە ئافرەتانە دانرا کە هەمیشە لە پەنایەکتر ورتەیان دێت، ئەوسا نەدیتکەیی و حەسوودی ئەو تینەیان نامێنێ. هەروەها کە گەنج لە ژێر باری ئێسککگرانی خزمایەتی ڕزگار بوون، ئەوسا گوڵەکانی زاخۆ مێرد بەلاوانی گەرمیان دەکەن و نێرگزەکانی سلێمانی مێرد بەلاوانی دهۆک دەکەن شەکرەباوییەکانی ئامێدی مێرد بە... حەز دەکا مێرد بەگەدای مەخموور و دووبز دەکەن گرینگ ئەوەیە شارەزای بورجی یەکتر بن. من ڕاستەوخۆ پێیان دەڵێم کچێ دەهەستێ مێرد بکەن حەزدەکا (ماڵەی سەرگردە!!) بێت ئەگەر تۆ ئافرەتی ناپیاویش دەکەیت بەپیاو، من و گەردوونی چینی بەڵێنیان پێ دەدەین کە لەخۆڕا شاد و سەرکەوتوو و سەربەرز بن، ئەوسا ئەوانیش لەعنەت لەو هەموو کیف و قەپێلکەکانی ڕابردوو دەکەن کە لە باپیرانەوە (لە ڕاستیدا لە داپیرانەوە) بۆمان ماوەتەوە. تەنیا ئەوسا دەتوانین تەلەسمی شادی بەهەوای کوردستان وەربکەین.

تەلەسمەکەش بریتییە لە یەک ڕستە، بەڵام جارێ نایڵێم چونکە تەلەسم زمانێکی تایبەت دەخوازێ بۆ ئەوەی پەرییەکان تێی بگەن. پەری حەز لە زمانی جیهانی و لەهجەی بەرفراوان دەکەن. بەڵێن بێ لە ئایندەدا کتێبێک بڵاو بکەمەوە بەناوی "بالێی زمان"

لەوێدا هەم زمـان و هەم دەقی تەلەسـمی شـادی بەخـوێنەران رابگەیەنم کـە رەگـوڕیشـەی نەفرەت و بێـزاری دەرکێشێ. کە ڕێڵ و ئۆتۆبان و هۆتێل و کـارگە و کێڵگە بەدرێژاییی دۆڵە سـەوزەکـاندا دروست کـران ئەوسـا فـەرهەنگ و عـەقڵـییـەتی ئومـەمی دەبووژێتـەوە چونکە بەبێ ئەو فەرهەنگە و عەقڵییەتە نە تەلەسمی شادی کار دەکات و نە گەردوونزانی سوودی دەبێ، تەنانەت ملیارەها دۆلاریش نابنە مایەی شادمانی.

محەمەد مەسعوود محەمەد
jalizada@yahoo.com
تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨
یان با بڵێین ساڵی مشک- مانگی تەرازوو

# سەری ساڵی چینی

## لە ساڵی ١٨٠٠ تا ساڵی ٢٠٠٠

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مشک | ١٧٩٢ | ١٨١٦-١-٢٩ | ١٨٤٠-٢-٣ | ١٨٦٤-٢-٨ |
| گامێش | ١٧٩٣ | ١٨١٧-٢-١٦ | ١٨٤١-١-٢٣ | ١٨٦٥-١-٢٧ |
| پڵینگ | ١٧٩٤ | ١٨١٨-٢-٥ | ١٨٤٢-٢-١٠ | ١٨٦٦-٢-١٥ |
| پشیلە | ١٧٩٥ | ١٨١٩-١-٢٦ | ١٨٤٣-١-٣٠ | ١٨٦٧-٢-٥ |
| ئەژدیها | ١٧٩٦ | ١٨٢٠-٢-١٤ | ١٨٤٤-٢-١٨ | ١٨٦٨-١-٢٥ |
| مار | ١٧٩٧ | ١٨٢١-٢-٣ | ١٨٤٥-٢-٧ | ١٨٦٩-٢-١١ |
| ئەسپ | ١٧٩٨ | ١٨٢٢-١-٢٣ | ١٨٤٦-١-٢٧ | ١٨٧٠-١-٣١ |
| بزن | ١٧٩٩ | ١٨٢٣-٢-١١ | ١٨٤٧-٢-١٥ | ١٨٧١-٢-١٩ |
| مەیموون | ١٨٠٠-١-٢٥ | ١٨٢٤-١-٣١ | ١٨٤٨-٢-٥ | ١٨٧٢-٢-٩ |
| کەڵەباب | ١٨٠١-٢-١٣ | ١٨٢٥-٢-١٨ | ١٨٤٩-١-٢٤ | ١٨٧٣-١-٢٩ |
| سەگ | ١٨٠٢-٢-٣ | ١٨٢٦-٢-٧ | ١٨٥٠-٢-١٢ | ١٨٧٤-٢-١٧ |
| بەراز | ١٨٠٣-١-٢٣ | ١٨٢٧-١-٢٧ | ١٨٥١-٢-١ | ١٨٧٥-٢-٦ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مشک | ١٨٠٤-٢-١١ | ١٨٢٨-٢-١٥ | ١٨٥٢-٢-٢٠ | ١٩٧٦-١-٢٦ |
| گامێش | ١٨٠٥-١-٣١ | ١٨٢٩-٢-٤ | ١٨٥٣-٢-٨ | ١٨٧٧-٢-١٣ |
| پڵینگ | ١٨٠٦-٢-١٨ | ١٨٣٠-١-٢٥ | ١٨٥٤-١-٢٩ | ١٨٧٨-٢-٢ |
| پشیلە | ١٨٠٧-٢-٧ | ١٨٣١-٢-١٣ | ١٨٥٥-١-١٧ | ١٨٧٩-١-٢٢ |
| ئەژدیها | ١٨٠٨-١-٢٨ | ١٨٣٢-٢-٢ | ١٨٥٦-٢-٦ | ١٨٨٠-٢-١٠ |
| مار | ١٨٠٩-٢-١٤ | ١٨٣٣-٢-٢٠ | ١٨٥٧-١-٢٦ | ١٨٨١-١-٣٠ |
| ئەسپ | ١٨١٠-٢-٤ | ١٨٣٤-٢-٩ | ١٨٥٨-١-١٤ | ١٨٨٢-٢-١٨ |
| بزن | ١٨١١-١-٢٥ | ١٨٣٥-١-٢٩ | ١٨٥٩-٢-٣ | ١٨٨٣-٢-٨ |
| مەیموون | ١٨١٢-٢-١٣ | ١٨٣٦-٢-١٧ | ١٨٦٠ ١-٢٣ | ١٨٨٤-١-٢٨ |
| کەڵەباب | ١٨١٣-٢-١ | ١٨٣٧ ٢-٥ | ١٨٦١ -٢-١٠ | ١٨٨٥-٢-١٥ |
| سەگ | ١٨١٤-١-٢١ | ١٨٣٨-١- ٢٦ | ١٨٦٢-١-٣٠ | ١٨٨٦-٢-٤ |
| بەراز | ١٨١٥-٢-٩ | ١٨٣٩ -٢-١٤ | ١٨٦٣-٢-١٨ | ١٨٨٧-١-٢٤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مشک | ١٨٨٨-٢-١٢ | ١٩١٢-٢-١٨ | ١٩٣٦-١-٢٤ | ١٩٦٠-١-٢٨ |
| گامێش | ١٨٨٩-١-٣١ | ١٩١٣-٢-٦ | ١٩٣٧-٢-١١ | ١٩٦١-٢-١٥ |
| پڵینگ | ١٨٩٠-١-٢١ | ١٩١٤-١-٢٧ | ١٩٣٨-١-٣١ | ١٩٦٢-٢-٤ |
| پشیله | ١٨٩١-٢-٩ | ١٩١٥-٢-١٤ | ١٩٣٩-٢-١٩ | ١٩٦٣-١-٢٥ |
| ئەژدیها | ١٨٩٢-١-٣٠ | ١٩١٦-٢-٣ | ١٩٤٠-٢-٠٨ | ١٩٦٤-٢-١٣ |
| مار | ١٨٩٣-٢-١٧ | ١٩١٧-١-٢٤ | ١٩٤١-١-٢٧ | ١٩٦٥-٢-٣ |
| ئەسپ | ١٨٩٤-٢-٦ | ١٩١٨-٢-١١ | ١٩٤٢-٢-١٥ | ١٩٦٦-١-٢١ |
| بزن | ١٨٩٥-١-٢٦ | ١٩١٩-٢-٠٢ | ١٩٤٣-٢-٠٦ | ١٩٦٧-٢-١٠ |
| مەیموون | ١٨٩٦-٢-١٣ | ١٩٢٠-٢-٢٠ | ١٩٤٤-١-٢٥ | ١٩٦٨-١-٢٩ |
| کەڵەباب | ١٨٩٧-٢-٢ | ١٩٢١-٢-٠٩ | ١٩٤٥-٢-١٤ | ١٩٦٩-٢-١٧ |
| سەگ | ١٨٩٨-١-٢٢ | ١٩٢٢-١-٢٨ | ١٩٤٦-٢-٢ | ١٩٧٠-٢-٦ |
| بەراز | ١٨٩٩-٢-١٠ | ١٩٢٣-٢-١٧ | ١٩٤٧-١-٢٣ | ١٩٧١-١-٢٧ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مشک | ١٩٠٠-١-٢١ | ١٩٢٤-٢-٠٥ | ١٩٤٨-٢-١٠ | ١٩٧٢-٢-١٥ |
| گامێش | ١٩٠١-٢-١٩ | ١٩٢٥-١-٢٤ | ١٩٤٩-١-٢٩ | ١٩٧٣-٢-٣ |
| پڵینگ | ١٩٠٢-٢-٩ | ١٩٢٦-٢-١٣ | ١٩٥٠-٢-١٦ | ١٩٧٤-١-٢٢ |
| پشیله | ١٩٠٣-١-٢٩ | ١٩٢٧-٢-٠٢ | ١٩٥١-٢-٦ | ١٩٧٥-٢-١١ |
| ئەژدیها | ١٩٠٤-٢-١٦ | ١٩٢٨-١-٢٣ | ١٩٥٢-١-٢٧ | ١٩٧٦-١-٣١ |
| مار | ١٩٠٥-٢-٥ | ١٩٢٩-٢-١١ | ١٩٥٣-٢-١٥ | ١٩٧٧-٢-١٨ |
| ئەسپ | ١٩٠٦-١-٢٥ | ١٩٣٠-١-٣٠ | ١٩٥٤-٢-٣ | ١٩٧٨-٢-٧ |
| بزن | ١٩٠٧-٢-١٤ | ١٩٣١-٢-١٨ | ١٩٥٥-١-٢٥ | ١٩٧٩-١-٢٨ |
| مەیموون | ١٩٠٨-٢-٢ | ١٩٣٢-٢-٠٦ | ١٩٥٦-٢-١٢ | ١٩٨٠-٢-١٥ |
| کەڵەباب | ١٩٠٩-١-٢٣ | ١٩٣٣-١-٢٧ | ١٩٥٧-٢-١ | ١٩٨١-٢-٦ |
| سەگ | ١٩١٠-٢-١٠ | ١٩٣٤-٢-١٤ | ١٩٥٨-٢-١٦ | ١٩٨٢-١-٢٥ |
| بەراز | ١٩١١-١-٣١ | ١٩٣٥-٢-٠٥ | ١٩٥٩-٢-٩ | ١٩٨٣-٢-١٣ |

| | |
|---|---|
| مشک | ١٩٨٤-٢-٢ |
| گامێش | ١٩٨٥-٢-٢٠ |
| پڵینگ | ١٩٨٦-٢-٩ |

پ

| | |
|---|---|
| شیله | ١٩٨٧-١-٢٩ |
| ئـەژدیها | ١٩٨٨-٢-١٧ |
| مـار | ١٩٨٩-٢-٠٦ |
| ئـەسپ | ١٩٩٠-١-٢٧ |
| بـزن | ١٩٩١-٢-٥ |
| مەیـموون | ١٩٩٢-٢-٤ |
| کەڵەباب | ١٩٩٣-١-٢٣ |
| سـەگ | ١٩٩٤-٢-١٠ |
| بـەراز | ١٩٩٥-١-٣١ |
| مشـک | ١٩٩٦-٢-٩ |
| گـامـێش | ١٩٩٧-٢-٧ |
| پـڵینگ | ١٩٩٨-١-٢٨ |
| پشیله | ١٩٩٩-٢-١٦ |
| ئـەژدیها | ٢٠٠٠-٢-٤ |

**سەرچاوەکان:**


- THE NEW ASTROLOGY. Suzan White. ST. MARTIN’S GRIFFIN. USA

- اعرف نفسك والآخرين. ڤيرا يمين

# پێڕست


پێشەکی ..... 5
سەرگوزەشتەی من و گەردوونزانی ..... 8
بنج و بناوان ..... 9
ئەفسانەی دوازدە ئاژەڵ ..... 11
چەند یاسایەک بۆ بەراوردی ..... 14
هەندێک تێبینی ..... 19
کەتەلۆگ ..... 23
مشک ..... 25
گامێش ..... 47
پڵینگ ..... 69
پشیلە ..... 91
ئەژدیها ..... 113
مار ..... 135
ئەسپ ..... 157
بزن ..... 180
مەیموون ..... 203
کەڵەباب ..... 225
سەگ ..... 245
بەراز ..... 267
تەلەسمی شادی ..... 288